# پێکدادانی شارستانییەکان

نووسینی:
سامۆیل . پ . هەنتینگتۆن

وەرگێڕانی: مامەند ڕۆژە

## لۆژیکی بەهێزی برۆتۆس*

"سوپاکانمان لێوانلێون‌و رێبەرەکەشمان لەبارە.

دوژمن هەر رۆژ زیاد دەبێت، ئێمە لەلووتکەداین‌و ئامادەی داڕمانین.

شەپۆلانێکی خرۆشان پەیوەندی مرۆڤەکانی گرتۆتەوەو بەرەو قەدەریان دەبات.

کۆچەکانی ژیان بەرەو دڵتەسکی‌و بەدبەختی دەڕۆن.

لەدەریایەکی شەپۆلگرتووی وادا، یان دەبێ خۆمان بدەینە دەستی ڕەوتەوەو یان ببینە:

دۆڕاوی بوێرییەکانی خۆمان.

* مارکۆس جۆنیۆس برۆتۆس، یەکێ لە پیاوانی دەوڵەتی ڕۆمی بوو لەسەردەمی ژۆل قەیسەری ڕۆمدا (وەرگێڕ)

وەرگێڕانی ئەم کتێبەپێشکەشە بەهاوڕێم

"شیرین"

## پێڕست


پێشەکی ٩
١-جیهانی شارستانییەکان ١٧
بەشی یەکەم: ١٧
سەردەمێکی نوێ لە سیاسەتە جیهانییەکاندا ١٧
ئاڵاو شوناسە کولتووریەکان ١٧
جیهانێکی فرە جەمسەرو فرە شارستانی ١٨
یەك جیهان ٢٣
دوو جیهان: ئێمەو ئەوان ٢٥
١٨٤ ولآت-پتر یان کەمتر ٢٧
بەراوردکردنی جیهانەکان ٢٩
بەشی دووەم: ٣٥
شارستانییەکان لەمێژوو و ئێستادا ٣٥
سروشتی شارستانییەکان ٣٥
پەیوەندی نێوان شارستانییەکان ٤٢
سیستەمی فرەشارستانی ٤٧
بەشی سێهەم: ٥١
شارستانی جیهانی چیە؟ ٥١
مۆدێرنخوازیو رۆژئاواخوازی ٥١
زمانو ئایین ٥٤
شارستانی جیهانی ٥٨
رۆژئاواو مۆدێرنیزم ٦٠





میراتی کلاسیك ٦١
کاسۆلیکخوازیو پرۆتیستانخوازی ٦٢
زمانە ئەوروپیەکان ٦٢
دابڕان لە مەعنەویاتو دەسەلآتی دنیا ٦٢
حوکمی یاسا ٦٣
پلورالیزمی کۆمەلآیەتی ٦٣
ئەنجومەنی نوێنەران ٦٤
سەربەخۆیی تاك ٦٤
هەندێك وەلآم بۆ رۆژئاواخوازیو مۆدێرنخوازی ٦٥
قبوڵنەکردنی (مۆدێرنخوازیو رۆژئاواخوازی) ٦٥
کەمالیزم (قبوڵکردنی مۆدێرنخوازیو رۆژئاواخوازی) ٦٦
ریفۆرمیزم ٦٧
٢-گۆڕانی هاوسەنگی هێز لەنێوان شارستانییەکاندا ٧١
بەشی چوارەم: ٧١
کاڵبوونەوەی روخساری رۆژئاوا ٧١
هێزی رۆژئاوا: بالآدەستیو ئاوابوون ٧١
قەڵەمڕەوو دانیشتوان ٧٤
بەرهەمە ئابووریەکان ٧٦
توانایی سەربازی ٧٧
ژیانەوەی کولتوورە رۆژئاواییەکان ٨٢
رقی خوداوەند ٨٦
بەشی پێنجەم: ٩٣
ئابووری، دانیشتوانو شارستانییە خەباتگێڕەکان ٩٣
لایەنگیری ئاسیایی ٩٤
ژیانەوەی ئیسلام ٩٧

خەباتە گۆڕاوەکان ١٠٤
**٣-سیستەمی روولە پێکهاتنی شارستانییەکان ١٠٧**
بەشی شەشەم: ١٠٧
رەنگرێژی کولتووری لە سیاسەتە جیهانییەکاندا ١٠٧
سیاسەتی شوناس ١٠٧
هاوکاری نێوان کولتوورو ئابووری ١١٣
بنیاتی شارستانییەکان ١١٧
ولاتە لێکترازاوەکان ١٢١
رووسیا ١٢١
تورکیا ١٢٤
مەکسیک ١٢٧
ئوستراليا ١٢٩
بەشی حەوتەم: ١٣١
ولاتە ناوەندیەکان، گروپە هاوناوەندەکان‌و سیستەمی جیهانی ١٣١
شارستانییەکان‌و سیستەمی جیهانی ١٣١
ناچار کردنی رۆژئاوا ١٣٤
رووسیاو ولاتە دراوسێیەکانی ١٤٠
چینی گەورەو بەستێنی پڕ رەونەق ١٤٢
ئیسلام-هۆشیاری بیٚ یەکێتی ١٤٥
**٤- پێکدادانی شارستانییەکان ١٥٣**
بەشی هەشتەم: ١٥٣
رۆژئاواو ئەوانیتر ١٥٣
نێوشارستانیخوازی رۆژئاوایی ١٥٣
بەرهەمهێنانی چەکەکان ١٥٧
مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی ١٦٣
کۆچ ١٦٨
بەشی نۆیەم: ١٧٣
سیاسەتی جیهانی شارستانییەکان ١٧٣
ولاتانی ناوەندی‌و کێشەکانی سنووری هەڵەی شارستانییەکان ١٧٣
ئیسلام‌و رۆژئاوا ١٧٥
ئاسیا، چین‌و ئەمریکا ١٨٢
ئاسیاو ئەمریکا: شەڕە ساردەکان ١٨٥
شارستانییەکان‌و ولاتە ناوەندیەکان ١٩١
بەشی دەیەم: ١٩٩
لە شەڕی گواستنەوەوە بۆ شەڕی هێڵەکانی دابەشکردن. ١٩٩
تایبەتمەندی شەڕەکانی هێڵەکانی دابەشکردنی شارستانی ٢٠٤
روداوی: سنووره خوێناویەکانی ئیسلام ٢٠٦
هۆکارەکان: مێژوو، ژمارەی دانیشتوان‌و سیاسەت ٢٠٨
بەشی یازدەهەم: ٢١٥
هێزی بزوێنەری شەڕی هێڵەکانی دابەشکردنی شارستانییەکان ٢١٥
پێشبڕکێی شارستانییەکان: دەوڵەتە خوێش‌و پەرتەوازەکان ٢٢٠
راوەستاندنی شەڕی هێڵەکانی دابەشکردنی شارستانییەکان ٢٣٣
**٥-ئایندەی شارستانییەکان ٢٣٩**
بەشی دوازدەیەم: رۆژئاوا، شارستانییەکان‌و شارستانی ٢٣٩
ژیانەوەی رۆژئاوا؟ ٢٣٩
رۆژئاوا لەجیهاندا ٢٥٠
شەڕی شارستانی‌و سیستەمی جیهانی ٢٥٥
سیناریۆیەك: ٢٥٦
خاڵە هاوبەشەکانی شارستانییەکان ٢٦٥
پەراوێزەکان ٢٧١

## پێشەکی

هاوینی ١٩٩٣، گۆڤاری کاروباری دەرەکی[1]، وتارێکی منی بەناوی "پێکدادانی شارستانییەکان"[2]، چاپکرد. بەوتەی سەرنوسەری ئەم بلاۆکراوەیە، ئەم وتارە، لە ماوەی سێ ساڵدا گەلێك باسو گفتوگۆی وروژاند. کاردانەوەو بیروڕاکان هی گەلێك وڵات بوون. خوێنەران بەشێوەی جۆراوجۆر، ئەم وتارەیان بە نایاب، یان ترسناك لەقەڵەمداو، ئەوەی گوایە، سەرەکیترین و ترسناکترین ڕەهەندی سەرهەڵدانی سیاسەتە جیهانییەکان، تێکهەڵچوونی نێوان گروپی شارستانییە جیاوازەکان دەبێت (وتارەکە چی دەبێ بابێ)، پاڵنەرو ورەدەر بوو بۆ وروژاندنی جەماوەری هەموو شارستانییەکو، قسەکردن لەسەر ئەم پرسە.

پەیوەندیەکان، باسو بابەتو دەربڕینە خراپەکان، ناچاریانکردم کە بابەتەکە قووڵتر لێکبدەمەوە. ڕێگایەکی بنیاتنەر بۆ خستنە ڕووی پرسیار، پێشکەشکردنی گریمانەیە بۆیە هۆی لەبەرچاونەگرتنی نیشانەی پرسیار(؟) لەسەردێڕی وتاری سەرەوەدا ئەمە بوو. هەرچەندە ئەم کتێبە، هەندێك وەڵامی هەیە بۆ ئەو وتارە، بەڵام وێرای خوێندنەوەی بەرینتر بەپێی بەڵگەو، لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەکان، بە پێویستم زانی، گەلێك بابەتی پەیوەست بە شارستانییەکان لەم کتێبەدا زیاد بکەم کە بریتین لە: شارستانی جیهانی، پەیوەندی نێوان هێزو کولتور، گۆڕانی هاوسەنگی هێز لە نێوان شارستانییەکاندا، کولتوورە لۆکاڵیەکان لە کۆمەڵگە نارۆژئاواییەکاندا، پێکهاتەی سیاسی شارستانییەکان، ئەو پێکدادانانەی لە جیهانگیری



ڕۆژئاواییەوە سەرچاوە دەگرن، سەرسەختی موسوڵمانان، لایەنگری چینییەکان، سەرهەڵدانی هێزی چین، شەڕی سنووری هەڵەو ئایندەی ڕۆژئاواو جیهانی شارستانییەکان.

ئەم کتێبە بەرهەمی زانستە کۆمەڵایەتیەکان نییە، بەڵکو شیکردنەوەی کامڵبوونی سیاسەتەکانی جیهانی دوای شەڕی ساردەو سەرمەشقێکە بۆ تێڕوانینی بیرمەندان، لێکۆڵەرەوان و سیاسەتمەداران.

دوابەدوای بلاۆبوونەوەی وتارەکە، دوچاری گەلێك سیمینارو کۆبوونەوە بوومو سوپاسگوزارو دڵخۆشم بەوەی توانیومە لەم قسەو باسو گفتوگۆیانەدا، بەشداریبکەم-بەشداربوانی ئەم کۆبوونەوەو سیمینارانە بریتیبوون لە وڵاتانی: ئەرژەنتین، بەلژیکا، چین، فەرەنسا، ئەڵمانیا، بەریتانیا، کۆریا، ژاپۆن، ڕووسیا، عەرەبستان، ئیسپانیا، سویسراو تایوان. لە ٩٥-١٩٩٤دا، لە زانکۆی هاروارد سیمینارێکم هەبوو کە بابەتی "جیهانی دوای شەڕی سارد" بوو. ئامادەبوانو خوێندکاران بە بیروڕا ڕەخنەییەکانیان پتر هانیاندام تا لەئەنجامدا نووسینی ئەم کتێبەی لێکەوتەوە.

یەکەم دەستنووسی ئەم کتێبە لە لایەن مامۆستایان مایکل/ سی/ دەش[3]، ڕۆبەرت/ ئۆ/ کۆهین[4]، فەرید زەکەریا[5]و ئار سکۆت زیمەرمانەوە[6] خوێندرایەوەو لەگەڵێك لایەنەوە چاکسازیان تێدا کرد. بە تایبەت سکۆت زیمەرمان، بە توێژینەوەی زۆر فراوانەوە یارمەتیدام. ئەم کتێبە بێ هاوکاری کەسەکانی سەرەوەو گەلێك کەسیتر کە بە درێژایی قۆناغەکانی نووسین یارمەتیاندامو و بێ پشتیوانی دارایی دەزگای "جۆن/ ئیم/ ئۆلین"[7] ئامادە نەدەکرا.

سامۆیل . پ . هەنتینگتۆن

نەخشەکان:
نەخشەی جیهانی شارستانییەکان: پاش ١٩٩٠
نەخشەی جیهانی شەڕی سارد: ١٩٦٠
نەخشەی ڕۆژئاواو پاشماوەکان: ١٩٢٠


The World of Civilizations:
Post-1990
Western
Latin American
African
Islamic
Sinic
Hindu
Orthodox
Buddhist
Japanese
Map 1.3




The Cold War World: 1960s
Free World
Communist Bloc
Unaligned Nations
Map 1.2


The West and the Rest: 1920
Ruled by the West
Actually or Nominally Independent of the West
Map 1.1

# جیهانی شارستانییەکان

## بەشی یەکەم

### سەردەمێکی نوێ لە سیاسەتە جیهانییەکاندا
### ئالاَو شوناسە کولتوورییەکان

لە ساڵی ١٩٩٢دا، لە کۆبوونەوەیەکی نێوان زانا رووسی‌و ئەمریکیەکاندا لە مۆسکۆ،[٨]، یەکێک لە پسپۆڕەکان سەرنجی دا کە ئالاَی تازەی رووسیا لە بەردەرگای بینایەکەدا بە پێچەوانەوە هەڵکراوە.. دوو حەوتە بەر لەم کۆبوونەوەیە، چیتر یەکێتی سۆڤیەت‌و پەیکەری لێنین[٩] (رێبەری شۆڕشی بەلشەڤیکی) کە دیمەنی هۆڵەکەی ڕازاندبۆوە، نەمابوو رووسیا ببووە وڵاتێکی سەربەخۆ. لە درێژەی کۆبوونەوەکەدا، ئەو پسپۆڕەی ئالاَ بەپێچەوانەوە هەڵکراوەکەی دیتبوو، بابەتەکەی خستەوە بیری میواندارە رووسیەکان‌و، ئەوانیش لەکاتی پشوودانی یەکەمدا بێدەنگ‌و خێرا، ئەم هەڵەیەیان ڕاست کردەوە.

ساڵەکانی دوای شەڕی سارد، جیهان شایەتی گۆڕانی بەرچاوبووە لە شوناس‌و سیمبۆلەکانیدا. سیاسەتە جیهانییەکان، سەرلەنوێ بەپێی هێڵە کولتورییەکان، پێکهاتنەوە. ئالاَکان نیشانەی گواستنەوە بوون لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکیتر.

ئالاَکان بڵندتر هەڵدەکران‌و رووسەکان‌و نەتەوەکانی‌تر بەدوای ئەم ئالاَیانەو نیشانەکانی دی شوناسی کولتووری نوێ سەفەربەر ببوون‌و



ئاهەنگی سەربازیان دەگێڕا. لە ئەبریلی ١٩٩٤دا، دووهەزار کەس لە سەرایەڤۆ[١٠]، لە کاتێکدا کە ئالاَی عەرەبستانی سعودی‌و تورکیایان هەڵگرتبوو، دەستیان بە خۆپیشاندان کرد. خەڵکی سەرایەڤۆ، بە ڕاشەکاندنی ئەم ئالاَیانە لەباتی ئالاَی نەتەوەیەکگرتووەکان[١١]، ناتۆ[١٢] یاخود ئەمەریکا دەیانەویست شوناسی تازەیان لەگەڵ دۆستە موسڵمانەکانیاندا بکەنە یەک‌و بە خەڵکی جیهان بڵێن کێ دۆستی ڕاستەقینەیانەو کێش دۆستی ناڕاستەقینەیە. خۆپیشاندانی هاوشێوە لەوڵاَتانیترو بە تایبەت لە لایەن مەکسیکیەکانی وڵاَتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو شوێنەکانیتری جیهانەوە بەڕێوەبرا.

بەر لە جەنگی جیهانی، ئالاَ یەکێک لە سیمبۆلەکانی ناسنامە بوو و شوناسی کولتووری لە لای خەڵکی، زۆرترین واتای هەبوو. بۆ ئەوانەی بە دوای شوناسی خۆیاندا دەگەڕێن‌و دەیانەوێ نەتەوەکەیان بدۆزنەوە، دوژمن پێویستیەو ترسناکترین دوژمن لە سنووری هەڵەی شارستانییەکاندا سەریهەڵداوە.

#### جیهانێکی فرەجەمسەرو فرە شارستانی

دوای شەڕی سارد بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، سیاسەتە جیهانییەکان بوونە فرە جەمسەرو فرە شارستانی. بەدرێژایی ژیانی مرۆڤایەتی، کارلێک‌و پەیوەندی نێوان شارستانییەکان یان ناوبەناو بووە، یان لەئارادا نەبووە. بە دەستپێکردنی چەرخی مۆدێرنە، نزیکەی ١٥٠٠ ساڵ دوای زایین[١٣]، سیاسەتە جیهانییەکان تایبەتمەندی دیاریان بەخۆوە گرت. پتر لە چوار سەد ساڵ بەریتانیا، فەرەنسا، ئیسپانیا، نەمسا، پرۆسیا[١٤]، ئەڵمانیا، وڵاَتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو وڵاَتانیتر لە سنووری شارستانی ڕۆژئاواییدا

سیستەمێکی فرە جەمسەری نێونەتەوەییان پێکهێنا کە کاریگەری دوو لایەنەو بەرامبەریان لەسەر یەکتر هەبوو، پێکەوە ڕکەبەریان دەکردو دەجەنگان، هەر بەوجۆرەی ولأتە رۆژئاواییەکان پەرەیاندەسەند، ولأتانی تریان داگیر دەکرد، یان دەیانکردنە کۆلۆنی خۆیان (نەخشەی١). بەدرێژایی شەڕی سارد، سیاسەتە جیهانییەکان بوونە دوو جەمسەریو دابەشبوون بەسەر دوو گروپدا، گروپێکی دەوڵەمەندی کۆمەڵگە دیموکراتیەکان بە ڕێبەرێتی ولأتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە بەرامبەر گروپە هەژارەکانی کۆمەڵگە کۆمۆنیستیەکان بەرێبەرێتی یەکێتی سۆڤیەت، کە لەڕێی ئابووریو سەربازیەوە ڕکابەری یەکتریان دەکرد. زۆرینەی پێکدادانەکان لە دەرەوەی سەربازگەی ئەمەریکاو رووسیاو، لە قەڵەمڕەوی "جیهانی سێهەم"دا کە سەقامگیری سیاسیان نەبوو، یان تازە سەربەخۆ بوبوون، ڕوویدەدا (نەخشەی ٢).

لە کۆتایی هەشتاکاندا، دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، گرنگترین ڕوخساری جیاوازی نەتەوەکان، ئایدیۆلۆژیو سیاسەتو ئابووری نەبوو، بەڵکو جیاوازییە کولتووریەکان بوو. نەتەوەکان هەوڵیاندەدا تا وەلأمی سەرەکیترین پرسیاری مرۆیی بدەنەوە: "ئێمە کێین؟"و ئەمڕۆ، ئەم پرسیارە بەو جۆرەی کە بە شێوەی نەریتی هەبووە، وەلأمدەدەنەوە، واتە تێکڕای ئەو شتانەی کە بە لایانەوە واتای هەیە، خەڵک لە باری محەلیەوە (باو باپیران)، ئایین، زمان، مێژوو، بەهاکان، نەریتەکانو دامو دەزگا کۆمەڵایەتیەکانەوە خۆیان دەناسێنن و لەگەڵ گروپە کولتووریەکاندا خۆیان دەگونجێنن.

ولأتان، یاریزانی سەرەکی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانو ڕەفتاریان وەکو ڕابردوو بەپێی هێز، سامان، خاڵە هاوبەشەکان، تایبەتمەندیە کولتووریەکانو جیاوازیەکان هاتۆتە ئاراوە. گرنگترین پۆلێنبەندی ئەم



ولأتانە، چیدی سێ بلۆکەکەی شەڕی سارد نییە، بەڵکو حەوت یان هەشت شارستانی سەرەکی جیهان دەبێت (نەخشەی ٣). کۆمەڵگە نارۆژئاواییەکان، بەتایبەت ئاسیای رۆژهەلأت، بەپەرەسەندنی ئابووریو سامانەوە خەریکی پێکەوەنانی هێزی سەربازی گەورەی خاوەن کاریگەری سیاسینو هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە هێزو باوەڕبەخۆبوونیان زۆر دەبێت، بەها کولتووریەکانیان پتەوتر دەکەنو بەها سەپێندراوەکانی رۆژئاوا ڕەتدەکەنەوە.

هێنری کیسینجەر[15] (وەزیری دەرەوەی پێشووی ولأتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا) دەڵێ: " سیستەمی نێونەتەوەیی سەدەی بیستو یەکەم، لانیکەم بریتی دەبێت لە شەش هێزی سەرەکی: ئەمەریکا، ئەورووپا، چین، ژاپۆن، رووسیاو ڕەنگە هیندستان لەگەڵ ولأتە ناوەنجیو بچووکەکانداو ئەمانە شەش هێزی سەرەکی سەر بەپێنج شارستانی جیاواز دەبن". وێڕای ولأتانی سەرەوە، ولأتانی ئیسلامیش هەن کە پێگەی ستراتیژی، زۆریی دانیشتوانو سەرچاوەی نەوت، لە پەیوەندیە جیهانییەکاندا شوێنگەیەکی تایبەتیان دەداتێ. لە جیهانی تازەدا "سیاسەتە ناوچەییەکان" سیاسەتی بوومینو "سیاسەتە جیهانیەکان"، سیاسەتی شارستانییەکانن. شارستانییەکان، جێی زلهێزەکانیان گرتۆتەوە.

چیتر پێکدادانی باو و ترسناک لە نێوان چینی کۆمەڵایەتی دەوڵەمەند یاخود گروپە هەڵکەوتووە ئابووریەکاندا ڕوونادات، بەڵکو پێکدادانەکان، لەنێوان ئەو خەڵکەدا ڕوودەدات، کە سەر بەچۆنایەتی کولتووریی جیاوازن. شەڕی تیرەییو پێکدادانی نەتەوەیی نێوان شارستانییەکان، ئەگەرێکی بەهێزی هێناوەتە ئاراوەو پەرەی پێدەدات. شارستانییەکان لەبەرامبەر یەکتردا ڕیز دەبنو لەگەڵ ولأتە دۆستەکاندا دەبنە هاوپەیمانو پشتیوانیان لێدەکەن. پێکدادانی خوێناوی خێڵە سۆمالیەکان[16] هەرەشە نابێت بۆ

شەڕی سنووری، بەڵام جەنگی خوێناوی خێڵەکانی رواندا[١٧]، هەندێك ئاكامی تاڵی بەدواوە دەبێ بۆ ئوگاندا[١٨]، زائیر[١٩]و بروندی[٢٠]. بەڵام لەم ولاَتانە زیاتر ناڕوات.

پێکدادانە خوێناویەکانی بۆسنە[٢١]، قەوقاز[٢٢]، ئاسیای ناوەڕاست یان کەشمیر، دەتوانن ببنە شەڕی گەورەتر. لەشەڕی یۆگۆسلاڤیەکاندا، رووسیا پشتیوانی سیاسی لەسربەکان کرد. لەلایەکیتر، عەرەبستانی سعودی، تورکیا، ئێران‌و لیبیا یارمەتی دارایی‌و سەربازیان دایە بۆسنییەکان. هەڵبەت لەبەر ئایدیۆلۆژیاو سیاسەت یان بەرژەوەندی ئابووری نەبوو، بەڵکو لەبەر خزمایەتی کولتووری بوو. پێکدادانە کولتووریەکان، پتر لەپێشان زیاد بوون‌و لەهەموو کاتێکی مێژوو ترسناکتر بوون. پێکدادانەکانی ئاینده بە هۆی فاکتۆری کولتووریەوە هەڵدەگیرسێن، نەك بەهۆی ئابووری‌و ئایدیۆلۆژیاوە..

دوای شەڕی ساردی جیهانی، کولتوورەکان هەم هێزی لێکجیاکەرەوە بوون‌و هەم هێزی یەکخەر. ئەو تاکانەی بەهۆی ئایدیۆلۆژیاوە لێکجودادەبنەوە، بەهۆی کولتوورەکانەوە پێکەوە پەیوەستدەبن، هەر بەو جۆرەی سەبارەت بە دوو ئەڵمانیاکە روویدا یاخود ئەوەی کە سەبارەت بە هەردوو کوریاو چەند "چین"ە کە لە ئارادایە. ئەو کۆمەڵگەیانەی کە بەهۆی ئایدیۆلۆژیا یان هەلومەرجی مێژووییەوە یەکیانگرتووە، سەرئەنجام بەهۆی شارستانییەکانەوە دابەشدەبن یان لێکجیادەبنەوە، بەوجۆرەی کە لەیەکێتی سۆڤیەت، یۆگۆسلاڤیاو بۆسنەدا روویدا. ولاَتان بەهۆی نزیکایەتی کولتووریەوە پەیوەندی ئابووری‌و سیاسی بەرقەراردەکەن. ئەو رێکخراوە نێونەتەوەییانەی کە بەپێی کولتووری هاوبەشەوە بنیاتنراون، (وەکو یەکێتی ئەورووپا)[٢٣] گەلێك سەرکەوتووترن. بۆ ماوەی ٤٥ساڵ دیواری ئاسنینی بەرلین، هێڵی دابەشکاری چەقی ئەورووپا بوو، بەڵام ئێستا هێڵێکی



ترە کە لە لایەکەوە مەسیحیە رۆژئاواییەکان‌و لە لایەکی ترەوە موسڵمان‌و ئورسودوکسیەکان لێکجودا دەکاتەوە.

بۆچوونە فەلسەفیەکان‌و، بەهاو هاوپەیوەندیە کۆمەڵایەتی‌و نەریتیەکان کە تێڕوانینی گشتی ژیان دەگرنە خۆیان، بەشێوەیەکی بەرچاو لەناو شارستانییەکاندا جیاوازن‌و ژیانەوەی ئایین لە زۆربەی شوێنەکانی جیهاندا، ئەم جیاوازیە کولتووریانەی بەهێزتر کردووە. دەکرێت کولتوورەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەردابێ‌و کاریگەری سروشتیان لەسەر سیاسەت‌و ئابووری، لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێت. سەرەڕای ئەمە، جیاوازی سەرەکی لەڕادەی پەرەسەندنی ئابووری‌و سیاسیدا بە ئاشکرا دەگەڕێتەوە بۆ خاڵە هاوبەشە کولتووریەکان.

ئابووری ئاسیای رۆژهەڵات، سەرکەوتنەکەی بەهۆی کولتووری ئاسیاوەیەو کولتووری ئیسلامی بەشێوەیەکی ئاشکرا، شکستی دیموکراسی ئازاد لە جیهانی ئیسلامیدا نیشاندەدات. کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتیش، بەگوێرەی شوناسە کولتووریەکان خۆیان رێکدەخەن.

رۆژئاوا، ساڵانێك وەك بەهێزترین شارستانی دەمێنێتەوە، بەڵام بەرامبەر بەشارستانییەکانیتر بەرەبەرە هێزی خۆی لەدەستدەدات. لەکاتێکدا کە رۆژئاوا هەوڵدەدا تاپشتیوانی بەهاکانی بکات‌و بەرژەوەندیەکانی بپارێزێت، کۆمەڵگە نارۆژئاواییەکان بەرەورووی "هەڵبژاردن" دەبنەوە. هەندێکیان هەوڵدەدەن تا پەیڕەوی لە رۆژئاوا بکەن یاخود پەیوەست بە رۆژئاوابن. کۆمەڵگە ئیسلامی‌و کۆنفۆشیۆسیەکان[٢٤]، تێدەکۆشن تاکوو هێزی سەربازی‌و ئابووریان پەرەپێبدەن‌و لەبەرامبەر رۆژئاوادا خۆڕاگری بکەن.

بەکورتی، جیهانی دوای شەڕی سارد، جیهانێك دەبێت کە حەوت یان هەشت شارستانی سەرەکی دەگرێتەوە. هاوبەشێتیە کولتووریەکان،

جیاوازیەکان، بەرژەوەندیەکان، ناکۆکیەکان‌و وابەستەبوونەکان، شکڵ‌وشێوەی وڵاتان دیاریدەکەن. گرنگترین وڵاتانی جیهان، لە شارستانییە جیاوازەکانەوە هەڵقوڵیون‌و ڕەنگە تێکهەڵچوونە ناوچەییەکان پەرەبگرن‌و ببنە شەڕی گەورەتر. ئەم تێکهەڵچوونانە، بە زۆری لەنێوان ئەو گروپ‌و وڵاتانەدا ڕوودەدەن کە شارستانی جیاوازیان هەیە. ئەمڕۆکە ئەو بابەتە کلیلیەی دەخرێتە بەرنامەی کۆبوونەوە نێونەتەوەییەکانەوە، جیاوازیی شارستانییەکانە. هێزی ڕۆژئاوا، بۆ سەردەمێکی دێرین باڵادەست بووە، بەڵام ئەم هێزە بەرەو لای شارستانییە ناڕۆژئاواییەکان ئاراستە دەگۆڕێت. سیاسەتە جیهانییەکان، بوونەتە فرەجەمسەرو فرە شارستانی.

## یەك جیهان

ئەو بۆچوونە زۆر تاوتوێکراوە کە پێیوایە کۆتاییهاتنی جەنگی سارد بووە هۆی کۆتاییهاتنی جەنگە گرنگەکان لە سیاسەتە جیهانییەکان‌و سەرهەڵدانی جیهانێکی هاوئاهەنگ. فرەنسیس فۆکۆیاما[٢٥]، لە کتێبی "کۆتایی مێژوو"دا دەڵێت "زۆر پێدەچێ شایەتی کۆتاییهاتنی مێژوو بین". بە دڵنیاییەوە لە جیهانی سێهەمدا هەندێك تێکهەڵچوون ڕوودەدەن، بەڵام پێکدادانی جیهانی نەك تەنها لە ئەوروپا، بەڵکو لە جیهانیشدا کۆتایی پێهاتووە. لە چین‌و رووسیادا شەڕی بیروباوەڕەکان، دوا سەردەمی خۆی تێدەپەڕێنێ، هەرچەندە هێشتا بڕوامەندانی مارکسیزم- لینینزم[٢٦] ماون، بەڵام، بەگشتی دیموکراسی ئازاد سەرکەوتووە. ئایندە، بەپێی تێکهەڵچوونە بڕواییەکان پێکنایەت، بەڵکو زۆرترین هەوڵدان بۆ چارەسەر کردنی گرفتە ماددی، ئابووری‌و تەکنیکیەکان دەبێت. هاوهانگبوون‌و هاوهەنگاوی بە شێوەیەکی بەربڵاو لە جیهاندا پەرەدەستێنێ. ڕێبەرە سیاسیەکان‌و بیرمەندەکانیش ڕوانگەی هاوشێوەیان خستۆتە ڕوو.



دیواری بەرلین هەڵتەکێنرا، ڕژێمە کۆمۆنیستیەکان تێکشکان‌و رکەبەرە پێشووەکانی جەنگی سارد لەگەڵ یەکتر هاوئاهەنگ بوون‌و لەگەڵ یەك پێکدێن. پێکهێنان‌و سەقامگیرکردنی ئاشتی، دەبێتە بەرنامەی ڕۆژ. چرکەساتی پڕ لە خرۆشی کۆتایی شەڕی سارد، بۆچوونێکی ناڕاستی سەبارەت بە هاوئاهەنگبوون دایە دەستەوە. لەسەرەتای نەوەدەکاندا، جیهان گۆڕا بەڵام ئاشتی تێیدا نەهاتەدی. گۆڕانکاریەکان حەتمی بوون، بەڵام پێشکەوتن حەتمی نەبوو. جەنگی جیهانی یەکەم ئەو جەنگە بوو کە کۆتایی بەجەنگەکان هێنا، تا جیهان بۆ دیموکراسی ئامادە بکات. جەنگی جیهانی دووەم، هەر بەوجۆرەی ڕۆزڤەلت[٢٧] (سەرکۆماری پێشووی ئەمەریکا) بیری لێکردەوە، کۆتاییهاتنی سیستەمی چالاکییە یەك لایەنەکانی پێشوو و هاوپەیمانییە پاوەنکراوەکان‌و ئەو هاوسەنگی هێزە بوو کە سەدان ساڵە سەرکەوتوو نەبووە. "دەبێ ڕێکخراوێکی جیهانی لە گەلە ئاشتیخوازەکان بنیاتبنێن وئەمە دەبێتە دەستپێکی بنیاتی هەمیشەیی ئاشتی". جەنگی جیهانی یەکەم کۆمۆنیزم‌و فاشیزمی دروستکرد، و جەنگی جیهانی دووەم، ئەو جەنگە ساردە بوو کە بەڕاستی جیهانگیر بوو.

وێنا کردنی هاوئاهەنگی‌و هاوهەنگاوبوون لە کۆتایی ئەم جەنگەدا، تێکهەڵچوونی نەژادی، پاکتاوکردنی ڕەگەزی‌و ڕەچاونەکردنی یاساو سیستەم، سەرهەڵدانەوەی نیو-کۆمۆنیزم[٢٨]و نیو-فاشیزم[٢٩]و بنەماخوازی ئایینی، کۆتاییهاتنی زەردەخەنە سیاسیەکان‌و دەستەوەستانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان‌و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بوونە هۆی داواکاری ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتری چین. پێنج ساڵ دوای ڕوخانی دیواری بەرلین، وشەی جینۆساید لە سەردەمی جەنگی سارد پتر دەهاتە بەر گوێ. هێشتا هاوئاهەنگی‌و هاوهەنگاو بوونی جیهانی دوورە لە ڕاستیەوە.

## دوو جیهان : ئێمەو ئەوان

لەکاتێکدا کە چاوەڕوانییەکان لە کۆتایی پێکدادانە گەورەکاندا دەردەکەون، مەیل بۆ بوونی دوو جیهان بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی دوبارە بۆتەوە. خەڵکان هەمیشە هاندراون کە مرۆڤەکان دابەشبکەنە سەر "ئێمەو ئەوان"و "شارستانی ئێمەو شارستانی بەربەرەکان". زانایان جیهانیان بە گوێرەی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا، باکوورو باشوور، ناوەندو پەراوێز دابەشکردووە. موسڵمانەکان بەشێوەی نەریتی، جیهانیان دابەشکردۆتە سەر "دارولسەلام"[٣٠] و "دارولحەرب"[٣١] کە شوێنی ئاشتیو شەڕە. زانا ئەمریکیەکان لە کۆتایی شەڕی سارددا، جیهانیان دابەشکردە سەر ناوچەی: "هەرێمی ئاشتی"و "هەرێمی ئاژاوە". "هەرێمی ئاشتی"، ڕۆژئاواو ژاپۆنەو "هەرێمی ئاژاوەش" تێکڕای وڵاتەکانیتری دەگرتەوە.

دابەشکردنی باو، دابەشکردنی جیهان لەنێوان وڵاتانی دەوڵەمەند (مۆدێرنو پەرەسەندوو)و وڵاتانی هەژارە (نەریتی، پەرەنەسەندوو یان ڕوو لە پەرەسەندن). لەرووی مێژووییەوە ئەم دابەشکردنانە، دابەشبەندی ئابووریو کولتووری نێوان ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات بوون کە کەمتر جەختیانکردۆتە سەر ژیانی خۆشی ئابووریو زۆرترجەختیانکردۆتەسەر جیاوازی فەلسەفیو بەهاییو شێوەی ژیان. وڵاتە مۆدێرنو دەوڵەمەندەکان، تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە کە لە وڵاتە هەژارو نەریتیەکان جیایاندەکاتەوە. جیاوازی نێوان سامانو هێز ڕەنگە ببێتە هۆی بەگژیەکاچوونی نێوان کۆمەڵگەکان. بەڵگەکان سەلماندوویانە، تێکهەڵچوونەکان ئەوکاتە ڕوودەدەن کە کۆمەڵگە دەوڵەمەندو بەهێزەکان هەوڵدەدەن تاوەکو کۆمەڵگە هەژارو نەریتیەکان بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوەو بیانکەنە کۆلۆنی خۆیان. ڕۆژئاوا، چوارسەد ساڵ ئەم کارەی



کردووە. هەندێك لە کۆلۆنییەکان، دژی هێزە کۆلۆنیالیستیەکان ڕاپەڕینو بۆ ئازادیو ڕزگاری دەستیان دایە شەڕ. لە جیهانی هەنووکەدا، گەلێك جەنگمان بینی کە بۆ ڕزگاریو ئازادی، لە دژی هێزە کۆلۆنیالیستیەکان بەرپاکران.

بەگشتی هەندێك دۆخی تایبەتی لێدەرچێت، تێکهەڵچوونەکان لە نێوان هەژارو دەوڵەمەنددا ناقەومن، چونکە وڵاتانی هەژار یەکێتی سیاسی، هێزی ئابووریو توانایی سەربازیان نییەو ناتوانن لەگەڵ وڵاتە دەوڵەمەندەکاندا ململانێ بکەن. پەرەسەندنی ئابووری لە ئاسیاو ئەمەریکای لاتینیدا، وێنەی ناکۆکی "هەبوونو نەبوونەکان"ی نیشاندا. ڕەنگە وڵاتانی دەوڵەمەند لەگەڵ یەکتردا جەنگی بازرگانیان هەبێت، بەڵام وڵاتانی هەژار، جەنگی توندوتیژ هەڵدەگیرسێنن. جەنگێکی نێونەتەوەیی چینایەتی لەنێوان باشووری هەژارو باکووری دەوڵەمەند دا، گەلێك دوورە لە ڕاستیەوە.

لە هەندێك ئاستدا، ڕۆژئاوا خۆی بوونێکی سەربەخۆیە. بەڵام ئەی کۆمەڵگە ناڕۆژئاواییەکان چ وێکچوونو هاوبەشییەکیان لەگەڵ یەکتر هەیە، جگە لەوەی کە ڕۆژئاوایی نین؟ شارستانییە ژاپۆنی، چینی، هیندۆس، ئیسلامیو ئەفریقیەکان لەرووی ئایین، بنیاتی کۆمەڵگە، دەزگاو بەهاکانەوە زۆر لێکجیاوازن. جیاوازیەکان، لە نێوان ئاشنا (ئەوروپا، ڕۆژئاواو "ئێمە")و نامۆ (ڕۆژهەڵات، ئاسیاو "ئەوان")دایەو زاڵبوونی یەکەمیان بەسەر دووەمیاندا رەخنەی لێدەگیرێ. لە درێژەی جەنگی سارددا، جیهان بە پێوەرێکی بەرچاوو بە ئاراستەیەکی ئایدیۆلۆژیانەدا، کرایە دوو جەمسەریو ڕەوتێکی کولتووری تایبەت لە ئارادا نەبوو. دوو جەمسەریبوونی "ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا"، لەرووی کولتووریەوە دەرئەنجامێکی هەبووو ئەوەش، گۆڕانی ناوی "شارستانی ئەوروپایی" بوو بۆ "شارستانی ڕۆژئاوایی"، لەباتی ئەوەی ناو بنرێت شارستانی

ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا ڕەنگە باشتر بوایەبگوترایە "ڕۆژئاوا"و "ئەوانیتر" کە لانیکەم گەلێك لەسەرزەمینە نارۆژئاواییەکانی دەگرتەوە. جیهان لەوە ئاڵۆزترە کە بتوانرێ بە شێوەیەکی ئابووری لە نێوان باکوورو باشووردا دابەش بکرێت، یان بە شێوەیەکی کولتووری، دابەشبکرێتە سەر ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات.

### ١٨٤ولات- پتر یان کەمتر

سێیەمین پلانی دوای جەنگی سارد لە پەیوەندی یە نێونەتەوەییەکاندا، لە تیۆری ریالیستیەوە[٣٢] سەریهەڵدا. بەپێی ئەم تیۆرە، ولاتان لە پەیوەندیە جیهانییەکاندا یاریزانی سەرەکین‌و پەیوەندی نێوان ولاتانیش، پەیوەندیەکی ئاژاوەگێڕانەیەو هەر ولاتەو بۆ پاراستنی مانەوەو ئاسایشی خۆی هەوڵدەدات تاوەکو هێزی خۆی بگەیەنێتە لانیزۆر. ئەگەر ولاتێك تێبگات کە ولاتەکەی دیکە خەریکە هێزی خۆی پەرەپێدەداتو ڕەنگە ببێتە هەڕەشەیەکی بەهێز، ئەوا ئەو ولاتەش بۆ پاراستن‌و ئاسایشی خۆی هەوڵدەداتو هێزی خۆی پەرەپێدەدات یان ئەوەتا لەگەڵ ولاتێکیتردا یەکدەگرێتو دەبێتە هاوپەیمان. دەکرێت بۆچوونی ١٨٤ ولاتی دوای شەڕی سارد بەمجۆرەی خوارەوە لێکبدرێتەوە:

دەتوانرێت بۆچوونی "ریالیست"ی بە دەستپێکی لێکدانەوەی پەیوەندیە نێونەتەوەییەکان بزانرێت. چونکە گەلێك شێوەی بیرکردنەوەی ولاتان ڕووندەکاتەوە. ولاتان، لەپەیوەندیە نێونەتەوەییەکاندا بوونی بالابوون‌و دەشبن. سوپایان هەیە، سیاسەتەکان بەڕێوەدەبەن، لەسەر پەیمانەکان سازشدەکەن، شەڕدەکەن، ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان دەهێننە ژێر رکێفی خۆیانەوەو بەشێوەیەکی بەرچاو بازرگانی‌و بەرهەمە جیهانییەکانیان لەدەستدایە.



پێدەچێت هەموو ولاتان، بەرژەوەندیەکانیان بەیەك شێوە دەستەبەر بکەن. ئەم بۆچوونەی کە دەڵێت هێز هەموو شتێکەو سەرچاوەی سەرەکی ڕەفتارە کۆمەلایەتیەکانە، دوورە لە ڕاستی . ولاتان، بەرژەوەندیەکانیان تەنیا بە پێی هێز دیاری ناکەن، بەڵکو لە تەنیشتیدا هەوڵدەدەن تا تەرازووی هێز پێکبهێنن. ئەگەر بیانتوانیایە ئەم هاوسەنگییە پێکبهێنن، ئەوا ولاتانی ئەوروپایی ڕۆژئاوا لە ١٩٤٠دا، دەیانتوانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا دژی ئەمەریکا یەکبگرن. ولاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا، لەو سەردەمەدا لەلایەن ڕۆژهەلاتەوە، هەڕەشەی سەربازی، ئایدیۆلۆژی‌و سیاسیان لێدەکراو بەرژەوەندیەکانیان بە تیۆری کلاسیکی "واقیعیانە" پێشبینی نەدەکرا.

بەهاکان، کولتوورەکان‌و دامودەزگاکان کاریگەری دەکەنەسەر چلۆنایەتی بەرژەوەندی ولاتان. بەرژەوەندی ولاتان تەنها بەهۆی بەها ناوخۆیی‌و دامودەزگاکانەوە پێکنایەت، بەڵکو پێوانە نێونەتەوەییەکان کاریگەری ئاشکرایان لەسەریان هەیە. لە لایەکیتر، ولاتان بەهۆی کولتورو دەزگای هاوشێوەوە، بەرژەوەندی هاوبەش پەیدادەکەن. ولاتە دیموکراتیەکان خالی هاوبەشیان هەیەو بەم هۆیەوە، لە دژی یەکتر شەڕ ناکەن. کەنەدا، ناچارنییە لەگەڵ هێزێکیتردا یەکبگرێت تا خۆی لە پەلاماری ولاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا بپارێزێت.

دوای شەڕی سارد، ولاتان بە گوێرەی شارستانییەکان بەدوای دەستەبەر کردنی بەرژەوەندیەکانیانەوە بوون‌و لەگەڵ ئەو ولاتانەی کە لەگەڵیاندا کولتووری هاوشێوەیان هەیە، دەبنە هاوپەیمان‌و بەزۆری لەگەڵ ئەو ولاتانەی کە کولتووری جیاوازیان هەیە، ناکۆكو ناتەبان. هەڕەشەکان بەگوێرەی ئامانجی ولاتانیتر دیاریدەکرێن، بەلام چۆنێتی هەستپێکردنی ئەم ئامانجانە، بەپێی تێبینییە کولتووریەکان پێکدێن. زۆربەی سیاسەتمەداران، نیگەرانی ئەو هەڕەشەیە نین کە خەڵك دەیکەن، چونکە وادەزانن کە بەهۆی

زمان، ئایین و بەهاو کولتوورەوە، متمانەی خەڵکیان لەپشتە. دەوڵەتەکانیش پاراستنی ئاسایشی دەرەکیان دەخەنە سەرووی هەموو شتێکەوە، هەرچەندە کە زۆرینەی ئەولەویەتەکانیان بۆ دابینکردنی ئاسایشە لە دژی هەڕەشە ناوەکیەکان.

ئەمێستا، یەکێتی سۆڤیەتی و ئایدیۆلۆژیای "مارکسی-لینینی" بۆ جیهانی ئازاد بەهەڕەشە لەقەڵەم نادرێت و چیتر دنیای کۆمۆنیزم بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گرنگ نییە. وڵاتانی جیهان، رۆژبەرۆژ زیاتر هەڕەشەکان لەلایەن ئەو کۆمەڵگەیانەوە دەبینن کە کولتووری جیاوازیان هەیە.

گەلێك وڵات، توانای کۆنترۆڵکردنی ڕەوتی دراوی وڵاتەکەیان لەناوەوەو دەرەوەی وڵاتەکەیان لەدەستداوە، هەروەها سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنی بیروڕاکان، تەکنەلۆژیا، بەرهەم و خەڵك گرفتێکی زۆریان هەیە. وڵاتە سنووریەکان، گەلێك زیانیان بەردەکەوێ و لاوازی هەندێك وڵات و سەرهەڵدانی وڵاتە شکستخواردووەکان بوونەتە هۆی داروخانی دەسەڵاتی دەوڵەت، پاشاگەردانی، تەشەنەکردنی تێکهەڵچوونی خێڵەکی، ئەتنی، ئایینی و سەرهەڵدانی مافیای نێونەتەوەیی، زیادبوونی ئاوارەو بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی، تیرۆریزم، کۆمەڵکوژی و پاکتاوی ڕەگەزی. بۆ نموونە لەئەبریلی ١٩٩٣ لە سەرانسەری جیهاندا٤٨ شەڕی ڕەگەزی و ١٦٤ پێکدادانی ئەتنی و ناوچەیی لە یەکێتی سۆڤیەتی جاراندا ڕوویانداوە کەزۆربەیان تێکهەڵچوونی چەکدارانەیان بەدواوە بووە.

## بەراورد کردنی جیهانەکان

جیهان لەنێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا، یان باکوورو باشووردا دابەشناکرێت. حکومەتە جەماوەریەکانیش ئەگەر بە کێشمەکێشمی جۆراوجۆری ناوەکیەوە لەت بن و لێکبترازێن، ناتوانن ببنە کۆڵەکەی



پەیوەندیە نێونەتەوەییەکان. جیهان یان یەکە یان دوان، یان ١٨٤ وڵاتە، یان کۆمەڵێکی بێسنووری خێڵ و گرووپی نەتەوەیی و نەژادی دەگرێتەوە.

روانین بۆ جیهان بەگوێرەی حەوت یان هەشت شارستانی، گەلێك لەگرفتەکان چارەسەر دەکات و بۆ تێگەیشتنی جیهان، پێوانەیەکی ژیرانە فەراهەمدەکات. تێکهەڵچوونە گرنگەکان لە ناگرنگەکان جودادەکاتەوەو بەرنامەی پەرەپێدان و پێشکەوتنەکانی ئایندە پێشبینیدەکات. تێڕوانینی شارستانیانە بەپێی بابەتەکانی خوارەوەیە:

- هێزە یەکخەرەکان لە جیهاندا ڕاستەقینەن و بەوردی بەگوێرەی زانیاریە ژیاریەکان و پێداگرتنی کولتووری پێکدێن.
- بە دەربڕینێك ئێمە لە جیهانێکی دوو جەمسەریدا دەژین، بەڵام جیاوازی سەرەکی، لەنێوان رۆژئاوا (شارستانی باڵادەست) و شارستانییەکانی تردایە.
- گەلان، لەپەیوەندیە جیهانییەکاندا یاریزانی سەرەکین و بەمجۆرەش دەمێننەوە. بەڵام بەگشتی، بەرژەوەندی، پەیوەندی و پێکدادانەکان بە پێی فاکتۆرە کولتووری و ژیاریەکان پێکدێن.
- جیهان، پڕە لە ئاشووب و پێکدادانی باوی ئەتنی و نەتەوەیی، ئەم تێکهەڵچوونانە، بۆ وڵاتان یان گرووپی شارستانییە جیاوازەکان زۆرترین مەترسی دەبێت.

تاوەکو چل ساڵ مۆدێلی شەڕی سارد لە سیاسەتە جیهانییەکاندا سوودی هەبوو، بەڵام لەکۆتایی هەشتاکاندا، بەسەرچوو. لەم چەرخەدا، مۆدێلی شارستانی[٣٣]، پاڵ بە کۆمەڵگە نێونەتەوەییەکانەوە دەنێت بەرەو هەوڵدانی ئاشتیانەو پێ لەسەر هاوبەشێتی کولتووری و مێژوویی نێوان وڵاتان دادەگرێ، وەکو ئەوەی لە نێوان رووسیاو ئۆکرانیادا ڕوویدا. مۆدێلی شارستانی، دەیتوانی رووسیاو ئۆکرانیا هانبدات بۆ هاوکاری پترو ئۆکرانیا ناچار بکات تا چەکە ناوکیەکانی فڕێبدات و یارمەتی ئابووری

بەرچاو بەدەست بێنێ‌و سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت. دەکرێت مۆدێلی شارستانی جیهانی تازە بەگوێرەی ئەو ڕووداوانەی کە لەماوەی ٦مانگی سەرەتای ١٩٩٣ ڕوویاندا بەمجۆرەیەی خوارەوە کورت بکرێتەوە:

- بەردەوامبوون‌و تەشەنەکردنی شەڕی نێوان کروات، موسڵمان‌و سربەکان لە یۆگۆسلاڤیای پێشوودا.
- کەمتەرخەمی ڕۆژئاوا لەپشتیوانیکردنی موسڵمانەکانی بۆسنیادا یان تاوانبارکردنی دڕندەیی کرواتەکان بەو جۆرەی کە توندوتیژی سربەکان تاوانبارکرا.
- ڕازینەبوونی رووسیا لە وەرگیرانی سرب‌و کرواتەکان لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکاندا تا لەگەڵ دەوڵەتی کرواتدا ئاشت ببنەوەو، پێشنیاری دەوڵەتە موسڵمانەکان بۆ کۆکردنەوەی هێزی جەنگاوەر بۆ بەرگریکردن لە موسڵمانەکانی بۆسنیا.
- تەشەنەکردنی شەڕی نێوان ئەرمەنی‌و ئازەریەکان‌و داواکاری ئێران، سەبارەت بەوەی ئەرمەنییەکان خۆیان بدەنە دەستەوەو سەربازانی تورک‌و ئێرانی لە سنووری ئازەربایجاندا دابمەزرێن‌و نارەزایی رووسیا سەبارەت بەوەی کە هەوڵدانی ئێرانییەکان دەبێتە هۆی تەشەنەکردنی تێکهەڵچوونەکان‌و دروستکردنی سنووری نەخوازراو لە پەیوەندیە نێونەتەوەییەکاندا.
- بەردەوامبوونی شەڕ لەئاسیای ناوەڕاستدا لە نێوان سەربازانی رووسی‌و جەنگاوەرە موجاهیدەکاندا.
- بەرەوڕوو بوونەوەی ڕۆژئاوا لە کۆنفرانسی مافەکانی مرۆڤ لە ڤیەننا بەسەرپەرشتی وارین کریستۆفەر[٣٤] (وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمەریکا) سەبارەت بەتاوانبارکردنی ڕێژەییبوونی کولتووری.[٣٥]
- بەرنامەڕێژی سەرلەنوێی سەربازی ناتۆو ڕووسیا بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەکانی باشوورو دەنگدان بەدرێژایی هێڵی



شارستانییەکان کە بووە هۆی ئەوەی ئۆڵۆمپیکی ساڵی ٢٠٠٠ لە پەکینەوە[٣٦] بگوازرێتەوە بۆ "سیدنی"[٣٧].

- فرۆشتنی پارچەی مووشەکی لەلایەن چینەوە بە پاکستان کە بووە هۆی‌رەخنەکرانی ئەو ولآتە لەلایەن ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوەو سەرئەنجام بووەهۆی سزادانی چین‌و ڕووبەڕووبونەوەی چین‌و ولآتە یەکگرتووەکان بەهۆی ناردنی تەکنەلۆژیای ناوکی بۆ ئێران.
- کۆتاییهاتنی مۆڵەتی یاسایی تاقیکردنەوەی چەکە ئەتۆمیەکان لە لایەن چینەوە، سەرەڕای نارەزایەتی دەربڕینی ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و خۆبواردنی کۆریای باکوور لە بەشداریکردنی دانوستانی چەکی ئەتۆمی.
- ئاشکرابوونی ئەو ڕاستیەی کە ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، سیاسەتێکی دووفاقیانەی[٣٨] سەبارەت بەئێران‌و عێراق بەڕێوەبردووە.
- ڕاگەیاندنی ستراتیژی تازە لەلایەن وەزارەتی بەرگری ولآتە یەکگرتووەکانەوە بۆ ئامادەکاری دوو تێکهەڵچوونی گرنگی ناوچەیی، یەکیان لەدژی کۆریای باکوور لەلایەك، ئەویتریشیان دژی ئێران یاخود عێراق لە لایەکیترەوە.
- پێشنیاری سەرکۆماری ئێران بۆ یەکگرتن لەگەڵ چین‌و هیندستاندا تاوەکو بتوانن پێکەوە، لە ڕووداوە نێونەتەوەییەکاندا کاریگەری سەرەکیان هەبێت.
- ئامادەکردنی یاسای نوێ لەلایەن ئەڵمانیاوە سەبارەت بە سنووردارکردنی وەرگرتنی پەنابەران.
- ڕێککەوتنی نێوان سەرۆك کۆماری رووسیاو سەرۆك کۆماری ئۆکرانیا دەربارەی دەریای ڕەش‌و پرسەکانیتر.

- بۆمبارانکرانی بەغداد، لەلایەن ولاٖتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە بەپشتیوانی ولاٚتە رۆژئاواییەکانو تاوانبارکردنی ئەم بۆمبارانە، لەلایەن تێکڕای دەوڵەتە موسڵمانەکانەوە.
- زیادکردنی ناوی سوودان، بەلیستەی ولاٚتە تیرۆریستیەکان لەلایەن ولاٚتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە.
- وەرگرتنی بەرە-بەرەی پۆڵۆنیا، هەنگاریاو کۆمارەکانی چیكو سلۆڤاکی لە ناتۆدا.
- هەڵبژاردنی پەرلەمانی رووسیای ١٩٩٣، سەلماندی کە رووسیا، بەڕاستی ولاٚتێکی "لێکترازاو"[٣٩]ە لەگەڵ بوونی دەستەبژێرێکی نادڵنیاوە کە هێشتا نازانن پاڵبدەنە رۆژئاواوە یان لەدژی خەباتبکەن.

دەتوانرێت هەر شەش مانگ جارێك لیستەیەکی بەراوردکاری ڕووداوە شارستانییەکان لەسەرەتای نەوەدەکانەوە کۆبکرێتەوە. ئەم لیستەیە، "مۆدێلی" شارستانی نیشاندەدات.

ئەوەندەی پەیوەندی بەجیهانی هاوچەرخەوە هەیە، لێکۆڵەرەوەکان ئەوەیان خستۆتە ڕوو کە، دەبێ کۆمەڵگەکان بزانن بەچ شێوەیەك لە نەخشەی جیهاندا جێگیربوون، چ شارستانیگەلێك لە ئارادان، سنوورەکانیان لە کوێیە، ولاٚتانی دەوروبەریان کامانەنو چ تۆخمگەلێکی تایبەت پێکەوەیان دەبەستێت؟

# بەشی دووەم

## شارستانییەکان لەمێژوو و ئێستادا

## سروشتی شارستانییەکان

مێژووی مرۆڤ، مێژووی ئەو شارستانیانەیە کە لەتۆڕەمەی شارستانییە دێرینییەکانی سۆمەری[٤٠] کۆن‌و میسریەکانەوە گەیشتە شارستانی کلاسیك‌و میزۆئەمەریکان[٤١]و لەوێوە گەیشتە شارستانییە مەسیحی‌و موسڵمانەکان‌و لەڕێگەی دەرکەوتنی شارستانی "سینیك"[٤٢] و هیندۆسەوە درێژەی هەبووە. لەدرێژەی مێژوودا، شارستانییەکان بۆ مرۆڤ ناسنامەی بەرینیان دەستەبەر کردووە. مێژووناسان، کۆمەڵناسان‌و مرۆڤناسان گەلێك بەڵگەیان بۆ بەراوردکاریی‌و لێکدانەوەی شارستانییەکان ئامادەکردووە. هاوڕایی زۆر لەئارادایە سەبارەت بە سروشت، شوناس‌و بزۆزی شارستانییەکان لەجیهانی ئەمڕۆدا.

لەسەدەی هەژدەیەمدا، بیرمەندانی فەرەنسی وشەی شارستانیان وەك چەمکی پێچەوانەی بەربەریەت پێناسە کرد. کۆمەڵگەی شارستانی جیاواز بوو لە کۆمەڵگەی سەرەتایی، چونکە کۆمەڵگەی شارستانی کۆمەڵگەیەکی ژیاری ڕێکخراو، مەدەنی‌و خوێندەوار بوو. چەمکی شارستانی، ستانداردێکی بەدیهێنا تا بەهۆیەوە دەربارەی کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان داوەریبکرێت. لەسەدەی نۆزدەیەمدا، ئەورووپییەکان گەلێك لە زانایان‌و سیاسەتمەدارانی خۆیان ڕاسپارد تا کۆمەڵێك پێوانە بخوڵقێنن بۆئەوەی ئەو



کۆمەڵگە ئەوروپیانەی دەرەتانی بەشارستانی بوونیان هەیە، لەسیستەمی نێونەتەوەییدا قبوڵبکرێن. لەسەدەی نۆزدەیەمدا، بیرمەندە ئەڵمانییەکان ئەو شارستانییەی کە لەگەڵ فاکتۆرە میکانیکی، تەکنۆلۆژی‌و مادییەکاندا هاوپەیوەندبوو، لەو کولتوورەی کە بەها، ئامانج، هونەرو شایستەییە ئاکاریەکانی کۆمەڵگەی لەخۆدەگرت، جودا کردەوە. هەوڵدانی لێکهەڵاواردنی کولتوورو شارستانی، هێشتا لە بیروڕای ئەڵمانییەکاندا ماوەتەوە، بەڵام لەلایەن ئەوانیترەوە پەسەند نەکراوە. ناکرێت، کولتوور لەبناغەکەی، واتە شارستانی جودا بکرێتەوە– لەم کتێبەدا، شارستانی بەشێوەی کۆ بەکارهێنراوە.

شارستانی‌و کولتوور، هەردوك پەیوەستن بە شێوەی ژیانی مرۆڤەوەو شارستانی شێوەی بەربڵاوی کولتوورەو هەردوك بەها، بڕوا، دامودەزگاو شێوەی بیرکردنەوەی وەچە پشتاوپشتەکانی کۆمەڵگە دەگرنەخۆیان. برادێل[٤٣]، لە کتێبی "مێژووی شارستانییەکان"دا دەڵێت: "شارستانی، کۆمەڵێك تایبەتمەندی هاوبەش‌و چارەنووسی حەتمی کولتوورەو کولتوور، بابەتێکی هاوبەشە لەپێناسەکردنی هەموو شارستانییەکدا".

یۆنانییەکان کلاسیکیانە ئەو دەمە فاکتۆری کولتووری شارستانی کلاسیکیان پێکهێنا کە "سپارتیەکان"[٤٤]، یۆنانییەکانیان دڵنیا کردەوە کە لە بەرامبەر ئێرانییەکاندا خیانەتیان لێناکەن. خوێن، زمان، ئایین‌و شێوازی ژیان، لەناو یۆنانییەکاندا توخمی هاوبەشبوون کە لەئێرانییەکان‌و غەیرە یۆنانییەکان جیایدەکردنەوە. بەوجۆرەی کە یۆنانییەکان داکۆکیان لەسەر کردەوە، شارستانییە سەرەکیەکانی مێژووی مرۆڤایەتی لەگەڵ ئایینە گەورەکاندا سەریانهەڵداوە. ئەو خەڵکانەی کە نەتەوەو زمانی هاوبەشیان هەیە، بەڵام ئایینیان جیاوازە، لەوانەیە یەکتر کوشتار بکەن، بەوجۆرەی لە لوبنان‌و یۆگۆسلاڤیای پێشوو و نیمچە کیشوەری (هیندا) ڕویدا.

لەناو خەڵكیدا پەیوەندی گرنگ دروستبووە بە هۆی تایبەتمەندی كولتووری شارستانییەكان‌و دابەشكردنیان بەگوێرەی تایبەتمەندی فیزیكیانەی وەك نەژادەوە. سەرەڕای ئەوە، شارستانی‌و نەژاد هاوشێوە نین.

دەكرێت خەڵكی سەر بەیەك ڕەگەز بەهۆی شارستانییەوە دابەشبكرێن یاخود دەكرێت خەڵكی نەژادی جۆربەجۆر بەهۆی شارستانییەوە یەكبگرن. دەكرێت ئەم دیاردەیە لە بانگەشەكارانی ئایینی مەسیحی‌و ئیسلامدا ببینرێت، كە كۆمەڵگەی ڕەگەز جیاوازی زۆر دەگرنە خۆیان. جیاوازی سەرەكی نێوان گروپە مرۆییەكان، وابەستەی بەها، بیروبڕوا، دامودەزگاو بنیاتی كۆمەڵایەتیانە نەك شێوەو پێكهاتەی جەستەیی یاخود ڕەنگی پێستیان.

شارستانییەكان زۆر گشتیگیرو بەرینن. واتە ناتوانرێت هیچ بەشێكی پێكهێنەریان بێگەڕانەوە بۆ ئەو شارستانییەی كە گرتوونییەتەخۆ، دەرك بكرێت. ئەگەر شارستانییەك لە چەندین وڵات پێكهاتبێ، ئەوا ئەم وڵاتانە پەیوەندی زۆرتریان پێكەوە هەیە. ئەو وڵاتانە، ڕەنگە پتر بجەنگن‌و لە پەیوەندی سیاسیاندا تێوە بگلێن بەڵام، لەرووی ئابووریەوە پاڵپشت‌و وابەستەی یەكترن.

"میلكۆ"[٤٥] لە كتێبی "سروشتی شارستانییەكان"دا دەڵێت:"شارستانی چیەتیەكی بەرینی كولتووریە". گوندەكان، ناوچەكان، گروپە نەتەوەییەكان، گەلان‌و گروپە ئایینییەكان، تێكڕا لەئاستی جیاوازدا، كولتووری دیاریكراویان هەیە. لەوانەیە كولتووری گوندێكی باشووری ئیتاڵیا، لەگەڵ كولتووری گوندێكی باكووریدا جیاواز بێت. بەڵام هەردوكیان بەشدارن لە كولتوورێكی هاوبەشدا كە لە گوندەكانی ئەڵمانیا جودایاندەكاتەوە. كۆمەڵگە



ئەورووپیەكانیش كولتووری تایبەتیان هەیە، هەرچەندە سەربەچیەتیەكی كولتووری بەرینتریش بن. شارستانی، باڵاترین كولتووری بەكۆمەڵی خەڵكەو هەروەها ئاستی بەرینی شوناسەو توخمی هاوبەشی وەكو زمان، مێژوو، ئایین، دابونەریت، دامودەزگاو شوناس دەگرێتەوە.

شارستانی، گەورەترین "ئێمە"یە كە مرۆڤەكان لەرووی كولتووریەوە وا هەستدەكەن لە "یەك خانوو" دان. شارستانییەكان، ڕەنگە ژمارەیەكی زەبەندی دانیشتوانیان هەبێت، وەكو چین، یان ژمارەیەكی كەمتری دانیشتوانیان هەبێ وەكو "ئەنگلۆفۆنە"كانی كاریبی[٤٦]. جیاوازی بەگوێرەی ڕووبەر و گرنگیان لەنێوان شارستانییە سەرەكی‌و لاوەكیەكان یاخود ئەو شارستانیانەیە كە لەناوچوون. ئەم كتێبە دەربارەی شارستانییە سەرەكیەكانی مێژووە.

خەڵكی شارستانییەكان دەتوانن ماناو چەمكی دیكە بدەنە ناسنامەكانیان‌و هەرواشدەكەن. لەئەنجامدا شێوەو فۆرمی شارستانییەكان لە درێژەی زەمەندا دەگۆڕێت. ئەوان پێكدێن، دەگونجێن‌و دەبنە ناوەندە هەتا هەتاییەكانی پەیوەندی مرۆیی. سروشتی تایبەت‌و تاقانەیان، نیشاندەری بەردەوامبوونی مێژووییانە. ئیمپراتۆریەكان پێكدێن‌و دەڕوخێن، دەوڵەتەكان دێن‌و دەڕۆن، بەڵام شارستانییەكان دەمێننەوە. تێكڕای شارستانییە گرنگەكانی سەدەی بیستەم، یان نزیكەی هەزارەیەك لەئارادا بوون، یان وەك ئەمەریكای لاتین لەلقی شارستانییەكی درێژخایەنتر پێكهاتوون.

شێوەی سیاسی شارستانییەكان بەتێپەڕینی زەمەن، لەئاڵوگۆڕدا بووە. ڕەنگە یەك شارستانی چەند یەكەی سیاسی لەخۆبگرێت: شارەكان، وڵاتان، ئیمپراتۆریەكان، فیدراسیۆن‌و وڵاتانی فرە نەتەوە كە هەموو چەشنە

دەوڵەتێکیان هەیە. هەر بەوجۆرەی شارستانی کامڵدەبێت، سروشتو یەکە سیاسیەکانیشی گۆڕانی بەسەردادێت.

زانایان، سەبارەت بەشارستانییە گرنگەکانی مێژووی ئەمڕۆ، تاڕادەیەکی زۆر هاوڕان، بەڵام سەبارەت بە ژمارەی گشتیان ناکۆکن. ئەوان بەگشتی، شارستانییە سەرەکیەکانی سەردەمی هاوچەرخیان بەمجۆرەی خوارەوە دابەشکردوە:

**شارستانی سینیک**[٤٧]- زانایان شارستانییەکی چینی جیاوازیان ناسیوە کە لانیکەم دەگەڕێتەوە بۆ ١٥٠٠ ساڵی بەر لەزایینو لەوانەشە هەزاران ساڵ بەرلەوەش هەبووبێت، یان دوو شارستانی چینی یەك لەدوای یەکیان دۆزیوەتەوە. (من لەوتارەکەم لە گۆڤاری کاروباری دەرەوەدا، ئەم ژیارەم ناونا "کۆنفۆشیۆس"-هەنتیگتۆن) بەڵام ڕاستتر دەبێت بۆ ئەم شارستانییە واژەی **سینیك** بەکاربرێت. **کۆنفۆشیۆس** بەشێکی سەرەکی شارستانی چینییە. بەڵام خۆ شارستانی چینی، تەنیا کۆنفۆشیۆس نییە بەڵکو، لەچین فراوانترەو بوونێکی سیاسی هەیە. واژەی سینیك کە لەلایەن زانایانەوە کەڵکی لێوەرگیراوە بەشێوەیەکی گونجاو لەمەڕ کولتووری گشتی چینو کۆمەڵگە چینییەکان بۆ باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو کۆمەڵگەی دەرەوەی چینو کولتوورە وابەستەکان (کۆریاو ڤێتنام) پێناسە دەکرێت.

**شارستانی ژاپۆنی**-هەندێك لەزانایان، کولتووری چینو ژاپۆن ئاوێتەدەکەنو هەردوکیان بە شارستانی ڕۆژهەڵاتی دوور لەقەڵەمدەدەن. بەڵام ئەم تیۆرەش لە ئارادایە کە ژاپۆن، شارستانییەکی جیاوازەو زادەی شارستانێتی چینە کە نزیکەی ١٠٠ تا ٤٠٠ ساڵ دوای زایین پێکهاتووە.

**شارستانی هیندۆس**[٤٨]-لەنیمچە کیشوەری هیندا، یەك یان دوو شارستانی یەك لەدوای یەك بەشێوەیەکی جیهانی بوونیان هەبووەو بەناوی ئیندیك[٤٩] یان هیندۆس ناسراون کە پێیدەوترێت شارستانی هیندۆس.



هیندۆییزم، لە نیمچە کیشوەری هیندا، ناوکی سەرەکی کولتوور بووە بەڵام، لەئایین یان سیستەمێکی کۆمەڵایەتی زیاترە. هیندستان، ژمارەیەکی بەرچاوی موسڵمانو کەمینەی بچووکتری کولتووری هەیە. واژەی هیندۆس وەکو سینیك، ناوی شارستانییەکە لە ناوی وڵاتە ناوەندیەکە جیا دەکاتەوە.

**شارستانی ئیسلامی**-زۆربەی زانایان، بوونی شارستانییەکی جیاوازو ئیسلامیان لە سەدەی حەوتەمی دوای زایین لە نیمچە کیشوەری عەرەبستاندا بەرەسمی ناسیوە. ئەم شارستانییە، بەشێوەیەکی بەرفراوان لە باکووری ئەفریقا، نیمچەدوورگەی ئیبریا[٥٠] و ئاسیای ناوەڕاستو باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا پەرەیسەندووە. لەئەنجامدا، گەلێك کولتووری جیاوازو شارستانی لاوەکی لە شارستانی ئیسلامیدا هەن: عەرەبەکان، تورکەکان، ئێرانییەکانو مالیزییەکان[٥١].

**شارستانی ئورسودوکس**-هەندێك لە زانایان، شارستانی ئۆرسودۆکسیان بۆ رووسیا پێناسەکردووەو بەهۆی وابەستەبوون بە بیزەنتینەوە[٥٢] لەدرێژەی فەرمانڕەوایی تەتەرەکاندا[٥٣]، لە مەسیحیەتی ڕۆژئاوا جیایانکردۆتەوە کە فاکتۆری ڕێنیسانس، ڕۆشنگەریو هەندێك ئەزموونی دیکەی ڕۆژئاوایی هەبووە.

**شارستانی ئەمەریکای لاتین:**. ئەم شارستانییەش ناسنامەیەکی تایبەتی هەیە کەلەرۆژئاوای جیادەکاتەوە. سەرەڕای ئەوەی لەشارستانی ئەورووپی هەڵقولاوە بەڵام، ڕیشەکەی لە ئەوروپاو ئەمەریکای باکووردایەو کولتوورێکی تایبەتی بۆ خۆی پێکهێناوە. ئەمەریکای لاتین، جیاواز بووە، پەیڕەوی نایینزای کاسولیکەو گەلێك کولتووری ئەتنی هەیە. کامڵبوونی سیاسیو پەرەسەندنی ئابووری ئەمەریکای لاتین، لە مۆدێلە باوەکانی وڵاتانی باکووری ئەتڵەسی[٥٤] جیا بووە. خەڵکی ئەمەریکای لاتین، شوناسی خۆیان دابەشکردووە. هەندێك دەڵێن، ئێمە بەشێکین لە ڕۆژئاواو

ئەوانیتر دەڵێن، ئێمە کولتووری جیاوازی خۆمان هەیە. دەکرێت ئەمەریکای لاتین بەشارستانییەکی لاوەکی سەر بە رۆژئاوا یان شارستانییەکی جودای زۆر نزیك لە رۆژئاوا لە قەڵەمبدرێت.

**شارستانی رۆژئاوایی**–شارستانی رۆژئاوا، دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٧٠٠ تا ٨٠٠ ساڵی دوای چەرخی مەسیحیەت‌و بەگشتی زانایان لەو بڕوایەدان کە ئەم شارستانییە بریتیە لە: ئەوروپا، ئەمەریکای باکوورو ئەمەریکای لاتین لەگەڵ ئەو ئەورووپیانەی کۆچیانکردووە بۆ ئۆستralیا[٥٥]و نیۆزلاندا[٥٦]و تێیدا نیشتەجێبوون. بەدرێژایی مێژوو ئەمریکیەکان، کۆمەڵگەکەیان لە کۆمەڵگەی ئەورووپی بە جودا زانیوە. ئەمەریکا، سەرزەمینی ئازادی، یەکسانی‌و دەرفەت‌و ئایندە بوو. بەڵام ئەوروپا، نیشاندەری جەورو ستەم، پێکدادانی چینایەتی، دەسەڵاتخوازی‌و دواکەوتن بوو. ئەمەریکا لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، شوناسێکی بەرینتری بۆ خۆی دۆزیەوە. واتە رۆژئاوایەکی فراوان‌و ئەو رۆژئاوایەی کە ئەوروپاش دەگرێتەوە.

ئەمێستا واژەی رۆژئاوا، بەشێوەیەکی جیهانی بە جیهانی کریستیانی رۆژئاوایی دەگوترێت. رۆژئاوا، تاکە شارستانییە کە شوناسی خۆی کردۆتە چەق‌و پەرگاڵ, بەڵام نەك لە رێگەی خەڵکی تایبەت‌و ئایین‌و ناوچەی جۆگرافیاییەوە. ئەمجۆرە شوناسە، شارستانی رۆژئاوای لەپێگە مێژوویی، جۆگرافیایی‌و کولتووریەکەی دوورخستۆتەوە. لەڕووی مێژووییەوە، شارستانی رۆژئاوا شارستانی "ئەوروئەمریکەن"[٥٧]، یاخود شارستانی ئەتلەسی باکووریە[٥٨]. دەکرێت ئەوروپا، ئەمەریکاو ئەتڵەسی باکوور لەنەخشەدا بدۆزرێتەوە. بەڵام لەنەخشەدا، جیهانی رۆژئاوا بوونی نیە. وشەی رۆژئاوا، چەمکی ڕۆژئاواییبوونی وروژاندووەو تێکەڵەیەکی



سەرلێشێوێنی لە بەرۆژئاواییبوون و مۆدێرنیزە بوون پێکهێناوە. ئەمڕۆکە بەشارستانی "ئەمریکی–ئەورووپی" دەگوترێت "**شارستانی رۆژئاوایی**".

**شارستانی ئەفریقی**–زۆرینەی زانایان، ئەفریقا بە شارستانییەکی جیاواز نازانن. باکووری کیشوەری ئەفریقاو لێواری رۆژهەڵاتی سەربەشارستانی ئیسلامیە. ئەسیوپیا[٥٩] لەڕووی مێژووییەوە، شارستانییەکی تایبەتی خۆی هەیەو لە وڵاتانیتردا، ئیمپریالزمی ئەورووپی‌و ڕەوەندەکان، شارستانی رۆژئاواییان پەرەپێداوە. لە ئەفریقای باشووردا، هۆڵەندی، فەرەنسی‌و ئینگلیزەکان، کولتوورێکی پرژوبڵاوی ئەورووپیان پێکهێنا. ئیمپریالزمی ئەورووپی، مەسیحیەتی بردە ئەو کیشوەرەو باشووری "سەحرا". ئەفریقیەکان هەوڵدەدەن تا خۆیان بکەنە شارستانییەکی جیاوازو ئەفریقای باشووریش بکەنە وڵاتی ناوەندی.

ئایین، تایبەتمەندی سەرەکی‌و زەقی شارستانییەکانەو ئایینە گەورەکان، پایەی سەرەکی شارستانییەکانن. ئایینە سەرەکیەکانی جیهان، بریتین لە: مەسیحیەت، ئیسلام، هیندۆس‌و کۆنفۆشیۆس کە هەموویان پەیوەستبوون بە شارستانییە گەورەکانەوە. یەکێك لەئایینە گەورەکانیتر، بوودایزمە کە وەکو ئیسلام‌و مەسیحیەت، هەر لەسەرەتاوە بوو بە دوو لەتەوەو لەسەرزەمینە ماکیەکەیدا بەردەوام نەبوو. بوودایزم دوای چەرخی مەسیحیەت، گەیشتە چین‌و پاشان کۆریا، ڤێتنام‌و ژاپۆن‌و ئەوجا لەتەك کولتوورەکانی چین‌و ژاپۆندا ئاوێتە بوو. ئەم وڵاتانە، بوودایزم بە ئایینێکی سەرەکی دەزانن بەڵام، بەپایەی شارستانییەکی گەورەی نازانن.

## پەیوەندی نێوان شارستانییەکان

پەیوەندی نێوان شارستانییەکان، لە دوو قۆناغدا کامڵبووەو ئەمێستا لەقۆناغی سێیەمدایە. پتر لەسێ هەزار ساڵ دوای سەرهەڵدانی

شارستانییەکان، لەنێوانیاندا پەیوەندی نەبووە یان زۆر سنووردار بووە. مێژوونووسان، شارستانییەکانیان بەگوێرەی کاتوشوێن لێکجودا کردۆتەوە. بیروباوەڕو تەکنەلۆژیا لە شارستانییەکەوە گواستراوەتەوە بۆ شارستانییەکیترو سەدان ساڵی خایاندووە. ڕەنگە، یەکێك لەو گرنگترین ڕووداوانە، پەرەسەندنی شارستانی بووداییزم بێت لە چیندا. تەکنیکی چاپ، لەسەدەی هەشتەمی زاییندا، لەچین داهێنراو تەکنەلۆژیەکەی لەسەدەی پازدەهەمدا گەیشتە ئەوروپا. کاغەز لەسەدەی دووەمی پاش زایین برایە ژاپۆن. لەسەدەی هەشتەمدا برایە ئاسیای ناوەڕاست. لەسەدەی دەیەمدا برایە باکووری ئەفریقا، لەسەدەی دوازدەهەمدا گەیەنرایە ئیسپانیاو لەسەدەی سێزدەهەمدا برایە ئەوروپای باکوور. داهێنانێکیتری چینییەکان، لەسەدەی نۆیەمدا "بارووت" بوو، کەچەند سەدساڵێکی دواتر گەیشتە دەستی عەرەبەکانو لەسەدەی چواردەهەمدا گەیشتە ئەوروپا.

بەرچاوترین تێکهەڵچوونی نێوان شارستانییەکان، ئەو کاتانە بووە کە خەڵکی شارستانییەك بەسەر شارستانییەکی دیکەدا سەرکەوتوونو لەناویان بردوون یان خستوویاننەتە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. ئەم تێکهەڵچوونانە بەزۆری زەبرئاسا بوون، بەڵام کورتخایەن بوونو یەك لەدوای یەك دەرکەوتوون. لەسەرەتای سەدەی حەوتەمی زاییندا، تێکهەڵچوونی شارستانی لە نێوان ئیسلامو ڕۆژئاواو ئیسلامو هیندا دروستبوو کەپتر لایەنی بازرگانی، کولتووریو سەربازییان هەبووە. بۆ نموونە، هیندو چین، کەوتوونەتە بەر پەلامارو دەستدرێژی مەغۆلەکانو هەردوو شارستانییەکە سەردەمانێکی دوورو درێژ تووشی جەنگی ناوخۆیی بوون. یۆنانییەکانیش لەگەڵ یەکترداو بەزۆریش لەگەڵ غەیری یۆنانیو ئێرانییەکاندا جەنگیون.

لەسەدەی هەشتەمو نۆیەمی چەرخی کریستیانیدا، ئەوروپا وەکو شارستانییەکی جیاواز سەریهەڵداو بۆ ماوەی چەند ساڵێك لەدوای



شارستانییەکانی دیکەوە بوو. چین، لەژێر فەرمانڕەوایی خانەدانە جۆربەجۆرەکاندا بوو. جیهانی ئیسلام لەسەدەی هەشتەم تا دوازدەهەمو بیزەنتین لەسەدەی هەشتەمەوە تا یازدەهەم، لەرووی سامان، قەڵەمڕەو، هێزی سەربازی، دەسکەوتی هونەری، ئەدەبیو زانستیەوە لەپێش ئەوروپاوە بوون. کولتووری ئەوروپی لەسەدەی یازدەیەمو سێزدەهەمدا، بەبەهرەمەند بوون لەو توخمانەی کە لەشارستانی ئیسلامیو بیزەنتیەوە بەدەستی هێنابوون، دەستی بەپەرەسەندن کرد.

لەدرێژەی ئەم قۆناغەدا، هەنگاریا، پۆلۆنیا، ئەسکەندەناڤیاو کەنارەکانی بەلتیك ڕوویانکردە مەسیحیەتی ڕۆژئاواییو سنووری ڕۆژهەڵاتی شارستانی ڕۆژئاوایی سەقامگیر بوو. ڕۆژئاواییەکان، لەسەدەی دوازدەیەمو سێزدەهەمدا، بۆ گرتنەوەی ئیسپانیا خەباتیانکردو لە هەرێمی دەریای سپیدا بەشێوەیەکی کاریگەر باڵادەستبوون.

لەکۆتایی سەدەی پانزەهەمدا، نیمچەدورگەی ئیبریا بەسەر "موورە"[٦٠]کاندا سەرکەوتو پورتوگالیەکان وردە-وردە لەئاسیادا کاریگەریان داناو ئیسپانییەکانیش لە ئەمەریکادا نفوزیان پەیداکرد. ماوەی ٢٥٠ ساڵ دواتر، تێکڕای ڕۆژئاوای گۆی زەویو بەشێکی بەرینی ئاسیا لەژێر دەسەڵاتی ئەوروپییەکاندا بوو. لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا بەسەر هەموو ئەفریقا، نیمچە کیشوەری هیندو سەرزەمینەکانیتری ئاسیادا زاڵبوو و لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، تێکڕای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی (جگە لە تورکیا) خستبووە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی خۆیەوە. لەم ماوەیەدا، شارستانییەکانی ئاندەن[٦١] و میزۆئەمەریکەن[٦٢] بەتەواوەتی تەفروتونابوونو شارستانییەکانی هیندۆسو ئیسلامی باڵادەستبوون. چین کەوتە ژێر کاریگەری ڕۆژئاواوە. تەنها شارستانییەکانی رووس،

ئەسیوپیاو ژاپۆن بەهۆی ئیمپراتۆریە ناوەندیەکانیانەوە بەڕێوەدەبران و دەیانتوانی لەبەرامبەر رۆژئاوادا خۆیان ڕابگرن و سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن. لەماوەی چوارسەد ساڵدا، پەیوەندی نێوان شارستانییەکان، پەیوەست بوو بەپاشکۆیەتی کۆمەڵگەکانیان بۆ رۆژئاوا.

یەکەمین هۆکاری سەرکەوتنی رۆژئاوا، داهێنانی ئامێرەکانی دەریاوانی بوو لەئۆقیانۆسەکاندا بۆ گەیشتن بەو خەڵکەی لە ناوچە دوورەکاندا دەژیان و هەروەها بۆ پەرەپێدانی توانستە سەربازییەکان بوو بۆ سەرکەوتن بەسەر خەڵکانی ئەو سەرزەمینانەدا. بەگشتی، "هەڵاتنی رۆژئاوا" دەرئەنجامی بەکارهێنانی هێزو هاوسەنگی سەربازی نێوان ئەوروپییەکان و رکەبەریەکانیان بوو لەوپەڕی دەریاکاندا. سەرکەوتنی رۆژئاواش بریتیبوو لە: رێکخراوی پێشکەوتوو، سیستەم، دیسپلین، پەروەردەکردنی سەربازان، چەکی پێشکەوتوو، گەیاندن و گواستنەوە، پێویستیە لۆجیستیەکان و خزمەتگوزاری پزیشکی پاش شۆڕشی پیشەسازی. رۆژئاوا، بەسەر جیهاندا سەرکەوت، بەڵام بەهۆی باڵادەستبوونی بڕواو بەها یاخود ئایینەوە نەبوو بەڵکو، بەهۆی باڵادەستبوونی لە سەپاندنی توندوتیژی رێکخراوەوە بوو. رۆژئاواییەکان، بەزۆری ئەم ڕاستیانەیان لەبیر دەچێت بەڵام، نارۆژئاواییەکان هەرگیز لەبیریان ناچێت.

لە ١٩١٠دا جیهان، زۆرتر لەهەموو کاتێکی دیکەی مێژوو بیری لەهێزی سیاسی و ئابووری دەکردەوە. بازرگانی و سەرمایەگوزاریە نێونەتەوەییەکان لەکاتەکانیتر پتر بوو و شارستانی بریتی بوو لە شارستانی رۆژئاوایی و یاسا نێونەتەوەییەکانیش، یاسای رۆژئاوایی بوون. سەرهەڵدانی سیستەمی ناونەتەوەیی رۆژئاوایی، دووەمین فراوانبوونی گرنگ بوو لە سیاسەتە جیهانییەکاندا کەبووە هۆی ئەوەی ڕۆژئاوا، فەرمانڕەوایی بکات بەسەر وڵاتە نارۆژئاواییەکاندا. خەڵکی ئەوروپا، کولتوورێکی گشتیان هەبوو



کەبنچینەکەی تۆڕی چالاکی بازرگانی، هاتوچۆو پەیوەندیە خێزانییەکان بوو. ئەوانە هەمیشە لەدژی یەکتر دەجەنگین و ئاشتی لەنێوان وڵاتە ئەوروپیەکاندا، دیاردەکی ئاوارتە بوو.

بۆماوەی ١٥٠ ساڵ سیاسەتە شارستانییەکان، لەژێر کاریگەریە گەورە مەزهەبیەکان و جەنگە تیرەیی و خانەدانییەکاندا بوو. بۆ سەدەونیوێکی دیکە، تێکهەڵچوونەکانی رۆژئاوا لەگەڵ ئیمپراتۆران، پادشایانی سەرەڕۆ و میرە دەستوریەکاندا بوو کە خوازیاری پەرەپێدانی دیموکراسی، زیادکردنی هێزی سەربازی و هێزی ئابووری خۆیان بوون. لە ١٧٩٣دا، شەڕی پادشاکان کۆتاییهات و شەڕە جەماوەریەکان دەستیپێکرد.

لەئەنجامی شۆڕشی ١٩١٧ی رووسیادا، پێکدادانی وڵاتان، بووە تەواوکەری پێکدادانە ئایدیۆلۆژیەکان. سەرەتا لەنێوان فاشیزم، کۆمۆنیزم و دیموکراسی ئازاد رویدا پاشان لەنێوان کۆمۆنیزم و دیموکراسی ئازاددا. لەماوەی شەڕی ساردا، ئەم ئایدیۆلۆژیانە بەشێوەی دوو زلهێز دەرکەوتن و هەرکامیان شوناسی خۆی بە ئایدیۆلۆژیا تایبەتەکەیەوە دەناساند. هێزی مارکسیزم، لەرووسیاو پاشان لەچین و ڤێتنامدا، نیشاندەری گوێزرانەوەبوو لەسیستەمی ناونەتەوەیی ئەوروپیەوە بۆ سیستەمێکی فرە شارستانی. مارکسیزم، بەرهەمی شارستانی ئەوروپابوو, بەڵام نە لەئەوروپاوە هەڵقولاو نە لەوێشدا سەرکەوت. دەستەبژێرە شۆڕشگێڕو مۆدێرنەکان، هەناردەیان کرد بۆ کۆمەڵگە نارۆژئاواییەکان. لینین[٦٣]، ماو[٦٤]، هۆ[٦٥]، ئەم ئایدیۆلۆژیەیان لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانیاندا لە بەربەرەکانێکردنی رۆژئاوادا بەکارهێنا تا گەلەکانیان یەکبخەن و شوناسی نەتەوەییان پەسند بکەن. تێکشکانی ئایدیۆلۆژیا لە یەکێتی سۆڤیەت و پاشان لەچین و ڤێتنامدا بەو واتایە نییە کەئەم کۆمەڵگەیانە، ئایدیۆلۆژیای رۆژئاوایی و دیموکراسی ئازادیان قبوڵکردووە.

## سیستەمی فرە شارستانی

لەسەدەی بیستەمدا، پەیوەندی نێوان شارستانییەکان لەقۆناغی دەسەڵاتی ڕێنمایی نەکراوی شارستانییەك بەسەر شارستانییەکیتردا، ئاراستەی گۆڕی بۆ کاردانەوەی فرەلایەنەی نێوان شارستانییەکان. مێژووناسان دەڵێن، پەرەسەندنی رۆژئاوا کۆتاییهاتووەو یاخیبوون دژی رۆژئاوا دەستیپێکردووە.

نەخشەی جیهان لەنەوەدەکاندا, وێکچوونێکی کەمی لەگەڵ نەخشەی بیستەکاندا هەبوو. رۆژئاوا، کاریگەریەکەی لەسەر شارستانییەکانیتر درێژە پێدەدات، بەڵام شێوەی پەیوەندی نێوان رۆژئاواو شارستانییەکانیتر، بۆتە هۆی پەرچەکرداریان بەرامبەر بەرۆژئاوا. کۆمەڵگە نارۆژئاواییەکان لەبری ئەوەی ئامانجی دروستکراوی مێژوویی رۆژئاوابن، بوونەتە دروستکەری مێژووی خۆیان و مێژووی رۆژئاواش.

بەو وەرگۆڕانانەی لەسیاسەتە نێونەتەوەییەکاندا پێکهات، رۆژئاوابووە کۆمەڵگەیەکی فرەشارستانی" لەئاخروئۆخری سەدەی بیستەمدا، رۆژئاوا لەدۆخی ولاّتێکی وشیارکەرەوە دەرچوو و بەرەو ولاّتێکی جیهانی ڕۆیشتو ولاّتە رۆژئاواییەکانی بەدوو ولاّتی "نیوە جیهانی" لە ئەورووپاو باکووری ئەمەریکادا پێناساند. ئەم دوو بوونە لەگەڵ یەکەکانیادا، بەهۆی تۆڕێکی ئاڵۆزەوە، دەزگا ڕەسمیو نارەسمیەکانیان پێکەوە پەیوەستکرد. لەبەرئەوەی دیموکراسی ئازاد، شێوەی سیاسی شارستانی رۆژئاوایە، سەرهەڵدانی ولاّتە جیهانییەکان لەشارستانی رۆژئاواییەوە "ئیمپراتۆری" نییە، بەڵکو تێکەڵەیەکە لەفیدراسیۆنەکان، کۆنفیدراسیۆنەکانو رێکخراوە نێونەوتەوەییەکان.



ئایدیۆلۆژیا سیاسییە گەورەکانی سەدەی بیستەم، لیبرالیزم، سۆشیالزم، ئەنارشیزم، مارکسیزم، کۆمۆنیزم، دیموکراسی کۆمەلأیەتی، فاشیزمو دیموکراسی مەسیحیو هتد، ئەمانە هەموویان یەك ڕوخساری هاوبەشیان هەیە. تێکڕا دروستکراوی شارستانی رۆژئاوان. هیچ شارستانییەکیتر، ئایدیۆلۆژیایەکی زەقی نەخوڵقاندووەو رۆژئاوا، هەرگیز ئایینێکی گەورەی نەبووە. زۆربەی ئایینە گەورەکانی جیهان، تێکڕا لە شارستانییە نارۆژئاواییەکانەوە هەڵقولاّونو بەزۆری لەپێشەوەی شارستانی رۆژئاوا بوون. هەر بەو جۆرەی کەجیهان لەقۆناغی رۆژئاوایی بوون دەچێتە دەرەوە، ئایدیۆلۆژیاکان کە نیشانەی شارستانی رۆژئاوابوون، بەرەو ونبوون دەڕۆنو ئایینی دیکەو شوناسە کولتووریەکانیتر جێیاندەگرنەوە. جودایی رۆژئاوا لەئایینو سیاسەتە نێونەتەوەییەکان کۆتایی دێتو ئایین، رۆژ بەرۆژ زیاتر جێی پەیوەندیە نێونەتەوەییەکان دەگرێتەوە.

جۆگرافیای سیاسی جیهان لە ١٩٢٠دا لەجیهانێکەوە بووە سێ جیهانو لە ١٩٦٠و١٩٩٠ بووە شەش جیهان. ئیمپراتۆریای جیهانی رۆژئاوا، لە ١٩٢٠ەوە هێدی هێدی بچووکتر بۆوەو لە ١٩٦٠دا بووە ئایدیۆلۆژی جیهانی ئازاد(٦٦) و پاشان سنووردار بۆوە بۆ وشەی "رۆژئاوا".

سیستەمێکی نێونەتەوەیی، ئەوکاتە دێتەدی کە چەند ولاّتێك لە نێوان خۆیاندا پەیوەندی پێویست دروستبکەنو کاریگەری پێویستیان لەسەر بڕیاری یەکتر هەبێت. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ولاّتان خۆیان بەبەشێك لەقەوارەیەکی گشتی بزانن. سیستەمێکی نێونەتەوەیی، ئەوکاتە دەرەتانی بۆ دەرەخسێت کە ولاّتە پەیرەوەکانی، پەیوەندیو بەهای هاوبەشیان هەبێت، پەیڕەوی یاسای هاوبەش بنو کولتوور یان شارستانییەکی هاوبەشیان هەبێت وەکو سۆمەریەکان، یۆنانییەکان، چینییەکان، هیندیەکانو پێشینیانی ئیسلام. لەسەدەی نۆزدەیەمو بیستەمدا،

سیستەمی ناونەتەوەیی ئەوروپا پەرەیسەند تا کۆمەڵگەی شارستانییەکانیتر بگرێتەوە. لەوانەیە جیهان کۆمەڵگەیەکی نێونەتەوەیی پەرەسەندوو بێت، بەڵام هێشتا کۆمەڵگەیەکی زۆر سەرەتاییە.

هەموو شارستانییەك، خۆی بەناوەندی جیهان دەزانێت و مێژووی خۆی وەکو سەربوردەی بەجۆشوخرۆشی مێژووی مرۆڤایەتی دەنوسێت. ڕەنگە ئەم تایبەتمەندییە پتر بۆ ڕۆژئاوا ڕاستی لەخۆبگرێت تا ئەوانیتر. هەروەها ڕوانگەیەکی تاك شارستانیانە لەجیهانی فرەشارستانیدا گەلێك کەموکورتی هەیە. مێژووی باوی ڕۆژئاوا بە دابەشکردنی ڕێکوپێکی بۆ سەردەمی دێرین، سەردەمی ناوەڕاست و مۆدێرن، تەنیا لەلای ڕۆژئاوا ناسراوەو لەلایەن مێژوونوسانەوە رەخنەی لێگیراوە. زانایان لەو بڕوایەدان، دەبێت ئەم تێڕوانینە بەتلیمۆسیە[٦٧] (پتۆلەمایك) بگۆڕدرێت بۆ تێڕوانینی "کۆپەرنیکی"[٦٨]. ئەو بۆچوونەی دەڵێ گوایە تەنیا یەك ڕووباری شارستانی هەیەو ڕووباری ئێمە سەرەکیەو شارستانییەکانیتر ڕووباری لاوەکین یاخود لەناو لمی بیاباندا ونبوون، بۆچوونێکی کورتبینانەیەو زاناکان هۆشداری ئەمەیان داوە.

# بەشی سێیەم

## شارستانی جیهانی چیە؟
## مۆدێرنخوازیو رۆژئاواخوازی

گەلێك لەتوێژەرەوەکان دەڵێن ئەم چەرخە شایەتی بەدیهاتنی "شارستانییەکی جیهانی" دەبێت. مانای ئەم واژەیە چیە؟ ئەم تیۆریە، لەوانەیە پەیوەندی بە هاوپەیوەستبوونی کولتووری مرۆڤایەتیو قبوڵکردنی ڕۆژ بەڕۆژ زیاتری بەها هاوبەشەکان، بڕواکان، شێوازو دەزگا جەماوەریەکانی سەرانسەری جیهانەوە بێت بەڵام دەبێ بزانین کە:

- مرۆڤەکان لەتێکڕای کۆمەڵگەکاندا، بەها ڕیشەییەکانیان هاوبەشەو هەستێکی ئەخلاقی هاوشێوەیان هەیە. چی ڕاستەو چی هەڵەیە. ئەگەر مەبەست لە شارستانی جیهانی ئەمە بێت، ئەوا بابەتەکە گەلێك گرنگو قووڵترە. بەدرێژایی مێژوو، خەڵك بەهای ڕیشەیی هاوبەشیان هەبووە. ئەمە ڕەنگە، هەندێك لە رەفتارە جێگیرە مرۆییەکان روونبکاتەوە، بەڵام ناتوانێت پاساوی مێژوو بداتەوە. چونکە، رەفتارە مرۆییەکان بەردەوام لەگۆڕاندان. جگە لەوە، ئەگەر شارستانییەکی هاوبەشو جیهانی لەئارادابێت، ئەوکاتە دەبێ چی وشەیەك بەکاربێنین تاوەکو بەهۆی شارستانیو کولتوورە سەرەکیەکانەوە شوناسی خۆمان پێناسەبکەین کە نەژادی مرۆیی کەم نەبێت؟ ئەگەر واژەی شارستانی وەکو گشتێکی هاوبەش سنووردار بکەینەوە بۆ تێکڕای مرۆڤایەتی، ئەوکاتە ناچاردەبین واژەیەکی نوێ دابێنین تابتوانین بەهۆیەوە گروپە کولتووریەکان ببەڵگێنین.



- وشەی شارستانی جیهانی، لەوانەیە بەو گریمانەو بەهاو بڕوایانە بگوترێت کە لەم سەردەمەدا لە شارستانی ڕۆژئاواو گەلێك شارستانیتردا هەیەو ناوی لێنراوە "کولتووری داڤۆس"[٦٩] کە گرنگیەکی بەرچاوی هەیە. بەڵام، چەند لەخەڵکی جیهان لەم کولتوورەدا بەشدارن؟ لەدەرەوەی رۆژئاوادا، لەوانەیە سەدیەکی سەرجەم دانیشتوانی جیهان، کولتووری داڤۆسیان قبولْ کردبێت. بەڵام ئەم کولتوورە زۆر لە کولتووری جیهانی دوورەو ئەوانەشی کە ئەم کولتوورەیان قبولْ کردووە، لەکۆمەڵگەکانیاندا دەسەڵاتیان بەدەستەوە نییە.
- دەڵێن، پەرەسەندنی مۆدێلە رۆژئاواییە "جەماوەرپەسندەکان" لەدنیادا، خەریکە شارستانییەکی جیهانی پێکدەهێنێ. ئەم لێکدانەوەیە نە لۆژیکیانەیەو نەپەیوەندیشی بەباسەکەوە هەیە. شەپۆلو "تا" کولتووریەکان بەدرێژایی مێژوو، لەشارستانییەکەوە گواستراونەتەوە بۆ شارستانییەکیتر. داهێنانو تازەگەری شارستانییەك، لەشارستانییەکیتر وەردەگیرێت. ئەمانە، تەنیا کەمبوونی تەکنیکە، یان هەندێك شەپۆلن کە دێنو دەڕۆن، بێئەوەی هیچ گۆڕانێك لە شارستانییە "وەرگر"ەکاندا دروستبکەنو هۆی ئەم هاوردەکردنە لە کولتوورە وەرگرەکاندا ئەمەیە کە جوانو سەرنجڕاکێشن، یان ئەوەتا دەسەپێنرێن. لەسەدەکانی پێشوودا، جیهانی رۆژئاوا ناو بەناو کەڵکی لەکولتووری چینو هیند وەرگرتووە. لەسەدەی نۆزدەهەمدا، "هاوردە"ی رۆژئاوا سەرنجی هیندیو چینییەکانی ڕاکێشا، چونکە نیشاندەری هێزی رۆژئاوا بوون. جا لێرەدا مەبەست ئەمەیە ئایا بڵاوبونەوەی کالاْ بەرخۆریەکانی رۆژئاوا لەسەرانسەری جیهاندا، نیشاندەری سەرکەوتنی کولتووری رسوای رۆژئاوایە؟ ڕاستیەکەی ئەمەیە

ڕەنگە وڵاتە نارۆژئاواییەکان بەرەو هاوردەکانی ڕۆژئاوا بڕۆن، بەڵام هیچ کاریگەرییەکی لەسەر کولتوورەکانیان نییە. لە درێژەی ساڵەکانی ١٩٧٠و ١٩٨٠دا، ئەمەریکیەکان بە ملیۆنان ماشین، تەلەفزیۆن، کامێراو ئامرازی ئەلەکترۆنی ژاپۆنیان بەکارهێنا، بێئەوەی ببنە ژاپۆنی. ئەوە بیرکردنەوەیەکی ساویلکەیە، ئەگەر ڕۆژئاواییەکان وابزانن نارۆژئاواییەکان بەکەڵك وەرگرتن لە کاڵا ڕۆژئاواییەکان دەبنە ڕۆژئاوایی. ئەمریکیەکان کۆنترۆڵێکی فراوانیان لەسەر ئامرازی پەیوەندی گشتی فیلمە سینەماییەکان و تەلەفزیۆن و ڤیدیۆ هەیە. لە ١٩٩٣دا، لەناو ١٠٠ فیلمی بەرهەمهێنراودا، ٨٨یان هی ئەمەریکا بوون یاخود هی ئەمەریکاو کۆمپانیا ئەوروپیەکان بوون. ئەمە نیشانەی سەرنجدان و بایەخدانی مرۆڤە بە ئەڤین، سێکس، توندوتیژی، دلێری، قارەمانی و سامان.

هەنووکە گرنگترین هێزی ڕۆژئاوا، پەیوەندیە جیهانییەکانە کە بۆتە هۆی باڵادەستی ڕۆژئاوا. دوو تۆڕی زانیاری و پەیوەندی ئەمەریکاو ئەوروپا، لەکۆکردنەوەی هەواڵ و زانیاریە جیهانییەکاندا باڵادەستدەکات. لە ١٩٩٤دا، دەزگای CNN[٧٠] (تۆڕی هەواڵنێری ئەمەریکا) نزیکەی ٥٥ملیۆن بینەری هەبووە. بەڕێوەبەرێتی کەناڵی CNN وا پێشبینیدەکات کە کەناڵە ئەوروپیەکان لە ٢تا ٤ لە سەدی ئەم بازاڕە بگرنەدەست. لەم ڕووەوە، کەناڵە هەرێمیەکانیش دەستیانکردووە بەپەخشی بەرنامە بەزمانی ئیسپانی، ژاپۆنی، عەرەبی، فەرەنسی و زمانەکانیتر.



## زمان و ئایین

توخمی سەرەکی کولتووروو شارستانی، زمان و ئایینە. ئەگەر شارستانییەکی جیهانی سەرهەڵبدات، ئەوکات دەبێت ویستی هەبوونی زمانێکی‌جیهانی و ئایینێکی جیهانیش لە ئارادابێت. ئەم لافە، پتر بایەخی بە زمانی ئینگلیزی داوە. سەرنووسەری "واڵ ستریت ژورناڵ" (wall street journal)[٧١] دەڵێت: ئینگلیزی زمانێکی جیهانییە. ڕەنگە ئەمە بەو واتایە بێ کە ژمارەیەکی بەرچاوی دانیشوانی جیهان، بەزمانی ئینگلیزی قسە دەکەن. بەڵام، بۆ پشتڕاستکردنی ئەم گریمانەیە، هیچ بەڵگەیەك لەبەردەستدا نییە. ئەو زانیاریانەی کە پتر لە سی ساڵە لەبەر دەستدان، سەلماندوویانە کە مۆدێلی گشتی زمان لەجیهاندا نەگۆڕاوەو لە ڕاستیدا ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە جیهاندا بەزمانی ئینگلیزی قسەدەکەن لەبەراوردکردن لەتەك زمانەکانیتردا: فەرەنسی، ئەڵمانی، ڕووسی و ژاپۆنی، لەنێوان ساڵەکانی ١٩٨٥و ١٩٩٢دا لە ٩,٨٪ لەسەد دابەزیووە بۆ ٧,٦٪ لەسەد. زمانە سەرەکی و بەکارهێنراوەکانی خەڵکی جیهان بریتین لە، ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی، پۆرتوگالی و ئیسپانی کە لە سەدا ٢٤٪ لە ١٩٥٨دا، دابەزیووە بۆ سەدا ٢٠٪ لەساڵی ١٩٩٢دا. کەوابێت ئەو زمانەی کە بۆ زۆرینەی خەڵکی جیهان زمانێکی نەناسراوە، ناتوانێت زمانێکی جیهانی بێت. لەلایەکیترەوە دەکرێت بگوترێت ئینگلیزی ئەو زمانەیە کە خەڵکی لە کۆمەڵگە جۆربەجۆرەکانی جیهاندا بۆ پەیوەندیەکانی خۆیان کەڵکی لێوەردەگرن.

دیپلۆماتەکان، بازرگانان، زانایان، گەشتیاران، ڕێکخراوە خزمەتگوزاریەکان، فرۆکەوانان، لێپرسراوانی کۆنترۆڵکردنی ترافیکی ئاسمانی و هتد، پێویستیان بە ئامرازێکی لەبارە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ

یەکتردا. ئەم ئامرازە، ئێستاکە بەشێوەیەکی بەرین زمانی ئینگلیزیە. بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزیش ئامرازێکە بۆ پەیوەندی نێوان کولتوورەکان. بەڵام سەرچاوەی شوناس نییە. ئەوکاتەی، بانکدارێکی ژاپۆنیو بازرگانێکی ئەندەنۆزیایی پێکەوە بەزمانی ئینگلیزی قسە دەکەن، بەو مانایە نییە کە بوونەتە رۆژئاوایی یان شەیدای زمانی ئینگلیزی بوون. ئەمە سەبارەت بەخەڵکی فەرەنسی زمانو ئەڵمانی زمانی سویسرایش ڕاستە کە لەکاتی پێویستدا، بەئینگلیزی قسە دەکەن. پاراستنی زمانی ئینگلیزی وەك زمانێکی وابەستە لە هیندستاندا (سەرەڕای هەوڵدانی نەهرۆ)[٧٢] نیشاندەری ویستی خەڵکی غەیری هیندی زمانە کە خوازیاری پاراستنی زمانە کولتووریەکانی خۆیانن تا هیندستان وەکو کۆمەڵگەیەکی فرەزمان بمێنێتەوە. زانینی زمانی ئینگلیزی وەکو زمانی دووەم، لە بەرقەرارکردنی پەیوەندی نێوان کولتوورەکاندا زۆر کاریگەر بووەو تەنانەت ئەو خەڵکانەی لەسەرانسەری جیهاندا بەزمانی ئینگلیزی قسە دەکەن، ئینگلیزیەکەیان جیاوازەو لەهجەی هەرێمی تێدایە کە لە ئینگلیزی خەڵکی ئینگلتەرەو ئینگلیزی ئەمریکیەکان جیاوازە. بەدرێژایی مێژوو، دابەشکردنی زمانەکانی جیهانیش نیشاندەری هێزی جیهان بووە. باوترین زمانەکان: ئینگلیزی، مەندارینی، ئیسپانی، فەرەنسی، عەرەبیو رووسین کە تێکڕا زمانی وڵاتە ئیمپراتۆریەکان بوونو لە شوێنەکانیتردا پەرەیانسەندووە.

ماوەی دوو سەدە لە کۆڵۆنییەکانی ئەمەریکاو ئینگلتەرەدا، زمانی ئینگلیزی زمانی خوێندنی باڵا، بازرگانیو تەکنەلۆژیابووە. ئینگلتەرەو فەرەنسا گەلێکیان هەوڵدا زمانی ئیمپراتۆریەکەیان لە کۆڵۆنییەکانی پێشوویاندا جێی زمانە هەرێمیەکان بگرێتەوە. لەکاتی بووژانەوەی یەکێتی



سۆڤیەتدا، زمانی رووسی، لینگۆ فرانکایەك[٧٣] (زمانی باو) بوو لە "پراگ"[٧٤]ەوە تا "هانۆی"[٧٥].

ئەوکاتەی دیواری بەرلین ڕوخێنرا، ئەو ئەڵمانیانەی زمانی ئینگلیزیان دەزانی، لەدیدارە نێونەتەوەییەکاندا، گەلێکیان هەوڵدەدا تا بەزمانی ئەڵمانی قسە بکەن. هێزی ئابووری ژاپۆنیش، ناژاپۆنییەکانی هاندا تا فێری ژاپۆنی بنو پەرەسەندنی ئابووری چین، زمانی چینی لە "هۆنگ-کۆنگدا" پەرەپێداوە. بەو جۆرەی هێزی رۆژئاوا لەبەرامبەر شارستانییەکانیتردا بەرە-بەرە بەرەو کزی دەڕوات، بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزیو زمانە رۆژئاواییەکانیتریش لە کۆمەڵگەکانیتردا بەرە-بەرە کەمدەبێتەوە. ئەگەر بێتو لەئایندەی دووردا، چین ببێتە شارستانی باڵادەستی جیهان، ئەوا ئەوکاتە زمانی "مەندارین" دەبێتە زمانی باو.

لەکاتێکدا کۆڵۆنییەکانی پێشوو بەرەو سەربەخۆیی دەڕۆن، زمانە بوومیەکان برەودەستێنن. سەرکوتکردنی زمانی ئیمپراتۆریەکان ڕیگەیەك بوو بۆ نەتەوەخوازەکان تا خۆیان لە کۆلۆنییە رۆژئاواییەکان جیابکەنەوەو شوناسی خۆیان پێناسە بکەن. بەڵام، دوابەدوای سەربەخۆیی پێویست بوو تا دەستەبژێرەکانیان خۆیان لەخەڵکی ئاسایی جودابکەنەوەو شارەزایی لە زمانی ئینگلیزی، فەرەنسی یان زمانەکانیتری رۆژئاوا، ئەم باڵادەستیەی بەدیدەهێنا. لەئەنجامدا، دەستەبژێری کۆمەڵگە نارۆژئاواییەکان، باشتر دەیانتوانی لەنێوان خۆیانو رۆژئاواییەکاندا پەیوەندی دروستبکەن تا لەگەڵ خەڵکی کۆمەڵگەی خۆیان. (ئەم دۆخە هاوشێوەی رۆژئاوایە لەسەدەی هەڤدەیەمو هەژدەیەمدا کە نەجیبزادەی وڵاتە جۆربەجۆرەکان، بەئاسانی پێکەوە بەفەرەنسی قسەیان دەکرد، بەڵام نەیاندەتوانی بەئاسانی بە زمانە باوەکەیان بدوێن). لە وڵاتە نارۆژئاواییەکاندا، دوو مەیلی جیاواز لەئارادان. لەلایەك، زمانی ئینگلیزی بە شێوەیەکی بەرین لە زانکۆکاندا

کەڵکی لێوەردەگیرێت تا خوێندکاران ئامادەبکرێن بۆ وەرگرتنی بڕوانامەو بۆ بەدەست هێنانی کاری گرنگ لەڕکەبەریە جیهانییەکاندا. لەولاشەوە فشارە کۆمەڵایەتیو سیاسیەکان، پاڵ بەخەڵکەوە دەنێت تا زمانە بوومیەکان بەکاربێنن. لەپاکستاندا زمانی ئۆردوو، بۆتە تەواوکەری زمانی ئینگلیزیو زمانی بوومیەکانی هیندستان، جێی ڕاگەیاندنی ئینگلیزیان گرتۆتەوە. لە ١٩٤٨دا باسی ئەوەدەکرا کە بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی، خەڵکی هیندستان دەکاتە دوو گروپەوە. ئەو ژمارە کەمەی کە حوکم دەکەنو ژمارەیەکی زۆر کە حوکم دەکرێنو ناتوانن پێکەوە بدوێن. چل ساڵی دواتر، بەردەوامبوونی زمانی ئینگلیزی وەکو زمانی دەستەبژێرەکان، لەهیندستاندا ڕەوشێکی نائاسایی پێکهێناو هیندستانی ئینگلیزی زمانی لە هیندستانی تێگەیشتوو جیاکردەوەو بووەهۆی گرژیەکی زۆر لە نێوان کەمینەکانو ئەو کەسانەی کە لە سەرەوەی وڵات بە ئینگلیزی قسەیان دەکرد. بە ملیۆنان کەس لەوانەی کە زمانی ئینگلیزیان نەدەزانی، زۆرینەی دەنگدەرانیان پێکدەهێنا.

شەڕی سارد، سەرلەنوێ ئەو زمانانەی زیندووکردەوە کە پێشتر داپڵۆسێنرابوون یاخود فەرامۆشکرابوون. لەکۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوودا، هەوڵێکی زۆر دەدرا بۆ زیندوو کردنەوەی زمانە ناوچەییەکان: ئەستۆنیایی[٧٦]، لەتڤیایی[٧٧]، ئۆکرانیایی[٧٨]، و گورجی[٧٩]و ئەرمەنی[٨٠] کە ئێستاکە زمانی نەتەوەیی وڵاتە سەربەخۆبووەکانن. لەکۆمارە موسڵمانەکانیشدا وەها هەوڵدانێك دەبینرێت ئازەربایجان، قرقیزستان، تورکمانستانو ئۆزبەکستان، زمانە ئایینیو نەتەوەییەکانی خۆیان هەڵبژارد. بەڵام تاجیکستانی فارسیزمان زمانی عەرەبی هەڵبژارد. سربەکان، ئەمێستا لەباتی "سرب-کرواتەکان" تەنها سربی بەزمانی خۆیان دەزانن و کرواتەکانیش زمانەکەیان ناوناوە "کروات"و هەوڵدەدەن لە وشە



تورکیو بیانییەکان پاکیبکەنەوە. پاشماوەی زمانی تورکیو عەرەبی کە لەسەردەمی ئیمپراتۆری عوسمانییەوە نزیکەی ٤٥٠ ساڵ لە ناوچەی بەڵکاندا باوبوون، ئێستا لە بۆسنیا برەویانسەندووە. زمانەکان، سەرلەنوێ ساغدەکرێنەوە تا لەگەڵ شوناسو شارستانییەکاندا بگونجێن.

لێکۆڵینەوەکان دەیسەلمێنن، زۆربەی دەمارگیری ئایینی جیهان هی دوو ئایینی سەرەکی ئیسلامو کریستیانییەو ماوەی ٨٠ ساڵ درێژەیان هەبووە. لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا، ئیسلامو کریستیانی بەشێوەیەکی بەرچاو ئایینەکانیان لە ئەفریقادا پەرەپێداوە. لەکۆریای باشوور، ئاراستەی ئایین بەرەو کریستیانی گۆڕاوە. لەو کۆمەڵگانەی کە بەخێرایی بەرەو مۆدێرنیزم دەڕۆن، ئەگەر ئایینە نەریتیەکان خۆیان لەگەڵ هەلومەرجی مۆدێرنیزمدا نەگونجێنن، ئەوا ئایینی ئیسلامو کریستیانی پەرەدەگرن. کریستیانی بە دانوستان پەرە دەگرێت، بەڵام ئیسلام بەهۆی دانوستانو ژمارەی دانیشتوانەوە. شیمانە کراوە لە ساڵی ٢٠٢٥دا، دانیشتوانی کریستیانی جیهان، سەدی٢٥و دانیشتوانی موسڵمان سەدی ٣٠ زیاد دەبن. ژیانەوەی دینو "گەڕانەوە بەرەو پیرۆزیەکان" وەڵامی ئەو خەڵکانەیە کە تێگەیشتنیان لە جیهان، لەیەك شوێنی تاقانەوە دێت.

## شارستانی جیهانی

شارستانی جیهانی، دروستکراوێکی دیاری رۆژئاوایە. لەکۆتایی سەدەی بیستەمدا، چەمکی شارستانی جیهانی، بالادەستی کولتووری رۆژئاوابووە بەسەر کۆمەڵگەکانیتردا. ئەو تێڕوانینەی دەڵێ جۆرە شارستانییەکی جیهانی خەریکە سەرهەڵدەدات، بەگوێرەی بۆچوونەکانی خوارەوەیە:

- واپێدەچوو، ڕووخانی کۆمۆنیزم لەیەکێتی سۆڤیەتدا، بەواتای سەرکەوتنی دیموکراسی ئازاد بێت لەسەرتاسەری جیهاندا. ئەم بۆچوونە، گریمانەیەکی هەڵەیە کە ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ جەنگی ساردو هەروەها پێدەچوو تاکە چارەسەر لەبەرامبەر کۆمۆنیزمدا دیموکراسی ئازاد بێت. سەرەڕای ئەمەش، ئۆتۆنۆمی هەمەجۆر، نەتەوەخوازیو کۆمۆنیزمی بازاڕ (چین) لەئارادان کە لە جیهانی ئەمڕۆدا درێژەیان هەیە. وێڕای ئەمە، لەدەرەوەی ئایدیۆلۆژیاکان، ئایینی جۆراوجۆر هەن. لەجیهانی مۆدێرندا، ئایین هێزێکی سەرەکییە کە خەڵك دەوروژێنیو سەفەربەریان (بەسیج)یان دەکات. کەوابێت، زۆر ناڕاست دەبێت، ئەگەر وابزانین کە بەڕووخانی کۆمۆنیزم، ڕۆژئاوا بۆتە خاوەنی هەموو جیهان. دەستەبەندیەکانی جەنگی سارد کۆتاییان پێهاتووەو پۆلێنبەندی بنەڕەتی بەگوێرەی نەتەوە، ئایینو شارستانی پێکدێت.
- زیادبوونی کاروکاردانەوەی نێوان خەڵك، بازرگانی، سەرمایەگوزاری، تووریزم، ڕاگەیاندنو پەیوەندیەکان بۆ پێکهێنانی کولتوورێکی هاوبەشی جیهانی، تەنیا بۆچوونێکەو بەس. بەڵام پەیوەندی مۆدێرنو پەرەسەندنی پیشەسازیو گواستنەوە، گواستنەوەی دراو، کالاّ، زانستو بڕواکانی لەسەرانسەری جیهاندا ئاسانترو هەرزانتر کردووە.
- بازرگانیش کاریگەری بەرامبەری لەناو خەڵکدا پەرەپێداوە, بەڵام سەبارەت بە کاریگەری زیادبوونی بازرگانی نێونەتەوەیی دڕدۆنگیەکی زۆر لەئارادایە. ئایا زیادبوون یان کەمبوونەوەی بازرگانی، دەبێتە هۆی پێکدادان؟ لە ١٩١٣داو پاشان لەساڵەکانی ١٩٦٠و١٩٧٠دا، بازرگانی جیهانی لە لووتکەدا بوو. بەڵام لەساڵەکانی دواتردا، گەلان دەستیانکرد بە کوشتوبڕی یەکتر. ئەگەر بازرگانی لەو ئاستە بەرزەدا پێشی شەڕی پێنەگیرێت، کەواتە چی پێدەکرێت؟ بەڵگەی وا لەبەردەستدا نین کە



بیسەلمێنن بازرگانی ئازادو ناونەتەوەیی برەو بەئاشتی دەدات. توێژینەوەی نەوەدەکان، ئەم گریمانەیەشیان بردە ژێر پرسیارەوە. توێژینەوەیەکیتر نیشانیدا کە بەرز بووەنەوەی ئاستی بازرگانی دەتوانێت بۆ سیاسەتە جیهانییەکان هێزێکی لێکجیاکەرەوە بێت. پێناچێت پەرەگرتنی بازرگانی لە سیستەمە نێونەتەوەییەکاندا بە تەنهایی بتوانێت نائارامیەکان بخەوێنێت یان جێگیری نێونەتەوەیی پەرەپێبدات. لێکدانەوەیەکیتر دەیسەلمێنێت ئابووریە وابەستەکان لە ئاستێکی بالاّدا، دەتوانن ببنەهۆی ئاشتی یان جەنگ کە ئەمەش بەندە بە چاوەڕوانییەکانی بازرگانی لە ئایندەدا.

سەرکەوتنی بازرگانیو پەیوەندیەکان لەپێکهاتنی ئاشتیو هەستی هاوبەشدا، بەندە بە دەرئەنجامی توێژینەوەی زانستە کۆمەڵایەتیەکانەوە. لە دەروونناسی کۆمەڵایەتیدا بەپێی تیۆری جیاوازی، زۆرینەی خەڵك شوناسی خۆیان بەوە پێناسە دەکەن کە نین. هەر بەو جۆرەی کە پەیوەندی، بازرگانیو کۆچ پەرەدەگرن، مرۆڤ بایەخێکی پتر دەداتە شوناسی شارستانییەکانی خۆی.

### ڕۆژئاواو مۆدێرنیزم

یەکێك لە گفتوگۆ گشتیەکان بۆ سەرهەڵدانی شارستانییەکی جیهانی، پرۆسەی بەرینی مۆدێرنیزم بووە لەسەدەی هەژدەیەمدا. مۆدێرنیزم بریتیە لە پیشەسازی، شارنشینی، خوێندەواری، خوێندنی بالاّ، سامان، سەفەربەری کۆمەڵایەتیو لەمانە زیاتر، بنیاتی جۆراوجۆری پیشەو فرمان، کەلە ئەنجامی پەرەگرتنی گەورەی زانستیو ئەندازیاری لەسەدەی نۆزدەهەمدا، دەستیپێکردو دەرەتانی دایە مرۆڤ تا بەشێوەیەکی کەموێنە دەست بەسەر ژینگەکەیدابگرێتو پێکەوەی بنێت.

لەنێوان کولتووره نەریتیو مۆدێرنەکاندا جیاوازی ئاشکرا هەن کە لەدەرەوەی لێکدانەوەکانی ئەم کتێبەدایە, بەڵام بەو مانایە نییە کە کۆمەڵگەی خاوەن کولتووری مۆدێرن پتر لێکدەچن تا ئەو کۆمەڵگەیانەی کە کولتووری نەریتیان هەیە. کۆمەڵگە مۆدێرنەکان، لەوانەیە کولتووری هاوبەش پێکنەهێنن، بەڵام دەبنەهۆی گوێزانەوەی تەکنیك، داهێنانو بازرگانی لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکیتر کە ئەمەش لەکۆمەڵگە نەریتیەکاندا نارەخسێت.

ئەو بۆچوونەی دەڵێت "دەبێت کۆمەڵگەی مۆدێرن لەگەڵ مۆدێلێکی تاکدا خزمایەتی هەبیٚو ئەو خوێشایەتیەش، مۆدێلی رۆژئاوایە"، ئەمە بەو واتایەیە کە "شارستانی مۆدێرن، شارستانی رۆژئاوایەو شارستانی رۆژئاواییش مۆدێرنە". ئەم بۆچوونە، ڕاست نییە. شارستانی رۆژئاوا، لەسەدەکانی هەژدەیەمو نۆزدەیەمدا، پەرەیگرتو لەسەدەکانی دواتردا، تایبەتمەندی جیاوازیی بۆ خۆی پێکهێناو تا سەدەی هەژدەیەم دەستی بەمۆدێرنبوون نەکرد. رۆژئاوا، بەرلەوەی مۆدێرن بێت، رۆژئاوابوو. ئەو تایبەتمەندیو فاکتۆرانەی کە شارستانی رۆژئاوایان پێکهێناوە بەمجۆرەیەی خوارەوە کورتدەکرێنەوە:

## میراتی کلاسیك

وەك وەچەی سێیەمی شارستانییەکان، رۆژئاوا میراتبەری گەلێك لە شارستانییەکانی پێشووی بووە کە گرنگترینیان، شارستانی کلاسیکە. ئەو میراتانەی رۆژئاوا لەشارستانی کلاسیك بەریکەوتوون زۆربوون. بەتایبەت دەکرێت فەلسەفەو لۆژیکی یۆنان، یاساکانی ڕۆم، زمانی لاتینو مەسیحیەت باسبکرێن. شارستانی ئیسلامو ئۆرسۆدۆکسیش میراتێکی زۆریان لەشارستانی کلاسیك وەرگرتووە، بەڵام بەقەدەر ئەو میراتەی رۆژئاوا نابێت.



## کاسۆلیکخوازیو پروتستانخوازی

کریستانێتی رۆژئاوایی، سەرەتا دابەشبووە سەر کاسۆلیكو پاشان "کاسۆلیك-پرۆتستان". ئەوەی ئەمڕۆکە بە شارستانی رۆژئاوایی ناسراوە بەدرێژایی هەزارەی یەکەم، "جیهانی مەسیحیەتی رۆژئاوایی"[٨١]بووە کە شارستانییەکی پێشکەوتووی مەسیحی دەگرتەوەو لە تورکەکان، موورەکان، بیزەنتیەکانو ئەوانیتری جیادەکردەوە. بنیاتنانەوەو دابەشکاری ئوممەتی مەسیحی بە پرۆتستانی باکوورو کاسولیکی باشوور لەتایبەتمەندیە دیارەکانی مێژووی رۆژئاوایە کە لە ئورسودوکسی رۆژهەڵاتیدا نابینرێت.

## زمانە ئەوروپییەکان

دوای ئایین، زمان دووەمین خاڵی جیاوازی نێوان خەڵکی کولتوورێك لە کولتوورێکی دیکەیە. رۆژئاوا، بەهۆی زمانە جۆربەجۆرەکانییەوە لە شارستانییەکانیتر جیاکراوەتەوە: زمانی ژاپۆنی، هیندی، مەندارین، رووسیو عەرەبی وەك زمانی باوی شارستانی ناسراون. رۆژئاوا میراتی زمانی لاتینی بەرکەوت, بەڵام بەهاتنی میللەتانی جۆراوجۆر بۆ رۆژئاوا، زمانە نەتەوەییەکان پۆلێنبەندیکرانە سەر: زمانەکانی "ڕۆمانسو جەرمانیك"[٨٢].

## دابڕان لە مەعنەویاتو دەسەڵاتی دنیایی

لە درێژەی مێژووی رۆژئاوادا، سەرەتا کڵێسەو پاشان گەلێك کڵێسەیتری جیا لە دەسەڵات لە ئارادا بوون. جیایی کڵێسەو دەسەڵات بۆتەهۆی دوو فاقەیی بوون لە کولتووری رۆژئاوادا. ئەم جیاییو پێکدادانەی نێوان

کڵێسەو دەوڵەت، لە تایبەتمەندیەکانی شارستانی رۆژئاوایەو جیایی ئەم دوو هێزە لەیەکتر، بۆتەهۆی پەرەسەندنی ئازادی لە رۆژئاوادا.

## حوکمی یاسا [٨٣]

پرەنسیپە گشتیەکان بۆ ئامادەکردنی یاسا، لەرۆمیەکانەوە وەرگیراون. بیرمەندانی سەدەکانی ناوەڕاست، یاسایان بەشێوەیەکی سروشتی بە یاسایەك دەزانی کە بەگوێرەی ئەوە، پادشاکان هێزی خۆیان بەڕێوەدەبرد. یاسای گشتی ئینگلتەرە لەکاتی حکومەتی سەرەڕۆی سەدەی شازدەهەمو هەڤدەهەمدا پێکهاتو پتر پەیوەندی بە پەیمان شکاندنەوە هەبوو تا ڕاستیەکان. حوکمی یاسا، سەرەتا بووە ستوونی سیستەمی دەستووری (مەشرووتە)و پاشان بووە بنەڕەتی دەستوور، پاراستنی مافی مرۆڤو مافی میللەت لەبەرامبەر هێزە ملهوڕەکاندا.

## پلورالیزمی کۆمەڵایەتی[٨٤]

لەڕووی مێژووییەوە، رۆژئاوا کۆمەڵگەیەکی فرەییخواز بووە کە لە کۆمەڵگەکانیتری جودا کردۆتەوە. سەرهەڵدانی گروپە جۆربەجۆرو ئۆتۆنۆمەکان لەسەدەی شەشەمو حەوتەمدا، دێرەکان، سیستەمە روهبانییەکانو ئەو تاقمانەی دەگرتەوە کە لەگەڵێك کۆمەڵگەی ئەورووپیدا پەرەیانسەندو بوونە هۆی پێکهاتنی دەزگای جۆربەجۆر. پاشان ئەم پلورالیزمە، بووە تەواوکەری پلورالیزمی چینەکان. زۆرینەی کۆمەڵگەکانی ئەورووپای رۆژئاوا لە نەجیبزادەکان، ژمارەیەکی زۆری خەڵکی هەژارو چینێکی تایبەتی بازرگانان پێکهاتوون. ئەم پلورالیزمە ئەورووپاییە ناکۆك بوو لەگەڵ هەژاری کۆمەڵگە، لاوازی نەجیبزادەکانو هێزی



ئیمپراتۆریەکاندا. وەك ئیمپراتۆریەکانی رووسیا، چینو سەرزەمینەکانی عوسمانی.

## ئە نجومەنی نوێنەران( ٨٥ )

پلوورالیزمی کۆمەڵایەتی پەلیهاویشتە ناو مڵکداران پەرلەمانەکان، دامودەزگاکانو کۆمەڵگەکانەوە تا ببێتە نوێنەری خواستی نەجیبزادەکان، پیاوانی ئایینی، بازرگانانو گروپەکانیتر. ئەم گروپانە، نوێنەرێتی هەمەچەشنەیان پێکهێنا کە لە درێژەی مۆدێرنیزە بووندا لەشێوەی دەزگاکانی دیموکراسیدا کامڵبوون. لەهەندێك کاتدا، دەسەڵاتی ئەم گروپانە زۆر سنووردار بوو و جاروبار بەتەواوی هەڵدەوەشانەوە. لەفەرەنسادا، ئەم گروپانە سەرلەنوێ برەویانسەندەوە تا پەرەبدەن بە بەشداریکردنی سیاسی. لەسەرەتاکانی سەدەی نۆیەمدا، لەشارەکانی ئیتالیادا هەندێك بزاوت بۆ دامەزراندنی حکومەتی سەربەخۆ دەستیپێکردو پاشان بەرەو باکوور پەرەیانسەندو بوونەهۆی ئەوەی تا قەشەکانو نەجیبزادەکان، خەڵکانیتر لەدەسەڵاتیاندا بەشداربکەن. نوێنەرێتی لەئاستی نەتەوەییدا، بووە تەواوکەری سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی لەناوچەکانی دیکەی جیهاندا.

## سەربەخۆیی تاك[٨٦]

یەکێکیتر لە تایبەتمەندیەکانی شارستانی رۆژئاوا، سەربەخۆیی تاکو ئازادی (تاکو سیاسی)یە. سەربەخۆیی تاکو مافی هەڵبژاردن لەسەدەی چواردەیەمو پازدەیەمدا پەرەیسەندو لەسەدەی هەڤدەهەمدا، تەنانەت داوای مافی یەکسان کرا بۆ تێکڕای تاکەکان. لێکۆڵینەوەکان سەلماندوویانە کە سەربەخۆیی تاك لەزۆرینەی کۆمەڵگە رۆژئاواییەکاندا، گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەیە.

ئەو فاكتۆرانەی ئاماژەیان پێكرا، واتای لیستێكی ماندووكەرەی تایبەتمەندیە جیاوازەكانی شارستانی رۆژئاوا نادات. هەروەها، بەو مانایە نییە كە ئەم فاكتۆرانە، هەمیشەو بەشێوەیەكی جیهانی لە رۆژئاوادا هەبووبن. گەلێك لەدەسەڵاتدارە ڕەهاكان بەدرێژایی مێژوو حوكمی یاسایان ڕەچاونەكردووەو ئەنجومەنی نوێنەرانیان لەبەرچاونەگرتووەو هەروەها، مەبەست ئەمە نییە كە هیچكام لەم تایبەتمەندیانە لەشارستانییەكانیتردا نەبوون. ژاپۆن‌و هیندستان، سیستەمی چینایەتی هاوشێوەی رۆژئاوایان هەبووە (ڕەنگە بەم هۆیەوە بێت كە ئەمدوانە تاكە كۆمەڵگەی نارۆژئاوایین كە لەدرێژەی مێژوودا، دەوڵەتی دیموكراتیانەیان هەبووە). هیچكام لە فاكتۆرەكانی سەرەوە تەنها تایبەت بە رۆژئاوا نەبوون.

## هەندێك وەڵام بۆ رۆژئاواخوازی‌و مۆدێرنخوازی

گەشەسەندنی رۆژئاوا، پەرەیداوە بە مۆدێرنیزە بوون‌و رۆژئاواییبوونی كۆمەڵگە نارۆژئاواییەكان. رێبەرانی سیاسی‌و ڕوناكبیرە نارۆژئاواییەكان، سەبارەت بەكاریگەری رۆژئاوا لەسەر مۆدێرنخوازی‌و رۆژئاواخوازی وایان وەڵامداوەتەوە كەبریتیە لەوەرنەگرتنی مۆدێرنخوازی‌و رۆژئاواخوازی، یان وەرگرتنی هەردوكیان، ویاخود قبوڵكردنی یەكەمیان‌و ڕەتكردنەوەی دووەمیانە.

## قبوڵنەكردنی[٨٧] ( مۆدێرنخوازی‌و رۆژئاواخوازی )

ژاپۆن لە یەكەم بەریەككەوتنی لەگەڵ رۆژئاوا لە ١٥٤٢وە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم، رەوتی قبوڵنەكردنی گرتەبەرو مۆدێرنیزمی سنوردار ببۆوە بەچەكە جەنگیەكان. چینیش بۆ چەندین سەدە، هەرچەشنە مۆدێرنخوازی‌و رۆژئاواخوازیەكی قەدەغەكرد. سیاسەتی قبوڵنەكردن



لەچیندا، بەهۆی بڕوای چینییەكانەوەیە بەئیمپراتۆری‌و كولتووری باڵادەستی خۆیان بەرامبەر بە وڵاتانیتر. گۆشەگیری چینی‌و ژاپۆنییەكان، بەهۆی بەكارهێنانی چەكی رۆژئاواییەوە لەلایەن ئینگلیزەكانەوە لەشەڕی تریاك لە ساڵەكانی ١٨٣٩و١٨٤٢دا كۆتاییهات. لەسەدەی بیستەمدا، پەرەسەندنی پیشەسازی گواستنەوە، پەیوەندیەكان‌و وابەستەییە جیهانییەكان، زیانەكانی گۆشەگیریان زۆر زیاتر كرد. كۆمەڵگە بچووك‌و گوندیەكان نەبێت كە ئامانجی ژیانیان، گوزەراندنی بژێو بوو. قبوڵنەكردنی مۆدێرنخوازی، لەو جیهانەی كە بەخێرایی مۆدێرندەبێت‌و پێكەوە گرێدەدرێت، كارێكی نەشیاوە. ئەو شێوازانەی كە لەلایەن زۆرینەی توێژەرانەوە پەسەندكراون بریتین لە:

## كەمالیزم[٨٨] ( قبوڵكردنی مۆدێرنخوازی‌و رۆژئاواخوازی )

ئەم تێڕوانینە لەسەر ئەو بنەمایەیە كە مرۆڤەكان خوازیاری مۆدێرنیزە بوون‌و بەپێویستی دەزانن. لەسەدەی نۆزدەهەمدا، گەلێك لە چینی‌و ژاپۆنییەكان لەو باوەڕەدا بوون كە پێویستی سەرەكی، وازهێنانە لەزمانی نەتەوەیی‌و مێژووییان‌و دەكرێت زمانی ئینگلیزی جێی زمانی نەتەوەیی بگرێتەوە. پەیامەكە ئەمەبوو: "بۆئەوەی سەركەون دەبێت وەكو "ئێمە" بن‌و ڕێگەی "ئێمە" تاكە ڕێگەیە". بەڵام، باسەكە ئەمەیە كە بەها ئایینی‌و ئەخلاقیەكان‌و پێكهاتەی كۆمەڵایەتی لەكۆمەڵگە نارۆژئاواییەكاندا لەگەڵ بەپیشەسازیبووندا بێگانە بوون. پێشكەوتنە ئابووریەكان پێویستیان بەبنیاتنانەوەی ڕیشەیی هەیە تا كۆمەڵگەكانیتر لێی تێبگەن. یەكێك لەتوێژەرەوەكان دەربارەی ئیسلام دەڵێت: "مۆدێرنیزم لە كۆمەڵگە ئیسلامیەكاندا گوماناوی بووە، نەكا بگاتە رۆژئاواخوازی". بەڵام دەبێت بزانین كە زانستە نوێیەكان‌و تەكنەلۆژیا، مێشكەكان‌و دەزگا سیاسیەكان

بەرەولای خۆی ڕادەکێشێت. ناکرێت زمانە ئەورووپییەکانو دەزگاکانی خوێندنی ڕۆژئاوایی لەبەرچاو نەگیرێن. ولاتە نارۆژئاواییەکان، ئەو کاتەی پسپۆڕێتی‌و تەکنەلۆژیای ڕۆژئاوا قبوڵبکەن، دەتوانن خۆیان بخەنە هەلومەرجی تەکنیکی‌و پسپۆڕیەوەو پاشان خۆیان درێژە بەگەشەسەندن بدەن.

شەست ساڵ بەرلەم نوسراوەیە، کەمال ئەتاتورک[٨٩](یەکەم سەر کۆماری تورکیا) هەوڵێکی زۆریدا بۆ بەرۆژئاواییکردنو مۆدێرنیزەکردنی تورکیا. بەم بڕیارە، ئەتاتورک کۆمەڵگەیەکی لێکترازاوی بنیاتنا کە لەمیراتە ئایینییەکەی بەجێماوە. کۆمەڵگەیەك بوو لەرووی ئایین، میرات، شێوازو دەزگاکاندا، ئیسلامی بوو و پیاوە دەوڵەتیەکانی بڕیاریاندابوو تورکیا بکەنە ولاتێکی ڕۆژئاوایی‌و مۆدێرن. لەکۆتایی سەدەی بیستەمدا، چەندین ولاتیتریش شێوازی کەمالیزمیان قبوڵکرد تا شوناسی ڕۆژئاوایی بکەنە جێگرەوەی شوناسی خۆیان.

## ڕیفۆرمیزم[٩٠]

قبوڵنەکردنی ڕیفۆرمیزم (چاکسازیخوازی) بەو مانایەیە کە کۆمەڵگەیەك لەجیهانێکی مۆدێرن کە ڕۆژبەرۆژ بچووکتر دەبێتەوە جودابکرێتەوەو لە دەرەتانەکانی بێبەشبکرێت. تێڕوانینی کەمالیزم ئەمەبوو کە ئەو کولتوورەی کە سەدان ساڵە لەئارادا بووە بنرێتە لاوەو کولتوورێکی نوێ‌و هاوردەی شارستانییەکیتر لەجێی دابنرێت. ڕێگایەکیتر ئەوەیە کە مۆدێرنیزم لەگەڵ پاراستنی بەهای بنەڕەتی‌و بوومی‌و کولتووری کۆمەڵگەدا تێکەڵبکرێت. ئەم تێکەڵەیە، لەناو کۆمەڵگە نارۆژئاواییەکاندا لایەنگرانێکی زۆری هەیەو بۆئەوانەی "قبوڵنەکردن" بەشێوەیەکی گشتەکی ڕەتدەکەنەوە (مۆدێرنخوازی‌و ڕۆژئاواخوازی)، کارێکی دڵخواز نییەو ڕەنگە هەردوکیان



ڕەتبکرێنەوە. بەلام سەبارەت بە "ڕیفۆرمیزم" مۆدێرنیزەبوون دڵخوازو گونجاوە چونکە، گەلێك توخمی ڕۆژئاوایی تێدا نییە. "مۆدێرنیزم" لەنێوان ڕۆژئاواو کۆمەڵگە نارۆژئاواییەکانیتردا هاوسەنگی هێز پێکدێنێ‌و پابەندبوون بە کولتووری خۆجێیی بەهێز دەکات. "مۆدێرنخوازی" پێداویستی سەرەکی "ڕیفۆرمیزمە" بەلام بەرۆژئاواییبوونی ناوێت.

لەنێوان شێوازەکانی "ڕیفۆرمیزم"و "کەمالیزم"دا ناکۆکی هەیە. ئایا دەکرێت بێ ڕۆژئاواییبوون، ببینە مۆدێرن؟ کۆمەڵگە نارۆژئاواییەکان، گەلێك لەتوخمە پێویستەکانی کولتووری ڕۆژئاوایان لەخۆگرتووەو بەرەو مۆدێرنبوون دەڕۆن بەوجۆرەی کە مۆدێرنیزەبوون زیاددەبێت، ڕۆژئاواخوازی کەمدەبێتەوەو کولتوورە بوومیەکان دەژێنەوە. لەئاستی کۆمەلایەتیدا، مۆدێرنیزم هێزی ئابووری، سەربازی‌و سیاسی پەرەپێدەدات‌و لەلایەکیتر باوەڕ بەخۆبوون دەداتە کۆمەڵگەو هانیاندەدات بۆ پەسەندکردنی کولتووری خۆیان. لەئاستی تاکدا، ڕەنگە "مۆدێرنیزم" لەکۆمەڵگەدا هەستی بێگانەبوونو دابڕان لە پەیوەندیە کۆنەکاندا پێکبهێنێ‌و ببێتە هۆی قەیرانی ناسنامە. بەلام، ئایین وەلامگۆی ئەم قەیرانەیە.

لەسەدەی حەوتەمدا، ژاپۆن کولتووری چینی هێنایە ناو کولتووری خۆیەوەو بەدەستپێشخەری خۆی گۆڕانی تێدا کردو دابڕاو لەفشارە ئابووری‌و سەربازیەکان بەرەو **"شارستانی بالاتر"**[٩١] ڕۆیشت. ژاپۆن، لەدرێژەی سەدەکانی دواتردا، ئەوەی لە شارستانییەکانیتری وەرگرتبوو، کەو و بێژنگی کردو چی بەسوود بوو لەگەڵ کولتوورەکەی خۆیدا گونجاندی. بەلام، لەتێکڕای ئەم قۆناغانەدا، کولتووری ژاپۆنی تایبەتمەندی جیاوازی خۆی پاراست.

شێوازی "کەمالیزم"، شێوازێکی ناجێگیرە. ئەو شیکاریو لێکدانەوانەی دەربارەی شارستانییە ئاسیاییەکان ئەنجامدراون، نیشانیدەدەن کە مۆدێرنیزم، ئاسانکاری پێویست بۆ سەربەخۆیی کۆمەلایەتی، کولتووریو دامودەزگا سیاسیەکان فەراهەمدەکات. بەم هۆیەوە، کۆمەڵگەی ژاپۆنیو هیندی زووتر بەرەو مۆدێرنبوون ڕۆیشتن تاوەکو کۆمەڵگە ئیسلامیو کۆنفۆشیۆسیەکان. ئەوانە، دەیانتوانی تەکنەلۆژیای مۆدێرن بهێننو بەهۆیەوە کولتوورەکەیان بەهێز بکەن. ئایا ئەمە بەو مانایەیە کە دەبێت کۆمەڵگەکانی دیکە واز لە مۆدێرنبوون بێنن یان خۆیان بدەنە دەستیەوە؟ دۆزینەوەی چارەسەر ئەوەندەی وێنادەکرێت، سنووردار نییە. وێڕای ژاپۆن، سینگاپۆرە، تایوان، عەرەبستانی سعودیو ئێران بێ‌ئەوەی ببنە رۆژئاوایی، بوونەتە ولاتی مۆدێرن. لەڕاستیدا، هەوڵدانی شا، کە ئامانجی شێوازی کەمالیزم بوو، کاردانەوەیەکی قورسی دژی رۆژئاوای لە ولاتەکەدا دروستکرد. چین، شێوازی ڕیفۆرمیزمی هەڵبژاردووەو بەرەو پێش دەڕوات.

هەرچەندە، هەندێك کۆمەڵگەی ئیسلامی گیروگرفتیان هەبووە لەگەڵ مۆدێرنبووندا، بەلام ئیسلامو مۆدێرنیزم ناتەبا نین. مۆدێرنبوون، پێویستی بە ئایدیۆلۆژیای سیاسی یان دەزگای تایبەت نییە.

بە کورتی، مۆدێرنبوون بەمانای رۆژئاواییبوون نییە. کۆمەڵگە نارۆژئاواییەکان دەتوانن مۆدێرن بن، بێئەوەی واز لە کولتوورەکانی خۆیان بهێنن. بەگوتەی بەرادەل، کارێکی "مندالانە" دەبێت ئەگەر پێمانوابێت کە مۆدێرنبوون یان "سەرکەوتنی شارستانی بەتاقی تەنیا" کۆتاییهاتنی کۆمەڵی کولتووره مێژووییەکانە کە سەدان ساڵە لە هەناوی شارستانییە گەورەکانی دنیادا هەبوون. مۆدێرنیزم سەرئەنجام ئەم کولتوورانە بەهێز دەکاتو لەدەسەلاتی ڕێژەیی رۆژئاوا کەمدەکاتەوە. جیهان بەشێوەیەکی بنەڕەتی رۆژبەرۆژ مۆدێرنتر دەبێت بێئەوەی ببێتە رۆژئاوایی.

## گۆڕانی هاوسەنگی هێز لەنێوان شارستانییەکاندا

## بەشی چوارەم

### کاڵبوونەوەی  روخساری رۆژئاوا

### هێزی رۆژئاوا : باڵادەستیو ئاوابوون

دوو وێنەی جیاواز لەدەسەڵاتی رۆژئاوا سەبارەت بەشارستانییەکانیتر هەیە. یەکەمیان، وێنەی خۆڕاگرو دەسەڵاتی باڵادەستیەتی بەسەر وڵاتانیتردا. بەڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت، تاکە رکەبەری شێلگیری رۆژئاوا لەناوچوو. وەکو تاکە زلهێز، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەگەڵ بەریتانیاو فەرەنسادا بڕیارە سیاسیو ئاسایشیەکانی وەردەگرێتو لەگەڵ ئەڵمانیاو ژاپۆنیشدا بڕیارە ئابوریەکان. رۆژئاوا، تاکە شارستانییە کە بەرژەوەندی بەرچاوی هەیە لە شارستانیو ناوچە جۆربەجۆرەکانی جیهانداو کاریگەری دەکاتە سەر سیاسەت، ئابووریو ئاسایشی وڵاتانیترو ناوچەکانیتری جیهان. کۆمەڵگەکان لەشارستانییەکانیتردا، بۆ بەدەستخستنی ئامانجەکانیانو پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان، پێویستیان بە یارمەتی رۆژئاوایە. زانایان، هۆیەکانی هێزی رۆژئاوایان بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت کردۆتەوە:



- مڵکیەتو بەڕێوەبردنی سیستەمی بانکی نێونەتەوەیی لە ئەستۆیە.
- دراوە بەهێزەکانی جیهان کۆنترۆڵدەکات،
- کڕیاری سەرەکی جیهانە،
- زۆرینەی بەرهەمە ئامادەکراوەکانی جیهان فەراهەمدەکاتو بازاڕی سەرمایەی ناونەتەوەیی خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە،
- توانایی دەستێوەردانی سەربازی هەیە لەشوێنەکانیتری جیهاندا،
- ڕێگا دەریاییەکان کۆنترۆڵدەکات،
- خاوەنی پێشکەوتووترین دەرەتانی توێژینەوەو گەشەسەندنە،
- پێشەنگی فێرکارییە تەکنیکیەکانەو کۆنترۆڵیان دەکات،
- لەپیشەسازی ئاسمانیدا باڵادەستە،
- پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی لەژێر کۆنترۆڵدایە،
- بەهۆی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووەوە لە پیشەسازی چەکی جەنگیدا باڵادەستە.

دووەمین وێنەی رۆژئاوا، وێنەیەکی زۆر جیاوازە. وێنەی شارستانییەکە کە بەرەو ئاوابوون دەچێتو بەشی سیاسەتی لەناو سیاسەتی جیهانیداو ئابووریو هێزی سەربازی بەگوێرەی شارستانییەکانیتر ڕەوتێکی ڕوو لەدابەزینی بەخۆوە گرتووە. سەرکەوتنی رۆژئاوا لە شەڕی ساردا، نەبووەهۆی سەرکەوتن، بەڵکو دەرئەنجامەکەی  ماندوییو پرتووکان بوو. وڵاتە رۆژئاواییەکان، رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر لەگەڵ گیروگرفتو پێویستی ناوخۆییدا ڕووبەڕوون وەکو: سستی گەشەکردنی ئابووری، دانیشتوانی وەستاو، بێکاری، کەمهێنانی بودجە، ئەخلاقی کاری ڕووخاو، نرخی پاشەکەوتی نزمو هتد و لە هەندێك لە وڵاتاندا بەتایبەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی، بێهۆشکەرەکانو

تاوانکاریشی لەگەڵدایە. هێزی ئابووری بەخێرایی بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ئاڕاستەی گۆڕیوەو هەروەها هێزی سەربازی‌و نفوزی سیاسیش بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دەڕوات. هیندستان، بەرەو هەڵکشانی ئابووری دەچێت‌و کۆمەڵگەکانیتری جیهانیش بەرامبەر بەقبوڵکردنی فەرمانەکان یان بیستنی ئامۆژگاریەکانی ڕۆژئاوا کەمتەرخەمن.

لەگەلێك لایەنەوە، هێزی ڕێژەیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەگوێرەی ژاپۆن‌و سەرئەنجام بەگوێرەی چینیش بەخێرایی ڕوو لە کزیە.لەبواری سەربازیدا، هاوسەنگی توانابیە کاریگەرەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو گەلێك لەهێزە ناوچەیی‌و ڕوو لەگەشەکردنەکان، لەناوەندەوە بەرەو دەوروبەر ئاڕاستەیان گۆڕیوەو هەندێك لەهێزە پێکهاتەییەکانی(سترۆکتۆراڵ) وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەرەو نەتەوەکانیترو ڕێکخراوە فرەنەتەوەکان دەڕۆن.

کام لەم دوو وێنە دژبەیەکە، پێگەی ڕۆژئاوا لەجیهانی ڕاستەقینەدا وەسفدەکەن؟ وەڵام هەردوکیانە . ڕۆژئاوا، هێشتا هێزی ژمارە یەکە لە دنیاداو لەسەدەی بیستویەکەمدا ئەم هێزەی بەردەوام دەبێت. لەهەمان حاڵدا، لەهاوسەنگی هێزی نێوان شارستانییەکاندا گۆڕانی بنەڕەتی دەردەکەوێت. بەوجۆرەی باڵادەستی ڕۆژئاوا کەمدەبێتەوە، هێزێکی زیاتر لەدەستدەدات‌و پاشماوەی ئەو هێزە بەشێوەی ناوچەیی، لەنێوان شارستانییە سەرەکیەکان‌و وڵاتەکانیاندا دابەشدەکرێت. چین، بەرە–بەرە دژی ڕۆژئاوا دەست بە خەباتدەکات‌و باڵادەستیەکی جیهانی بەدەستدێنیٚ. ئەم گۆڕانی ئاراستەی هێزە، دەبێتەهۆی ژیانەوەی کولتووری لە کۆمەڵگە نارۆژئاواییەکانداو قبوڵنەکرانی کولتووری ڕۆژئاوایی بەدواوەیە.

ئاوابوونی ڕٍۆژئاوا قۆناغی جۆربەجۆری هەیە. هەڵاتنی هێزی ڕۆژئاوا، چوارسەد ساڵی خایاند، و ئاوابوونیشی ڕەنگە ئەوەندە بخایەنێت.



توێژینەوەکان دەیسەلمێنن باڵادەستی ڕۆژئاوا بەسەر کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا سەدەی نۆزدەهەم گەیشتە لووتکە. گەشەی ئابووری‌و زیادبوونی توانابیەکانیتر، دەستپێکردنێکی ئارامی هەیەو پاشان بەتوندی زیاد دەکات‌و دوابەدوای ئەوە بەرەو کەمبونەوە دەڕوات تا بگاتە یەکسان بوون. زەواڵی وڵاتانیتریش بەمجۆرە دەرکەوتووە، بەوجۆرەی لە یەکێتی سۆڤیەتدا ڕوویدا. سەرەتا ئارابوو و بەرلەوەی کۆتایی بێت، بەتوندی پەرەیسەند. زەواڵی ڕۆژئاوا هێشتا لە قۆناغی یەکەمیدایەو ئارامە.

ئاوابوون بەهێلێکی ڕاستدا بەرەوپێشەوە ناڕوات‌و بەشێوەیەکی ناڕێکوپێك، بەوەستان، بەراوەژو بوونەوەو جەختکردنەوەی دوبارەوە ڕوودەدات‌و ئەمەش لاوازی ڕۆژئاوا پێشاندەدات. کۆمەڵگە دیموکراتیە کراوەکان[٩٢] بۆ ژیانەوە، دەرەتانی زۆریان هەیە. بە پێچەوانەی گەلێك لە شارستانییەکان، ڕۆژئاوا دوو ناوەندی سەرەکی هێزی هەیە: هێزی سەربازی‌و ئابووری. لەشەڕی جیهانی دووەمدا، هێزی سەربازی ئەمەریکا لەگەڵ هێزی سەربازی یەکێتی سۆڤیەتدا هاوتابوو.

## قەڵەمڕەو و دانیشتوان

لە ١٩٤٠دا، کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان، جگە لە ناوچەی بەلکان زۆرینەی نیمچە دورگە ئەورووپیەکانیان لەژێر دەستدابوو. ڕۆژئاوا، لەوپەڕی پەرەسەندنی قەڵەمڕەوەکانی لە ١٩٢٠دا، نزیکەی ٢٥,٥ ملیۆن مایلی چوارگۆشەی بەدەستەوەبوو. ساڵی ١٩٩٣ ئەمە دابەزیە ١٢,٧ ملیۆن مایل‌و ڕۆژئاوا دوبارە گەڕایەوەسەر ناوکە ئەورووپیەکەی، بەسەرزەمینە بەرین‌و پڕ دانیشتوانەکانی ئەمەریکای باکوور، ئۆسترالیا و نێوزیلانداوە.

قەڵەمڕەوی کۆمەڵگە سەربەخۆ ئیسلامیەکان لە ١٩٢٠دا، لە ١,٨ ملیۆن مایلی چوارگۆشەوە لە ١٩٩٣دا گەیشتە ١١ملیۆن مایلی چوارگۆشە. گۆڕانی

هاوشێوە لە کۆنترۆڵکردنی دانیشتوانیشدا پێکهات. ڕۆژئاوا لە ١٩٠٠دا، نزیکەی سەدی ٣٠ دانیشتوانی جیهانی کۆنترۆڵدەکردو حکومەتە ڕۆژئاواییەکان بەسەر ئەم دانیشتوانەدا حوکمیاندەکرد. لەرووی تێکڕای نفوسی جیهان لە ١٩٩٣دا، ڕۆژئاوا دوای شارستانییەکانی سینیك، ئیسلامیو هیندۆس لەپلەی چوارەمدا بووە.

لەرووی چەندێتیەوە، ڕۆژئاواییەکان بەشێوەیەکی سیستەماتیکیانە دانیشتوانیان کەمدەبێتەوەو لەڕووی چلۆنایەتییەوە، هاوسەنگی دانیشتوان لەنێوان ڕۆژئاواو ناوچەکانیتری جیهانیشدا ڕوو لە گۆڕانە. خەڵکانی کۆمەڵگە ناڕۆژئاواییەکان ئەمێستا تەندروستتر، مەدەنیتر، خوێندەوارترو پەروەردەکراوترن. لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستدا، ئاستی مەرگی ساوایان لەئەمەریکای لاتین، ئەفریقا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاسیای باشوور، ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا، بەگوێرەی سی ساڵی پێشووتر، لە سێیەکەوە گەیشتە نیوەی ئەو ڕێژەیە. درێژی تەمەنیش لەم ناوچانەدا زیادبووە. لەسەرەتای شەستەکاندا، سێیەکی دانیشتوانی جیهان، توانای خوێندنو نووسینیان هەبووە. ئەم ڕێژەیە لە هینددا، نزیکەی سەدا ٥٠و لەچیندا نزیکەی سەدا ٧٥ زیاد بووە.

لەسەرەتای نەوەدەکاندا، تێکڕای ناوچەکانی جیهان جگە لە ئەفریقا، خوێندنی سەرەتاییان هەبوو. لە ئاسیا، ئەمەریکای لاتین، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئەفریقادا لە سێیەکی گروپە تەمەنییەکان ناوی خۆیان بۆ خوێندنی ناوەندی تۆمار کردبوو. ڕێژەی دانیشتوانی شارەکان لە ساڵەکانی ١٩٦٠و ١٩٩٢ لە ئەمەریکای لاتیندا، لەسەدا ٣٤ەوە بۆ سەدا ٥٥، لە وڵاتە عەرەبییەکاندا لە سەدا ١٤وە بۆ سەدی ٢٩، لە ئەفریقادا لە سەدا ١٨ەوە بۆ سەدا ٢٧، لە چیندا لە سەدا١٨ بۆ سەدا ٢٧و لە هیندستاندا لە سەدا ١٩ەوە بۆ سەدا ٢٦ زیادیکردووە. ئەم گۆڕانانە، ئاستی خوێندەواری،



شارنشینیو توانایيە کۆمەڵایەتیەکانی پەرەپێداو لە ئەنجامدا، چاوەڕوانی زیاتری دروستکرد. زۆربەی وڵاتان ئەم هێزانەیان بۆ ئامانجە سیاسیەکانیان چالاککرد. ئەو کۆمەڵگەیانەی کە بەشێوەی کۆمەڵایەتی سەفەربەر دەبن، بەهێزترین کۆمەڵگەن. لە ١٩٥٣دا، ئەوکاتەی لە سەدا ١٥ی ئێرانییەکان خوێندەوار بوونو لەسەدا ١٧ کەمتریان شارنشین بوون، کیرمیت ڕۆزڤێلت[٩٣]و کارگێرانی CIA [٩٤] شۆڕشی ئێرانیان سەرکوتکردو سەرلەنوێ شایان گێڕایەوە سەر تەختی دەسەڵات. بەڵام لە ١٩٧٩دا، ئەوکاتەی کە سەدا٥٠ی ئێرانییەکان خوێندەوار بوونو سەدا ٤٧یان دانیشتوانی شارنشین بوون، هێزی سەربازی ئەمەریکا نەیتوانی شاو دەسەڵاتەکەی بپارێزێت.

## بەرهەمە ئابوریەکان

لە ١٩٢٠دا بەشی ڕۆژئاوا لە بەرهەمە ئابووریەکانی جیهاندا، گەیشتە ئەوپەڕی خۆیو بەئاشکرا لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمەوە، ڕووی لە کزیکرد. لە ١٧٥٠دا، چین نزیکەی سێیەك، هیندستان نزیکەی چواریەكو ڕۆژئاوا، کەمتر لە پێنجیەکی بەرهەمەکانی جیهانیان لەدەستدابوو. لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا، بەشی بەرهەمهێنانی ئابووری ڕۆژئاوا، بەشێوەیەکی سەیر بەرزبۆوەو لە ١٩٢٨دا، گەیشتە ئەوپەڕی.

دەربارەی بەرهەمهێنانی خاوێنی ئابووری بەرلەجەنگی جیهانی دووەم، زانیاری متمانەپێکراو لەبەردەستدانییە. لە ١٩٥٠دا، ڕۆژئاوا توانی تا سەدی ٦٤ی بەرهەمهێنانی خاوێنی جیهانی هەبێت، کە ئەمە لە هەشتاکاندا، سەدا ٤٩ کەمیکردووە. وا مەزەندە دەکرێ کە ڕۆژئاوا لە ٢٠١٣دا، تەنها سەدا ٣٠ی بەرهەمەکانی جیهانی هەبێت. لەساڵی ١٩٩١دا، بەپێی دەرئەنجامێکیتر، لەناو حەوت ئابووری گەورەی جیهاندا، چوار

ئابووریان هی نارۆژئاواییەکانە" ژاپۆن، چین، رووسیاو هیند. بەرنامەو پلانو پێشبینییەکانی ساڵی ٢٠٢٠، نیشانیدەدات کە باشترین ئابووری لە پێنج شارستانی جیاوازدا دەبێتو لە ١٠ئابووری یەکەم، تەنها ٣ وڵاتی رۆژئاوایی دەگرێتەوە. ئەم کەمبوونەوە رێژەییەی رۆژئاوا، بەشێوەی سەرەکی بەهۆی پەرەسەندنی ئابوورییە لە رۆژهەڵاتی ئاسیادا.

رۆژئاواو ژاپۆن بەشێوەیەکی تەواو پیشەسازیو تەکنەلۆژیای پێشکەوتوویان خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. تەکنەلۆژیا، پەخشدەبێتەوەو پەرەدەسەنێو ئەگەر رۆژئاوا بیەوێت باڵادەستی خۆی بپارێزێت، پێویستە پەخشکردنەوەو پەرەپێدانی تەکنەلۆژیاو پیشەسازی خۆی بگەیەنێتە لانیکەمی. بەڵام قەدرزانی قەرزداری دنیایەکی پێکەوە گرێدراوە کە خودی رۆژئاوا دروستیکردووە. کەمکردنەوەی پەرەپێدانی تەکنەلۆژیا بۆ شارستانییەکانیتر زۆرگیروگرفتی دەبێت. پەرەپێدانی تەکنەلۆژیاو گەشەپێدانی ئابووری کۆمەڵگە نارۆژئاواییەکان لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، گەڕانەوەبوو بەرەو مۆدێلی مێژوویی بە رەوتێکی ئارامەوە. بەڵام تا ناوەڕاستی سەدەی بیستویەکەم، بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ئابوورییەکانو کاڵادروستکراوەکان بەشێوەیەکی فراوان لە نێوان شارستانییە پێشرەوەکاندا دەبێت. وێنەی دووسەد ساڵەی باڵادەستبوونی رۆژئاوا بەسەر ئابووری جیهاندا کۆتاییپێدێت.

## توانایی سەربازی

توانایی سەربازی چوار رەهەندی هەیە: رەهەندی چەندی –ژمارەی سەرباز، چەک، ئامێرو سەرچاوەکان، رەهەندی تەکنۆلۆژی– کارایی چەکە سەروومۆدێرنەکانو جبەخانەی پێشکەوتوو، رەهەندی رێکخراوەیی – یەکگرتوویی، دیسپلین، فێرکاری، ورەی سەربازان، فەرماندەیی کاریگەرو



کۆنترۆڵکردنی پەیوەندیەکانو رەهەندی کۆمەڵایەتی –توانایی‌و خواستی کۆمەڵگە بۆ بەکارهێنانی کاریگەرانەی هێزی سەربازی.

لەبیستەکاندا، رۆژئاوا لە تێکڕای ئەم رەهەندانەدا لەناوچەکانیتر لەپێشەوەتر بوو. بەڵام لەساڵانی دواتردا، هێزی سەربازی رۆژئاوا لەئاست شارستانییەکانیتردا بەشێوەیەکی رێژەیی کەمبۆتەوە. پێشکەوتنی ئابووری‌و مۆدێرنیزەبوون، سەرچاوەکان پێکدەهێنن‌و دەوڵەتان ناچاردەکەن تواناییە سەربازیەکانیان پەرەپێبدەن. یەکێتی سۆڤیەت لەماوەی شەڕی ساردا، یەکێك لەدوو هێزە باڵادەستە سەربازیەکانی جیهان بوو. ئێستا رۆژئاوا، بەشێوەیەکی بەرچاو،هێزی سەربازی خۆی لەجیهاندا سەفەربەرکردووە. ئایا دەتوانێت درێژە بەم هێزە بدات؟ دیارنییە. سەرەڕای ئەمە، هیچ وڵاتێکی نارۆژئاوایی یان کۆمەڵێك لە وڵاتان، لە دەیەکانی ئایندەدا، توانستێکی شایانی بەراوردکردنی وایان نابێت. رەوتی کامڵبوونی تواناییە سەربازیەکانی جیهان دوای شەڕی سارد، بەم شێوەی خوارەوە بووە:

- هێزە سەربازیەکانی یەکێتی سۆڤیەت، زۆر زوو دوای هەڵوەشانەوەی کۆمارەکانی کەمبۆوە. جگە لەرووسیا، تەنها ئۆکرانیا توانایی سەربازیی زۆری بەرکەوتووە. هێزەکانی یەکێتی سۆڤیەت زۆر کەمبوونەوەو لە ئەورووپای ناوەڕاستو وڵاتانی بەلتیك دابڕان. پەیماننامەی وارشۆ[٩٥] کۆتاییهات، جبەخانەی سەربازی بێکەڵکبوون یان تێکچوونو بەکەڵکی بەکارهێنان نەدەهاتنو ئەو بودجەیەی تەرخانکرابوو بۆ بەرگری، کەمبۆوەو بێورەیی، ئەفسەرانو خەڵکی گرتەوە.
- کەمبووەنەوەی تواناییە سەربازیەکانی رووسیا، بووەهۆی کەمبوونەوەی تێچوونە سەربازیەکانو هێزو توانستەکانی رۆژئاوا. لەماوەی حکومەتی بۆشی[٩٦] باوكو کلینتۆندا[٩٧] تێچووی سەربازیی وڵاتە

یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، سەدا ٣٥ کەمبۆوەو هێزە سەربازیەکان لە ٢/١ ملیۆن کەسەوە گەیشتە ١/٤ملیۆن کەسو گەلێك لە بەرنامەی چەکە جەنگییەکان پووچەڵبوونەوە یان ڕوو لە پووچەڵبوونەوەن. لەناوەڕاستی نەوەدەکاندا، بەرنامەیەکی وا دانرابوو کە هێزە سەربازیەکانی ئەڵمانیا لە ٣٧٠,٠٠٠ کەسەوە کەمبێتەوە بۆ ٣٤٠,٠٠٠و لەوانەشە ٣٢٠,٠٠٠کەس، هێزی سەربازی فەرەنسا لە ٢٩٠,٠٠٠وە کەمبێتەوە بۆ ٢٢٥,٠٠٠کەسو هێزی سەربازی بەریتانیاش کە لە١٩٨٥دا ٣٧٧,١٠٠ بووە، کەمبێتەوە بۆ ٢٧٤,٨٠٠ کەس.

- ڕەوتی توانستە سەربازیەکان لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا، لەڕەوتی رووسیاو ڕۆژئاوا جیاوازبووەو زیادکردنی تێچووە سەربازیەکانو باشبوونەوەی هێزەکان بەرنامەی کاریان بووە. چین، بەزیادکردنی سامانی ئابووری بۆتە پێشەنگی مۆدێرنیزەبوونی وڵاتە ئاسیاییەکانیترو پەرەسەندنی هێزە سەربازیەکان. ژاپۆنیش درێژە دەدات بە زیادکردنی توانایی‌و جبەخانەی سەربازی سەروو– مۆدێرنی خۆی. تایوان، کۆریای باشوور، تایلاند، مالیزیا، سەنگاپوراو ئەندەنۆزیا، تێکڕا پتر لە پێشان تێچوە سەربازیەکانیان زیاد دەکەن، وەکو کڕینی فڕۆکە، تانكو کەشتی جەنگی لە رووسیا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیاو وڵاتانیتر . تێچووی بەرگری ناتۆ، لە ١٩٨٥وە تاکوو ١٩٩٣، لەسەدا دە کەمبۆتەوە (لە ٥٣٩,٦ ملیار دۆلارەوە بۆ ٤٨٥,٥ ملیار دۆلار) و تێچووە سەربازیەکان لە ١٩٩٣دا، لەرۆژئاوای ئاسیادا (لە ٨٩,٨ ملیار دۆلارەوە بۆ ١٣٤,٨ ملیار دۆلار) لەو ساڵانەدا زیادیکردووە.
- توانابیە سەربازیەکان لەناویشیاندا چەکە کۆمەڵکوژەکان بەشێوەیەکی بەرین لەسەرانسەری جیهاندا بڵاودەبنەوە. وڵاتان بەوجۆرەی لەرووی ئابووریەوە پێشدەکەون، توانایی بەرهەمهێنانی چەکە سەروو– مۆدێرنەکانیان زیاد دەکەن. لە نەوەدەکاندا، پیشەسازی بەرگری ڕەوتێکی سەرەکی بەخۆوەبینی بەرەو بەجیهانیبوون. گەلێك لە کۆمەڵگە نارۆژئاواییەکان، خاوەنی چەکی ناوکین (رووسیا، چین، ئیسرائیل، هیندستان، پاکستانو ڕەنگە کۆریای باکوریش)و گەلێك وڵاتیتر هەوڵدەدەن تاوەکو چەکی ناوکیان دەسکەوێت، (ئێران، عێراق، لیبیاو جەزایر)، یاخود تێدەکۆشن خۆیان بخەنە دۆخێکی واوە تا بتوانن خێرا ئەم چەکە ناوکیانەیان دەسکەوێت.

سەرئەنجام، تێکڕای ئەم گۆڕانانە ڕەوتی ستراتیژی سەربازی‌و هێز وەکو سەردەمی دوای شەڕی جیهانی لێدەکات. هەرێمگەرایی، لەهێزی سەربازی رووسیاو رۆژئاوادا کەمبوونەوەیەکی ئاقلانەی پێکهێناوە. رووسیا چیتر، توانایی سەربازی جیهانی نییە. بەڵام هێزەکانو ستراتیژی خۆی لەبەرامبەر هەڕەشەکانی دەرەوەی نزیکدا[٩٨] یەکانگیردەکاتەوە. چین، ستراتیژی خۆی گۆڕیوەو داکۆکی لە سەر هێزی خۆی دەکات تاوەکو هێزی بەرگری خۆی لە رۆژهەڵاتی ئاسیادا زیادبکات. وڵاتە ئەورووپیەکانیش لە ڕێگەی ناتۆو یەکێتی ئەوروپای رۆژئاواوە هێزەکانیان ئاراستە دەکەن بۆئەوەی بەرەنگاری ناجێگیری رۆژئاوای ئەوروپای پێبکەن. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئاشکرا بەرنامەی سەربازی خۆی لەئاستی جیهانیدا لەشەڕی دژی رووسیا وەستاندووە تاوەکو بتوانێ لەگەڵ پرسە ناوچەییەکانی باکووری رۆژهەڵاتی ئاسیادا بەربەرەکانیبکات. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێراق، سەدا ٧٥ی فڕۆکە تاکتیکیەکان، سەدا ٤٢ی تانکە جەنگیەکان، سەدا ٣٧ی هێزە سەربازییەکانو سەدا ٤٦ی هێزە دەریاییەکانی خۆی لە کەنداودا جێگیرکرد.

لەوانەیە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەسەختی بتوانێت دەستێوەردانێك یان دوو دەستێوەردانی لەبەرامبەر هێزە گرنگەکانی

ناوچەدا هەبێت. ئاسایشی سەربازی لەسەرانسەری جیهاندا ڕۆژ لەڕۆژ زیاتر پێویستی بە دابەشکردنی هێزی جیهان هەیە، بەڵام پێویستی بەهەوڵدانی سۆپەرهێزانە نییە. ئاسایشی جیهانی بەندە بە دابەشکردنی هێز لە ناوخۆی هەموو ناوچەکانو هەوڵوکۆشی وڵاتانی ناوەندی[٩٩] شارستانییەکانەوە.

بەکورتی ڕۆژئاوا، تاوەکو کۆتایی سەدەی بیستو یەکەم، وەك بەهێزترین شارستانی دەمێنێتەوەو دوای ئەوەش باڵادەستی خۆی لەڕووی توانای زانستی، توێژینەوەییو نوێگەریو تەکنەلۆژیای سەربازیو ناسەربازی درێژە پێدەدات. بەڵام کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانیتری هێز، بەرەو وڵاتانیترو شارستانییە ناڕۆژئاواییەکان دەڕوات.

لە ١٩١٩دا وێلسۆن ویدرۆ[١٠٠]، لۆید جۆرج[١٠١]، و جۆرج کلیمەنسۆ[١٠٢] (سێ ڕێبەری ڕۆژئاوایی) پێکەوە بەکردەوە، جیهانیان کۆنترۆڵدەکرد. لەکۆبوونەوەی پاریسدا بڕیاریاندا، کام وڵات درێژە بەژیانی بدات، کام وڵات لەناو بچێ، کام وڵاتی نوێ پێکبێت، سنوورەکانیان لە کوێ بێتو کێ حوکمیان بکاتو چۆنچۆنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو وڵاتانیتری جیهان لەنێوان هێزە سەرکەوتووەکاندا دابەشبکەن. سەدساڵ دواتر، هیچ گرووپێك لەدەسەڵاتداران ناتوانێت هێزێکی وابخاتە گەڕەوە، جگە لە ڕێبەرانی وڵاتە ناوەندیەکانی ٧یان ٨ شارستانی سەرەکی جیهان نەبێت. سەردەمی باڵادەستی ڕۆژئاوا کۆتاییپێدێتو لەم ماوەیەدا لەگەڵ کاڵبونەوەی ڕوخساری ڕۆژئاوا، خۆجێتیگەریو ژیانەوەی کولتووره ناڕۆژئاواییەکان پەرەدەسێنێت.



### ژیانەوەی کولتووره ناڕۆژئاواییەکان

دابەشکردنی کولتوور لە جیهاندا، ڕەنگدانەوەی دابەشکردنی هێزە* لەمێژوودا. پەرەسەندنی هێزی شارستانییەك، هاوکات لەگەڵ بوژانەوەی کولتوورەکەیدا پەیدابووەو ئەم هێزەی بۆ پەرەپێدانی بەهاکان، شێوازەکانو دامو دەزگاکانی خۆی بەکارهێناوەو لەکۆمەڵگەکانی تریشدا برەوی پێداوە. شارستانییەکی جیهانی، پێویستی بەهێزی جیهانی هەیە. ڕۆمیەکان، تاڕادەیەك، شارستانییەکی "نزیك-جیهانی"و سنووردارتر لەجیهانی کلاسیکیان پێکەوەنا. هێزی ڕۆژئاوا لە شێوەی کۆلۆنییەکانی ئەوروپا لەسەدەی بیستەمدا، کولتووری ڕۆژئاوای لە زۆرینەی بەشەکانی جیهانی هاوچەرخدا پەرەپێدا. کۆلۆنییە ئەوروپییەکان کۆتاییان پێهاتووەو کولتووری باڵادەستی ڕۆژئاوا ڕوو لەکزیە. بوومیگەریو نەریتە کولتووریەکان ڕیشەیان لەمێژوودایە. ئەمانە سەرلەنوێ داوای شارستانی، زمان، بڕواو دەزگا کولتووریەکانیان دەکەن. هێزی ڕوو لە گەشەی کۆمەڵگە ناڕۆژئاواییەکان، کەبەهۆی مۆدێرنیزەبوونەوە دروست بووە، لەسەرانسەری جیهاندا کولتووری کۆمەڵگە ناڕۆژئاوایەکان دەژیەنێتەوە.

* پەیوەندی نێوان هێزو کولتوور بەشێوەیەکی جیهانی بایەخی پێنەدراوە. ئەوانەی دەڵێن با "شارستانییەکی جیهانی" پێکبێتو ڕۆژئاواخوازی پێشمەرجی مۆدێرنیزە بوونە، نازانن کە لۆژیکی گفتوگۆیان، ناچاریاندەکات کە پشتیوانیبکەن لە پەرەپێدانو بەهێزکردنی دەسەڵاتی ڕۆژئاوا بەسەر جیهاندا. ئەگەر کۆمەڵگەکانی تر ئازادبن تا چارەنووسی خۆیان دیاریبکەن، نەریتەکان، ئایینەکانو شێوازە کۆنەکانی خۆیان دەدۆزنەوە. ئەوانەی دەربارەی فەزیلەتی شارستانی جیهانی دەدوێن، بەگشتی بیر لە ئاکامەکانی ئیمپراتۆریایەکی جیهانی ناکەنەوە.

ئایدیۆلۆژی کۆمۆنیستی لە پەنجاکان‌و شەستەکاندا، لەسەرانسەری جیهانداو لەلایەن خەڵکەوە بایەخیدرایە. ئەم بایەخپێدانە، بەهۆی سەرنجڕاکێش بوونی سەرکەوتوی ئابووری‌و هێزە سەربازیەکانی یەکێتی سۆڤیەتەوە بوو. ئەوکاتەی ئابووری یەکێتی سۆڤیەت ڕووی لە داتەپینکردو نەیدەتوانی هێزی سەربازی خۆی بپارێزێت، ئەو ڕاکێشانە لەناوچوو. کولتوورەکانیتر، ئەم فاکتۆرانەیان بەسەرچاوەی هێزو سامانی رۆژئاوا دەزانی کە سەدانساڵ بوو درێژەیان هەبووە. قبوڵکرانی شارستانی رۆژئاوا، تێکەڵەیەك بوو لەترس‌و پیاهەڵدانی هێزو شارەزایی سەربازی رۆژئاوا. بەڵام بەوجۆرەی هێزی رۆژئاوا بەرەو داڕمان دەڕوات، توانایی رۆژئاوا لە سەپاندنی چەمکە رۆژئاواییەکانی: مافی مرۆڤ، لیبرالیزم‌و دیموکراسی رۆژئاوایی لەشارستانییەکاندا کەمدەبێتەوە.

بۆماوەی چەندین سەدە، خەڵکان‌و کۆمەڵگە نارۆژئاواییەکان ئیرەییان دەبرد بە خۆشبەختی ئابووری، تەکنەلۆژیای فریوێنەر، هێزی سەربازی‌و یەکگرتوویی سیاسی کۆمەڵگە رۆژئاواییەکان‌و سەرکەوتنی رۆژئاواییەکانیان لە دەزگاو بەهاکانیاندا دەدیت. ئەو وتەیەی دەڵێت: بۆ دەوڵەمەندبوون‌و بەدەستهێنانی هێز پێویستە وەك رۆژئاوامان لێبێت، بەرەبەرە لە ئاسیادا سڕاوەتەوە. ئەمێستا، خەڵکی ئاسیای رۆژهەڵات پێشکەوتنی سەرسوڕهێنەری ئابووریان، بەهۆی کولتووری رۆژئاواوە نازانن، بەڵکو بەهۆی گەڕانەوە بۆ کولتووری خۆیانی دەزانن‌و وا دەڵێن: سەرکەوتوون، چونکە جیاوازن لە رۆژئاواو لەسەر باڵاتر بوونی بەهاکانیان داکۆکیدەکەن.

ئەو یەکەمین گەلانەی بەرەو مۆدێرنیزم ڕۆیشتن، کۆلۆنییەکانی پێشووی رۆژئاواو وڵاتە سەربەخۆبووەکانی وەکو: چین‌و ژاپۆن بە زمانە باوە رۆژئاواییەکان خوێندبوویان. ئەوانە سەرەتا وەکو لاوان‌و تازە لاوان



دەکەونە ژێر کاریگەرییەوەو شەیدای بەهاو شێوازەکانی ژیانی رۆژئاوا دەبن. وەچەی دووەم، خوێندنی خۆیان لە زانکۆ ناوخۆییەکان‌و لەلایەن وەچەی یەکەمی پەروەردە دیتووی رۆژئاواوە تەواو دەکەن‌و زمانی ناوچەیی خۆیان بەکاردێنن. زانست بەهۆی وەرگێڕانەوە دەگوازرێتەوە بۆ خوێندکاران کە بەزۆری سنووردارەو لەرووی چۆنێتیەوە لاوازە. خوێندکارانی ئەم زانکۆیانە، بەرامبەر بە باڵادەستبوونی وەچە پەروەردەکراوەکانی پێشووی رۆژئاوا، هەستیارن‌و بەزۆری لەبەرامبەر بزووتنەوەکاندا خۆیان بەدەستەوە دەدەن.

رێبەرە تواناو تێگەیشتووەکان، گۆڕانخوازی لە خۆیاندا پێکدێنن. نموونەیەکی بەرچاو، محەمەد عەلی جناح[١٠٣] دەرچووی درەوشاوەی زانکۆکانی ئۆکسفورد[١٠٤]و کەمبرێچ[١٠٥]بوو. ئەو پیاوە، مافناسێکی پلەیەکەم بوو و لەناو دەستەبژێری کۆمەڵگەی رۆژئاواییدا بارهێنرابوو. "جناح" کەسێکی سیکۆلار بوو, بەڵام بۆئەوەی رێبەرێتی گەلەکەی بکات، پێویستبوو بگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندیە کولتووریەکانی خۆی. بەتێپەڕینی کات، شوناس‌و بڕواکانی خۆی گۆڕی‌و بووە "قازی ئەعزەم"[١٠٦]و رێبەری بەجۆشی ئیسلام لە پاکستاندا.

نەتەوەگەری‌و بوومیگەری‌و ژیانەوەی ئیسلام، لەماوەی ساڵەکانی ١٩٨٠و ١٩٩٠دا، رۆژەڤ بووەو ژیانەوەی ئیسلام‌و ئیسلامخوازی لە کۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا بابەتی سەرەکیە. لەهیندستاندا مەیلی باڵادەست، ڕەتکردنەوەی بەها رۆژئاواییەکانەو هیندۆسیخوازی سیاسەتی کۆمەڵگەیە. لە رۆژهەڵاتی ئاسیادا، دەوڵەتان خەریکی برەوپێدانی کۆنفۆشیۆسن‌و رێبەرە سیاسی‌و ڕۆشنگەرەکان باسی "بەئاسیابوون"ی وڵاتەکانیان دەکەن. بەکۆتاییهاتنی جەنگی سارد، رووسیا بووە وڵاتێکی لێکترازاو و ناکۆکی‌و کێشمەکێشی نێوان بەرۆژئاواییبوون‌و "سلاڤۆفیل"[١٠٧] تا دە ساڵیش لە

یەکەمیانەوە مەیلی بەرەو لای دووەمیان هەبوو. گۆرباچێڤ[١٠٨] ڕێگای بۆ یەڵتسین[١٠٩] کردەوە. ئەو شێوازی باوی رووسی لەگەڵ بڕوا رۆژئاواییەکاندا هەڵبژارد, بەڵام ئەم شێوازە لەلایەن ئۆرسۆدۆکسە نەتەوەییەکانەوە هەڕەشەی لێکراو مەیلی دژە رۆژئاوایی دروستکرد.

سیاسەتمەداران لە کۆمەڵگە نارۆژئاواییەکاندا، لەهەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست ناهێنن، بەڵکو، ڕکەبەریە هەڵبژاردنییەکانی خۆیان بەپێی بڕواکانی خەڵك و ئەوەی خوازیارین بەدەستدێنن، کە ئەنجامەکەی سەفەربەرکردنی گشتیە دژی خوێندەوارە رۆژئاوادیتوەکان. بنەماخوازە ئیسلامیەکان لە چەندین هەڵبژاردنی وڵاتەکانیاندا، کارکردێکی باشیان نواندو دەسەڵاتی نەتەوەییان بەدەستهێنا. لە جەزایر ئەگەر هێزە سەربازیەکان هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢یان هەڵنەوەشاندایەتەوە، ئەوا ئەنجامێکی پۆزیتیڤیان بەدەست دەهێنا. لە هیندستان، رکەبەریەکانی هەڵبژاردن و خواستە گروپیەکان، توندوتیژی گشتی پەرەپێدەدات. دیموکراسی لە سریلانکا[١١٠]، ئەو دەرەتانەی بە پارتی ئازادیخوازدا تا دەستەبژێرە لایەنگرەکانی کولتووری رۆژئاوا کە پشتئەستووربوون بە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەکارلادەن. بەر لە ١٩٤٩، ئەفریقای باشوورو دەستەبژێرە رۆژئاواییەکان پێکەوە، ئەفریقای باشووریان بەوڵاتێکی رۆژئاوایی دەژمارد. دوایئەوەی ڕژێمی ئەپارتاید[١١١] (جیاوازی نەژادی) سەریهەڵدا، رۆژئاواخوازەکان بەرەبەرە ئەفریقای باشووریان لە دەرەوەی ئۆردوگای رۆژئاوا دیتەوە. سپیی پێستەکانی ئەفریقای باشوور، هێشتاش خۆیان بە رۆژئاوایی دەزانن و دەیانەوێت ئەفریقای باشوور بکەنە وڵاتی ناوەندی ئەفریقا. ئێمە شایەتی کۆتایهاتنی سەردەمێکی پێشکەوتوین کە بەهۆی ئایدیۆلۆژیای رۆژئاواوە باڵادەست بووەو بەرەو چەرخێك دەڕۆین کە تێیدا شارستانییە جیاوازەکان، کاریگەری بەرامبەریان



هەیە لەسەریەکتر، رکەبەرێتی یەکتر دەکەن و پێکەوەش سازشدەکەن. ڕەوتی جیهانی بوومیخوازی، نیشاندەری ژیانەوەی ئایینە کە لەگەلێك ناوچەی دنیاو پتر لە وڵاتە ئاسیایی و ئیسلامیەکاندا بەشێوەیەکی بەرین و بەهۆی ئابووری و دانیشتوانی بزۆکەوە پێکهاتووە.

## ڕقی خوداوەند

لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، پێدەچوو کە مۆدێرنیزمی ئابووری و مۆدێرنیزمی کۆمەڵایەتی، دەبنەهۆی تەفروتونابوونی ئایین کە لە ژیانی مرۆییدا توخمێکی بەرچاوە. نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، سەلماندی کە ئەم نیگەرانیانە بێ ڕیشەبوون. مۆدێرنیزەبوونی ئابووری و سیاسی، ڕووبەرێکی جیهانی گرتۆتەوەو هاوکات لەگەڵ ژیانەوەی ئایندا بۆتە هۆی ئەوەی تاوەکو خەڵك بگەڕێنەوە بەرەولای مەعنەویەت. ئەم ژیانەوەیەی ئایین کە "جیل کەپەل" ناویناوە "ڕقی خواوەند"[١١٢] لەهەموو کیشوەرێکدا، لەهەموو شارستانی و بەکردە لەهەموو وڵاتێکدا کاریگەری داناوەو ڕوانینێکی نوێی ئایینی پێکهاتووە کە چیتر ئامانجەکەی بەرەو بەها دنیاییەکان نییە, بەڵکو دۆزینەوەی بنیاتێکی پیرۆزە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە. ئەم تێڕوانینە، پشتیوانیکرد لەو بزاوتی مۆدێرنیزمەی کە پێشتر تێکشکابوو، تاوەکو دابڕان لە خودا کۆتایی پێبهێنێ. ئامانجەکەی، بانگەشەکردنی مەسیحیەتی دووەم نەبوو لەئەوروپاداو ئامانجەکەی دیکەش، مۆدیرنیزەکردنی ئیسلام نەبوو، بەڵکو بەئیسلامیکردنی مۆدێرنیزم بوو.

ئەم ژیانەوە ئایینییە، ئایینەکانیتری شەیداکردو هێزێکی نوێی پێکهێنا کەلە کۆمەڵگەکانی پێشووتردا بوونی نەبوو و خەڵکێکی دەگرتەوە کە دەگەڕانەوە بۆلای کۆمەڵگە نەریتی و ئایینییەکانی خۆیان. مەسیحیەت،

ئیسلام، هیندۆییزم، بوودابیزم، ئورسودوکس‌و جولەکە، تێکڕا ئەم شەپۆلە نوێیە خرۆشاوەیان تاقیکردەوەو بنەماخوازە ئایینییەکان دەستیانکرد بە پاککردنەوەی حکومەت‌و دەزگاکان تاکوو ڕەفتارەکۆمەڵایەتی‌و گشتیەکانی کۆمەڵگە بەهۆی بڕوائایینییەکانەوە بنیاتبنێنەوە. جولاّنەوەی بنەماخوازەکان زۆر سەیرن‌و دەتوانن کاریگەری گرنگی سیاسیان هەبێت. بەلاّم ئەوانە تەنها شەپۆلێکی ڕوکەشی تۆفانێکی بەرینتری جیهانی ئایینن کە دەتوانن چۆنایەتیەکی جیاواز ببەخشنە ژیانی مرۆیی. ژیانەوەی ئایین لەسەرانسەری جیهاندا، لەسەرووی چالاکی بنەماخوازە توندڕەوەکانەوە بووە کە لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە، لەژیانی ڕۆژانەو کاری خەڵکدا دەردەکەون‌و تەنانەت خۆیان لەگەڵ کاروبارە دەوڵەتیەکاندا دەگونجێنن. بەمەعنەویبوونی جیهان، یەکێك لە ڕاستیە گرنگە کۆمەڵایەتیەکانی ئاخروئۆخری سەدەی بیستەم بوو.

ئایین، بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە ولاّتە کۆمۆنیستیەکانی پێشوودا بوونی هەبوو و ژیانەوەی ئایین، ئەو بۆشاییەی پەرەپێدا کە ئایدیۆلۆژی لەسەرانسەری جیهاندا دروستیکردبوو و لە ئەلبانیاوە گەیشتە ڤێتنام. ئاینزای ئورسودوکس لە رووسیا، ژیانەوەیەکی بنەڕەتی بەخۆیەوە دیتووە. لە ١٩٩٤دا، نزیکەی سەدا ٣٠٪ رووسەکانی خواروی تەمەنی ٢٥ساڵ، لەکفرو بێ باوەڕیەوە گەیشتنە بڕوای خودایی.

ژمارەی کلێسە چالاکەکانی دەوروبەری مۆسکۆ لە ١٩٩٣دا، لە ٥٠کلێسەوە بوونە ٢٥٠کلێسەو ڕێبەرە سیاسیەکان بەشێوەیەکی گشتی ڕێزی ئایینیان گرت‌و پشتیوانیکردنی دەوڵەتیان بۆ ئایین ڕاگەیاند. هاوکات لەتەك ژیانەوەی ئایینزای ئۆرسۆدۆکس لەکۆمارە سلاڤیەکاندا[١١٣]، ژیانەوەی ئیسلامی لەسەرانسەری ئاسیای ناوەڕاستدا پەرەیسەند. لە ١٩٨٩دا، ١٦٠مزگەوت‌و تاکە قوتابخانەیەکی ئیسلامی لەئاسیای ناوەڕاستا



هەبوو. لەسەرەتای ١٩٩٣دا، ئەم ژمارەیە گەیشتە ١٠,٠٠٠ مزگەوت‌و دە قوتابخانەو هەموویان لەلایەن عەرەبستانی سعودی، ئێران‌و پاکستانەوە پشتگیریی دەکران. چۆن دەکرێت ئەم ژیانەوە جیهانییەی ئایین وەسفبکرێت؟ هۆ سەرەکیەکان، ئەو چالاکیانە بوون کە لە ولاّتان‌و شارستانییە جۆراوجۆرەکانەوە سەرچاوەیان دەگرت. بەلاّم دیاردەیەکی جیهانی پێویستی بە پاساودانەوەیەکی جیهانی هەیە. سەرەڕای ئەمەش، دەکرێت گەلێك لە ڕووداوەکانی هەندێك ولاّتی تایبەت، بگەڕێنرێتەوە بۆ فاکتۆرە تایبەتەکانی نێو خودی ئەو ولاّتە. هەرچەند هەندێك هۆی گشتیش لە ئارادابوون، ئەوهۆیانە چی‌بوون؟

ئاشکراترین‌و گرنگترین هۆ بۆ ژیانەوەی ئایین لە جیهاندا، هەمان ئەو شتە بوو کە وێنا دەکرا: مەرگی ئایین. ڕەوتی مۆدێرنیزەبوونی کۆمەڵایەتی، کولتووری‌و ئابووری لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، سەرانسەری جیهانی گرتەوە، سەرچاوەکانی شوناس‌و شێوازەکانی هێزی لێکترازاندو خەڵکی لەدەوروبەرەوە بەرەو شارەکان خستە جموجۆڵ. لەئەنجامدا کۆچکردووەکان خۆیان لەبەرامبەر ژمارەیەکی زۆری کەسی نامۆو پەیوەندی نوێدا دیتەوە. ئەوان، پێویستیان بە شوناس‌و تێگەیشتنی ئاکاری نوێ هەبوو تا هەستی واتادارو بەئامانجیان بداتێ-ئایین، دابینکەری ئەم پێویستیانە بوو.

لەلایەکیتر، خەڵك تەنیا بە بەڵگەو بورهانەوە ناژین. خەڵك، تا ئەوکاتەی نەگەنە واتای "خود"[١١٤]، ناتوانن بەشێوەی لۆژیکی‌و عەقلانی بۆخواستە تایبەتیەکانیان بجوڵێن. ویستی سیاسی، تەنها شوناسی گریمانەیی پێشکەشدەکات. لەو سەردەمانەی گۆڕانکاری خێرای کۆمەڵایەتی ڕوودەدەن، شوناسە دروستکراوەکانی پێشوو لەناودەچن‌و دەبێت "خود" سەرلەنوێ پێناسە بکرێت تا شوناسی تازە پێکبێت. لەم ڕەوتەدا، خەڵك

لەنوێوە شوناسە مێژووییەکانیان دەناسنەوە، یان ئەوەتا شوناسێکی نوێ دەخوڵقێنن. ئامانجی جیهانی چی دەبێت بابێت، ئایین شوناس دەداتە خەڵك. واتە جیاوازیەکی سەرەکی لەنێوان بڕوامەندان و بێبڕوایاندا.

گەڕان بەدوای ناسنامەدا، لەنزمترین ئاستی کۆمەڵگەوە، کاریگەرترین ڕێگەیە بۆ پێکهێنانی شوناسێکی جیهانی کە واتای خۆی ونکردووە. لەهیندستاندا، شوناسێکی نوێی هیندۆس خەریکە پێکدێت و لە رووسیا، ژیانەوەی ئایین، دەرئەنجامی ئارەزوویەکی بەجۆش بووە بۆ شوناس کە تەنها کڵێسەی هەزارساڵەی ئۆرسودوکس دەتوانێت دەستەبەری بکات.

بەگشتی، ژیانەوەی ئایین لەسەرانسەری جیهاندا، پەرچەکرداریکی دروستکردووە لە بەرامبەر ژیانی دنیایی، لاوازی ئاکارو زیادەڕەوی لەکارداو سەرلەنوێ جەخت دەکاتە سەر بەهاکان، سیستەم، دیسپلین، کار، یارمەتیە دوولایەنەکان و یەکگرتوویی مرۆیی. گروپە ئایینییەکان بایەخدەدەنە ئەو پێویستیە کۆمەڵایەتیانەی کە حکومەتە بیرۆکراتەکان بایەخیان نەدەدایە.

کۆریای باشوور، لەڕووی مێژووییەوە وڵاتێکی بوودایی بووەو بوودایزم دەیتوانی بەملیۆنان کەس بکێشێتە شارەکان. بەڵام ئەوکاتەی کۆریای باشوور لەرووی ئابووریەوە پەرەیسەند، بوودایزم هێزی ڕاکێشانی نەماو مەسیحیەت بە پەیامی ڕزگاریەوە توانی لەسەردەمی ئاژاوەو بشێویدا، ئارامیەکی دڵنیاکەرەوەتر بەدیبهێنێ. لە هەشتاکاندا، مەسیحیەت تەنیا لە سەدا ٣٠٪ ژمارەی دانیشتوانی کۆریای باشووری دەگرتەوە. ئەمەریکای لاتینیش لەرووی ژمارەی مەسیحیەکانەوە زیادبوونێکی هاوشێوەی بەخۆیەوە بینیوە کەلە ٧ملیۆن کەسەوە لە شەستەکاندا، گەیشتۆتە ٥٠ملیۆن کەس لە نەوەدەکاندا. ئەم سەرکەوتنە بەو هۆیەوە بوو کە کڵێسەو قەشەکان لەگەڵ لایەنە تەکنیکیەکانی کۆمەڵگەی شاریدا



هەڵیانکردو ئەو دیاردەیەیان قبوڵکرد، کە پێکهاتی کۆمەڵگەی شاری ناتوانێت لەم چەرخەدا وەڵامدەرەوەی پێویستیە دەرونییەکانی مرۆڤ بێت. کڵێسە دەتوانێت وەڵامی پێویستیە دەرونییەکانی مرۆڤ بداتەوەو هەستێکی گەرمو ئەزمونێکی مەعنەویان بداتێ. مەسیحیەتیش، وەکو ئایینەکانیتری جیهان ڕوو لەژیانەوەیە. دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، کڵێسە رۆژئاواییەکان ڕویانکردە ئورسۆدۆکسیەکانی کۆمارەکانی پێشووی یەکێتی سۆڤیەت تا رکابەری کڵێسە ئۆرسودۆکسیەکان بکەن.

تێکشکانی کۆمۆنیزم لە یەکێتی سۆڤیەتداو کشانەوەی لە چینداو هەروەها شکستهێنانی ئابووری سۆسیالیزم، کەشێکی خاڵی لەئایدیۆلۆژیانەی پێکهێنا. حکومەتە رۆژئاواییەکان و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی وەکو IMF [١١٥] (سندوقی ناونەتەوەیی دراو) و بانکی جیهانی[١١٦] هەوڵیاندا تا ئەم کەشە بۆشە بەشێوازی ئابووری نێو- ئورسودوکس[١١٧] و سیاسەتە دیموکراتیەکان پڕبکەنەوە. رادەی پەرەگرتن و بەردەوامبوونی ئەم شێوازانە هەرچەندە کاریگەری بەردەوامیان لەسەر کولتوورە نارۆژئاواییەکانیش هەبێت، دیارنییە. ئەمێستا، خەڵك لە بێهێزبوونی کۆمۆنیزم گەیشتوون و لە نەبوونی پەرستگایەکی دنیاییدا، ڕوودەکەنە ئایین. ئایین جێی ناسیۆنالیزمی دنیایی گرتۆتەوە.

بزووتنەوە ئیسلامیەکان لەژیانەوەی ئاییندا، بەرهەڵستی شارنشینی، پیشەسازیبوون، مۆدێرنیزم، سەرمایەداری، زانست و تەکنۆلۆژی ناکەن، چونکە زانست و تەکنۆلۆژی، لەشێوازی ژیاندا، گۆڕانی حەتمی پێکدێنن. ئەمڕۆکە، باسی ئەوە دەکرێت کە نەناسیۆنالیزم و نەسۆسیالیزم هیچ پێشکەوتنێکیان لەجیهانی ئیسلامدا بەدینەهێناوە. ئیسلامێکی پاكوخاوێن، لەجیهانی هاوچەرخدا ڕۆڵێکی هەستیاری دەبێت. ئایین، لەگەڵ پەرەسەندن و پێشکەوتندا ناکۆك نییەو بۆ ئەو کەسە خوێندەوارانەی

له ڕێکخراوە حکومی‌و بازرگانییەکاندا لەکاروپیشەی پسپۆڕانە دەگەڕێن، زۆر سەرنجڕاکێشە.

داکۆکی ئیسلامی، بەدرۆخستنەوەی کاریگەری ڕۆژئاوایە لەسەر کۆمەڵگەو سیاسەت‌و ئاکار. ژیانەوەی ئایین بۆ ڕەتکردنەوەی مۆدێرنیزم نییە، بەڵکو قبوڵنەکردنی کولتووری ڕوو لەڕووخانی ڕۆژئاوایە کە ناوی لێنراوە " ژەهراویبوونی ڕۆژئاوایی"[118] و خۆی لەخۆیدا جارنامەیەکی سەربەخۆیی کولتووریە. جاڕنامەیەکی شانازی ئامێزی بەمجۆرەیە: دەبینە مۆدێرن، بەڵام نابینە ڕۆژئاوایی..

# بەشی پێنجەم

## ئابووری، دانیشتوان و شارستانییە خەباتگێڕەکان

بوومیگەریو ژیانەوەی ئایین، دیاردەیەکی جیهانییە لەجەخت کردنەوە لەسەر کولتوورو، خەباتکردنە لە دژی رۆژئاوا کە لەکۆتایی سەدەی بیستەمدا لەئاسیاو جیهانی ئیسلامدا بەهۆی شارستانییە دینامیکەکانەوە سەریهەڵداوە. خەباتی موسڵمانان بۆ ژیانەوەی بەربڵاوی کولتووری، کۆمەڵایەتیو سیاسی جیهانی ئیسلام، نیشاندەری قبوڵنەکردنی بەهاو دەزگاکانی رۆژئاوایە. لەشارستانییەکانی رۆژهەڵاتی ئاسیادا، خەباتی ئاسیاییانە دەبینرێت. شارستانی چینی، ژاپۆنی، بودیو ئیسلامی تێکڕایان داکۆکی دەکەنە سەر باڵادەستی کولتووری خۆیان بەرامبەر بە کولتووری رۆژئاوا. خەڵکانی شارستانییە نارۆژئاواییەکانی وەکو: هیندۆس، ئۆرسۆدۆکس، ئەمەریکای لاتینو ئەفریقاش جەختدەکە نەسەر باڵادەستبونی کولتووریان، بەڵام دوودڵن لە دەربڕیندا. ئاسیاو ئیسلام خۆڕاگریدەکەنو لێبڕاوانە بانگەشەی باڵادەستبوونی خۆیان دەکەن.

لەپشت ئەم خەباتانەوە هۆی جۆربەجۆرو وابەستە بەیەک هەن. لایەنگیری ئاسیایی پەیوەندی بەگەشەکردنی ئابوورییەوە هەیەو پەسندکاری موسڵمانەکانیش تاڕادەیەکی بەرچاو پەیوەستە بەسەفەربەرکردنی کۆمەڵایەتیو گەشەکردنی دانیشتوانەوە. ئەم خەباتە لەسەدەی بیستویەکەمدا بەردەوام دەبێتو کاریگەر دەبێت لەسەر ناجێگیربوونی



سیاسی جیهان. نەشونمای ژمارەی دانیشتوانی وڵاتە ئیسلامیەکان بەتایبەت لەنێوان لاوانی ١٥تا ٢٤ ساڵاندا، توندوتیژی، شۆڕشو کۆچبەری پێکدێنێ. پەرەسەندنی ئابووری، وڵاتە ئاسیاییەکان بەهێزدەکا، بەڵام گەشەکردنی دانیشتوان، هەڕەشە لە کۆمەڵگە ئیسلامیو نائیسلامیەکان دەکات.

## لایەنگیری ئاسیایی

پەرەسندنی ئابووری ئاسیای رۆژهەڵات، یەکێك لە زەقترین پێشکەوتنەکانی جیهان بووە لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا. ئەم پەرەسەندنە لەژاپۆن لە پەنجاکانەوە دەستیپێکردو تا سەردەمێك وادەزانرا ژاپۆن دۆخێکی ئاوارتەی گەورەی هەیە: واتە وڵاتێکی نارۆژئاواییە کە بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە مۆدێرنبووەو لەرووی ئابوورییەوە پەرەیسەندووە. ئەم پەرەسەندنە ئابووریە تەشەنەی کرد بۆ هۆنگ کۆنگ، تایوان، کۆریای باشوور، سەنگاپوراو پاشان بۆ چین، مالیزیا، تایلاندو ئەندەنۆزیاو لە فیلیپین، هیندستانو ڤێتنامیشدا خەریکە سەرهەڵدەدات. ئەم وڵاتانە، بۆماوەی دەیەیەکو بگرە پتریش بەهرەمەندبوون لەگەشەکردنێکی ساڵانەی لەسەدا ٨ تا ١٠. سەرەڕای ئەوە، بازرگانی بەشێوەیەکی بەرچاو لەنێوان ئاسیاو جیهاندا پەرەیسەندو پاشان لەناو خودی ئاسیادا سەریهەڵدا. واتە لەئاسیادا کارکردێکی ئابووری وابووە کە دەکرێت لەگەڵ گەشەکردنی نێوەنجی ئابووری ئەوروپاو ئەمەریکادا بەراورد بکرێت.

چیتر ئەم ئاوارتەبوونە تایبەت بە ژاپۆن نییە، بەڵکو لەسەرانسەری ئاسیادا برەویسەندووە. ئەو سامانەی کە هێمای شوناسی رۆژئاواو گەشەنەکردوویی سەرزەمینە نارۆژئاواییەکان بوو، چیتر بەردەوامنابێت.

خێرایی ئەم ڕاگواستنە زۆر بووەو وەکو باسکراوە لە بەریتانیادا ٥٨ساڵو لە ئەمەریکادا ٤٧ساڵی خایاندووە تا توانیان دەرامەتی سەرانەیان بکەنە دووقات، بەڵام ژاپۆن لەماوەی ٣٠ساڵو ئەندەنۆزیا لە ماوەی ١٧ساڵو کۆریای باشوور ١١ساڵو چین لەماوەی ١١ساڵدا ئەم کارەیان ئەنجامداوە. ساڵی ١٩٩٣ بانکی جیهانی ڕایگەیاند بواری ئابووری چین، چوارەمین جەمسەری ئابووری بووەو تارادەیەك گەیشتۆتە ئاستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ژاپۆنو ئەڵمانیا. مەزەندەکردنەکانیتر دەیسەلمێنن کە لەسەرەتای سەدەی بیستویەکەمدا چین گەورەترین ئابووری جیهانی دەبێتو هەروەها شیمانەی ئەوەدەکرێت کۆمەڵگە ئاسیاییەکان تا ساڵی ٢٠٢٠، زۆرینەی بەرهەمهێنانی ئابووری جیهانیان هەبێت.

پەرەسەندنی ئابووری ئاسیای ڕۆژهەڵات، هاوسەنگی هێزی نێوان ئاسیاو ڕۆژئاواو بەتایبەت ئەمەریکا دەگۆڕێت. پێشکەوتنی ئابووری، متمانە بەخۆکردن دروستدەکاتو سامان وەکو هێز، سەلماندنی بالادەستبونی ئاکاریو کولتووریە. ڕێنیسانسێکی کولتووری لەسەرانسەری ئاسیادا سەریهەڵداوە کە متمانەبەخۆکردنی ئاسیاییەکانو هەروەها داکۆکیکردنیان لە شوناسە کولتووریە هاوبەشەکانیان دەسەلمێنێت.

ئەو دەمانەی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا، ڕۆژئاوا بەزۆروزۆرداری نفوزی کردە چینو ژاپۆن، دەستەبژێرە بالادەستەکان، ستراتیژی ڕیفۆرمیزمیان هەڵبژارد، تەکنیكو دەزگا ڕۆژئاواییەکانیان وەرگرتو دەستیان بەمۆدێرنیزم کرد. داڕووخانی خانەدانی چینگ لە ١٩١٠دا، بووەهۆی شەڕی ناوخۆییو سەرەنجام لەساڵی ١٩٤٠دا یەکێتی سۆڤیەت بەسەر ناسیۆنالیزم، لیبرالیزم، دیموکراسیو مەسیحیەتی ڕۆژئاواییدا سەرکەوت. چین، بەکۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی ناسرا. سەرنەکەوتنی کۆمۆنیزم لەپەرەسەندنی ئابووریدا، چینی ڕووبەڕووی دووڕیانێك کردەوە.



چین دوودڵ بوو لەوەی ئایە بەرەو ڕۆژئاوا بڕوات یان بگەڕێتەوە بۆ ناوخۆی. گەلێك لەڕوناکبیرانی لایەنگری بەڕۆژئاواییبوون بوونو لەبەرئەمە "خوداوەندی دیموکراسی"[١١٩] لە گۆڕەپانی "تیانان میندا"[١٢٠] هەڵکرا. ئەم ڕۆژئاواخوازیە، پتر لە ٨ملیۆن کەسی لەگۆڕەپانی تیانان مین دا سەفەربەر کرد.

دوای ڕووداوی تیانان مین، نەتەوەخوازیو کولتوورخوازی لەچیندا سەریانهەڵدا. لەنەوەدەکاندا، هەستی گشتی گەڕانەوە بوو بۆ چینی ڕاستەقینە. دیموکراسی ئازاد باوی نەماو لەکۆتایی سەدەی بیستەمدا، ڕێبەرە سیاسیەکان کۆنفۆشیۆسیان کردە سەرچاوەی پێشکەوتنیانو جێژنیان بۆکرد. چینو ژاپۆن، لەکولتووری خۆیاندا بەهای نوێو هاوبەشیان دەستنیشانکرد. لە هەشتاکانو نەوەدەکاندا بە پیشەسازیبوونو گەشەکردنی ئابووری ئاسیا بوونەهۆی ئەوەی ئەم تێکەڵەیە ناوبنێن "پەسەندکردنی ئاسیایی"[١٢١]. ئەو هۆکارانەی بوونەهۆی ئەم پەرەسەندنە بریتیبون لە:

- ئاسیاییەکان لەوباوەڕەدان دەتوانن پەرەپێدانی ئابووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا درێژە پێبدەن.
- پەرەسەندنی ئابووری ئاسیا، قەرزداری کولتووری ئاسیاییە.
- ئاسینی جیاوازیەکانی نێوان کۆمەڵگەو شارستانییە ئاسیاییەکان، گەلێك شتی هاوبەشی نیشانداوە.
- دەبێت بەها ئاسیاییەکان سەرمەشق بن بۆ کۆمەڵگە ناڕۆژئاواییەکانیترو دەبێ ئاسیا ئەم بەهایانە بگوازێتەوە بۆ شوێنەکانیتری جیهان.

• پێویستە ژاپۆنو وڵاتە ئاسیاییەکانیتر " پاسیفێکی جیهانی"[١٢٢] لەگەڵ "ئاسیای جیهانی"[١٢٣]دا جێگۆڕکێ بکەن. بەمجۆرە، تایبەتمەندی "سیستەمی جیهانی"[١٢٤] پێکدێت.

باوەڕبەخۆبوونی روو لەزیادبوونی ئاسیای رۆژهەڵات هۆشداری سەرهەڵدانی "ئاسیایەکی جیهانی" دەدات. پەرەسەندنو بوژانەوەی ئابووری ئاسیای رۆژهەڵات، قەرزداری **باڵادەستبوونی ئاکاری خەڵکەکەیەتی.**

## ژیانەوەی ئیسلام

لەکاتێکدا ئاسیاییەکان داکۆکیدەکەنەوە لەسەر پەرەسەندنی ئابووریان، موسوڵمانەکان بەشێوەیەکی بەرچاو بەرەو شوناسی ئیسلامی دەڕۆنو جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی کە "ئیسلام چارەسەرە". ژیانەوەی ئیسلامی هەوڵدانێکە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر لە ئیسلامی مۆدێرندا، نەک لە ئایدیۆلۆژیای رۆژئاواییدا، ئەمەش کولتووری رۆژئاوایی ڕەتدەکاتەوەو پابەندبوون بە ئیسلام بەڕێنمایی ژیانی جیهانی مۆدێرن دەزانێت. کاربەدەستێکی سعودی لە ١٩٩٤دا گوتی: "ئیسلام لەلای ئێمە تەنها ئایین نییە، بەڵکو ڕێگای ژیانە". سعوودیەکان دەڵێن ئێمە مۆدێرنیزە دەبین بەڵام نابینە رۆژئاوایی.

ژیانەوەی ئیسلام یەکی بەرینی کۆمەڵایەتی، کولتووریو سیاسیە لە سەرانسەری جیهانی ئیسلامیدا. ئەو بنەماخوازە ئیسلامیانەی بەگشتی بەئیسلامی سیاسی ناوزەد کراون، تەنها بەشێکی بچووکی ئێجگار فراوانی برواو شێوازو پابەندبوونی ئیسلامن، ژیانەوەی ئایین، بێداربوونەوەیەکە لە ژیانی تاکدا.



ئەم ژیانەوەیە کاریگەری کردۆتەسەر تێکڕای خەڵکانی وڵاتانو کۆمەڵگە ئیسلامیەکان. جۆن-ل-ئەسپۆزیتۆ[١٢٥] لە کتێبی"هەڕەشەی ئیسلامی"دا دەڵێ: "بایەخدان بەڕێوشوێنە ئایینییەکان، کۆبوونەوەی مزگەوتەکان، نوێژ، رۆژوو، پەرەگرتنی بەرنامەو بڵاوکراوە ئایینییەکان، جلوبەرگی ئیسلامی، بەهاکانو ژیانەوەی عیرفان[١٢٦] لەژیانی گشتیدا دەگیرێتەبەر کە لەئاستێکی بەرینتردا، دامودەزگا، حکومەت، رێکخراوەکان، یاساکان، بانکەکانو دامەزراوە فێرکاریەکانیش دەگرێتەوە". زۆرینەی کاربەدەستانو حکومەتەکان بەتایبەت حکومەتە نائیسلامیەکانی وەکو تورکیاو تونس پۆتانسیەلی بەهێزی ئیسلامیان ناسیوەو سەبارەت بەشێوازە ئیسلامیەکان هەستیار بوونەتەوە.

کتێبی پیرۆز (قورئان) وێنەی کۆمەڵگەیەکی پابەندە کە گەلێك ئامۆژگاری جۆراوجۆر دەگرێتەوە. ڕیفۆرمخوازە ئیسلامیەکان لە ڕیفۆرمخوازە پرۆتستانەکان دەچن. هەردوکیان پەرچەکرداریان هەیە دژی گەندەڵیو داڕووخانی دەزگاکانی کۆمەڵگە تا ببێتەهۆی گەڕانەوە بۆ ئایینێکی خاوێنو پاکتر. ڕیفۆرمیزمو ژیانەوەی ئایینی، چاکسازی بنەڕەتینو ورەی ڕیفۆرمخوازی دەبێ جیهانی بێت. دەبێت **چاکسازی تێکڕای شوێنەکان، کەسەکان، دەزگاکان، مینبەری دادوەرەکان، قوتابخانەکانو سەرانسەری وڵات بگرێتەوە. ئەم بێداربوونەوەیە گشتگیرەو تەنها خوادۆزی فەردی ناگرێتەوە. بەگشتی، سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەیەکە لەسەرەوە تا خوارەوە.**

ژیانەوەی ئایین، لەتێکڕای کۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا تاقیکراوەتەوەو لەنێوان ملیارێك موسڵماندا، لەمەغریبەوە تا ئەندەنۆزیاو لە نایجیریاوە تا کازاخستان پابەندبوونو هاوپشتی دروستکردووە. ئیسلامخوازی سەرەتا لە قەڵەمڕەوی کولتووریەوە دەستپێدەکاتو پاشان بەرەو قەڵەمڕەوی

سیاسی و کۆمەڵایەتی دەڕوات. ڕوناکبیران و ڕێبەرە سیاسیەکان، نە دەتوانن پشتگوێی بخەن و نە دەتوانن پارێزی لێبکەن.

لەنەوەدەکاندا، لەمیسر گەلێك ڕێکخراوی ئیسلامی پێکهاتن تا شوێنە چۆڵەکانی دەوڵەت پڕبکەنەوە. ئەم ڕێکخراوانە تەندروستی، خۆشگوزەرانی، فێرکاری و خزمەتەکانیتریان دەستەبەردەکرد.

دوای بومەلەرزەکەی ١٩٩٢ی قاهیرە، ئەم ڕێکخراوانە لەماوەی یەك کاتژمێردا خۆیان گەیاندە شەقامەکان و خۆراك و بەتانیان بلاّودەکردەوە، ئەمە لەحاڵێکدابوو کە کۆششەکانی حکومەت زۆرکەم بوون. ئوردون لەساڵی ١٩٩٠دا، ڕێکخراوی "برایەتی ئیسلامی[١٢٧] دامەزراند تا پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و کولتووری بەدیبێنێ. لەتەنیشتی ئەمانە، لەکەرتی ڕۆژئاوا و غەزەدا، ڕێکخراوی ئیسلامی، یەکێتی خوێندکاران، ڕێکخراوی لاوان، دەرمانخانە، دایەنگاو خەلوەتگەی بەساڵاچوان کرانەوە. لەئەندەنۆزیا، ڕێکخراوە ئیسلامیەکان لەسەرانسەری وڵاتدا پەرەیانسەندو تێکڕا لە منداڵیەوە تا مەرگ خزمەتی خەڵك دەکەن. بەلاّم ئەم ڕێکخراوانە ناتوانن بەشداری کاروباری سیاسی بکەن.

لەشۆڕشی ئێراندا، خوێندنکاران و ڕوناکبیران ستافێکی میلیشیای وایان پێکەوەنا. کەسەربازە ئیسلامیەکانی سەرسامکرد. خەڵکانی سەر بەچینی ناوەڕاستی شاری و نەریتپەرستیش، لەم چالاکیانەدا گروپگەلێکی فراوان و ئەکتیڤیان هەبوو. بازرگانان، بازاڕیەکان و ژنان، لەشۆڕشی ئێراندا ڕۆڵێکی ژیانیان هەبوو. هەڵسوراوە ئیسلامیەکان لەلایەن ژمارەیەکی فراوانی خوێندەوارو ڕۆناکبیرەوە پشتگیریدەکران، دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێ کە پزیشکان، پارێزەران، ئاندازیاران، زانایان، مامۆستایان و ڕوناکبیران ناوکی سەرەکی ئیسلامیەکانیان پێکدەهێنا. لەزۆربەی وڵاتەکاندا، بنەماخوازان، یەکێتیە خوێندکاریەکان و ڕێکخراوە هاوشێوەکانیان خستبووە دەست



خۆیان و ئەمەش یەکەم قۆناغی ڕەوتی " سیاسی ئیسلامی" بوو. هەفتاکان لەزانکۆکانی میسر، پاکستان و ئەفغانستاندا ژیانەوەی ئیسلامی سەریهەڵدا.

توخمێکی گرنگیتری بزرتنەوەی ئیسلامیەکان، کوچکردن بوو بەرەو شارەکان و ئەمانەش پێویسیان بە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی هەبووو ئەم خزمەتگوزاریەشیان لای ڕێکخراوەئیسلامیەکان دەستکەوت. "ئەرنەست گەلنەر"[١٢٨] لەکتێبی "لەدەرەوەی ئیمپریالیزم"دا دەڵێ: "ئیسلام شوناسێکی شکۆمەندی بەخشیوەتە ئەم جەماوەرە تازەپێگەیشتووە. ژیانەوەی ئیسلامی، هەوڵدانی موسڵکانەکانەو یەکی کولتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیە کە سەرانسەری جیهانی ئیسلامی گرتۆتەوە".

لەناوەڕاستی نەوەدەکاندا، حکومەتە ئیسلامیەکان تەنها لەئێران و سوودانداا دەسەلاّتیان بەدەستەوەبوو. ژمارەیەکی کەمتری وڵاتانی موسڵمانی وەکو تورکیاو پاکستانیش لافی ئەوەیان لێدەدا گوایە ڕژێمی دیموکراتیانەی ڕەوایان هەیە. بەلاّم حکومەتە ئیسلامیەکانیتری وڵاتەکانیتر بەگشتی نادیموکراتیانە بوون. شاپەرستی، سیستەمی تاکحزبی، ڕژێمی سەربازی و دیکتاتۆری و پێکهاتەیەکی لەمانەیان هەبوو و بەگشتی وابەستەبوون بەپشتیوانی دەرەکییەوە. هەردوو ڕژێمی مەغریب و عەرەبستان هەوڵیانداوە تا شێوەیەکی تایبەتی شەرعیەتی ئیسلامی پێکبهێنن، بەلاّم ئەو ڕژێمانە سەنگەری ڕژێمی سەرکوتکەر بوون و لەپێویستی و ئومێدی کۆمەڵگەکانیان دابڕاون. لەهەفتاکان و هەشتاکاندا، شەپۆلێکی سیستەمی دیموکراسی ئازاد، لەسەرانسەری جیهاندا پەرەیسەند. بەلاّم ئەم شەپۆلە کاریگەریەکی سنورداری کردەسەر کۆمەڵگە ئیسلامیەکان لەکاتێکدا کە دیموکراتیەکان لە باشووری ئەوروپا، ئەمریکای لاتین و دەوروبەری ئاسیای ڕۆژهەلاّت و ئەوروپای ناوەڕاست بەهێزدەبوون،

هاوکات لەگەڵ ئەمانەدا ئیسلامیەکان لە وڵاتە موسڵمەنەکاندا گەشەیان کرد. ئیسلام، لەکۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا جێی دیموکراسی گرتەوە. بەسیجی گشتی، گۆڕانی ڕژێمە ئۆتۆنۆمەکانو گۆڕانی فاکتۆرە نێونەتەوەییەکان بە تایبەت بەرزبووەنەوەی نرخی نەوتی جیهانی، هێزێکی تازەی دایە ئیسلامخوازەکان. "پاپا"[١٢٩] ڕابەری کاسۆلیکەکانی جیهان، ڕژێمی کۆمۆنیستی پۆڵۆنیای گۆڕی... خومەینی، ڕابەری کۆماری ئیسلامی، ڕژێمی شای ئێرانی کۆتایی پێهێنا.

بزووتنەوەی چەپگرو کۆمۆنیستەکان بە ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت برەویان نەما. لەکۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا گروپە "لیبراڵ-دیموکرات"ەکان زۆر کەمبوونو ئەوەشی هەبوو سنووردداربوو بۆ ژمارەیەکی کەمی زاناو ڕوناکبیرەکان. لەکۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا، دیموکراسی ئازاد نەیتوانی پشتگیری جەماوەری بەدەست بهێنێ. تێکشکانەکەی دەگەڕایەوە بۆ سروشتی نادۆستانەی کولتووری ئیسلامی لەگەڵ پرەنسیپەکانی کۆمەڵگەی ئازادی ڕۆژئاوادا.

بەر لەشەڕی کەنداو، عەرەبستانو وڵاتە عەرەبیەکانیتر، یارمەتیەکی دارایی زۆریان پێشکەشی وڵاتە برا-موسڵمانەکانیان کرد. لە هەفتاکانو هەشتاکاندا، ڕێبەرانی سیاسی وڵاتە ئیسلامیەکانیش هەوڵیاندا تا شوناسی ئیسلامی بدەنە ڕژێمەکانیان. حسێن، شای پێشووی ئوردون، وڵاتە ئیسلامیەکانی ئاگادارکردەوە کە حکومەتەکانیان لەجیهانی عەرەبدا، ئایندەیەکی ئەوتۆیان نابێت. هەروەها دەربارەی پێکەوەنانی دیموکراسیەکی ئیسلامی زۆر دوا. حەسەنی پادشای پێشووی مەغریب کەخۆی بەنەوەی پێغەمبەر (د.خ) دەزانی، خۆی بە فەرماندەی بەوەفای ئیسلام لەقەڵەمدا. سوڵتانی برۆنەیی[١٣٠] کەپێشتر بایەخی بەشێوازە ئیسلامیەکان نەدابوو، یەکسەر بووە دیندارو ڕژێمەکەی بە پادشای



موسڵمانی مالیزیا ناساند. لەتونس بن عەلی[١٣١]، لە ئاخاوتنەکانی خۆیدا ناوی "الله"ی بەکارهێنا. لەسەرەتای نەوەدەکاندا، سوهارتۆ بەئاشکرا سیاسەتی ئیسلامیانەی گرتە پێش. لە بەنگلادیش پرەنسیپی لاییك بوون لە دەستووردا لابراو لە ناوەڕاستی هەفتاکانەوە تا سەرەتای نەوەدەکان لەتورکیا شێلگیرانە بەربەرەکانێی شوناسی کەمالیزم کرا. سەرۆك حکومەتی وەکو ئۆزاڵ[١٣٢]، سۆهارتۆ[١٣٣]، و کەریمۆڤ[١٣٤]، بۆئەوەی پابەندبوونی خۆیان بەئیسلام نیشانبدەن، ڕۆیشتنە حەج. ئەندەنوزیا، سەرەڕای ئەوەی دانیشتوانێکی زۆری ناموسڵمانی هەیە، بەرەو پێکەوەنانی دووسیستەمی جیاواز ڕۆیشت، یەکێکیان ئیسلامی بوو و ئەویتریان نائیسلامی. لەپاکستان لەسەردەمی ڕژێمی "زیائەلحەق"[١٣٥]دا، هەوڵێکی زۆردرا بۆ بەئیسلامیکردنی یاساو ئابووری.

ژیانەوەی ئیسلامی وەکو جیلوەکانیتری ژیانەوەی ئایین، فاکتۆری ناوچەگەرایی، شارنشینی، گواستنەوە، بەسیجی کۆمەڵایەتی، پەرەپێدانی خوێندەواریو فێرکاریو پەرەسەندنی پەیوەندیەکانو پەیوەندیە گشتیەکان بەدواوەبووە. وێڕای ئەوە، برەوسەندنی بازاڕی نەوت لە هەفتاکاندا، سامانو هێزی گەلانی موسڵمانی زیادکرد. حکومەتی عەرەبستانی سعودی، لیبیاو وڵاتانیتری دەوڵەمەندی نەوت، سامانە نەوتیەکانیان بۆ برەودانی ئیسلام بەکاردەهێنن. بەوجۆرەی سامانی ڕۆژئاوا، بە بەڵگەی باڵادەستی کولتووری ڕۆژئاوا لەقەڵەمدرابوو ئەمێستا سامانی نەوت وەکو بەڵگەی باڵادەستبوونی ئیسلام دەزانرێت.

ڕێژەی ژمارەی دانیشتوانی وڵاتە ئیسلامیەکان بە تایبەت لە ناوچەی بەلکان ئەفریقای باکوورو ئاسیای ناوەڕاستدا بەئاشکرایی لە وڵاتە دراوسێکانیان لەجیهاندا زیاتربووە. لەنێوان ساڵانی ١٩٦٠و ١٩٩٠دا، تێکڕای دانیشتوانی جیهان ساڵانە سەدا ١,٨٥ گەشەیدەکرد، لە کۆمەڵگە

ئیسلامیەکاندا ئەم گەشەکردنە لە نێوان سەدا ٢ تا ٣ زیادیکردووەو موسڵمانەکان لە هەشتاکاندا لەسەدا ١٨ی دانیشتوانی جیهانیان پێکدەهێنا. لە وڵاتانی عەرەبیدا (جەزایر، میسر، مەغریب، سوریا و تونس) ژمارەی ئەو کەسانەی لەتەمەنی ٢٠ ساڵیدایەو دەچنە بازاڕی کارەوە، تا ساڵی ٢٠١٠ بەرێژەیەکی زیاد دەکات. زیادبوونی خێرای خوێندەواری لەکۆمەڵگە عەرەبییەکاندا لەنێوان وەچەی خوێندەوارو توێژی گەورەی نەخوێندەواردا دروستدەکات. زۆربوونی دانیشتوان پێویستی بەسەرچاوەی فراوانتر هەیەو ئەو کۆمەڵگەیانەی دانیشتوانی زۆریان هەیە، فشار دەخەنەسەر کۆمەڵگە کەم دانیشتوانەکانەوە. زیادبوونی نەشونمای دانیشتوانی موسڵمان، فاکتۆرێکی سەرەکی بووە لە پێکدادانە سنوریەکانی نێوان موسڵمانەکانو ئەوانیتردا. زیادبوونی دانیشتوان لەگەڵ داتەپینی ئابووریدا ئامێتە دەبنو دەبنەهۆی پەرەگرتنی کۆچبەری بەرەو کۆمەڵگەکانیتر.

نەشونماکردنی دانیشتوان، فاکتۆرێکی سەرەکی بووە لەشۆڕشەکاندا. لاوان لایەنگری ڕێپێوان، ناجێگری، ڕیفۆرمخوازیو شۆڕشن. پەرەسەندنی بەرچاوی ژمارەی لاوان لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکانیشدا هاوکاتبوو لەگەڵ سەردەمی شۆڕشی دیموکراتیانەدا. لەسەدەی نۆزدەیەمدا، بەپیشەسازیبوونو کۆچبەری، کاریگەری سیاسی دانیشتوانی لاوی لە کۆمەڵگە ئەوروپییەکاندا کەمکردەوە، لاوانی ئیسلامیش لە ژیانەوەی ئاییندا کاریگەری خۆیان نواندووە. لە هەفتاکانو هەشتاکاندا، زیادبوونی لاوانی ١٥ تا ٢٤ ساڵ لە وڵاتە موسڵمانەکاندا گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی. ئەم لاوانە، لەلایەن ڕێکخراوە ئیسلامیەکانەوە ڕێکخرانو سیاسیەکانیان پێکهێنا.



## خەباتە گۆڕاوەکان

هیچ کۆمەڵگەیەك ناتوانێت گەشەکردنی ئابووری بێسنووری هەبێت. لێکۆڵینەوەکان دەیسەلمێنن بوژانەوەی ئابووری ئاسیا لەسەرەتای سەدەی بیست ویەکەمدا، هاوسەنگدەبێت. لە ناوەڕاستی هەفتاکاندا، نەشونماکردنی ئابووری ژاپۆن بەشێوەیەکی بەرچاو کەمبۆوەو دوای ئەوە بەکردەوە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو وڵاتە ئەوروپییەکاندا بەرزتر نەبوو. وڵاتە ئاسیاییەکان، یەك لەدوای یەك موعجیزەی گەشەکردنو داشکانی ئابووری بەخۆیانەوە دەبینن. گەشەکردنی ئابووری ئاسیا، بەهۆی میراتی ئابووری بەرچاوی یارمەتیە نێونەتەوەییەکانەوە، چینێکی ناوەڕاستو خۆشگوزەران دروست دەکات کە بەرەو سیاسەتی دیموکراسی دەڕوات بەڵام نابێتە ڕۆژئاوایی. ژیانەوەی ئیسلام وەکو کانیتر، هاوکاتبووە لەگەڵ ڕیفۆرمخوازیداو ئەمەش میراتێکی بەرچاو بەجێدەهێڵێو موسڵمانەکان سەبارەت بەخاڵە هاوبەشەکانیان لەگەڵ ئەوانیتردا پتر ئاگادار دەکات. نەوەی نوێی ئەو ڕێبەرانەی ڕێبەرێتی دانیشتوانێکی فراوانی موسڵمان دەگرنە ئەستۆی خۆیان، زیاتر لە پێشینیانیان پابەند دەبن بە ئیسلامەوە. ژیانەوەی ئیسلام، لە کۆمەڵگەکەدا تۆڕێکی ڕێکخراوی کولتووری، کۆمەڵایەتی، ئابووریو "سیاسی-ئیسلامی" بۆ نەوەکانی داهاتوو جێدەهێڵێو ئەوە دەسەلمێنێ کە ئیسلام چارەسەری پرسە ئاکاری، شوناسیو بڕواییەکانە. بەڵام بۆ گیروگرفتی بێدادی کۆمەڵایەتی، دواکەوتنی ئابووریو لاوازبوونی سەربازی چارەسەر نییە. ئەم لاوازیانە دەتوانن وێنەیەکی ناواقیعی لە ئیسلاکی سیاسی دروستبکەن. لەلایەکیتر، ئەگەر بێتو مالیزیاو ئەندەنۆزیا پەرەسەندنی ئابووریان درێژە پێبدەن،

ڕەنگە بتوانن مۆدێلێکی ئیسلامی بۆ پەرەسەندن فەراهەمبکەن بۆئەوەی ڕکەبەرێتی مۆدێلە ڕۆژئاوایی و ئاسیاییەکانی پێبکرێت.

لە دەیەکانی ئایندەدا، نەشونمای ئابووری ئاسیا، کاریگەری ئابووری قووڵی دەبێت لەسەر ناسەقامگیربوونی سیستەمی نێونەتەوەیی ڕۆژئاوا ئەگەر بێتو ئاوا بەردەوامبێت، ئاڕاستەی هێزی نێوان شارستانییەکان دەگۆڕێت. هیندستان دەتوانێ پێشکەوتنی ئابووری خۆی پەرەپێبدات و ببێتە ڕکەبەرێکی کاریگەر لەپەیوەندیە جیهانییەکاندا.

# سیستەمی روو لە پێکهاتنی شارستانییەکان

## بەشی شەشەم

### رەنگرێژی کولتووری لە سیاسەتە جیهانییەکاندا

### سیاسەتی شوناس

مۆدێرنیزم، بەگوێرەی هێڵە کولتووریەکان سیاسەتە جیهانییەکانی دارشتووە. خەڵکی ئەو وڵاتانەی کولتووری هاوشێوەیان هەیە، پێکەوە پەیوەست دەبنو ئەو وڵاتانەشی کولتووری جیاوازیان هەیە، لێکدادەبڕێن. ئەو ڕیزبەندیەی بەهۆی ئایدیۆلۆژیاو پەیوەندی زلهێزەکانەوە پێکهاتبوو، ئێستا بەهۆی کولتوورو شارستانییەوە پێناسە دەکرێن. سنوورە سیاسیەکانیش سەرلەنوێ بەشێوەیەك دادەڕێژنەوە کەلەگەڵ سنوورە کولتووریەکاندا بگونجێن. کۆمەڵگە کولتووریەکان بەهۆی هاوبەشی شارستانی، کولتووری، نەتەوەییو ئایینییەوە جێی بلۆکەکانی شەڕی سارد دەگرنەوەو سنووری دابەشبوونی نێوان شارستانییەکان، لەسیاسەتە جیهانییەکاندا دەبنە هێڵی سەرەکی پێکدادان.

لەشەری سارددا، وڵاتێك دەیتوانی بچێتە دەرەوەی هێڵی سەرەکیەوەو یان لەگەڵ لایەنێکیتردا سەنگەربەندی بکات. سەرۆکانی وڵاتان بۆیان هەبوو بەپێی بەرژەوەندی ئەمنیو هاوسەنگی هێزو ئەولەویاتی ئایدیۆلۆژی



ڕێگای خۆیان هەڵبژێرن. لەجیهانی تازەدا، شوناسی کولتووری دەبێتە فاکتۆری سەرەکی دۆستایەتیو دوژمنایەتی نێوان وڵاتان. لەکاتێکدا وڵاتێك دەتوانێت خۆی لەشەڕی سارد ببوێرت، بەڵام ناتوانێ بێ شوناس بێت. پرسیاری سەرەکی بریتییە لەوەی کە"ئێوە لایەنگری کێن؟". دەبێت هەموو وڵاتێك وەڵامی خۆی پێبێتو ئەوەش، ئەو شوناسە کولتووریەیە کە پێگەی ئەو وڵاتە لە سیاسەتە جیهانییەکاندا دیاریدەکات.

لە نەوەدەکاندا، قەیرانی ناسنامە لەدنیادا سەریهەڵدا. لەزۆربەی وڵاتاندا خەڵك دەیانپرسی "ئێمە کێین؟" سەربەکوێین؟ کامانە لەئێمە نین؟ ئەمجۆرە پرسیارانە، تەنیا ئەو خەڵکە ناگرێتەوە کە هەوڵدەدەن وڵاتی نەتەوەیی تازە پێکبێنن (وەکو یۆگسلاڤیای پێشوو) بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی برەوی هەیە. لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا، گەلێك وڵات بابەتی شوناسی نەتەوەییان تاوتوێکرد. ئەم وڵاتانە بریتیبوون لە: جەزایر، کەنەدا، چین، ئەڵمانیا، بەریتانیا، هیندستان، ئێران، ژاپۆن، مەکسیك، مەغریب، رووسیا، ئەفریقای باشوور، سووریا، تونس، تورکیا، ئۆکرانیاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. بابەتی شوناس پتر لەو وڵاتە دابەشکراوانەدا[١٣٦] دەبینرێت کە دانیشتوانێکی زۆریان هەیە کە سەر بە شارستانی جۆراوجۆرن.

خوێن، بڕوا، باوەڕو بنەماڵە بەفاکتۆری سەرەکی بۆ چارەسەرکردنی لەگەڵ قەیرانی شوناسدا، فاکتۆری سەرەکی بوون. خەڵك بەزۆری لەگەڵ ئەوکەسانەدا یەکدەگرن کە ڕەچەڵەك، ئایین، زمانو بەهاو دەزگای هاوشێوەیان هەیە. لە ئەوروپادا، نەمسا، فینلاندەو سوید وێڕای ئەوەی لەرووی کولتووریەوە بەشێکن لەرۆژئاوا، لەشەڕی سارددا لە رۆژئاوا دابڕانو بێلایەن بوون، بەڵام ئەمجارەیان دەتوانن پەیوەستبن بە خزمە کولتووریەکانیان لەیەکێتی ئەوروپادا. وڵاتە کاسۆلیكو پرۆتستانتەکانی پەیمانی وارشۆی پێشووی وەکو: پۆڵۆنیا، هەنگاریاو چیکۆسلۆڤاکی بەرەو

بەئەندامبوونی یەکێتی ئەورووپا دەڕۆن‌و ولأتانی بەڵتیکیش لەدوای ئەوانەوەن. ولأتە ئەورووپییەکان ئەندامێتی ولأتێکی ئیسلامی (تورکیا) قبوڵناکەن. رووسیا لەباکووردا خوازیاری مۆدێلێکی نوێیە لەنێوان کۆمارەکانی بەلتیك‌و فینلاندەدا. سەرەك وەزیرانی سوید ئاگاداری کردونەتەوە کە کۆمارەکانی بەلتیك بەشێکن لە سویدو گەر بێتو لەلایەن رووسیاوە پەلامار بدرێن، ئەوا سوید بێلایەن نابێت.

لەکۆمارەکانی بەڵکاندا دەستەبەندیەکی هاوشێوە خۆی دەنوێنێ. لەشەڕی سارددا، یۆنان‌و تورکیا ئەندامی ناتۆ بوون‌و بولگاریا‌و ڕۆمانیش ئەندامی پەیمانی وارشۆ بوون، بەلأم یۆگسلاڤیا بێلایەن بوو. ئەلبانییەکان خۆیان گۆشەگیر کردبوو و جاروباریش هاوکاری چینی کۆمۆنیستیان دەکرد, ئەمجارە دەستەبەندیەکانی شەڕی سارد ڕێگا بۆ ئەو شارستانیانە دەکاتەوە کەڕیشەی ئیسلامی‌و ئۆرسودۆکسیان هەیە. خەڵك بەدوای ڕەچەڵەك‌و شوناس‌و ئەمنی خۆیانەوەن تا لەبەرامبەر دیاردە نەناسراوەکاندا بەرگری لەخۆیان بکەن. سربە ئۆرسودۆکسەکان‌و ڕۆمانیا هاوکاری بولگاریای ئۆرسودۆکس دەکەن.

هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەت، واتای هاوپەیوەندی ناسروشتی یۆنان‌و تورکیای نەهێشت. لەکاتێکدا سەبارەت بەدەریای ئیجە[137]ناکۆکیەکانیان تەشەنە دەکات، هاوسەنگی سەربازی‌و ڕۆڵیان ناتۆو یەکێتی ئەورووپادا بەردەوامە. تورکیا داکۆکی دەکات لەسەر ڕۆڵی خۆی وەکو پشتیوانی موسڵمانەکانی بەڵکان، رووسیا پشتگیری سربە ئۆرسودۆکسەکان دەکات، ئەڵمانیا پشتی کرواتە کاسۆلیکەکان دەگرێت‌و ولأتانی موسڵمان یارمەتی بۆسنیا دەدەن.

بیلۆ رووس[138]،مۆڵداڤیا[139] و ئۆکرانیای یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بەرەو رووسیا دەڕۆن. ئەرمەنی‌و ئازەریەکان شەڕی یەکتر دەکەن‌و دۆستە



رووسی‌و تورکەکان، پشتگیری هەردولایان دەکەن. هێزی سەربازی رووسیا بەگژ بنەماخوازە نەریتیە موسڵمانەکانی تاجیکستان‌و نەتەوەخوازە موسڵمانەکانی چیچاندا[140]دەچێتەوە. کۆمارە موسڵمانەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو هەوڵدەدەن تا هاوکاریە ئابووری‌و سیاسیەکانی نێوانیان پێشبخەن‌و پەیوەندیەکانیان لەگەڵ دراوسێ موسڵمانەکانیاندا پەرەپێبدەن. تورکیا، ئێران‌و عەرەبستان هەوڵدەدەن تا پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ئەم ولأتە تازانەدا پەرەپێبدەن. لەنیمچە کیشوەری هیندا، شەڕی نێوان هیندستان‌و پاکستان لەسەر کەشمیر بەردەوامە. لەهیندستان، لەنێوان هیندۆس‌و موسڵمانەکاندا پێکدادانی تازەڕوودەدەن.

ئاسیای ڕۆژهەلأت، مەنزڵگەی شەش شارستانی جۆربەجۆرە. ئەم شارستانیانە چەکە پێشکەوتووەکانیان زیاد دەکەن‌و ناکۆکی ناوچەیی پتر هەستی پێدەکرێت. سێ چینی بچووك (تایوان، هۆنگ-کۆنگ، سەنگاپورا)و کۆمەڵگە چینییەکانی ئاسیای باشووری ڕۆژهەلأت بەخێرایی بەرەو سەرزەمینە سەرەکیەکەیان دەڕۆن‌و وابەستەی دەبن. هەردوو کۆریا، بەرەو یەکگرتن دەڕۆن. لە ولأتانی باشووری ڕۆژهەلأتی ئاسیادا پەیوەندی نێوان موسڵمانەکان‌و چینی‌و کرسیتیانەکان هەستیاردەبێت‌و جاروبار گرژی دەگرێتەخۆی.

لەئەمەریکای لاتین، هاوکاریە ئابووریەکان پێشدەکەون‌و لەئەمەریکای ناوەڕاست بازاڕی هاوبەش ژیانێکی تازە دەگرێتەخۆی کەئەمەش نیشاندەری ئەو گەشەسەندنە ئابووریە خێرایەیە کەبەپێی خاڵی هاوبەشی کولتووریەوە دێتە ئاراوە. ئەمەریکاو کەنەدا هەوڵدەدەن تا مەکسیك ڕابکێشنە ناو ناوچەی بازرگانی ئازادی باکووری ئەمەریکاوە. لەدرێژخایەندا سەرکەوتنی ئەم کارە بەوەوە بەندە کە مەکسیك لەڕووی

کولتووریەوە چەند دەتوانێ خۆی لەولاٚتێکی ئەمەریکای لاتینەوە بکاتە ولاٚتێکی ئەمەریکای باکووری.

بەکۆتاییهاتنی شەڕی سارد،لەسەرانسەری جیهاندا ولاٚتان دەستیان بەپەرەپێدانی وابەستەبوونی نوێ کرد. ئەو حکومەتانە بەدوای "گروپبەندی"ی ئەو ولاٚتانەوەن کە خاڵی هاوبەشی کولتووری وێکچوویان هەیە. سیاسەتمەدارانی کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان هەوڵدەدەن تا لەگەڵ کۆمەڵگە گەورەکاندا هاوبەشێتی ڕۆشنبیری دروستبکەن. مۆدێلی هاوکاریەکان، ولاٚتان بەرەو سەردەمێکی نوێ پاڵپێوەدەنێت.

تورکیاو یۆنان لەئەندامێتی ناتۆدا دەمێننەوە، بەلاٚم پەیوەستبوونیان لەگەڵ ولاٚتانیتری ناتۆدا، نرخێکی ئەوتۆی نابێت. هەروەها پەیوەندی ولاٚتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەگەڵ ژاپۆن‌و کۆریادا بەندە بە پەیوەندی یاساییان لەگەڵ ئیسرائیل‌و پەیوەندی ئەمنیان لەگەڵ پاکستاندا. بۆ پاراستنی ئەم پەیوەندیانە، ڕێکخراوە فرەشارستانی‌و ناوچەییەکانی وەکو "ئا-سیێ-ئان"[141] بەرەوڕوی گیروگرفت دەبنەوە. هیندستان‌و پاکستان کەپێشتر لەشەڕی سارددا، هاوبەشی زلهێزە جۆراوجۆرەکان بوون، ئەمجارەیان بەگوێرەی ڕاستیە سیاسی‌و کولتووریەکان بەرژەوەندیەکانیان دابیندەکەن. ولاٚتە ئەفریقاییە وابەستەکانی رۆژئاوا، هیوادارن ئەفریقای باشوور ڕێبەرێتیان بکات. هاوبەشێتیە کولتووریەکان، دەبنەهۆی هاوکاری‌و یەکگرتوویی نێوان خەڵك‌و جیاوازیە کولتووریەکانیش دەبنەهۆی پێکداهەڵشاخان‌و ناکۆکی نێوانیان. هۆیەکەشی ئەمەیە:

- هەموو تاکێك شوناسێکی فرەلایەنی هەیە. ئەم شوناسانە یان یەکتر بەهێزدەکەن یان ئەوەتا ڕکەبەری یەکتر دەکەن. یاخود شوناسێك بالاٚدەست دەبێت بەسەر شوناسەکەیتردا. جولاٚنی شوناسەکان، ڕەنگە لە رەهەندێکەوە پێکداهەڵپژانی لەگەڵ رەهەندەکانیتردا دروستبکات. لەو جیهانەدا کە



کولتوور لەپلەی یەکەمدایە، خێڵ‌و گروپە نەتەوەییەکان، سوپا[142] پێکدێنن‌و نەتەوەو دانیشتوانی فراوانی شارستانییەکانیش هەنگەکانی[143] دروستدەکەن.

- شوناس لەچ ئاستێکدابێت: تاك بێت، نەژادی، خێڵەکی‌و شارستانیانە بێت، بەگوێرەی یەکتر پێناسەدەکرێن داب‌ونەریتی گەلانی مەسیحی لەگەڵ داب‌ونەریتی نەتەوە تورکنەژادەکاندا جیاوازە. موسڵمانەکانیش بەشێوەیەکی جیاواز، سەبارەت بە"دارولسەلام"و "دارولحەرب" دەجولێنەوە. چینییەکان بەدەرەکیەکان دەڵێن "دەرەکیە ناچینییەکان". بەدرێژایی مێژوو "شارستانی ئێمە"و "شارستانی ئەوان" پرسێکی جێگیر بووە. ئەو پێشکەوتنانەی لەپیشەسازی گواستنەوەو گەیاندن‌و پەیوەندیەکاندا ڕوویانداوە، لەنێوان خەڵکی شارستانییەکاندا لێك نزیکبوونەوەیەکی پتری دروستکردووە. فەرەنسیەکان، بەلجیکیەکان، ئەڵمانی‌و دانیمارکیەکان خۆیان بەئەورووپی دەزانن. موسڵمانانی رۆژهەلاٚتی ناوەڕاست، شوناسێکی تازەیان بەخشیوەتە خۆیان و پشتگیری بۆسنەو چیچان دەکەن. چینییەکان لەسەرانسەری ئاسیای رۆژهەلاٚتدا، بەگوێرەی تایبەتمەندی سەرزەمینە ڕەسەنەکەیان شوناسدەدەنە بەرژەوەنییەکانیان. شوناسی گەورەی شارستانی بەواتای ئاگاداربوونی قووڵە لەجیاوازیە شارستانیانەکان‌و پێویستە ڕوونبکرێتەوە چ شتێك ئێمە لەوان جیادەکاتەوە.

- پێکدادانی نێوان گروپ‌و ولاٚتانی سەربە شارستانییە جۆربەجۆرەکان، لەلایەن ئەوکەسانەوە ڕوودەدات کە دەیانەوێ خەڵك، قەڵەمڕەو، سامان‌و سەرچاوەکان‌و هێزی ولاٚتێکی دیکە بخەنە ژێردەستی خۆیانەوەو بەهاو کولتوورو دەزگاکانی خۆیانیان بەسەردا بسەپێنن. دەکرێت جیاوازی ئایدیۆلۆژیانەی نامەعنەوی نێوان مارکسیزم-لینینیزم‌و

دیموکراسی ئازاد تاوتوێبکرێت‌و سەرئەنجام سازشیان پێبکرێت، بەڵام ئەمە پرسە کولتووریەکان ناگرێتەوە. زەحمەتە موسوڵمان‌و هیندۆسەکان بتوانن پرسی پەرستگەو مزگەوتی "ئەیودهیا"[١٤٤]چارەسەربکەن. ئایا دەبێت ئەو شوێنە بکرێتە پەرستگە یاخود مزگەوت؟ یان بکرێتە بینایەك کە هەم مزگەوت بێت هەم پەرستگە؟ هەروەها ناکرێت بەئاسانی کێشەی سنووری نێوان موسڵمانە ئەلبانەکان‌و سربە ئۆرسودۆکسەکان لەسەر "کۆسۆڤۆ"[١٤٥] بخرێت بەلایەکدا، یان کێشەی جولەکەو عەرەبەکان لەسەر "ئۆرشەلیم" هەروا بەئاسانی چارەسەربکرێت. شوێنەکان لای گەلان، واتای قووڵی مێژوویی، کولتووری‌و هەستیاریان هەیە.

- سەرەنجام پێکدادان لەهەموو شوێنێکدا هەیەو هۆیەکەشی ڕکوکینی مرۆڤە. خەڵك بۆئەوەی نیازەکانیان پێناسەبکەن، پێویستیان بە دوژمن هەیە. ڕکەبەرێتی لە کارو بازرگانی‌و دەستکەوت‌و لەگەڵ نەیارە سیاسیەکاندا بێمتمانەیی دروستدەکات. چارەسەرکردنی تێکهەڵچونێك‌و لابردنی دوژمنێك چ شەخسی بێت‌و چ کۆمەڵایەتی‌و چ سیاسی، دەبێتە هۆی دروستبوونی دوژمنێکی نویٚ. لەگۆڕەپانی سیاسیدا مانای ئەوان لەبەرامبەر ئێمەدا جیهانییە. لەجیهانی هاوچەرخدا، پێدەچێت واتای ئەوان، خەڵکانی شارستانییە جۆراوجۆرەکان بن. کۆتاییهاتنی شەڕی سارد نەبووە هۆی کۆتاییهاتنی پێکدادانەکان، بەڵکو بووە هۆی سەرهەڵدانی ئەو شوناسە تازانەی ڕیشەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ کولتوورو شارستانی.

### هاوکاری نێوان کولتوورو ئابووری

لەسەرەتای نەوەدەکاندا، بابەتی ناوچەگەری‌و بەناوچەییبوون لەسیاسەتە جیهانییەکاندا تاوتوێکران. ئەمڕۆ پێکدادانە ناوچەییەکان جێی پێکدادانە جیهانییەکانیان گرتۆتەوەو خراونەتە بەرنامەی کۆبوونەوە



ئەمنییەکانەوە. هێزی گەورەی وەکو رووسیا، چین‌و ئەمەریکا وێڕای هێزی پلەدووەمی وەکو سویدو تورکیا سەرلەنویٚ‌و ڕاشکاوانە بەرژەوەندیە ئەمنییەکانیان بەزاراوەی "ناوچەیی" پێناسە کردۆتەوە. وشەی ناوچەگەری بەشێوەیەکی گونجاو ڕوداوەکانی وەسف نەدەکرد. ناوچەکان، ماهیەتی جوگرافیین نەك ماهیەتی سیاسی‌و کولتووری. ناوچەکان، کۆڵەکەو بناغەی هاوکاری نێوان وڵاتانن. بەڵام ئەمە تائەو ڕادەیەیە کە جوگرافیا نەلکێت بەکولتوورەوە. جودابوونەوە لە کولتوور، هاوبەشێتی دروست ناکات، تەنانەت لەوانەیە ئاسەواری پێچەوانەشی بەدواوە بێت. پەیوەندی سەربازی‌و هاوکاری ئابووری پێویستیان بەهاوکاریکردنی نێوان ئەندامان هەیەو هاوکاریکردنیش پەیوەستە بە متمانەوەو متمانەش لەبەهای هاوبەش‌و کولتوور پێکدێت. سەرەڕای ئەوەی کات‌و ئامانجیش ڕۆڵی گرنگیان هەیە، کاریگەری ڕێکخراوە ناوچەییەکان، بەجۆربەجۆربوونی شارستانییەکان دەگۆڕێن.

"ناتۆ"ڕێکخراوی ئەمنی ئەو وڵاتە رۆژئاواییانەیە کە بەهاو بەرژەوەندی فەلسەفی هاوبەشیان هەیە. یەکێتی ئەوروپای رۆژئاوا، بەروبوومی کولتووری هاوبەشی ئەوروپییە. لەلایەکیتر، ڕێکخراوی ئاسایش‌و هاوکاری ئەوروپا، لەسیٚ شارستانی پێکهاتووە کە بەهای جیاوازیان هەیەو ئەمەشیان کۆسپێکی گەورەی بەردەم پەرەسەندیانە.

پەیوەندی کولتوور بەناوچەگەرایی، لەپەیوەندیە ئابوریەکاندا دەبینرێت‌و لەچوار ئاست دا خۆی دەنوێنێت: ناوچەی بازرگانی ئازاد، یەکێتی گومرگی، بازاڕی هاوبەش‌و یەکێتی ئابووری.

یەکێتی ئەوروپا بەرەو بازاڕی هاوبەش‌و گەلێك یەکێتی ئابووری ڕۆیشتووە. لەئاسیادا ساڵی ١٩٩٢، ڕێکخراوی فرەشارستانی "ئا، سیٚ- ئان" بەرەو پێکەوەنانی ناوچەی بازرگانی ئازاد هەنگاوی نا ڕێکخراوە

ئابوریەکان فرەشارستانییەکانیتر شوێن کەوتن. ئەوروپای رۆژئاواو ئەمەریکای لاتین، هاوبەشێتی شارستانیان هەیەو ئەمەش برەو بە هاوکاریان دەدات. لەئاسیای رۆژهەڵاتدا بەرووسیاوە پێنج تا شەش شارستانی هەن. پەرەسەندنی ئاسیای رۆژهەڵات، تاقیکردنەوەیەکە بۆ گەشەپێدانی ئەو رێکخراوە کولتووریە واتادارانەی کە سەر بەیەك شارستانی نین.

ئا،سیۆ-ئان، نموونەی رێکخراوێکی کاریگەری فرەکولتووری‌و ناوچەییە. هەرچەندە لایەنی سەربازیی نییە، بەڵام ئەندامەکانی لەهەندێك کاتدا بەگوێرەی ڕێککەوتنی دوو لایەنە هاوکاری سەربازیان هەبووە. لە ١٩٩٣دا، ئا-سیۆ-ئان وێرای (رووسیا، چین، ڤێتنام، لائۆس‌و گینیای تازە) کۆبوونەوەیەکی ناوچەیی ئەنجامدا تا ئەندامەکانی پێکەوە دیدارو گفتوگۆ بکەن. بەڵام بەشداربووانی ئەم کۆبوونەوەیە سەرنەکەوتن‌و پەلاماری یەکتریاندا.

رێکخراوە ناوچەییەکان، ئەوکاتە سەرهەڵدەدەن کە هاوبەشێتی کولتووریان هەبێت. بێگومان کۆمەڵگەکانی ئاسیای رۆژهەڵات لەو توخمانەدا هاوبەشن کەلە رۆژئاوایان جیادەکاتەوە. وڵاتانی ئەندامی "ئا-سیۆ-ئان" دەڵێن " ئێمە گروپێکی جوگرافیی نین". خەڵکانی ئاسیای رۆژهەڵات ڕەنگە ژاپۆنی‌و کۆریایی‌و ئەندەنوزیایی بن، بەڵام لەڕووی کولتووریەوە هاوشێوەن. ئەورووپیەکان پێکەوە کۆدەبنەوە، ئەمریکیەکانیش پێکەوە کۆدەبنەوەو دەبێت ئێمەی ئاسیایش لەدەوری یەکتر کۆببینەوە بۆئەوەی بازرگانی ناوچەیی پەرەپێبدەین. هەرچەندە ژاپۆن شارستانییەکی تایبەتی هەیە، بەڵام پێویستە لەگەڵ ئاسیادا شوناسی خۆی دیاریبکات.



کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، پاڵنەرێك بوو بۆ پێکەوەنانی رێکخراوی تازەی ئابووری-ناوچەیی‌و ژیاندنەوەی ئەو رێکخراوانەی پێشوو کە سەرکەوتنیان بەندە بە یەکچەشبوونی کولتووری وڵاتەکانیانەوە. ئەو رێکخراوانەی کەلەڕووی کولتووریەوە چونییەکن، لەگەشەسەندندان. ساڵی ١٩٨٥، پاکستان‌و ئێران‌و تورکیا، رێکخراوێکی کەنەفتی هاوکاریکردنی ناوچەییان سەرلەنوێ ژیاندەوەو ناویان لێنا ئیکۆ[١٤٦] (رێکخراوی هاوکاری ئابووری). ساڵی ١٩٩٢ بەئەندامبوونی ئیکۆ پەرەیگرت‌و ئەفغانستان‌و شەش کۆماری موسڵمانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بوونە ئەندامی ئەم رێکخراوە. لە ١٩٩١دا پێنج کۆماری دیکە ڕێککەوتن تا بازاڕێکی هاوبەش پێکەوەبنێن‌و ساڵی ١٩٩٤ لەگەڵ ئۆزبەکستان‌و کازاخستان ڕێککەوتنامەیەکیان ئیمزاکرد تا بەهاوئاهەنگکردنی سیاسەتی دارایی‌و گومرگی زەمینەی وەرسورانی ئازادانەی کاڵاو خزمەتگوزاری‌و سەرمایە خۆشبکەن. پاشان رێکخراوی "نافتا"[١٤٧] پێکهات کە بووەهۆی زیادبوونی بەرچاوی بازرگانی مەکسیك‌و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا. بازرگانی ناوخۆی ئاسیای رۆژهەڵات، لەبازرگانی دەرەوەی خێراتربوو، بەڵام پەرەسەندنی لەلایەن ژاپۆنەوە، بووە رێگر لەبەردەم بەداخراوی مانەوەی ئەم بازاڕە. ژاپۆن وەکو شارستانییەکی جیاواز، بۆپێکهێنانی پەیوەندی ئابووری لەگەڵ ئاسیای رۆژهەڵاتدا گیروگرفتی زۆری هەیەو لەگەڵ ئەمەریکاو ئەوروپاشدا جیاوازی ئابووری هەیە. پەیوەستبونی ئابووری بەندە بەهاوبەشێتی کولتووریەوەو ئەگەر بێتو ژاپۆن بەرەو ئاسیا نەڕوات، ئەوا رواڵەتێکی تەنیاو تەریکیدەبێ‌و ئایندەیەکی تەنیاشیدەبێت. لەوجیهانەی تازە پێکدێت، مۆدێلە بازرگانییەکان بەتەواوی دەکەونەژێر کاریگەری مۆدێلە کولتووریەکانەوە.

## بنیاتی شارستانییەكان

لەشەڕی ساردداﹸ ولاّتان وەكو هاوپەیمان خۆیان دەبەست بە یەكێك لە زلهێزەكانەوە. بەلاّم دوای شەڕی ساردی جیهانی، ولاّتان بەگوێرەی شارستانیی‌و ولاّتانی ئەندام، ولاّتە ناوەندیەكان، ولاّتە تەریكەكان‌و ولاّتە لەتبووەكان، خۆیان ڕێكدەخەن. شارستانییەكانیش وەكو خێلّ‌و گەلن، بنیاتی سیاسیان هەیە. ولاّتێكی ئەندام ئەو ولاّتەیە كە لەرووی كولتووریەوە بەهۆی شارستانییەكەیەوە شوناسی خۆی دیاری كردووە. بۆنموونە میسر خۆی بەشارستانی "عەرەبی-ئیسلامی" پێناسەكردووەو ئیتالیاش بەشارستانی "ئەوروپایی-رۆژئاوایی" خۆی ناساندووە. شارستانییەكان لەڕوانگەی ئەندامەكانیانەوە شوێن یان چەند شوێنێكیان هەیە كە ناوەندی سەرەكی ئەو شارستانییەیە. ئەم سەرچاوانە، لەناوخۆی ولاّتانی ناوەندی شارستانییەكی تایبەتدان كە كولتوورێكی ئێجگار بەهێزی هەیە.

ژمارەو ڕۆڵی ولاّتە ناوەندیەكان، لەشارستانییەكەوە بۆ شارستانییەكی دیكە جیاوازەو ڕەنگە بەتێپەڕینی زەمەن بگۆڕدرێن. شارستانی ژاپۆن بەهۆی یەك ولاّتی ناوەندیەوە شوناسی پەیداكردووە. شارستانی سینیك، ئۆرسودۆكس‌و هیندۆس هەریەكەیان ولاّتێكی ناوەندیان هەیەو خەڵكی ئەو ولاّتانە دەگرنە خۆیان كە وابەستەی كولتوورەكەیانن، وەكو چینییەكانی ئەوبەری دەریا، ولاّتانی دەوروبەری رووسیا، سریلانكاو تامیلەكان. رۆژئاوا لەڕووی مێژووییەوە، بەسەر چەندین ولاّتی ناوەندیدا بالاّدەستبووە. بەلاّم ئەمڕۆ رۆژئاوا دوو ناوەندی سەرەكی هەیە، ولاّتەیەكگرتووەكانی ئەمەریكاو ناوەندێكی فەرەنسی-ئەڵمانی لەئەوروپاداو ئینگلتەرەش وەك ناوەندێكی گەڕۆك لەنێوان هەردوو لایاندا. ئیسلام‌و ئەمەریكای لاتین‌و ئەفریقا ولاّتی ناوەندیان نییە. هۆیەكەی تاڕادەیەك دەگەڕێتەوە بۆ ئیمپریالیزمی هێزە



رۆژئاواییەكان كە لەنێوان خۆیاندا دابەشیانكردووە بۆ دوو لەتی ئەفریقاو رۆژهەلاّتی ناوەڕاستەوە.

نەبوونی ولاّتێكی ناوەندی ئیسلامی، گرفتێكی گەورەیە بۆ موسڵمان‌و ناموسڵمانەكان. سەبارەت بەئەمەریكای لاتینیش، ئیسپانیا دەیتوانی ببوایەتە ناوەندی شارستانی ئیسپانیایی‌و ئیبریاییش، بەلاّم سەركردەكانی ئەو ولاّتە بڕیاریاندا وەك ئەندامی شارستانی ئەورووپی بمێننەوە لە هەمان كاتیشدا پەیوەندیە كولتووریەكانیان لەگەڵ كۆلۆنییەكانی پێشویاندا بپارێزن. ڕووبەر، سەرچاوە، دانیشتوان‌و توانستە ئابووری‌و سەربازیەكانی بەرازیل دەیتوانی ئەو ولاّتە بكاتە پێشڕەوی شارستانی ئەمەریكای لاتین‌و ئێستاش دەتوانێت وابێت. چەندی بەرازیل بۆ ئەمەریكای لاتین گرنگە، ئەوەندەش ئێران بۆ ئیسلام گرنگەو هەردووكیان دەتوانن ولاّتی ناوەندی بن. تەنیا ولاّتە فەرەنسی‌و ئینگلیزیزمانەكانی ئەفریقا توانایی ئەوەیان هەیە كەببنە ولاّتی ناوەندی‌و ڕۆڵی ڕێبەریكردنی ئەفریقا بگێڕێت. تاماوەیەك، "كەناری عاج"[١٤٨] ولاّتی ناوەندی ئەفریقای فەرەنسیزمان بوو. ئەو دوو ولاّتە ئەفریقیەی زۆرترین پێگەی بەناوەندیبونیان تێدایە، ئینگلیزیزمانن. نایجیریا دەتوانێت بەهۆی ڕووبەر، سەرچاوەو پێگەی جۆگرافیاوە ببێتە ولاّتێكی ناوەندی، بەلاّم یەكنەبوونی شارستانی‌و ناجێگیری سیاسی‌و گیروگرفتی ئابووری، بۆجێبەجێكردنی ئەم ڕۆڵە، بڕستی لەو ولاّتە بڕیوە، بەلاّم جاروبارو بەڕێكەوت ئەم ڕۆڵەی گێڕاوە. ئەفریقای باشوور بەهۆی گفتوگۆو گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەلاّتی ئەپارتایدو هێزی پیشەسازی‌و پەرەسەندنی ئابووری‌و توانستی سەربازی لەگەڵ سەرچاوەی سروشتی‌و ڕێبەرێتی سیاسی هەڵكەوتویی ڕەش‌و سپییەوە، بۆتە پێشەنگ‌و ڕەنگە ببێتە ڕێبەری ئەفریقای ئینگلیزیزمان‌و لەوانەشە لەداهاتوودا ڕێبەری تێكڕای ئەفریقا بكات.

ولاَتێکی تاقانه[١٤٩]، لەگەڵ کۆمەڵگەکانیتردا خاڵی هاوبەشی کولتووری کەمی هەیە. بۆنموونە ئەسیۆپیا لەرووی کولتووریەوە بەهۆی زمان‌و ئایینەوە ولاَتێکی تاقانەیەو ولاَتەکانی دەوروبەری بەزۆری موسڵمانن. دەستەبژێری "هایتی"[١٥٠] خۆیان پەیوەستکردووە بە کولتووری فەرەنساوە. بەلاّم ئایین، زمان، شۆڕشی کۆیلەکان‌و توندوتیژی مێژوویی، ئەسیوپیایان کردۆتە ولاَتێکی تاقانە. هایتی، سیستەمێکی چینایەتی تایبەتی هەیەو لەقەیرانی ١٩٩٤دا، ولاَتانی ئەمەریکای لاتین، پەنابەرەکانیان قبوڵنەکردو نایانەوێت پەنابەرانی ئەم ولاَتە وەربگرن، ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەمەریکای لاتین ئاوارە کوباییەکانی قبوڵکردووە. هایتی، دراوسێیەکە کە هیچ ولاَتێك توخنی ناکەوێت‌و بەڕاستی ولاَتێکی بێ خزم‌و خوێشە.

گرنگترین ولاَتی تاقانەی جیهان ژاپۆنە کە هیچ ولاَتێکیتر هاوبەشی کولتوورە هەلاّواردەکەی نییە. کۆچبەرە ژاپۆنییەکان لە ولاَتانیتردا یان ئەوەتا ژمارەیان کەمە یاخود تێکەڵ بەکولتووری ئەو ولاَتانە بوون. ژاپۆن ئاینێکی جیهانی (مەسیحی، ئیسلام)و ئایدیۆلۆژیای (لیبرالیزم، کۆمۆنیزم)ی نییە تا هەناردەی بکات بۆ ولاَتانیتر.

زۆربەی ولاَتان، لەڕووی گروپی نەتەوەیی، نەژادی‌و ئایینەکانەوە لێکجیاوازن. ئەمە دەبێتە هۆی پێکدادانی نێوان ئەو گروپە ناوخۆییانەی کە لەسیاسەتی ولاَتاندا ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە. قولاّیی ئەم پێکدادانانە بەپێی زەمەن جیاوازە. تێکهەڵچوونە ناوخۆییەکان دەتوانن ببنەهۆی توندوتیژی بەکۆمەڵ یاخود هەڕەشە لە قەوارەی ولاَتەکە بکەن. ئەم هەڕەشانە بەزۆری ئەوکاتانە ڕوودەدەن کە جیاوازییە کولتووریەکان لەگەڵ پێگەی جوگرافیاییدا پێکدا هەڵدەشاخێن. ئەگەر جوگرافیاو کولتوور پێکەوە نەگونجێن، لەوانەیە ئەمە ببێتە هۆی جینۆسایدو کۆچی زۆرەملێ.



ئەو ولاَتە دابەشکراوانەی بەهۆی هێڵی شارستانی هەڵەوە لێکدابڕاون، گەلێك گیروگرفتیان هەیە لەبەردەم پێکەوە پەیوەستبونیاندا- وەکو هیندستان (موسڵمان‌و هیندۆسەکان) سریلانکا (سینالیزەکان[١٥١]، بودایی‌و هندۆسە تامیلەکان) مالیزیاو سەنگاپورا (چینی‌و موسوڵمانە مالیزیەکان)، چین (چینییەکانی هان[١٥٢]، تیبەتیەکان[١٥٣]، بودایی‌و موسڵمانە تورکەکان)، ئەندەنۆزیا (موسڵمانان‌و مەسیحیە تەیموریەکان)و فیلیپین (مەسیحی‌و موسڵمانەکان).

سنوری هەڵەی شارستانی کاریگەری هەبووە لەسەر ئەو ولاَتە دابەشکراوانەی سەردەمی شەڕی سارد کە بەهۆی ڕژێمە کۆمۆنیستەکانەوە پەیوەستبوون بەئایدیۆلۆژیای "مارکیسزم-لینینزم"وە، بەتێکشکانی کۆمۆنیزم، کولتوور جێی ئایدیۆلۆژی گرتەوە، یۆگسلافیاو رووسیا لێك جیابوونەوەو بەگوێرەی گروپی شارستانییەوە، شوناسی تازەیان وەرگرت. هەروەها، نموونەی هاوشێوە بینراون لە بەلتیك (پرۆتستان‌و کاسۆلیك)، ئۆرسودۆکس‌و کۆمارە موسڵمانەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، کاسۆلیکەکانی سلۆڤۆنی، کرۆڤاسی، "بۆسنە"ی زۆرینە موسڵمان، مەکەدۆنیا[١٥٤]و مۆنتەنیگرۆ[١٥٥] ی یۆگسلاڤیای پێشوو. ئەم ولاَتانە فرەشارستانی بوون‌و لە قۆناغی دواتردا، شوناسی خۆیان دیاریکرد. "بۆسنیا" بەهۆی شەڕی لەگەڵ سربەکاندا، دابەشکرایەسەر سربی‌و موسڵمان‌و کروات. بەلاّم هێشتا کەش‌و هەواو پێگەیەکی جێگری ئاشتیانە لەنێوان موسڵمانە ئەلبانەکان‌و سربە سلاڤ-ئۆرسودۆکسەکان لەئارادانییە. گەلێك لەکۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشوو ئێستاش سنووری هەڵەی شارستانیان هەیە، چونکە حکومەتی رووسیا سنوورەکانی دیاریکردوون تا کۆماری جیاواز دروست بکات. رووسیا هەر لەسەردەمی پیتەری گەورەوە ولاَتێکی لێکترازاو بووەو تورکیاش نموونەیەکی کلاسیکیانەی ولاَتێکی

لێکترازاوە. مەکسیك دوای دوو سەدە بەرهەڵستیکردنی ئەمەریکا، خۆی بەوڵاتێکی ئەمەریکای لاتینی ناساند, بەڵام ساڵی ١٩٨٠ ڕێبەرانی ئەم وڵاتە، سەرلەنوێ شوناسی وڵاتەکەیان گۆڕی تا بچێتە ناو کۆمەڵگەی ئەمەریکای باکوورەوە. بەپێچەوانەوە، سەرکردەکانی ئۆسترالیا ساڵی ١٩٩٠، هەوڵیاندا تا وڵاتەکەیان لەرۆژئاوا جودابکەنەوە و بیکەنە بەشێك لە ئاسیا. سەرکردەی وڵاتە لێکترازاوەکان دەڵێن، "ئێمە پردی نێوان دوو کولتوورین". جیاوازی نێوان نەتەوەخوازان و شاپەرستانی ئۆسترالیا، نیشاندەری کێشەی شوناسیانە.

### وڵاتە لێکترازاوەکان[١٥٦]

هەر وڵاتێکی لێکترازاو بۆئەوەی بتوانێت سەرلەنوێ واتابەخشێتە شوناسی شارستانی خۆی، پێویستی بە پشتیوانیکردنی دەستەبژێرە سیاسیی و ئابووریەکانی وڵاتەکەی هەیەو هەروەها دەبێت خەڵکەکەشی خوازیاری ئەم شوناسە نوێیە بن. ڕەوتی گۆڕانی شوناس لەڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریەوە، ڕەوتێکی درێژخایەن و دەردناك دەبێت و هەتا ئەمڕۆش سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە. وڵاتە لێکترازاوەکان ئەم وڵاتانەی خوارەوەن:

#### رووسیا

تا ساڵی ١٩٩٠، مەکسیك بۆماوەی چەندین ساڵ، تورکیا بۆماوەی چەندین دەیەو رووسیا بۆماوەی چەندین سەدە وڵاتی لێکترازاو بوون. ئەگەر بێتو تورکیا یان مەکسیك شوناسی شارستانی رۆژئاوا ببەخشنە خۆیان، ئەوا کاریگەریەکی کەمیان لەسەر شارستانی ئیسلامی و ئەمەریکای لاتین دەبێت، بەڵام ئەگەر رووسیا ببێتە رۆژئاوایی، ئەوا شارستانی ئۆرسودۆکس قەوارەی خۆی لەدەستدەدات. پەیوەندیەکانی رووسیاو



شارستانی رۆژئاوا، چەندین قۆناغی بڕیوە: رووسیا سەرەتا لە شارستانی بیزەنتیەوە سەریهەڵداو ماوەی دوو سەدە لەژێر حوکمی مەغۆلەکاندا بوو. رووسیا هیچکات لەژێر کاریگەری شارستانی رۆژئاوادا نەبووەو تایبەتمەندی شارستانی رۆژئاوا لە ئەزمونی رووسەکاندا نەبووە. تاکە دۆخی ئاوارتە، ڕەنگە ئەو میراتە کلاسیکە بێت کە لەبیزەنتین و دەسەڵاتداریتی درێژخایەنی مەغۆلەکانەوە سەرچاوەی گرتووەو کۆمەڵگەو کولتووری رووسیای پێکهێناوە.

لەکۆتایی سەدەی هەڤدەیەمدا، رووسیا تەنیا لەئەوروپا جیاواز نەبووە، بەڵکو لەبەراوردکرنی لەگەڵ ئەوروپادا، وڵاتێکی دواکەوتوو بوو. پیتەری گەورە، لەسەردانی ئەوروپایدا بڕیاریدا، وڵاتەکەی بەرۆژئاوایی و مۆدێرنیزەبکات. دوای گەڕانەوەی لەئەوروپا، بۆئەوەی خەڵکی رووسیا وەکو ئەورووپییەکانی لێبێت، ڕیش تاشینی پیاوان و جلوبەرگە درێژەکانیان و کڵاوە هەرەمیەکانیانی قەدەغەکرد. پیتەری گەورە، ئەلفبای سیریلیکی[١٥٧] قەدەغە نەکرد، بەڵام ئاسانکاری و چاکسازی تێداکردو زاراوەی رۆژئاوایی تێخست. پەرەپێدان و مۆدێرنیزەکردنی هێزە سەربازیەکانی رووسیای خستە پێشەوەی کارەکانییەوە. هێزی دەریایی پێکهێنا، سیستەمی سەربازی زۆرەملێی دانا، پیشەسازی بەرگری بنیاتنا، خوێندنگەی تەکنیکی دامەزراند، چەکسازی و کەشتی سازی جەنگی پێشخست و بەشێوەیەکی بیرۆکراسیانە، وڵاتی بەڕێوەبرد. پیتەر لەکۆتایی پادشایەتیدا، پێکهاتەی حکومەتەکەی گۆڕی و لێبڕابوو رووسیا بکاتە هێزێکی ئەوروپایی و لەوەش زیاتر بیکاتە هێزێکی باڵادەستی ئەوروپا. مۆسکۆی جێهێشت و پایتەختی گواستەوە بۆ "سان پیتەرز بۆرگ"[١٥٨] و شەڕی گەورەی باکووری لە دژی سوید دەستپێکرد تا ببێتە هێزێکی باڵادەستی ناوچەی بەڵتیك و ئەوروپا. نەجیبزادەکان وەکو کەسانی ئاسایی

خرانە خزمەتی حکومەتەوەو کڵێسەی ئۆرسودۆکس لە نوێوە ڕێکخراو خرایە ژێر سەرپەرشتی قەیسەرەوە. هەروەها دەسەڵاتی ئەوە درا بە قەیسەر تا خۆی جێگرەوەکەی دیاریبکات. بەم ئاڵوگۆڕانە، پەیوەندیەکی نزیکی لەنێوان مۆدێرنیزە بوون و بە ڕۆژئاواییبووندا دروستکرد. دوا بەدوای مۆدێلی پیتەری گەورە، لینین و ستالین و تا ڕادەیەکی کەمتر کاترینای دووەم و ئەلەکساندەری دووەمیش هەوڵیاندا تا لەڕێگەی جۆربەجۆرەوە رووسیا مۆدێرنبکەن و، بیکەنە ڕۆژئاوایی و دەسەڵاتی تاکرەوانە بەهێزبکەن. لەساڵی ١٩٢٠دا، پیتەری بووە کرایە قارەمانی ڕۆژئاواخوازی و ئەهریمەنی نەیارەکانی.

شۆڕشی بەلشەڤیکی[١٥٩] پەیوەندی نێوان رووسیا و ڕۆژئاوای گۆڕی و سیستەمێکی "سیاسی-ئابووری"ی بەناوی ئایدیۆلۆژیا پێکهێنا. کۆمۆنیزم یەکێتی سۆڤیەتی لەئەوروپا بەپێشکەوتووتر دەزانی. شۆڕشی پرۆلیتاریا[١٦٠]سەرئەنجام دەیتوانی سەرانسەری دنیا بگرێتەوە. یەکێتی سۆڤیەت ڕابردویەکی دواکەوتوی ئاسیایی و ئایندەیەکی پێشکەوتووی هەبوو. سلاڤۆفیلەکان دەیانگوت: " ئێمە جیاوازین و سەرئەنجام ئێوەش وەکو ئێمەتان لێدێت". مارکس[١٦١] و ئەنگلس[١٦٢] هەردووکیان ئەڵمانی بوون و بڕوا سەرەکیەکەیان بڕوای ئەوروپای ڕۆژئاوابوو. دوای شۆڕشی بەلشەڤیکی، پارتە چەپڕەوەکان دابەشبوون بەسەر پارتە کۆمۆنیستەکان و پارتە سۆسیالستەکان و هەردوولایان لەوڵاتە ئەوروپیەکاندا هێزێکی زۆریان هەبوو. دوای شەڕی جیهانی دووەم، هێزی یەکێتی سۆڤیەت، لەڕۆژئاواو سەرزەمینەکانی دەرەوەی ڕۆژئاوادا بەرەوی بە کۆمۆنیزمدا. هەرچەندە دیموکراسی ئازادو کۆمۆنیزم زۆر لێك جیاواز بوون، بەڵام تێکشکانی رووسیا بووە کۆتایی ئایدیۆلۆژیای سیاسی نێوان ڕۆژئاواو رووسیا. ڕۆژئاوا ئەو ئومێدەی هەبوو کە دیموکراسی ئازاد لەسەرانسەری



کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشوودا سەرکەوێت. بەڵام ئەمە ڕووینەداو ئایندەی دیموکراسی ئازاد لەرووسیا و کۆمارە ئۆرسودۆکسیەکانیتردا بە نادیاری مایەوەو کەلەبەری نێوان رووسیا و ڕۆژئاوا قووڵتر بۆوە. پێکدادانی نێوان دیموکراسی کراوەو مارکسیزم-لینینزم، پرسی ئایدیۆلۆژیەکان بوو کە سەرەڕای جیاوازیان، هەردوولایان مۆدێرن و سیکۆلاربوون و دەربارەی ئازادی و یەکسانی و ژیانێکی باشتر، بیروڕای پۆزیتیڤیان هەبوو. جیاوازیەکانیان، لەسەر سیاسەتی دەرەوەو لەئاستێکی کەمتریشدا لە سەر چاکسازی ئابووری و بنیاتی وڵات بوو. ئەو "بیرە نوێ"یەی گۆرباچیڤ لایەنگری بوو، "ماڵی هاوبەشی ئەورووپی" بوو کە گەلێك لە ڕاوێژکارە پایەبەرزەکانی یەڵتسین ئاواتیان دەخواست، رووسیا ببێتە وڵاتێکی سروشتی و وەکو هەشتەمین ئەندامی "حەوت وڵاتە گەورە دیموکراتیە پیشەسازیەکان"[١٦٣] قبوڵبکرێت. نەتەوەخوازەکان لەو باوەڕەدابوون کە دەبێت رووسیا پشتیوانیکردنی رووسەکانی وڵاتانیتر بخاتە ئەولەویاتی کارەکانییەوەو جەخت بکاتەوە لەسەر پەیوەندیەکانی لەگەڵ موسڵمانان و تورکەکان و شێوەی دابەشکردنی سەرچاوەکانی بەرەو ئاسیا یان بەرەو ڕۆژهەڵات ئاراستە پێبدات. ئەوانەی ئەم بڕوایەیان هەبوو لەبەر ڕەچاونەکردنی ئەمەو کەمکردنەوەی هێزە سەربازیەکان و پشتیوانینەکردنی دۆستانی کۆن (سربەکان)، یەڵتسینیان ڕەخنەکردو خوازیاری چاکسازی ئابووری و سیاسی رووسیا بوون.

## تورکیا

ئەتاتورك[١٦٤] بەدەسپێکردنی زنجیرەیەك چاکسازی پلان بۆدارێژراو لە بیستەکان و سیەکاندا هەوڵیدا تا گەلەکەی لەڕابردووی موسڵمان و عوسمانیان دووربخاتەوە. ئەتاتورك، سیستەمی ئیمپراتۆریای فرەنەتەوەیی

ڕەتکردەوە، سوڵتانەکانی لابردو سیستەمێکی کۆماری ڕۆژئاواییانەی بەهێزی سیاسی دامەزراند. هەروەها خەلیفەکانی لابرد کە ناوەندی هێزی ئایینی بوون، کۆتایی بە سیستەمی پەروەردەیی نەریتیو ئایینی هێنا، سیستەمێکی فێرکاری گشتی دامەزراندو یاسای دادگا ئایینییەکانی گۆڕیەوە بە یاسایەکی نوێ کە بە گوێرەی یاسای مەدەنی سویسرا ئامادەکرابوو. ئیسلام، وەکو ئایینی ڕەسمی وڵات دانی پێدا نەنرا. پیتەری گەورەی کردە سەرمەشقی خۆیو بەکارهێنانی کلاَوی فینەی قەدەغەکرد کە سیمبۆلی ئایین بووو خەڵکی هاندا تا کلاَوی ئاسایی بەکاربێننو هەروەها فەرمانیدا زمانی تورکی لەباتی زمانی عەرەبی بەکاربهێنرێو بەپیتی ڕۆمی بنوسرێت تا وەچەی نوێ کەڵك لە ئاسەوارە نەریتیەکان وەرنەگرن. ئەتاتورك هاندەری فێرکاری زمانە ئەوروپییەکان بوو، گیروگرفتی نەخوێندەواری کەمکردەوە، ڕوخساری نەتەوەیی، ئایینی، سیاسیو شوناسی کولتووری گەلی تورکی گۆڕی، زۆری هەوڵدا تا ببێتە ئەندامی ناتۆو سەرئەنجامساڵی ١٩٥٢ بووە ئەندامی ناتۆو خۆی وەکو ئەندامێکی جیهانی ئازاد سەلماند. بە ملیار دۆلاری یارمەتی ئابووریو ئەمنی لەرۆژئاوا وەرگرت. هێزە سەربازیەکانی تورکیا لەلایەن ڕۆژئاواییەکانەوە بارهێنرانو ئاوێتەی پێکهاتی ناتۆ بوونو بوونە خانەخوێی بنکە سەربازیەکانی ئەمەریکا. تورکیا لەڕوانگەی ڕۆژئاوادا ئەو وڵاتە بوو کە نەیدەهێشت یەکێتی سۆڤیەت تەشەنە بکات بۆ دەریای سپیو رۆژهەلاَتی ناوەڕاستو کەنداو. ئەم پەیوەندیەو دۆزینی شوناسی تازە لەگەڵ ڕۆژئاوادا، بوونە هۆی ئەوەی کە تورکیا لەلایەن وڵاتە ناڕۆژئاواییەکانەوە ڕەخنەی لێبگیرێتو لەلایەن وڵاتە ئیسلامیەکانەوە لەبەر سوکایەتیکردن بە بابەتە پیرۆزەکان تاوانبار بکرێت. تورکیا پەیوەندیەکی نزیکی لەگەڵ ڕۆژئاوادا دروستکرد. بەلاَم ئەم پەیوەندیە ڕووی لە کزی کرد. چیتر ڕۆژئاوا



پێویستی بەتورکیا نەبوو. لەشەڕی کەنداودا، تورکیا یارمەتیدەرێکی گرنگی دژە سەدام [١٦٥] بوو. ئەو لوولە نەوتیانەی گرتەوە، کە لەڕێگای تورکیاوە، نەوتی ئێراقیان دەگەیاندە دەریای سپیو ڕێگەی بە فڕۆکە ئەمریکیەکان دا تا بنکەکانی تورکیا لەدژی ئێراق بەکاربێنن.

لەسەرەتای هەشتاکاندا گرنگترین ئامانجی تورکیا بەئەندامبونی بوو لەیەکێتی ئەوروپا بوو، بەلاَم بە تورکیایان گوت تا ١٩٩٣ یەکێتی ئەوروپا ناتوانێ ئەم داواکاریە تاوتوێبکات، چونکە ئاستی پەرەسەندنی ئابووری تورکیا زۆر نزمە، بەلاَم یەکێتی ئەوروپا بەتایبەتی ئەوەی پەسەند کرد کە هۆیە سەرەکیەکەی ئیسلامبوونی تورکیایە. وڵاتە ئەوروپیەکان نەیاندەویست دەرگاکانیان بۆ ٦٠ملیۆن موسڵمان بکەنەوە کە بەزۆری بێکاربوون. دوای ئەوە تورکیا بەرەو قەوقازو ئاسیای ناوەڕاست ڕۆیشت بەو هیوایەی ببێتە ڕێبەری کۆمەڵگە تورکەکان.

میراتی غەیری مەعنەوی ئەتاتوركو دەستەبژێرە تورکەکان، بۆ نزیکەی سێ چارەکە سەدە ڕەخنەی لێگیرا. ئەزموونی تورکەکان، لەدەرەوە هەستو سۆزی ئیسلامی ورووژاند. ئەو تورکانەی کەلە ئەڵمانیای ڕۆژئاواوە دەگەڕانەوە ئەوەی دەیبردنەوە بۆ ڕابردووی ئاشنایان، ئیسلام بوو. بڕواو شێوازەکانیان بەتوندی دەبووە ئیسلامی. ڕاپۆرتێکی ساڵی ١٩٩٣ دەڵێت شێوازە ئیسلامیەکان زیادبوونو مزگەوتەکان ژمارەیەکی زۆری خەڵکیان ڕادەکێشا. کتێبفرۆشیەکان پڕبوون لەو کتێبو ڕۆژنامەو شریتو کاسێتە ڤیدۆییانەی کە بەمێژوو و چەمكو شێوازی ژیانی ئیسلامیاندا هەڵدەداو بەڕۆڵی حکومەتی عوسمانیاندا هەڵدەگوت کە بەهاکانی پێغەمبەری ئیسلامی دەپاراست. ژیانەوەی ئیسلام، کاریگەری کردە سەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیا. بەلاَم لەشەڕی کەنداودا، تورکیا لێبڕاوانە لایەنی ڕۆژئاوای گرت، بەشکوو ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا بەدەست بێنێت. بەلاَم ئەمە

ئەنجامێکی ئەوتۆی لێنەکەوتەوە. سەرکردەکانی تورکیا، هەوڵیاندا تا پەیوەندیە سەربازیەکانیان لەگەڵ ئیسرائیلدا پەرەپێبدەن کە موسڵمانە تورکەکان رەخنەیان لێگرت، لەهەشتاکاندا تورکیا هەوڵیدا پەیوەندیەکانی لەگەڵ عەرەبەکان و موسڵمانەکانیتردا گەشەپێبدات و ئەم هۆگریەی خۆی بەیارمەتیدانی موسڵمانەکانی بۆسنیا و ئازەربایجان سەلماند. تورکیا ساڵانێکی دوورودرێژ، هەلومەرجی وڵاتێکی لێکترازاوی هەبووە.

سەرکردەکانی تورکیا، بەبەردەوامی وڵاتەکەیان بەپردی نێوان کولتوورەکان وەسفکردووە. ساڵی ١٩٩٣ سەرەکوەزیرانی تورکیا دەیگوت تورکیا وڵاتێکی دیموکراتیانەی رۆژئاواییەو هەروەها بەشێکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لەرووی فیزیکی و فەلسەفیەوە دوو شارستانی پێک دەگەیەنێت. سلێمان دەمیرەلی[١٦٦] سەرەککۆماری پێشوو، تورکیای بەپردێکی کاریگەری ناوچەکە ناساند کەلە رۆژئاواوە تا رۆژهەڵات واتە لەئەوروپاوە تا چین دەگرێتەوە. بەڵام ئەمە پردێکی ساختەیە کە دوو قەوارەی سەربەخۆ پێکدەگەیەنێت و سەربەهیچکامیشیان نییە. ئەوکاتەی سەرکردەکانی تورکیا، وڵاتەکەیان بە پرد پێناسەدەکەن، دان بەوەدادەنێن کە تورکیا وڵاتێکی لێکترازاوە.

## مەکسیك

تورکیا لە بیستەکانداو مەکسیك لە هەشتاکاندا، وڵاتی لێکترازاو بوون. سەرەڕای ئەوە، پەیوەندیە مێژووییەکانیان لەگەڵ رۆژئاوادا هاوشێوەبووە. مەکسیك وەکو تورکیا، کولتووری نارۆژئاوایی هەبوو و لەسەدەی نۆزدەیەمدا نەیتوانی ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا. لەدەیەی دووەم و سێیەمی سەدەی بیستەمدا، شۆڕشێکی وای تێداکرا کەبووە بناغەی شوناسی نەتەوەیی و سیستەمێکی تاکحزبی هێنایە گۆڕێ. ئەمە



لەحاڵێکدایە کە ئامانجی تورکیا لابردنی نەریتە ئیسلامیەکان و کولتووری عوسمانی بوو و هەوڵیدەدا کولتووری رۆژئاوا هاوردە بکات تا تێکەڵ بەرۆژئاوا ببێت. سەرکردەکانی مەکسیك لەساڵەکانی ١٩٣٠-١٩٨٠دا، سیاسەتی دەرەکی و ئابوری خۆیان بەشێوەیەك بەڕێوەبرد تا لەبەرامبەر ئەمەریکادا خەباتبکەن. ساڵی ١٩٨٠ کارلۆس سالیناس[١٦٧] سەرەك کۆماری پێشوو، هەوڵیدا تا سەرلەنوێ ئامانج و شێوازو شوناسی مەکسیك پێناسەبکات. سالیناس کۆتایی بە "هەلایسان"ی کەم کردەوە، گەلێك کاری سپاردە کەرتی تایبەت، سەرمایەگوزاری و ئابووری ئازادی پێشخست، باج و سوبسایدەکانی کەمکردەوەو، سوی زیادکردو مەکسیکی بردەناو ناوچەی بازرگانی ئازادی ئەمەریکای باکوورو کەنەداوە. هەوڵدانە چاکسازیخوازەکانی سالیناس بۆ ئەوەبوو تا مەکسیك لە وڵاتێکی ئەمەریکای لاتینەوە بکاتە وڵاتێکی ئەمەریکای باکوور.

مەترسی کۆچی بەکۆمەڵی تورکان بۆ ئەوروپا، پەرچەکرداری دەستەبژێرەکانی ئەوروپای بەدواوەبوو، بەڵام کۆچی بەکۆمەڵی یاسایی و نایاسایی مەکسیکیەکان بۆ وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەشێکی رێککەوتنامەی سالیناس بوو لەگەڵ "نافتا". جگە لەوە، جیاوازیە کولتووریەکانی نێوان مەکسیك و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەجیاوازی تورکیا و ئەوروپا کەمترە. ئایینزانی مەکسیك کاسۆلیکەو زمانەکەشی ئیسپانییەو لەرووی مێژووییەوە دەستەبژێرەکانی ئەزموونی ئەوروپایان وەرگرتووەو بۆ خوێندن منداڵەکانیان ڕەوانەی رۆژئاواو بەتایبەتی ئەمەریکا دەکەن. دوای چاکسازیەکانی نافتا، لە ئەمەریکا دژایەتی هاوپەیوەندی زیاتر لەگەڵ مەکسیکدا رووی لەزیادبوون کردو لەبەرخۆنەگونجاندنی مەکسیکیەکان لەگەڵ چەمکەکانی ئازادی ئەمەریکای باکوورو ڕەچاونەکردنی یاسا، کۆچی مەکسیکیەکان سنووری بۆدانرا.

ملکەچکردن بۆ رۆژئاوا یەك لەو مەرجە سەرکەوتوانەیە کە شوناسی ولاّتێکی لێکترازاو دەگۆڕێت. گرنگی ئەمە لەوەدابوو کە مەکسیکیەکان تاچەند بۆیان هەبوو بەشداری لەبڕیاردانی ولاّتەکەیاندا بکەن.

گەلێك لەزانایان، رۆژنامەنوسانو دروستکەرانی ڕای گشتی مەکسیك، لەو بڕوایەدابوون کە بەئەندامبوون لەئەمەریکای باکوورو بەشێوەیەکی گشتی ئەندامێتی لەنافتا، خۆڕاگری رۆژلەدوای رۆژ زیاتری دەستەبژێرەکانو گەلی مەکسیکی بەدواوە دەبێت. سالیناس، سەرکۆماری پێشوو، چاکسازی ئابووریو بەرۆژئاواییبوونی دەخستە پێش چاکسازی سیاسیو دیموکراسیەوە. لەو باوەڕەدابووکە پەرەسەندنی ئابووریو پێشخستنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەمەریکادا، هێزێکە دیموکراسی ڕاستەقینە پێشدەخاتو سیستەمی سیاسی مەکسیك بەهێزدەکات. پرسیاری سەرەکی ئایندەی مەکسیك ئەمەیە "لەمەکسیکدا چەندی هەستی دژەرۆژئاوایی دەورووژێتو کەی دەبێتە هۆی هاتنە دەرەوەی لە نافتا؟ ئایە پەیوەستبوون بە ئەمەریکای باکورەوە، دەبێتەهۆی بەدیموکراسی بوونی مەکسیك؟

## ئوستراليا

بەپێچەوانەی رووسیاو تورکیاو مەکسیك، ئۆستراليا لە کۆمەڵگەی رۆژئاواییەوە هەڵقووڵیوە. ئوستراليا لەسەدەی بیستەمدا، هاوپەیمانی بەریتانیاو ئەمەریکا بووەو لەشەڕی سارددا، تەنها ئەندامی رۆژئاوا نەبوو، بەڵکو لە ناوکی زانیاریە موخابەراتیەکانی ئاسایشی ئەمەریکا، ئینگلتەرەو کەنەدابوو. لەسەرەتای نەوەدەکاندا، سەرکردە سیاسیەکانی ئۆستراليا بڕیاریاندا لەڕۆژئاوا جیاببنەوەو شوناسی ئاسیایی ببەخشنە خۆیانو لەگەڵ دراوسێ جۆگرافیەکانیاندا پەیوەندی دۆستانە دروستبکەن. پۆڵ



کیتینگ[١٦٨]، سەرەك وەزیرانی ئوستراليا ڕایگەیاند ئەگەر بێتو ئوستراليا بیەوێت لقێکی ئیمپراتۆریا بێت، ئەوا دەبێت حکومەتێکی سەربەخۆمان هەبێتو بەرەو ئاسیا بڕۆینو شوناسی ولاّتێکی سەربەخۆ بدەینە خۆمان "ئۆستراليا ناتوانێت وەکو کۆمەڵگەیەکی فرە کولتوور خۆی بەدنیا بناسێنێت". ئوستراليا سالاّنێکی دوورودرێژ وابەستەی بەریتانیا بووە کەکولتووری نەتەوەییو ئابووریو ئایندەو قەدەری ئۆسترالیای ڕەنگرێژکردوە. ئوسترالیەکان ئەوکاتە دەتوانن لەئاسیادا سەرکەون کە بتوانن لە کولتوورو کۆمەڵی ئاسیا تێبگەن. زۆربەی خەڵکی ئوستراليا لەو بڕوایەدان جێگەی ئوستراليا لەناو بلۆکی رۆژهەلاّتی ئاسیادایە، بەلاّم هەندێکیتر لایەنگری حکومەتی پادشایین. ئۆستراليا لەڕووی کولتووریەوە ئەوروپیەو کولتوورو بەهای ئەوروپیەکان، کۆسپی بنەڕەتی بەردەم پەیوەستبوونی ئۆسترالیان بەئاسیاوە. ئەگەر ئۆستراليا بیەوێت لەبەریتانیا جودابێتەوە، سەرکردەکانی لەباتی ئەوەی ئوستراليا وەك هێزێکی ئاسیایی بناسێنن، دەتوانن وەك ولاّتێکی پاسیفیکی پێناسەبکەن. هەروەها دەتوانن خۆیان بەولاّتێکی بەڕەچەڵەك ئینگلیزی کۆچبەر بناسێنن کە ڕوبەرێکی کیشوەر ئاسای هەیە. ئوستراليا لەسێ جەنگەکەدا سەر بەهاوپەیمانان بوو و زۆربەی دانیشتوانی ئەورووپیو ئاسیایین. هەروەك لەجاڕنامەی سەربەخۆیی ١٧٧٦دا نووسراوە، لەرووی کولتووریەوە بەهاکانی ئۆستراليا لەهی ولاّتە ئاسیاییەکان پترە. سەرکردەکانی ئوستراليا دەتوانن پێشنیازی گەشەپێدانی نافتا بکەنو نافتا بەرەو ئەمەریکای باکوورو باشووری پاسیفیك پەرەپێبدەن، بەوجۆرەی کە ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کەنەدا، ئۆستراليا و نیوزلاندا بگرێتەوە. ئەم گروپبەندییە دەتوانێت کولتوورو ئابووری پێکەوە بگونجێنیو شوناسێکی هەمیشەیی بداتە ئۆسراليا.

# بەشی حەوتەم

## وڵاتە ناوەندیەکان[١٦٩]، گروپە هاو ناوەندەکان[١٧٠] و سیستەمی جیهانی شارستانییەکان و سیستەمی جیهانی

دوای سەرهەڵدانی سیاسەتە جیهانییەکان، وڵاتانی ناوەندی و هاوناوەندی شارستانییە سەرەکیەکان، جێی زلهێزەکانی شەڕی ساردیان گرتەوە و جەمسەرە سەرەکیەکان، دەبنەهۆی وەرگرتن یان ڕەتکردنەوەی وڵاتانیتر. لەشارستانییە سینیك، ئۆرسودۆکسی و ڕۆژئاواییەکاندا ئەم گۆڕانانە بەئاشکرا دیارن. گروبەنییە شارستانی دەردەکەون و ئەو وڵاتانە دەگرنەوە کە هاوبەشێتی کولتووریان هەیە. ئێستا ئیسلام خەریکە زانیاریە هاوبەش و باوەکانی بەهێزدەکات، بەڵام تائێستا تەنها بنیاتی گشتی و سیاسی سەرەتایی خۆی گەشەپێداوە. وڵاتان دەیانەوێت لەگەڵ وڵاتە هاوکولتووریەکانی خۆیاندا یەکگرن تا لەبەرامبەر ئەو وڵاتانەی کولتووری جیاوازیان هەیە، هاوسەنگی دروستبکەن. ئەمە بەتایبەتی بۆ وڵاتە ناوەندیەکان راستە. هێزی ئەو حکومەتانە، وڵاتە هاوبەشە کولتووریەکان ڕادەکێشێت و وڵاتە جیاوازەکانیش ڕەتدەکاتەوە. وڵاتانی ناوەندی ڕەنگە لەبەرهۆیە ئەمنییەکان هەوڵبدەن تا خەڵکی شارستانییەکانیتر تێکەڵ بە خۆیان بکەن یاخود بەسەریاندا باڵادەستبن، ئەو وڵاتانەش خۆڕاگری دەکەن یاخود خۆیان لەم کۆنترۆڵە دەبوێرن، وەکو کاردانەوەی چین لەبەرامبەر تیبەتیەکان، رووسیا لەبەرامبەر تەتەرەکان، چیچان و موسڵمانەکانی



ئاسیای ناوەڕاستدا. پەیوەندی مێژوویی هاوسەنگبوونی هێزیش لەبەرامبەر کاریگەری وڵاتانی ناوەندیدا هەندێك وڵات خۆڕاگر دەکات. گورجستان و رووسیا دوو وڵاتی ئۆرسودۆکسن. بەڵام لەدرێژەی مێژوودا گورجستان هەمیشە لەبەرامبەر دەسەڵاتی رووسیادا خۆی ڕاگرتووە و خۆی لەهاوکاریکردنی رووسیا بواردووە. ڤێتنام و چین دوو وڵاتی کۆنفۆشیۆسین و دوژمنایەتیەکی مێژوویی لەنێوانیاندا هەبووە. بەڵام لەدرێژەی زەمەندا، هاوبەشێتی کولتووری وخودئاگایی شارستانی دەتوانێت ئەم وڵاتانە لێکنزیك بکاتەوە، وەکو لێکنزیك بوونەوەی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا. سیستەمی گشتەکی شەڕی سارد، سیستەمی باڵادەستی زلهێزەکان و کاریگەریان بوو لە جیهانی سێیەمدا. لەم جیهانە تازەپێکهاتووەدا، هێزی جیهانی بەسەرچووە و کۆمەڵگەی جیهانی خەونێکی دوورە. هیچ وڵاتێك بەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشەوە، بایەخێکی ئەوتۆ بەئەمنی جیهانی نادەن. دەبێت جیهان بەپێی شارستانییەکان ڕێکبخرێت کە بەشە پێکهێنەرەکانی، سەرچاوەکانی ناو خودی شارستانییەکانە و لەڕێگەی **گفتوگۆکردن** لەگەڵ وڵاتە ناوەندیەکانیتردا، سیستەمی جیهانی پێکدەهێنرێت.

ئەو جیهانەی کە وڵاتە ناوەندیەکان ڕۆڵی باڵادەست و ڕێبەری تێدادەگێڕن، زەمینەیەکی دابڕاوی هەیە لەو کاریگەریە جیهانییەی کە بەهۆی هاوبەشیە کولتووریەکانەوە هاوتەراز کراوە. هاوبەشیە کولتووریەکان، رەوایی دەبەخشن بەڕۆڵی ڕێبەریتی وڵاتە ناوەندیەکان و ئەندامانیان، کەوابێت ئەوا ئەو فەرمانەی ڕێکخراوی نەتەوەکان لەساڵی ١٩٩٤ کە دەڵێت دەبێت سێیەکی هێزە ئاشتیپارێزەکان لەلایەن هێزە ناوچەییەکانەوە دابینبکرێن، فەرمانێکی بێهودەیە. ڕێکخراوی نەتەوەکان ناتوانێت جێی هێزی ناوچەیی بگرێتەوە.

ولأتێکی ناوەندی ئەوکاتە دەتوانێت هێزی خۆی بەکاربهێنێ کە ولأتە وابەستەکانی، بەهاوپەیوەندو بەخزمی کولتووری خۆیانی لەقەڵەمبدەن. شارستانی، خێزانێکی پەرەگرتووەو ولأتە ناوەندیەکان، پشتی وابەستەکانی خۆیاندەگرن و ڕێکیاندەخەن. بەلأم ئەگەر هاتو ئەو هاوپەیوەندبوونە لەئارادا نەبوو، ئەوا توانایی ئەو ولأتە بەهێزەی بتوانێت تێکهەڵچوونەکان چارەسەربکات و لە ناوچەکەدا سیستەم پێکبهێنێ، سنووردارە. پاکستان و بەنگلادیش و تەنانەت سریلانکا، هیندستان وەك دەستەبەرکەری سیستەمی ئاسیای باشوور قبوڵناکەن و هیچ ولأتێکی ئاسیای ڕۆژهەلأتیش ژاپۆن بە دابینکەری سیستەمی ئاسیای ڕۆژهەلأت پەسەند ناکات.

کاتێك شارستانییەکان ولأتی ناوەندیان نەبێت، ئەوا پێکهێنانی سیستەم لەناو ئەو شارستانیانەداو گفتوگۆکردن لە نێوانیاندا سەخت دەبێت. ئەگەر ولأتێکی ناوەندی ئیسلامی هەبوایە، ئەوا دەیتوانی بەشێوەیەکی ڕەوا لەبۆسنیادا هەڵسوڕێت، بەوجۆرەی کە رووسیا دەرهەق بە سربەکان و ئەڵمانیاش سەبارەت بە کرواتەکان ئەنجامیدا. ئەگەر وابوایە چیتر پێویست بەولأتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەبوو تا ئەو ڕۆڵە بگێڕێت. بێکاریگەربوونی دەستێوەردانی ئەمەریکا لە بۆسنیادا، لە نابەدڵی ستراتیژیانەی ئەمەریکا بەدانانی هێڵی سنووری یۆگۆسلاڤیای پێشوو و نەبوونی پەیوەندی فرهەنگی نێوان بۆسنیا و ولأتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ناڕازیبونی ئەورووپا لەپێکهاتنی ولأتێکی موسڵمان لەئەورووپاوە سەرچاوەی دەگرت. نەبوونی ولأتی ناوەندی لە ئەفریقا و جیهانی عەرەبدا، هەوڵەکانی چارەسەرکردنی شەڕی ناوخۆیی سوودانی سەختتر کرد. ئەوکاتەی ولأتی ناوەندی هەبێت، ئەوا دەبێتە توخمی سەرەکی پێکهاتی سیستەمی نوێی جیهانی بەپێی شارستانییەکان.



## ناچارکردنی ڕۆژئاوا

ولأتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لەشەڕی سارددا ناوەندی ولأتە گەورەو دژبەیەك و فرەشارستانییەکان بوو تا بەر لە فراوانبوونی پەرەسەندنی یەکێتی سۆڤیەتی بگرێت. گروپبەندی جیهانی ئازاد، ڕۆژئاوا یاخود هاوپەیمانان، گەلێك کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی و هەندێك ولأتی دیکەشی گرتەوە کە وێکنەچوو و جیاوازبوون، وەکو: تورکیا، ژاپۆن، یۆنان، کۆریا، فیلیپین، ئیسرائیل و بەشێوەیەکی کەمتر ولأتانی تایوان، تایلاند و پاکستان. بەکۆتاییهاتنی شەڕی سارد، ئەم ولأتە فرەشارستانیانە کە کولتووری جیاوازیان هەبوو، زیانیان بەرکەوت. هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەتی و کۆتاییهاتنی پەیمانی وارشۆ، سەیربوو، بەلأم بەشێوەیەکی ئارام ولأتانی فرەشارستانی جیهانی ئازادی کاتی شەڕی سارد، بەشێوەی پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەگەڵ شارستانی ڕۆژئاواییدا، دەستیان بەگروپبەندی تازە کرد. ڕەوتێکی ناچاریش بەڕێوەیە، تا واتا بداتە ئەندامێتی ڕێکخراوە نێونەتەوەییە ڕۆژئاواییەکان.

ولأتە ناوەندیەکانی یەکێتی ئەوروپا، واتە فەڕەنسا و ئەڵمانیا، گروپە ناوخۆییەکانی بەلژیکا، هۆڵەندا و لوکزامبورگیان کۆکردەوەو گروپێکی نوێیان پێکەوەناوەو ڕێککەوتوون تا کۆسپی بەردەم گواستنەوەی کالأ و کەسەکان هەڵگرن. ساڵی ١٩٩٥ولأتانی ئیتاڵیا، ئیسپانیا، پورتوگال، دانیمارك، بەریتانیا، ئایرلەندا و یۆنان بوونە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا و پاشان نەمسا، فینلەندا و سویدیش ئەم ئەندامێتیەیان وەرگرت. دوای ئەوە، ولأتانی هەنگاریا، پۆڵۆنیا، چیك، سلۆڤاکی، بۆلگارستان و ڕۆمانیا وەك ئەندامی هاوکار هاتنەناو ئەم گروپەوە. پاییزی ١٩٩٤، پارتی دەسەلأتداری ئەڵمانیا و کاربەدەستە فەڕەنسیەکان پێشنیاریانکرد یەکێتیەکی جیاواز

پێکەوە بنرێت. بەرنامەی پێشنیارکراوی ئەڵمانیا بەمجۆرە بوو کە لەئەندامە سەرەتاییەکان جگە لە ئیتالیا، ناوەندێك پێکبهێنرێت (ناوکی سەخت)[١٧١] و ئەڵمانیاو فەڕەنسا ناوەندی ئەو ناوکە سەختە بن. وڵاتانی ناوکی سەخت خێرا دەستبکەن بە پێکەوەنانی یەکێتی دراوی‌و تێکەڵکردنی سیاسەتە دەرەکی‌و بەرگرییەکان. هەر لەوکاتەدا، پێشنیاری جۆربەجۆری دیکە خرانەڕوو، لەوانە پێشنیاری وەزیری دەرەوەی فەڕەنسابوو بۆپێکهێنانی "ئەڵقەی دەرەکی"[١٧٢] کە ئەندامانی ئەورووپای رۆژئاواو رۆژهەڵات بگرێتەوە.

پێکهاتنی ئەم گروپانەی ئەوروپا، یەکێك لەخەباتە سەرەکیەکانی بەرەنگاربوونەوەی رۆژئاوابووە لەدوای شەڕی ساردی جیهانی. لەشەڕی سارددا، ئەوروپا وەکو گشتێك بوونی نەبوو، بەڵام تێکشکانی کۆمۆنیزم پێویستی بەوە هەبوو ئەوروپا لە نوێوە پێناسەبکرێت. سنوورەکانی لەکوێن، جیاوازییە کولتووریەکانی چین؟ سنووری رۆژهەڵاتی ئەوروپا لەکوێیە؟ کێ دەتوانێت ئەورووپی بێت تا بۆی هەبێت ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپاو ناتۆو رێکخراوە هاوشێوەکانیتر؟ وەڵامی یەکجارەکی ئەم پرسیارە، ئەو هێڵە گەورە مێژووییەیە کە سەدان ساڵ مەسیحیە رۆژئاواییەکانی لەخەڵکە ئۆرسودۆکس‌و موسڵمانەکان جیاکردۆتەوە، واتە ئەو هێڵەی کە ماوەی پێنج سەد ساڵە لەم شوێنەی ئێستایدا پارێزراوە. ئەم هێڵە سنوورییە لە باکوورەوە دەستپێدەکات‌و بەتەنیشت سنوورەکانی رووسیا، فینلاندا، وڵاتانی بەلتیك[١٧٣] و بەناو بیلۆرووس، ئۆکرانیا[١٧٤]، ڕۆمانیا[١٧٥] و یۆگسلاڤیای پێشوودا تێدەپەڕێت‌و سلۆڤۆنی‌و کرواسیا لە کۆمارەکانیتر جیادەکاتەوە.

ئەم مۆدێلە شارستانییە، وەڵامێکی بنجبڕە بۆ ئەوروپای رۆژئاوا. بەڵام ئەوروپا لەکوێ کۆتایی پێدێت؟ ئەوروپا لەو شوێنە یەکلاکەرەوەیە کە



مەسیحیەتی رۆژئاوایی کۆتایی دێت‌و ئیسلام‌و مەسیحیەتی ئۆرسودۆکس دەستپێدەکات. ئەمە ئەو وەڵامەیە کە خەڵکانی ئەوروپای رۆژئاوا خوازیاری بیستنینی‌و گەلێك سەرکردەی سیاسیش پشتگیریدەکەن. مایکل هاوارد[١٧٦] لە کتێبی "وانەکانی شەڕی سارد"دا دەڵێت: "پێویستە ئەو جیاوازییە بناسین کە لەنێوان ئەوروپای ناوەڕاست‌و ئەوروپای رۆژهەڵاتدا هەبووەو لەسەردەمی یەکێتی سۆڤیەتدا کاڵبووبۆوە". ئەوروپای ناوەڕاست، ئەو سەرزەمینانە دەگرێتەوە کە بەشێکی مەسیحیەتی رۆژئاوای پێکدەهێناو سەرزەمینە کۆنەکانی ئیمپراتۆریای هابسورگ[١٧٧]، نەمسا، هەنگاریا، چیك، سلۆڤاکی، پۆڵۆنیاو هەندێك گوزەرگای ئەڵمانیای رۆژهەڵاتی تێدابوون. وشەی ئەوروپای رۆژهەڵات، دەبێ بۆئەو ناوچانە بەکاربهێنرێت کە بەهۆی کڵێسە ئۆرسودۆکسیەکانەوە پەرەیانسەندووە.

ئەوروپا لەرووی کولتووریەوە، بەشێوەی مەسیحیەتی رۆژئاوایی (کاسۆلیکی ڕۆمی‌و پرۆتستان)و مەسیحیەتی رۆژهەڵاتی (مەسیحیەتی رۆژهەڵات‌و نەریتە ئیسلامیەکان) دابەشکراوە. هەروەها پێویستە دابەشکردنێکی ئایینی گەورەش لەنێوان کڵێسە رۆژهەڵاتی‌و رۆژئاواییەکان‌و بەشێوەیەکیتر لەنێوان ئەو خەڵکانەی کە ئایینەکانیان ڕاستەوخۆ لە مەسیحیەتی ڕۆمی وەرگرتووەو ئەوانەی کە لە بیزەنتینەوە وەریانگرتووە، دروستبکرێت. خەڵکی ئەوروپای ناوەڕاست بایەخێکی زۆر بەم دابەشکردنە دەدەن.

پێناسەکردنی ئەوروپا بەمەسیحیەتی رۆژئاوا، بۆ وەرگیرانی ئەندامانی تازە لەرێکخراوە ڕۆژئاواییەکاندا، پێوانەیەکی ڕوون دەستەبەر دەکات. یەکێتی ئەوروپا، سەرەکیترین ماهیەتی رۆژئاوایی ئەوروپایە کە فراوانکردنی بەئەندامبوونی لە ١٩٩٤دا بە وەرگیرانی نەمسا، فینلانداو سوید دەستپێێکرد. بەهاری هەمان ساڵ، ئەم یەکێتیە بەشێوەیەکی کاتیی

بڕياريدا تا كه جگه لەوڵاتانی بەڵتيك، كۆمارەكانی يەكێتی سۆڤيەتی پێشوو وەرنەگرێت. يەكێتی ئەوروپا، ڕێككەوتنامەيەكی هاوكاری ئيمزاكرد لەگەڵ چوار وڵاتی ئەوروپای ناوەڕاست (پۆلۆنيا، هەنگاريا، چيكو سلۆڤاكی)و دوو وڵاتی ئەوروپای ڕۆژهەڵات (ڕۆمانياو بولگاريا). سەرەڕای ئەمە، پێناچێت ئەم وڵاتانە تا سەدەی بيستويەكەم، ببنە ئەندامی يەكێتی ئەوروپا. وڵاتانی بەلتيك، بەڵێنی بەئەندامبوونيان دراوەتێ. هێشتا داخوازنامەی توركيای موسڵمانو هەردووماڵتای چكۆلەو قوبرسی ئۆرسودۆكسی پەسەندنەكراوە. لەيەكێتی ئەوروپا، سەرەتا ئەو وڵاتانە دەبنە ئەندام كە لەرووی كولتووريەوە ڕۆژئاواييبنو لەڕووی ئابووريشەوە پتر پەرەيانسەندبێت. ئەگەر بێتو ئەم پێوانەيە بەكاربهێنرێت، ئەوا پۆڵۆنيا، چيك، سلۆڤاكی، هەنگارياو سەرئەنجام كۆمارەكانی بەڵتيكو ماڵتا دەبنەئەندامی يەكێتی ئەوروپاو يەكێتيەكە بەوجۆرەی لەڕووی مێژووييەوە لەئەوروپادا بووە، بەهۆی شارستانی ڕۆژئاواييەوە پەرەدەگرێت.

لۆژيكی شارستانييەكان، سەبارەت بەپەرەسەندنی ناتۆ، دەرئەنجامی هاوشێوە دەخاتەڕوو. شەڕی سارد، بەتەشەنەسەندنی يەكێتی سۆڤيەتی بەرەو ئەوروپای ناوەڕاست دەستيپێكرد. وڵاتەيەكگرتووەكانی ئەمەريكاو ئەوروپای ڕۆژئاوا، ناتۆيان بۆئەوە پێكەوەنا تا لەكاتی پێويستيدا پێشی پەلاماری يەكێتی سۆڤيەتی بگرن. دوای شەڕی ساردی جيهانی، ناتۆ بووە ڕێكخراوێكی ئەمنی بۆ شارستانی ڕۆژئاوا. بەئەندامبوونی ناتۆ، بۆ وڵاتە ڕۆژئاواييەكان ئازادە، بەو مەرجەی مەرجە سەرەكيەكانی ناتۆ لەرووی توانستی سەربازیو ديموكراسی سياسیو چاودێری ناوخۆييە بەسەر سوپادا بسەپێنن.

دوای شەڕی سارد، سياسەتی ئەمەريكا، بەڕوانگەيەكيترەوە هاتە ئاراوە كە لايەنی جيهانی پتری هەبوو و ئەويش بەشداريكردنی بوو لەپێناو



ئاشتيدا. كلينتۆن ( سەركۆماری پێشووی ئەمەريكا) ئەوكاتەی لە ژانيوەری ١٩٩٤دا سەردانی ئەوروپای كرد ئەوەی بيرخستەوە " كەدەبێت سنورەكانی ئازادی بە تێگەيشتنی نوێوە دروست بكرێت نەوەك بەمێژووی كۆنەوە. دەبێت ديموكراسیو ئابووری بازاڕ لەسەرانسەری جيهاندا هەبنو وڵاتان بۆ ئاسايشی دوولايەنە هاوكاری يەكتر بكەن". بەڵام، ساڵێك دوای ئەوە، حكومەتی ئەمەريكا گرنگی سنووره مێژووييەكانو ڕاستيە شارستانييەكانی ناسیو ئەوەی پەسەندكرد تا بەرنامەيەكی نوێی پەرەسەندن بۆ بەئەندامبوونی ناتۆ ئامادەبكات. رووسيا بەهێزەوە بەرهەڵستی پەرەسەندنی ناتۆی كردو پەرەپێدانی ناتۆ سنووردار بۆوە بۆ بەشەمێژووييەكانی مەسيحيەتی ڕۆژئاواو رووسيا دڵنياكرايەوە كە وەكو وڵاتێكی ناوەندی بناسرێتو ببێتە لێپرسراوی ئاسايشی ناوخۆو دەرەوەی تێكڕای سنوورەكانی ئۆرسودۆكس.

لێكهەڵاواردنی وڵاتان بەپێی شارستانييەكان، نيشاندەری پێگەی كۆمارەكانی بەلتيكە كە تاكە كۆماری يەكێتی سۆڤيەتی پێشوون كە مێژوو، كولتوورو ئايينيان ڕۆژئاواييەو هەميشە چارەنووسيان لەلايەن ڕۆژئاواوە بايەخيدراوەتێ. وڵاتەيەكگرتووەكانی ئەمەريكا هيچكات وەك بەشێكی يەكێتی سۆڤيەت دانی بەم كۆمارانەدا نەناوەو پشتيوانيكردووە لەخواستی سەربەخۆييانو داوای لە رووسەكان كردووە تا ڕێز لە ڕێككەوتنامەكان بگرنو سەربازەكانيان لەكۆمارەكانی بەلتيك بكشێننەوە. پەيامیان بۆ رووسەكان ئەوە بوو كە دەبێت دان بەوەدا بنێن كە كۆمارەكانی بەلتيك ناوچەی هاوشێوەی ئەوان نين. بەوتەی سەرەك وەزيرانی سويد، ئەمە يەكێك لەو هەوڵانەی حكومەتی كلينتۆن بوو بۆ جێگير كردنی ئاسايشو سەقامگيری ئەوروپا.

لەوکاتەدا کە بایەخێکی زۆر بەپەرەسەندنی یەکێتی ئەوروپا و ناتۆ دەدرێت، شیمانەی ئەوە دەکرێت کە پێکهاتەی کولتووری ئەم رێکخراوانە بچووکتر یاخود گەورەترببنەوە. یۆنان وڵاتێکی نارۆژئاواییە کە ئەندامی هەردوو رێکخراوەکەیە. تورکیا ئەندامی ناتۆیەو داوای ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا دەکات. ئەم ئەندامێتییە، دەرئەنجامی شەڕی ساردبووە. ئایا ئەو وڵاتانە لە جیهانی شارستانییەکانی دوای شەڕی سارددا شوێنێکیان دەبێت، یان نا؟

بەئەندامبوونی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپا گیروگرفتی هەیەو بەئەندامبوونی لە ناتۆدا لەلایەن پارتی رەفاهەوە رەخنەی لێگیرا. ئەگەر ئیسلامیەکان لەهەڵبژاردندا سەرنەکەون، ڕەنگە تورکیا لە ناتۆدا بمێنێتەوە. بەپێچەوانەوە، تورکیا دەبێت وشیارانە میراتی ئەتاتورک بهاوێژێت و سەرلەنوێ خۆی بەوڵاتێکی ئیسلامی پێناسە بکات. ڕەنگە ئەمە بەگوێرەی ویستی تورکیا بێت، بەڵام لەئاییندەی نزیکدا ڕوونادات. ڕۆڵی تورکیا لە ناتۆدا چیدەبێت بابێت، ئەو وڵاتە بەدوای بەرژەوەندیەکانییەوەیە لە بەلکان، وڵاتانی عەرەب و ئاسیای ناوەڕاستدا.

یۆنان سەر بەشارستانی رۆژئاوانییە، بەڵام ناوەندو بێشکەی شارستانی کلاسیك بووەو کاریگەری زۆری کردۆتەسەر شارستانی رۆژئاوا. لەرووی مێژووییەوە لەبەر بەربەرەکانێکردنی تورکەکان، خۆیان بە ئاڵاهەڵگری مەسیحیەت دەزانن. یۆنان، هیچکات ئەندامێکی ئاسانی یەکێتی ئەوروپا و ناتۆ نەبووەو نەیتوانیوە خۆی لەگەڵیان بگونجێنێ.

دوای شەڕی سارد، یۆنان بەشێوەیەکی بەرچاو خۆی لەسیاسەتەکانی رۆژئاوا دوورخستەوە. گەمارۆدانی دەریای مەکەدۆنیا، لەگەڵ ناڕەزایی حکومەتە رۆژئاواییەکاندا ڕووبەڕوو بۆوەو ئەمەش بووەهۆی دەرکرانی فەرمانێکی یاسایی دادگەی ئەورووپی دژ بە یۆنان. دوای هەرەسهێنانی



یەکێتی سۆڤیەتی، یۆنان لەبەرئەوەی بەرژەوەندی هاوشێوەی لەگەڵ رووسەکان دژ بە دوژمنی هاوبەشیان (تورکیا) هەبوو، ڕێگەی بەوەدا تا رووسەکان لەبەشی یۆنانی قوبرسدا نیشتەجێ بن و بەهۆی ئایینزای هاوبەشەوە (ئۆرسودۆکسی رۆژهەڵاتی) یۆنانییەکان لەو دوورگەیەدا جێی رووسەکان و سربەکانیان کردەوەو هەروەها یۆنان لەگەل رووسیا، بەرەچاو نەکردنی تورکیا و وڵاتە ئیسلامیەکانی دیکە، پرسی هێنانی نەوتی لە قەوقازو ئاسیای ناوەڕاستەوە بۆ وڵاتانی دەریای سپی و لەڕێگەی بۆڕیە نەوتی "بولگاریا–یۆنان"ەوە تاوتوێکردووە. بەگشتی، سیاسەتی دەرەوەی یۆنان، بۆچوونێکی ئۆرسودۆکسیانەی هەیە. بێگومان، یۆنان وەك ئەندامی ڕەسمی ناتۆو یەکێتی ئەوروپا دەمێنێتەوە، بەڵام هەر بەوجۆرە پرۆسەی پێکهاتنی کولتووری بەهێزدەبێت، ئەوا ئەم ئەندامێتیانەش بایەخێکی ئەوتۆیان نامێنێ.

### رووسیا و وڵاتە دراوسێکانی

جێگرەوانی قەیسەرو ئیمپراتۆریە کۆمۆنیستیەکان، بلۆکێکی شارستانیانەی وەکو رۆژئاوابوون لە ئەوروپا. رووسیا لە ناوەندا، وەکو فەرەنسا و ئەڵمانیا بوو و لە ئاڵقەی ناوەڕاستدا لەگەڵ کۆمارە ئۆرسودۆکسە سلاڤیەکانی بیلۆرووس، مۆڵداڤیا و کازاخستاندا، پەیوەندی نزیکی هەبوو. لەناوەڕاستی نەوەدەکاندا، لەتێکڕای ئەم وڵاتانەدا هەندێك حکومەت لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەسەڵاتیان گرتەدەست کە لەلایەن مۆسکۆوە پشتگیریدەکران. رووسیا، پەیوەندیەکی نزیك و نائارامی لەگەڵ ئۆکرانیا و گورجستاندا هەبووە کە زۆربەی خەڵکەکەی ئۆرسودۆکسی بوون. ئەم دوو وڵاتە، هەستێکی بەهێزیان بۆ شوناسی نەتەوەیی و سەربەخۆیی هەبوو. رووسیا بە هەمان شێوە لەگەڵ وڵاتانی بەلکان، بۆلگاریا، یۆنان، سربیا،

قوبرس و تاڕادەیەکی کەمیش لەگەڵ ڕۆمانیادا پەیوەندی دۆستانەی هەبووە. کۆمارە ئیسلامیەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لەڕووی ئابووری و ئەمنییەوە وابەستەی ڕووسیا بوون، بەڵام وڵاتانی بەڵتیك، بەرە-بەرە خۆیان لەژێر کاریگەری ڕووسیا کێشایەوە.

بەگشتی، ڕووسیا خەریکە بەرێبەرێتی خۆی، بلۆکێکی سیاسی-ئۆرسودۆکسی پێکەوەدەنێت. لەدەوروبەری ڕووسیا، چەند وڵاتی لاوازی ئیسلامی هەن کە ڕووسیا هەوڵدەدات بەپلەی جۆربەجۆر کاریان تێبکات و بەر لە کاریگەری هێزەکانیتر بگرێت. ڕووسیا چاوەڕوانی ئەوەی لەجیهان هەیە کە ئەم سیستەمە پەسند بکات. یەڵتسین لەفیبریوەری ١٩٩٤دا گوتی: " پێویستە حکومەتە بیانییەکان و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان هێزێکی تایبەتی ئەوتۆ بەڕووسیا بدەن کە ئاشتی و جێگیری ناوچەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو گەرەنتی بکات". یەکێتی سۆڤیەتی، زلهێزبوو و بەرژەوەندی جیهانی هەبوو، بەڵام ئەمڕۆکە، ڕووسیا هێزێکی گرنگە کە بەرژەوەندی هەرێمی و شارستانی هەیە.

بەدرێژایی مێژوو، ئەرمینیا وابەستە بە ڕووسیا بووە. بیلۆرووس، سەرەتا چووە ناو وڵاتانی هاوبەرژەوەندو ساڵی ١٩٩٣ بووە ئەندامی یەکێتی ئابووری و لەگەڵ ڕووسیا و ئۆکرانیا بۆ پێکەوەنانی یەکێتییەکی دراوی ڕێککەوت و ئامێرە ناوکییەکانی خۆی دایە ڕووسیا و بوونی سەربازانی ڕووسی لە وڵاتەکەیدا قبوڵکرد. لە ١٩٩٥دا بیلۆرووس، جگە لە ناوەکەی، بەشێکی ڕووسیابوو.

دوای ئەوەی مۆڵداڤیا سەربەخۆ بوو، بەنەمانی یەکێتی سۆڤیەت چاوەڕوانی ئەوەبوون بچێتەوە پاڵ ڕۆمانیا، بەڵام لەئۆکرانیا و گورجستاندا ڕەوتی ڕووداوەکانی جیاوازبوو. دوابەدوای شۆڕشی بۆلشەڤیکی،



گورجستان هەمدیسان سەربەخۆ بۆوەو پاشان بەهۆی دەستێوەردانی سەربازیەوە جارێکیتر خستیانەوە ناو ئۆردوگای ڕووسیا.

ئۆکرانیا دوای ڕووسیا، پڕنفوسترین و گرنگترین بەشی یەکێتی سۆڤیەتی جارانە کە لەسەردەمی جیا-جیادا سەربەخۆ بووە، بەڵام بەزۆری سەربەماهیەتی سیاسی ڕووسیا بووەو لەلایەن مۆسکۆوە بەڕێوەبراوە. لەڕووی مێژووییەوە، خەڵکی ئۆکرانیای ڕۆژئاوا بەزمانی ئۆکرانی قسەدەکەن و نەتەوەپەرستن، بەڵام خەڵکی ئۆکرانیای ڕۆژهەڵات ئۆرسودۆکسی ڕەقن و بەزۆری بەڕووسی دەدوێن.

کریمیا[١٧٨]، یەکێك لەکۆمارەکانی پێشووی سۆڤیەت بوو کەبەتوندی ڕووسی بوو تا ساڵی ١٩٥٤، بەشێکی فیدراسیۆنی ڕووسیابوو و دوابەدوایئەوە خرۆشچیف[١٧٩] (سەرکۆماری پێشووی یەکێتی سۆڤیەت) کردیە بەشێك لەئۆکرانیا. بیروڕای گشتی بەوجۆرەیە کە هەردوو ئۆکرانیا (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) بەیەکگرتوویی دەمێنن و لەگەڵ ڕووسیادا هاوکاری توندوتۆڵیان هەبێت. ئەوکاتەی، ڕاگواستنەوەی چەکی ناوکی و هێزە سەربازیەکان چارەسەربکرێت، پرسی گرنگی ئۆکرانیا، پرسی ئابووری دەبێت کەئەمەش هاوبەشێتی و پەیوەندیە کولتووریەکانی دەستەبەردەکات. ئۆکرانیا ناوەندی یەکگرتنە لە جیهانی ئۆرسودۆکسیدا.

### چینی گەورە[١٨٠] و بەستێنی پڕ ڕەونەق

چین لەڕووی مێژووییەوە لەو باوەڕەدا بووە کە دەسەڵاتی هەیە بەسەر هەرێمی سینیکیدا، کەکۆریا، ڤێتنام و دورگەکانی لیۆچینۆ[١٨١] و جاروباریش ژاپۆن دەگرێتەوە. هەروەها ئەو دەسەڵاتی دەشکێت بەسەر ئەو پارێزگا دوورانەش کە بەشێکن لەچین. ئەم پارێزگایانە دانیشتوانێکی نا چینیان هەیە کە لەژێر کاریگەری چیندان. هۆنگ-کۆنگ و تایوان دوو وڵاتی

چینین و بەرەو ناوەند (بەجینگ) دەڕۆن. سینگافورە دانیشتوانێکی زۆری چینی هەیە. چین هەروەها لە تایلاند، ڤێتنام، مالیزیا، ئەندەنۆزیا، فیلیپین و کۆمەڵگە چینییەکانیترو کۆریای باکوورو باشووردا، دانیشتوان و کاریگەری هەیە کە بەزۆری پەیڕەوکەری کولتووری کۆنفۆشیۆسن.

چین لەساڵی ١٩٥٠دا هاوپەیمانی سۆڤیەت بوو و دوای جودابوونەوەی لە "سینۆ-سۆڤیەت"[(١٨٢)] ، خۆی بەڕێبەری جیهانی سێیەم ناساند. چین لە هەفتاکاندا، دوای گۆڕانی سیاسەتی ئەمەریکا، بەنیازبوو لەگەمەی دوو زلهێزەکەدا، ببێتە لایەنی سێیەم و هاوسەنگی هێز دروست بکات و لەگەڵ ئەمەریکادا یەکبگرێت. دوای کۆتاییهاتنی ململانێی دوو زلهێزەکە، چین ناچاربوو تا سەرلەنوێ ڕۆڵی خۆی لە پەیوەندیە جیهانییەکاندا پێناسە بکات. چین چەندین ئامانجی هەبوو لەوانە: ببێتە قارەمانی کولتووری چین و وڵاتی ناوەندی شارستانی چینی، کۆمەڵگە چینییەکانیتر بەرەو ئەم شارستانییە ڕاکێشێت و ببێتە ڕێبەری هێز لە ئاسیادا.

حکومەتی چین، سەرزەمینە سەرەکیەکەی بە وڵاتی ناوەندی شارستانی چینی دەزانێ و پێی وایە دەبێ تێکڕای ئەو چینیانەی بنەچەی چینیان هەیە، ئەو شوناسە وەرگرن و بچنە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی دەوڵەتی چینەوە. چین لەرووی مێژوویی و شوناسی کولتووری و گەشەسەندنی ئابووریەوە، پەیوەندی خۆی لەگەڵ چەند چینێك بەهێزکردووە و لەسەر زەمینە سەرەکیەکەدا نەشونمای خێرای ئابووری بەدیهێناوە. کەوابێت، چینی گەورە ڕاستیەکە کە لەسەر بنچینەی ئابووری و کولتوورەوە پێکهاتووە و بەرەو کۆمەڵێکی سیاسی دەڕوات. لەچیندا، متمانە و بەڵێنی بەگوێرەی پەیوەندییە کەسییە دوو لایەنەکانە و نەك بەگوێرەی بەڵگەی یاسایی.



دوابەدوای خۆپیشاندانی گۆڕەپانی "تیان یان مین" ڕۆژئاوا ئامادەبوونی ئابووری خۆی لەچیندا کەمکردەوە و ئەمەش بووە هۆی دەیەیەك لەنەشونمای خێرای ئابووری کەوای لەچینییەکانی ئەوبەری ئاوکرد تا لەچیندا لەسەر بنچینەی کولتووری هاوبەش و پەیوەندییە کەسەکانیان سەرمایەگوزاری بکەن. وێڕای ئەمە، سەرزەمینە سەرەکیەکە لەرووی توانستەوە، گەورەترین بازاڕی ڕوو لەگەشەسەندنی هەیە. چین بۆتە ناوەندی ئابووری و بازرگانی ئاسیا.

پێکهاتەی هێزی ئابووری ڕوو لەگەشەسەندن و کولتووری هاوبەش لە تایوان، هۆنگ-کۆنگ و سینگافورە، ناوەندی هێزی لە لەندەنەوە گواستەوە بۆ "بەجینگ" و لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا، هۆنگ کۆنگ پەیوەست بوو بەچینەوە. پەیوەندی تایوان و سەرزەمینە سەرەکیەکە، ڕەوتێکی هاوشێوەی هۆنگ کۆنگ درێژە پێدەدات. ئەو پەرەسەندنە ئابووریەی نێوان تایوان و سەرزەمینە سەرەکیەکە کە بەهۆی شوناسی کولتووری و متمانەی دوو لایەنەوە بەدیهاتبوو، ڕووی لەزیادبوون کرد و بازرگانی نێوان هەردوو چینەکە گەیشتە ١٤،٥ ملیار دۆلار. بازرگانە تایوانییەکان، نزیکەی ١٥تا ٣٠ ملیار دۆلار لەسەر زەمینە سەرەکیەکەدا سەرمایەگوزاری. گرنگترین هۆکاری سەرەکی ئەم سەرکەوتنە، هێزی کاری هەرزانی سەرزەمینە سەرەکیەکە بوو کەسەرنجی سەرمایەگوزارە تایوانییەکانی ڕاکێشا. لەساڵی ١٩٩٤دا ڕەوشەکە بەراوەژوو بۆوە، تاکوو ناهاوسەنگی سەرمایە-هێز چاکبکرێت. کۆمپانیاکانی ڕاوکردنی ماسی تایوان، ١٠،٠٠٠ کەس لە هێزی کاری سەرزەمینە سەرەکیەکەیان دامەزراند.

لەناوەڕاستی نەوەدەکاندا، پرسێکی گرنگیتر، باڵا دەستبوون و بەشداریکردنی تایوان بوو لە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکاندا و دەبوا لە نوێوە خۆی وەکو وڵاتێکی سەربەخۆ بناساندایە. .دەنگدەرە تایوانییەکان

نەیاندەویست پەیوەندیەکەیان لەگەڵ سەرزەمینە سەرەکیەکەیاندا بڕن. نزیکەی سیساڵ هەردوو چینەکە بەرەسمی دانیان بەیەکتردا نەناو هیچ پەیوەندیەك لەنێوانیاندا نەبوو. دوابەدوای ئەوەی "دەنگ ژیائۆپینگ"[١٨٣] بە هێز بوو، ساڵی ١٩٨٦ دەستی بە چاکسازی ئابووری کرد، حکومەتی تایوان ئاراستەی سیاسەتی نیگەتیڤی خۆی بەرامبەر بەسەرزەمینە سەرەکیەکە لە چوارچێوەی ئەم سێ پرسەدا گۆڕی :پەیوەندی،گفتوگۆو ئاشتەوایی و یەکەم گفتوگۆی نێوان هەردوولا لەمەڕفرۆیەکی رفێنراو بوو کە دەبوا بگێڕدرایەتەوە بۆ تایوان و هەروەها لابردنی یاسای کۆچنەکردن بوو بۆ سەرزەمینە سەرەکییەکە .پەرە گرتنی پەیوەندیە ئابووریەکان بووە هۆی دانوستانی نێوان دوو حکومەتەکە و تایوان، لە رێگەی تەنگەکانەوە، رێکخراوی پەیوەندیەکانی پێکهێنا بۆ پەیوەندیکردن بەسەرزەمینە سەرەکیەکەوە، بەلاّم خەڵك و گروپە جۆربەجۆرەکانی تایوان دەیانگوت: تایوان شوناسی کولتووری خۆی هەیە، هەرچەند سەردەمێکی کورت لەژێر دەسەلاّتی چیندابووەو هەوڵیاندا تا کۆمەڵگەی تایوان لەچین جودابکرێتەوەو بکرێتە ولاّتێکی سەربەخۆ. بەدیهاتنی ئەمە بەپشتگیریکردنی ڕەسمی سەربەخۆیی تایوان و بڕیارنامەی بەدیلی بەجینگەوە بەندەو هەروەها دەبێت سەرکردە سیاسی و سەربازیەکانی چین بتوانن پیشی پەلاماردانی تایوان بگرن. پێدەچێت لەسەرەتای سەدەی بیستویەکەمدا، تایوان پتر بەسەرزەمینە سەرەکیەکەیەوە پەیوەست ببێت.

### ئیسلام- هوشیاری بێ یەکێتی

بنیاتی وەفاداری سیاسی لەنێوان عەرەب و موسڵمانەکاندا بەتەواوەتی جیاوازە لە رۆژئاوا. توخمە سەرەکیەکانی بنیاتی ئیسلام، خێزان، دۆستان، خێڵەکان، یەکێتی و بەپێودانگێکی فراوانتر ئایین و ئیمپراتۆریابوون.



لەکۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا، خێڵ و تیرەو ئایین (ئیسلام) لە سیستەمی ئابووری، کولتووری، کۆمەلاّیەتی و سیاسی عەرەبەکاندا ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕاوەو ئێستاش دەیگێڕن. زانایەکی عەرەب دەڵێت: ئیسلام لەسیستەمی ئابووری، کولتووری، کۆمەلاّیەتی و سیاسی عەرەبەکاندا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەیە. ئەم فاکتۆرانە وا پێکەوە تەنراون کە گرنگترین توخمی دیاریکەرو پێکهێنەری کولتوورو زەینی سیاسی عەرەبی پێکدەهێنن. لەسەرزەمینە عەرەبیەکاندا، خێڵ ناوکی سەرەکی سیاسەتە کە بەقسەی زانایەکی عەرەب زۆربەیان "خێڵی خاوەن ئالاّ"ن. بەگشتی، سیاسەتی عەرەب، سیاسەتی خێڵەکانە. لەگەشەسەندنی لیبیادا لانیکەم هەژدەخێڵی سەرەکی، ڕۆڵی گرنگیان هەبووەو نزیکەی (٥٠٠) خێڵ لەسوودانداا دەژین.

لەرووی مێژووییەوە، شوناسی نەتەوەیی لە ئاسیای ناوەڕاستدا نەبووە هۆی وەفاداربوون تەنها بەرامبەر بەخێڵ، تیرەو خێزان. لەلایەکیتر،خەڵکی ئەم ولاّتانە زمان، ئایین، کولتوورو شێوازی ژیانی هاوبەشیان هەبووە. ئیسلام بەهێزترین هێزی یەکخەری خەڵك بووەو تەنانەت لەمیرەکانیش هێزی زۆرتر بووە. نزیکەی سەد خێڵی کوێستانی و حەوتا خێڵی گەرمێنی لەناو چیچانییەکان و خەڵکی باکووری قەوقازدا ژیاون و سیاسەت و ئابووری خۆیان بەجیل لە رووسیا بەڕێوەبردووە. دەڵێن چیچانییەکان ئابووریەکی خێڵەکیان هەیە.

لەڕێگەی ئیسلامەوە، گروپی بچووکی باوەڕمەند و خێڵ و ئوممەت، ناوەندی سەرەکی وەفاداری و پابەندی ولاّت بوون. لەدنیای عەرەبدا، هەندێك ولاّت هەن پرسی ڕەوایان هەیە. ئەم پرسانە بەزۆری دەسکردی ئیمپریالیزمی رۆژئاوان و تەنانەت سنوورەکانیشیان بەگوێرەی سنووری نەتەوەیی نییەو بۆتە هۆی دابەشکرانی گەلانی عەرەب، بەلاّم لە لایەکیتر، ولاّتێکی پان- عەرەب[١٨٤] قەت پێکنەهات.

بەپێی ڕاپۆرتی توێژەرەوەیەك لەهەفتاكان و هەشتاكاندا، بایەخێكی زۆر درابووە شارستانی ئیسلامی و پەیوەندییە مۆدێرنەكانیش پێكەوە گرێدرانی موسڵمانەكانی پەرەپێداوە. ژمارەی ئەو كەسانەی بۆ زیارەتی مەككە دەڕۆیشتن لە ڕادەبەدەر زیادیكردووەو تەنانەت لەولاّتانی دووری وەكو چین، سەننیگال، یەمەن و بەنگلادیش، هەستی شوناسی هاوبەشی دروستكردووە. ژمارەیەكی زۆری خوێندكارانی ئەندەنۆزیا، مالیزیا، باشووری فلیپین لە زانكۆكانی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا دەخوێنن و پەرە بەبڕوا ئیسلامیەكان دەدەن. لە ناوەندی وەكو تاران، مەككەو كوالالامپوردا، لەنێوان بیرمەندانی موسڵمان و زانا ئایینییەكاندا كۆنفراس و ڕاوێژێكی زۆر ئەنجام دەدرێت.

ئەم هەستی یەكێتیە ئیسلامیە لە ولاّتان و ڕێكخراوە نێونەتەوەییەكاندا ڕەنگیداوەتەوە. لە ١٩٦٩دا، سەركردەكانی عەرەبستان لەگەڵ پاكستان، مەغریب، ئێران، تونس و توركیا، لە "ریبات" یەكەم كۆبوونەوەی سەرانی ولاّتانی ئیسلامیان ئەنجامداو ئەمەش بووەهۆی ئەوەی تا لە ساڵی ١٩٧٢دا لە جەددە، ڕێكخراوی كۆنفراسی ئیسلامی پێكبهێنرێت. ئێستا گەلێك ولاّتی پڕدانیشتوانی موسڵمان ئەندامی ئەم ڕێكخراوەن كە لەدنیادا نموونەی هاوچەشنی نییە. حكومەتە مەسیحی ئۆرسودۆكسی، بوودایی و هیندو چینییەكان، ڕێكخراوی "ناودەوڵەتی"[١٨٥] ئەوتۆیان نییە كە بەگوێرەی ئایین بنیاتنرابێت. جگە لەمە، ولاّتانی عەرەبستان، پاكستان و ئێران كۆنگرەی جیهانی ئیسلام و ئەنجومەنی جیهانی ئیسلامی و كۆنفراسی ئیسلامیان بەڕێوەبردووەو پشتگیریانكردووەو هەوڵیانداوە تا زانیاری و سەرچاوەكان لەنێوان موسڵمانەكاندا پەرەپێبدەن.

ئەو بزاوتەی لە هوشیاری ئیسلامیەوە بەرەو یەكگرتوویی ئیسلامی دەچێت، دوو فاكتۆری هەیە:



١) ئیسلام، لەنێوان ئەو هێزە ركەبەرانەدا دابەشكراوە كە بۆ بەدسهێنانی پێشەوایی و ناوەندێتی ئیسلام تێدەكۆشن. عەرەبستان، دامەزرێنەری OIC[١٨٦] یە (ڕێكخراوی ولاّتانی ئیسلامی) و دەیەوێت ببێتە پێشەنگی یەكێتی عەرەب[١٨٧]. لەساڵی ١٩٩١دا، دوابەدوای جەنگی كەنداو، ڕابەری سوودان، حەسەن ئەلتورابی، كۆنفرانسی بەناوبانگی عەرەب-ئیسلامی[١٨٨] لە خەرتووم[١٨٩]لەبەرامبەر عەرەبستان پێكهێنا و بەسەدان شاندی ولاّتان و ڕێكخراوە جۆربەجۆرە ئیسلامیەكان بەشداریان تێداكرد. جگە لەڕێكخراوە ئیسلامیەكان، شەڕی ئەفغانستان، تۆڕێكی بەرینی سەربازی كۆن و لێوەشاوەی بەجێهێشت كە بۆ پاراستنی ئیسلام لە جەزایر، چیچان، میسر، تونس، بۆسنیا، فەلەستین و فیلیپیندا شەڕیانكردووە. دوابەدوای شەڕ، پلەی ئەو جەنگاوەرانە بەرزبۆوە بۆ ئاستی سەربازی مەشقپێكراوی زانكۆی "دەعوە"[١٩٠] و جیهاد. ویستی هاوبەش و بزاوتی ڕژێمە توندڕەوەكان، هەندێك كات بەسەر دوژمنایەتیە نەریتیەكاندا زاڵبووە. بەپشتیوانی ئێران، پەیوەندی لەنێوان فەندەمینتالیستە سونی و شیعەكاندا دروستبووەو لەنێوان ئێران و سوودانیدا هاوكاری سەربازی هەیە. هەردوو حكومەتەكە پشتگیری گروپە بنەماخوازەكانی جەزایر و ولاّتانیتردەكەن. ساڵی ١٩٩٤ سوودان و ئێراق پەیوەندیەكی توندوتۆڵیان بەرقەراركرد و ئێران و عێراقیش بەرەو ئاشتەوایی چوون.

٢) پرەنسیپی ئوممەت، شەرعیەتی ولاّتی نەتەوەیی دەسەلمێنێ. بەلاّم، ئوممەت لەڕێگەی هەوڵدانی چەند ولاّتی بەهێزی ناوەندیەوە یەكدەگرێت. ( ئێستاكە ولاّتی ناوەندی بەمجۆرە لەئارادا نییە). چەمكی گشتەكی ئیسلام وەكو كۆمەڵگەیەكی یەكگرتووی ئایینی سیاسی ئەوەیە كە لەڕابردوودا ولاّتانی ناوەندی ئەوكاتە بوونیان هەبووە كە ڕابەرایەتی

ئایینی و سیاسی (خەلیفەو سوڵتان) پێکەوە دەزگایەکی باڵادەستیان پێکدەهێنا.

له سەدەی حەوتەمدا، باڵادەستبوونی عەرەبەکان لەباکووری ئەفریقاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستا بووەهۆی پێکهاتنی خەلافەتی ئەمەوی لەدیمەشقدا. لەسەدەی هەشتەمدا بەهۆی دەستێوەردانی ئێرانییەکانەوە، خەلافەتی عەباسی لە دیمەشقدا حوکمی گرتەدەستەوەو لەسەدەی دەیەمدا، خەلافەتی دووەم لەقاهیرەو کۆردۆبا [191]دا پەیدابوون. دوای چوارسەد ساڵ، تورکە عوسمانییەکان پەلاماری سەرانسەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیاندا، قوستەنتەنییەیان داگیرکردو ساڵی ١٥١٧ ئیمپراتۆریەکی نوێیان دامەزراند. هەر لەو سەردەمەدا، تورکەکانیتر، هیندستانیان داگیرکردو ئیمپراتۆریای مەغۆلیان پێکەوەنا. هەڵهاتنی رۆژئاوا، کۆتایی بە هەردوو ئیمپراتۆریای عوسمانیو مەغۆلی هێناو دوابەدوای هەرەسهێنانی ئیمپراتۆری عوسمانی، ئیسلام ولاتی ناوەندی لەدەستداو قەڵەمڕەوەکانی لەنێوان هێزە رۆژئاواییەکاندا دابەشکرا. ئەوەی بەجێما، هەندێك ولاتی زیانباربوون کە بەگوێرەی مۆدێلی رۆژئاوا پێکهاتبوونو نامۆ بوون بە نەریتە ئیسلامیەکان. لەسەرتاسەری سەدەی بیستەمدا ولاتێکی ئیسلامی ئەوتۆی خاوەن هێزو کولتووری هاوبەش لەئارادا نەبوو تا بتوانێت ڕۆڵی ڕێبەرێتی بگێڕێتو ولاتە ئیسلامیو نائیسلامیەکانیتر گوێڕایەڵی ڕێبەرێتیەکەی بن.

نەبوونی ولاتێکی ناوەندی ئیسلامی، هۆی سەرەکی ئەو تێکهەڵچوونە ناوخۆییو دەرەکیانە بووە کە بوونەتە تایبەتمەندی ئیسلام. وشیاری بێ یەکێتی، سەرچاوەی لاوازبوونی ئیسلامەو هەڕەشەیە بۆ شارستانییەکانیتر. ئایا ئەم ڕەوشە بەردەوامدەبێت؟ ولاتێکی ناوەندی ئیسلامی دەبێت سەرچاوەی ئابووری، هێزی سەربازی، توانایی ڕێکخستنو شوناسی ئیسلامیانەی هەبێتو بەرامبەر بەئوممە بەڵێنی ڕێبەرێتی ئایینیو سیاسی



بدات. ئەو شەش ولاتەی جاروبار وەکو ڕێبەری ئایندەی ئیسلام ناویان براوە، ئەمێستا هەلومەرجی کاریگەری بەناوەند بوونیان نییە.

ئەندەنوزیا، پڕ دانیشتوانترین ولاتی موسڵمانەو لەرووی ئابووریەوە، بەخێرایی گەشەدەکات. بەڵام کەوتۆتە پەراوێزی سەرزەمینە ئیسلامیەکانەوەو زۆر لە ناوەندە عەرەبیەکانەوە دوورەو ئیسلامەکەشی ئارامەو خەڵكو کولتوورەکەی تێکهەڵکێشن لە موسڵمان، هیندۆس، چینیو کریستیان.

میسر، ولاتێکی عەرەبی پڕنفوسەو لەرووی جۆگرافیاوە ناوەندێکی ستراتیژی رۆژهەلاتی ناوەڕاستە. گرنگترین دەزگای پەروەردەی ئیسلامی (زانکۆی ئەلئەزهەر)[192] لەمیسردایە. لەلایەکیتر میسر ولاتێکی هەژارەو لەرووی ئابووریەوە وابەستەی ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکاو ڕێکخراوە نێونەتەوەییە رۆژئاواییەکانو ولاتە دەوڵەمەندە نەوتیە عەرەبیەکانە.

ئێران، پاکستانو عەرەبستانی سعودی، خۆیان بەولاتی ئیسلامی ناساندووەو هەوڵیانداوە تا ڕێبەرێتی ئوممەی موسڵمان بگرنەدەستو بۆ ئەمەش لە دامەزراندنی ڕێکخراوەکانو فەراهەمکردنی دەرفەتو دەرەتان لەناو کۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا رکەبەری یەکیان کردووە.

ئێران، لەرووی ڕووبەر، پێگەی ناوەندی، دانیشتوان، نەریتی مێژوویی، سەرچاوەی پیتەرۆڵو گەشەسەندنی ئابووری ناوەنجیەوە دەتوانێت ببێتە ناوەندی ولاتە ئیسلامیەکان. ئێران ولاتێکی موسڵمانی شیعەیەو زمانی فارسی، دووەم زمانی نزیکی زمانی عەرەبیە کە زمانی ئاینی ئیسلامە.

پاکستان، ڕووبەر، دانیشتوانو پسپۆڕی سەربازیانەی هەیەو سەرکردەکانی هەوڵیانداوە تا ئیدیعای ڕێبەرێتیکردن بکەنو خۆیان بکەنە دەمڕاستی ئیسلام لەجیهاندا. سەرەڕای ئەمەش، پاکستان بەشێوەیەکی ڕێژەیی هەژارەو ململانێی ناوخۆیی، نەتەوەییو ناوچەیی هەیە کە

بۆتەهۆی ناسەقامگرتوویی سیاسی. کێشە ئەمنییەکانی لەگەڵ هیندستاندا، بۆتەهۆی گەشەنەکردنی پەیوەندیەکانی ئەم وڵاتە لەگەڵ وڵاتانیتردا.

**عەرەبستان**، لانکی سەرەکی ئیسلامەو زۆربەی زیارەتگە پیرۆزە ئیسلامیەکان لەو وڵاتەدایە. زمانە ڕەسمیەکەی (عەرەبی) زمانی ئیسلامەو گەورەترین پاشەکەوتی نەوتی جیهانی هەیە کەبۆتەهۆی بەهێزبوونی دارایی ئەم وڵاتە. حکومەتەکانی عەرەبستان، کۆمەڵگەکەیان، بەگوێرەی هێڵە ئیسلامیەکان ڕێکخستووە. لە هەفتاکانو هەشتاکاندا، ئەم وڵاتە تاکە هێزی کاریگەری جیهانی ئیسلامی بوو و لەسەرانسەری جیهاندا چەندان ملیار دۆلاری بۆ پرسی جۆربەجۆری ئیسلامی تەرخانکردووە. لەلایەکیترەوە، دانیشتوانی کەمو جۆگرافیا لاوازەکەی، لەرووی ئەمنییەوە وابەستەی رۆژئاوای کردووە. عەرەبستان وڵاتێکی موسڵمانی سوننەیە.

**تورکیا**، مێژوو، دانیشتوان، ئابووری ناوەنجی، یەکگرتوویی نەتەوەیی و نەریتی سەربازیانەی هەیەو دەتوانێت ببێتە ناوەندی ئیسلام. وێڕای ئەمە، تورکیا کۆمەڵگەیەکی سیکۆلارەو تەنانەت مەرجی بەئەندامبوونی OIC (ڕێکخراوی وڵاتانی ئیسلامی) تێدا نییە، چونکە پابەندە بەدەستووری لاییکەوەو تا ئەوکاتەی پشتی بەم دەستوورە بەستبێ، ڕێبەریکردنە ئیسلامیەکەی پەسندناکرێت.

ئەگەر هاتو تورکیا، سەرلەنوێ ڕۆڵی خۆی پێناسە بکاتەوە، ئەوا دەتوانێ واز لە خواستە گاڵتەجاڕیەکەی بۆ ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا بهێنێو بگەڕێتەوە بۆ سەر ڕۆڵە مێژوویەکەی. لەتورکیا خەریکە گۆڕانکاری بەدیدێت. تورگۆت ئۆزال لەکاتی دەسەڵاتی خۆیدا زۆری هەوڵدا تا وڵاتەکەی بەجیهانی عەرەبەوە پەیوەستبکات. تورکیا هەوڵیداوە تا لە ئاسیای ناوەڕاستدا ڕۆڵێکی ناوەنجی بگێڕێت. تورکیا لەرووی مێژووییەوە



پەیوەندیەکی تایبەتی هەبووە لەگەڵ موسڵمانەکانی بەڵکان، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەفریقای باکوورو ئاسیای ناوەڕاستداو چاکەو خراپەی رۆژئاوای تاقیکردۆتەوە. تورکیا دەتوانێ خۆی بگۆڕێتو بگەڕێتەوە بۆ شارستانیو مێژووەکەیو وڵاتەکەی بکاتە ناوەندی شارستانی ئیسلامی. بەڵام تەنها ئەوکاتە دەتوانێ ئەم سەرکەوتنە بەدەست بهێنێت کەچۆن رووسەکان میراتی لینینیان فڕێدا، ئاوا میراتی ئەتاتورك بنێتە لاوە.

# پێکدادانی شارستانییەکان

## بەشی هەشتەم

### ڕۆژئاوا و ئەوانیتر

### نێو-شارستانیخوازی ڕۆژئاوایی

لەم جیهانەی ئێستا لەدەرکەوتندایە، پەیوەندی نێوان وڵاتان و گروپە شارستانییە جۆربەجۆرەکان، لێك نزیك نابن، بەڵکو بەزۆری کێشمەکێش و تێکهەڵچوونی بەدواوەیە. لەئاستێکی بچووکدا، زۆرترین توندوتیژیە سنووریەکان لەنێوان ئیسلام و دراوسێیە ئۆرسۆدۆکس، هیندۆس، ئەفریقایی و کریستیانە ڕۆژئاواییەکاندایە و لەئاستێکی گەورەتردا دەکرێت بگوترێت لەنێوان ڕۆژئاوا و ئەوانیتردایە. ئەم پێکدادانانە لەنێوان کۆمەڵگە ئاسیایی و موسڵمانەکان و ڕۆژئاوادا دەبێت، پێکدادانی ترسناکی ئایندە، ڕەنگە لە پەرچەکرداری خۆپەرستانەی ڕۆژئاوا و سەرسەختی موسڵمانان و داکۆکیکردنی بنجبڕی سینیکەکان (چینییەکان)ەوە سەرچاوەبگرێت.

لەنێوان شارستانییەکاندا، ڕۆژئاوا کاریگەری سەرەکی و هەندێکجار تێکدەری هەبووە لەسەر شارستانییەکانیتر. پەیوەندی نێوان هێزو کولتووری ڕۆژئاوا و هێزو کولتووری شارستانییەکانیتر، دەرئەنجامی تایبەتمەندی جیاوازی جیهانی شارستانییەکانە. بەوجۆرەی کە هێزی



ڕێژەیی شارستانییەکان زیاد دەکات، ئاواش کولتووری ڕۆژئاوا کاڵدەبێتەوە و خەڵکی ناڕۆژئاوایی، بەرامبەر بە کولتوورە نەتەوەییەکانیان، متمانە و پابەندیەکی پتر پەیدادەکەن. گرفتی سەرەکی نێوان ڕۆژئاوا و ئەوانیتر، لەوەوە دێت کە ڕۆژئاوا و بەتایبەتی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەگەڵ هەوڵی برەوپێدانی کولتوورێکی جیهانیدا ناگونجێن و ناتوانن دەستەبەری بکەن.

ڕۆژئاوا و بەتایبەتی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا، هەمیشە میللەتێکی بانگەشەکەربوون و لەوبڕوایەدان کە دەبێت خەڵکی ناڕۆژئاوایی پابەندبن بە بەهاکانی دیموکراسی ڕۆژئاوایی، بازاڕی ئازاد، حکومەتی سنووردار، مافەکانی مرۆڤ، سەربەخۆیی تاك و حوکمی یاساوە و ئەم بەهاگەلە لە دەزگاکانیاندا بگونجێنن. کەمینەی شارستانییەکانیتر، بڕوایان بەم بەهاگەلە هەیە و پەرەیان پێدەدەن، بەڵام بۆچوونی کۆمەڵگە ناڕۆژئاواییەکان جیاوازە. ئەوەی لای ڕۆژئاوا بە جیهانیبوونە، لای ئەوانیتر ئیمپریالیزمە.

ڕۆژئاوا هەوڵدەدات تا پێگەی باڵادەستی خۆی بپارێزێ، و بەرژەوەندیەکانی بە بەرژەوەندی کۆمەڵگەی جیهانی بزانێت و واژەی جیهانی ئازاد لەتەك کۆمەڵگەی جیهانیدا جێگۆڕکێ پێبکات و شەرعیەتی جیهانی پێببەخشێت. ڕۆژئاوا تێدەکۆشێت تا ئابووری کۆمەڵگە ناڕۆژئاواییەکان ببەستێتەوە سیستەمی ئابووری جیهانییەوە و بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. ڕۆژئاوا لەڕێگەی دەزگا ئابووری و داراییەکانەوە، بەرژەوەندیەکانی پەرەپێدەدات و بەسەر نەتەوەکانیتریدا دەسەپێنێ، یاسا نادیموکراتیەکان دەسەپێنێ و ئازادی ئابووری دەخنکێنێ.

ناڕۆژئاواییەکان کەلەبەری نێوان پرەنسیپ و کردەوەکانی ڕۆژئاوا لەقاودەدەن. سیاسەتە دوو فاقیانەکەی ڕۆژئاوا، خۆنواندنی جیهانی بەدواوەیە. دیموکراسی برەو دەستێنێ، بەڵام ئەگەربێتو ببێتە هۆی ئەوەی

بنەماخوازە ئیسلامیەکان دەسەڵات بەدەستەوەبگرن، ئەوا بەرهەمهێنانی چەك تەنها بەسەر ئێران‌و ئێراقدا دەسەپێنرێ نەك ئیسرائیل. مافەکانی مرۆڤ، بۆ چین دەبێتە کێشەو عەرەبستان ناگرێتەوەو پەلاماری سەر کوێتی گەنجینەی نەوت بەرپەرچ دەدرێتەوە، بەڵام کەس لەسەر بۆسنیای بێ نەوت ناکاتەوە."سیاسەتە دوو فاقیانەکان" بەکردە، باجی سیاسەتە جیهانییەکانن.

کۆمەڵگە نارۆژئاواییەکان دەیانەوێت بەسەربەخۆبوونی سیاسیان، خۆیان لە چنگی دەسەڵاتی ئابووری، سەربازی‌و کولتووری رۆژئاوا دەرخەن. کۆمەڵگەکانی ئاسیای رۆژهەڵات، خەریکە دەبنە هاوتای ئابووری رۆژئاواو ولاّتە ئاسیایی‌و ئیسلامیەکان لەرووی سەربازیەوە خەریکە لەگەڵ رۆژئاوادا هاوسەنگبن. کەمبوونەوەی ڕێژەیی هێزی رۆژئاواو سەقامگرتنی بنجڕی کولتووری شارستانییەکانیتر، پەیوەندی نێوان رۆژئاواو ئەوانیتر سەخت دەکات. سروشتی ئەم پەیوەندیانە تاڕادەیەك دوژمنانەیە، بەڵام بەشێوەیەکی بەرچاو دەگۆڕێن‌و دەکرێت بکرێت بەچەند بەشەوەو لەوانەیە رۆژئاوا لەتەك شارستانییە خەباتگێڕەکانی ئیسلام‌و چیندا پەیوەندیەکی دوژمنانەی هەبێت. ئەمەریکای لاتین، ئەفریقاو شارستانییە لاوازیەکانیتر کە تاڕادەیەك وابەستەی رۆژئاوان، پەیوەندیەکانیان پێکدادانی کەمتری بەدواوە دەبێت. بەتایبەت لەتەك ئەمەریکای لاتیندا. پەیوەندی رۆژئاوا لەگەڵ رووسیا، ژاپۆن‌و هیندستاندا جاروبار بەهاوکاریەوە دەبێت‌و جاروباریش بەپێکدادان. ئەم ولاّتانە هەندێکجار پشتی شارستانییە خەباتگێڕەکان دەگرن‌و جارجاریش پشتیوانی رۆژئاوا دەکەن. ئەمانە، شارستانی "ناجێگیر"[(١٩٣)]ن‌و لەنێوان رۆژئاواو شارستانییەکانی ئیسلامی‌و سینیکدان.



ئیسلام‌و چین نەریتی کولتووری دەوڵەمەندی جیاواز لە رۆژئاوایان هەیەو لە ڕوانگەی خۆیانەوە لەهی رۆژئاوا باڵاترن. هێزو متمانە بەخۆکردنی هەردوو کولتوورەکە لەبەرامبەر رۆژئاوا ڕوو لە زیادبوونەو تێکهەڵچوونی نێوان بەهاو بەرژەوەندیەکانیان لەگەڵ رۆژئاوا پەرەدەستێنێ. لەبەرئەوەی ئیسلام ولاّتی ناوەندی نییە، پەیوەندیەکانی لەگەڵ رۆژئاوا لە ولاّتانیتر جیاوازەو لە هەفتاکانەوە مەیلێکی بەردەوامی دژە رۆژئاوایی هەبووە. بەسەرهەڵدانی بنەماخوازەکان، ئاراستەی هێز لە ولاّتە ئیسلامیەکاندا لە رۆژئاواییەوە گۆڕا بۆ دژە رۆژئاوا. پەیدابوونی "شێوە شەڕەکان"[(١٩٤)] لەنێوان هەندێك گروپی ئیسلامی‌و رۆژئاوادا، دەرئەنجامی لاوازبوونی پەیوەندیە ئەمنییەکانی دوای شەڕی ساردە. پرسی سەرەکی، ئەو ڕۆڵەیە کە شارستانییەکان لە پێکهێنانی ئایندەی جیهاندا هەیانە. ئایە دەزگا جیهانییەکان، دابەشکردنی هێز، سیاسەت‌و ئابووری نەتەوەکان لەسەدەی بیستویەکەمدا، نیشاندەری بەهاو ویستی رۆژئاوا دەبێت؟ ئایە ئەو خاڵە ئاماژەپێکراوانە بەهۆی ئیسلام‌و چینەوە پێکدێن؟

"تیۆری ڕیالیستانە"ی پەیوەندیە نێونەتەوەییەکان، وا پێشبینی دەکات کە دەبێت ولاّتانی ناوەندی شارستانییە نارۆژئاواییەکان یەکگرن تا پارسەنگی هێزی رۆژئاوا بدەنەوە. لەهەندێك ناوچەدا ئەمە ڕوویداوە، بەڵام ئیتلافێکی دژەرۆژئاوایی لە ئایندەی نزیکدا بەدینایەت، شارستانییە ئیسلامی‌و سینیکەکان، لەڕووی پێکهاتی کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئەتنی، نەریتی‌و سیاسیەوە جیاوازن‌و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی ژیانیان. کۆمەڵگە ئیسلامی‌و سینیکەکان، رۆژئاوا بەدوژمن دەزانن‌و بەمجۆرە لەدژی رۆژئاوا یارمەتی یەکتردەدەن. ئەم هاوکاریکردنە بابەتی جۆربەجۆر دەگرێتەوە: مافەکانی مرۆڤ، ئابووری، پەرەپێدانی توانستە سەربازیەکان‌و بەتایبەتی چەکی کۆمەڵکوژ، مووشەکەکان‌و شێوەی گواستنەوەیان.

لەدەسپێکی نەوەدەکاندا، پەیوەندیەکی "کۆنفۆشیۆسی-ئیسلامی" بۆ بەرەنگاربوونەوەی رۆژئاوا لە نێوان چین و کۆریای باکوور لە لایەك و پاکستان، ئێران، ئێراق*، سووریا، لیبیا و جەزایر لەلایەکیترەوە، پێکهاتووە.

ئەو پرسانەی رۆژئاوا و کۆمەڵگەکانیتر لێکجیادەکاتەوە، لەکۆبوونەوە نێونەتەوەییەکاندا بایەخێکی زۆرتری دەدرێتێ و ئەوەش هەوڵدانی رۆژئاوایە بۆ پاراستنی باڵادەستبوونی سەربازی خۆی لەڕێگەی سیاسەتەکانی نەهێشتنی بڵاوبوونەوەو زیادبوونی بەرهەمهێنانی چەکە ئەتۆمی، بایۆلۆژی و کیمیاییەکان.

## بەرهەمهێنانی چەکەکان

توانستە سەربازیەکان، دەرئەنجامی گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتین. بەوجۆرەی ژاپۆن و چین و وڵاتە ئاسیاییەکانیتر لەرووی ئابووریەوە دەوڵەمەندتر دەبن، لەرووی سەربازیشەوە بەهێز دەبن، وڵاتانی ئیسلامیش ئاوایان لێدێت. رووسیاش پێویستی بە چاکسازی ئابووری هەیە. لەکۆتایی سەدەی بیستەمدا، وڵاتە نارۆژئاواییەکان، لەڕێگەی وڵاتانی رۆژئاوا، رووسیا، ئیسرائیل و چینەوە، چەکی سەروو-مۆدێرنیان بەدەستهێنا. ئەم ڕەوتە درێژەی دەبێت و لەوانەیە لەسەرەتای سەدەی بیستویەکەمدا، زیادبکات. بەم حاڵەشەوە، لەسەدەی بیستویەکەمدا، رۆژئاوا بەواتای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەیارمەتی بەریتانیا و فەرەنسا دەتوانێت لەرووی سەربازیەوە دەستوەربداتە زۆربەی شوێنەکانی جیهانەوە. وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا تاکە هێزی ئاسمانی سەروو-مۆدێرنی بەدەستەوەیە کە دەتوانێت هەموو سووچێکی جیهان بۆمباران

* دەقەکە هی بەر لەڕووخانی ڕژێمی سەدامە



بکات. ئەمانە توخمی سەرەکی پێگەی سەربازی ئەمەریکان وەکو هێزێکی جیهانی و هی رۆژئاواشن وەکو شارستانی باڵاتری جیهان.

کات، هێزو سەرمایەی پێویستی گەشەپێدانی توانستی بەرزی سەربازی، کەڵکەڵەیەکی نائاسایی لای وڵاتە نارۆژئاواییەکان دروستکردووە تا ڕێگەی هاوسانبوون لەگەڵ هێزی سەربازیانەی رۆژئاوا وەدۆزن و بۆئەمەش ئاسانترین ڕێگا، بەدەستهێنانی چەکی کۆمەڵکوژو چۆنێتی گواستنەوەیانە. ئەم چەکانە، ئەوەندە بەهێزیان دەکات تا دەسەڵات و باڵادەستی خۆیان لەناوچەو وڵاتانیتری شارستانییەکاندا بپارێزن و هەروەها کۆسپ بخەنە بەردەم دەستێوەردانی سەربازی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هێزە دەرەکیەکانی دیکە. ئەگەر سەدام حسێن، هێرشی سەر کوێتی دوو-سێ ساڵ دوابخستایە، ئەوا عێراق دەیتوانی چەکی ناوکی بەدەستبهێنێ و ڕەنگە ئەمێستا خاوەنی کوێت و گەلێك شوێنی نەوتی عەرەبستانیش بوایە. وڵاتە نارۆژئاواییەکان، وانەیەکی زۆریان لەشەڕی کەنداو وەرگرت. ئەم وانانە لای هێزی سەربازی کۆریای باکوور ئەمانەبوون: مەهێڵن ئەمریکیەکان هێزەکانیان ببەنە سەرەوە، مەهێڵن چەکە کۆمەڵکوژەکانیان لەهێزی ئاسمانیدا تەرخانبکەن و مەهێڵن دەسپێشخەری بخەنە دەستیان و دەست بە شەڕێك بکەن کەزیانی کەمی بەدواوە بێت". لای هێزی سەربازی هیندستان، ئەم وانانە ڕاشکاوانەتر بوون: "ئەگەر چەکی ناوکیتان نییە، لەگەڵ وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکادا نەجەنگن". ئەم وانانە شێلگیرانە لەلایەن سەرکردە سیاسی و سەربازیەکانی سەرانسەری جیهانی نارۆژئاواییەوە بایەخی پێدرا. "ئەگەر چەکی ناوکیتان هەبێ، ئەوا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا شەڕتان لەگەڵ ناکات". لە ڕاستیدا چەکە ناوکیەکان، سیستەمی ناونەتەوەیی وا لەتدەکات کە ڕۆڵی

زلهێزەکان کەمدەکاتەوە. کەوابێت، سەیر نییە کە رووسیا لەپلانی بەرگری خۆیدا ئاوا جەخت بکاتەسەر ڕۆڵی چەکە ناوکیەکانی.

چەکە ناوکیەکان دەتوانن ڕاستەوخۆ هەڕەشە لە ڕۆژئاوابکەن. چین‌و رووسیا مووشەکی بەلستیکیان[١٩٥] هەیەو تا ئەوروپاو ئەمەریکای باکووری دەگەن. کۆریای باکوور، پاکستان‌و هیندستان خەریکی پەرەپێدانی بردی مووشەکانیان‌و دەتوانن ڕۆژئاوا بکوتن. پسپۆڕە سەربازیەکان پێشبینی توندوتیژی ئارام، تیرۆریزم، شەڕی گەریلایی، شەڕی پەرتوبلاو، شەڕی گەورەو جەنگی ئەتۆمی دەکەن. تیرۆریزم لەرووی مێژووییەوە چەکێکی لاوازبووە. لەڕابردوودا تیرۆریستەکان دەیانتوانی ببنە هۆی زەبرو زەنگی سنووردارو هەندێك خەڵك بکوژن یاخود هەندێك ئاسانکاری هەڵبوەشێننەوە، بەلاَم بۆ توندوتیژی بەکۆمەڵ ئامرازی سەربازی بەرین پێویستن. بەم حاڵەشەوە هەندێك کات چەند تیرۆریست دەتوانن ببنەهۆی توندوتیژی‌و تێکدانی بەکۆمەڵ. تیرۆریزم، چەکی ولاَتە نارۆژئاواییە لاوازەکانە، بەلاَم ئەوکاتەی ئەم ولاَتانە یەکبگرن، ئەو ولاَتە نارۆژئاواییە لاوازانە، بەهێزدەبن.

دوای شەڕی ساردی جیهانی، پەرەسەندن‌و شێوەی گواستنەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان لە ولاَتە "ئیسلامی-کۆنفۆشیۆسی"یەکاندا یەکانگیربوو. پاکستان‌و (تاڕادەیەك) کۆریای باکوور، چەکێکی ناوکی کەمتریان هەیە. بەلاَم دەتوانن بەخێرایی مۆنتاژیان بکەن‌و خەریکی بەدەستهێنان‌و گەشەپێدان‌و گواستنەوەی مووشەکی دوور مەودان. ئێراق* توانستی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی هەیەو هەوڵدەدات تا چەکی بایۆلۆژی‌و ناوکی بەدەستبهێنێ. ولاَتە پێشکەوتووە ئیسلامیەکان بەرنامەیەکی

* دەقەکە هی بەر لە ڕووخانی ڕژێمی سەدامە



بەربلاَویان هەیە بۆ پەرەپێدانی چەکی‌ناوکی‌و هەوڵی گواستنەوەیان دەدەن. ولاَتە ئیسلامیەکانیتری وەکو: لیبیا، جەزایرو عەرەبستان‌و ئێران دەیانەوێ چەکی ئەتۆمی بەدەست بهێنن. سەرئەنجام ئیسلام دەتوانێت ببێتە هەڕەشە بۆ ئەوانیترو رۆژئاوا.

ئەو ولاَتانە چەك بەرهەمدەهێنن کە پەیوەندی "ئیسلامی-کۆنفۆشیۆسیان"بەهێزە. چین ڕۆلێکی سەرەکی هەیە لە گواستنەوەی چەکی ئاسایی‌و مۆدێرن بۆ ولاَتە موسڵمانەکان. ئەم گواستنەوەیە دروستکردنی ریاکتۆرە[١٩٦] ئەتۆمی‌و نهێنییەکانی بیابانی جەزایر دەگرێتەوە کە بەڕواڵەت بۆ توێژینەوە دروستکراون، بەلاَم گەلێك لەپسپۆڕە رۆژئاواییەکان لەو باوەڕەدان کە ئەمە دەتوانێت پلۆتۆنیۆم[١٩٧] بەرهەمبهێنێ، کەرەستەی کیمیایی بگەیەنێتە لیبیا، مووشەکی مەودا ناوەندی بۆ عەرەبستان دابینبکات، تەکنەلۆژیای ناوکی‌و کەرەستەی سەرەتایی بۆ ئێراق، لیبیا، سووریاو کۆریای باکوور دابینبکات‌و گەلێك چەکی ئاسایی بگوازێتەوە بۆ عێراق. جگە لەچین، کۆریای باکوور لەسەرەتای نەوەدەکاندا، مووشەکی سکۆد-سی[١٩٨] و سەکۆی گەڕۆکی مووشەکهاوێژی بۆ سووریا دابینکردووە.

لەسەرەتای هەفتاکاندا چین‌و پاکستان، پەیوەندیەکی پتەوی سەربازیان دروستکردو لە ١٩٨٩دا یاداشتێکی دەساڵەیان ئیمزاکرد سەبارەت بەکڕین، توێژینەوەی هاوبەش، گەشەپێدان‌و بەرهەمهێنانی هاوبەش‌و گواستنەوەی تەکنەلۆژیا بۆ جیهانی سێیەم. ڕێکەوتنامەی پاشکۆی ( چینییەکان) پاکستانی ناچار کردووە تا چەك لەچین بکڕێ‌و لەئەنجامدا، چین بووە گرنگترین دەستەبەرکەری ژێرخانی ئامێرە سەربازیەکانی پاکستان. هەروەها چین یارمەتی پاکستانی‌داو دەرفەتی پێویستی بۆ دروستکردنی فڕۆکەی جێت، تانك‌و مووشەك‌و ئامڕازی سەربازی فەراهەمکرد. لەوەش

گرنگتر ئەوەبوو کە چین یارمەتی پێویستی بە پاکستان دا تا بتوانێت چەکی ناوکی پەرەپێبدات‌و هەروەها یۆرانیۆمی[١٩٩] ئەو وڵاتەی دابینکردو لەپرۆژەی دروستکردنی بۆمبدا لەرووی راوێژو پسپۆڕییەوە هاوکاریکردو رێگەی پێدا تا سەرچاوە ناوکیەکانی لەچیندا تاقیبکاتەوە. چین، مووشەکی بەلستیکی دوورمەودای دایە پاکستان کە دەتوانێ چەکی ئەتۆمی وەگوازێت. لەم ماوەیەدا چین بەڵێنەکانی خۆی بەرامبەر بە ئەمەریکا پێشێلکردووەو لەجیاتی ئەمانە، دەرفەتی تەکنەلۆژیای بەنزین تێکردنی لەئاسمانی هەروەها مووشەکی ستینگەر[٢٠٠]ی لە پاکستان وەرگرت.

لەنەوەدەکاندا پەیوەندی نێوان چین‌و ئێران پەرەیسەند. لەدرێژەی شەڕی ئێران-ئێراقدا، چین سەدی ٢٢ی چەکەکانی ئێرانی دابینکردو بووە گەورەترین دابینکەری چەکی ئێران‌و ئەو وڵاتەی هاندا تا چەکی ئەتۆمی بەدەستبهێنێ. هەروەها رێککەوت تا لەئێران دوو ریاکتۆری ئەتۆمی دروستبکات‌و تەکنەلۆژیاو زانیاریەکانی بگوازێتەوە بۆ ئێران‌و پسپۆڕە ئێرانییەکان پەروەردە بکات. ساڵی ١٩٩٥ لەژێر فشاری حکومەتی ئەمەریکادا، چین رێکەوت هەتا فرۆشتنی دوو ریاکتۆرە ئەتۆمیەکانی بەئێران هەڵبوەشێنێتەوە، یاخود بەقسەی خودی چینییەکان دوایبخات. چین، سەرچاوەی سەرەکی دابینکردنی تەکنەلۆژیای مووشەکی سیلك وۆرم[٢٠١] (کرمی ئاوریشم)و مووشەکە زەوی بەزەوییەکان بووە. کۆریای باکووریش مووشەکی سکۆد-سی دایە ئێران‌و یارمەتی ئەو وڵاتەیدا تا ئەم چەکانە بەرهەمبهێنێت. ئێران‌و پاکستان، پەیوەندیەکانیان توندوتۆڵ کردووەو پاکستان شارەزا ئێرانییەکانی بارهێناو سەرئەنجام لە نۆڤەمبەری ١٩٩٢دا، پاکستان‌و چین‌و ئێران رێککەوتن تا بۆ پرۆژەی جۆربەجۆر یارمەتی یەکتربدەن. ئەو یارمەتیە فراوانانەی چین بۆ پەرەپێدانی چەك بەئێران‌و پاکستانی داوە، هاوکاری‌و پابەندی نێوانیان نیشاندەدات.



ئەمێستا بەرهەمهێنانی چەکە ناوکیەکان، یەکەم بەرنامەی کۆبوونەوە ئەمنییەکانە.

سەپتەمبەری ١٩٩٣و پایزی ١٩٩٤، سەرکۆماری ئەمەریکا، "حاڵەتی نائاسایی" راگەیاندو گوتی لەدژی ئەو هەڕەشە نائاساییانەی ئاسایشی نەتەوەیی، سیاسەتی دەرەکی‌و ئابووری ئەمەریکا تێکبدات، خەباتدەکات. نۆڤەمبەری ١٩٩٣، کلینتۆن بەلێبراوی گوتی: "رێگە نادەین کۆریای باکوور چەکی ئەتۆمی بەرهەمبهێنێ" ئەمەریکا لەبەر ئەوە بایەخی بە کۆریای باکوور دەدا، چونکە ئەوەندە چەکی بەرهەمدەهێنا کەدەیتوانی ببێتە هۆی کاردانەوەی ئەمەریکا لە رۆژئاوای ئاسیادا ..ئەگەر کۆریای باکوور،چەك و تەکنۆلۆژیا بفرۆشێ ئەوا دەتوانێ مەترسی شێلگیری هەبێت بۆ ئەمەریکا لەباشووری ئاسیاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا .

لەلایەکیتر کۆریای باکوور بۆمبی ئەتۆمی بە گەرەنتی بەرژەوەندیە ناوچەییەکانی دەزانێت .گەلێك لەخەڵکی کۆریای باشوور بۆمبای کۆریای باکووریان بەبۆمبای کۆریایی قبوڵکرد و وایاندەزانی هەرگیز دژی خەڵکی وڵاتەکەیان بەکارناهێنرێت, بەڵام دەتوانێ بۆ بەرگری لە سەربەخۆیی‌و بەرژەوەندیەکانی کۆریا لەبەرامبەر ژاپۆن‌و هەموو هەڕەشەکانیتر بەکاربهێنرێت. ئامانجەکانی کۆریای باشوور هاتنەدی‌و مەینەتی دەرئەنجامەکانی خرایە ئەستۆی کۆریای باکوور. پێکهاتەی چەکەکانی کۆریای باکوور و لێهاتنی پیشەسازی کۆریای باشوور،رۆڵێکی گرنگیان دەبێت لەئاسیای رۆژهەڵا تدا. قەیرانی نیمچە کیشوەری هیند، کە لەنێوان هەردوو پایتەختەکەدا ،"کەلەبەرێکی ترسناکی" دروستکرد، سەرنجی واشنتۆنی راکێشا،.کەلەبەرێکی هاوشێوەش لەنێوان بەرژەوەندیە ئەمنییەکانی ئەمەریکاو هێزە ناوچەییەکانی باشووری ئاسیادا دروستبوو و بەرهەمنەهێنانی چەکە کۆمەڵکوژیەکان نەگەیشتە ئەنجام :

ولاتەیەکگرتووەکان نەیتوانیوە پەرەسەندنی چەکی ئەتۆمی هیندو پاکستان‌و ئێران رابوەستێنیٚ .

لەکۆنفراسی ١٩٩٥ دا، بابەتی سەرەکی پەیماننامەی بەرهەمنەهێنانی چەکەکان ئەمەبوو کەماوەکەی بێسنووربێت یاخود (٢٥ ) ساڵ بخایەنێت .ئەمەریکا ماوەی بێسنووری دەویست، بەلاّم گەلێك ولاّتیتر بەرامبەر بەم ماوە درێژخایەنە ناڕازیبوون‌و بەمەرجێك پەسەندیاندەکرد بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی لەلایەن پێنج هێزە ناسراوەکەوە کەمبکرێتەوە . جگە لەمە میسر جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کەدەبێت ئیسرائیلیش پەیماننامە درێژ خایەنەکە ئیمزا بکات .لەو کاتەدا کە پەیماننامەکە لەبەر دەنگدان زۆری دەخایاند،نوێنەرانی ولاّتە ئیسلامیەکان (سووریا، ئوردون، ئێران، عێراق، لیبیا، میسر و مالیزیا )و ولاّتێکی ئەفریقی (نایجیریا ) بیروڕای پێچەوانەیان دەربری. ساڵی ١٩٩٣ ئامانجی رۆژئاوا لە سیاسەتی بەرهەمنەهێنانی چەکەوە گۆڕا بۆ رووبەڕوبونەوەی پەرەپێدانی چەك‌و پاشان ئەمەریکابڕیاریدا تا رووبەڕووبوونەوەی پەرەپێدانی چەك بکاتە سازش لەگەڵ پەرەپێدانی چەکەکان. لە ١٩٩٥ەوە ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو رۆژئاوا، بەڵێنیاندا تا سیاسەتەکانیان جێبەجێبکەن کە سەرئەنجام ئەمەش تێکدەشکێت.

### مافەکانی مرۆڤو دیموکراسی

لەهەفتاکان‌و هەشتاکاندا، پتر لە سی ولاّتی جیهان، لە ئۆتۆنۆمیەوە ئاراستەیان گۆڕی بەرەو سیستەمی "سیاسی–دیموکراسی". ئەمەش چەند هۆیەکی هەبوو: بێگومان لە گۆڕانە سیاسیەکاندا پەرەسەندنی ئابووری فاکتۆری سەرەکی بوو. جگە لەمە، سیاسەت‌و هەوڵدانی ولاّتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا، یارمەتی هێزە سەرەکیە ئەوروپیەکان‌و



رێکخراوە نێونەتەوەییەکانیدا تا دیموکراسی بگەیەننە ئیسپانیاو پورتوگال. بۆ پێکهێنانی دیموکراسی، ولاّتانی ئەمەریکای لاتین، فیلیپین، کۆریای باشوورو ئەوروپای رۆژهەلاّت لە ولاّتانیتر سەرکەوتووتربوون. دیموکراسی لەو ولاّتانەدا سەرکەوتووبووە کە کریستیانی‌و کاریگەری رۆژئاوایان تێدا زۆر بەهێز بووە. ساڵی ١٩٨٠لە ئاسیای رۆژهەلاّتدا، کاسۆلیکی‌و ئەمریکیەکان، "فیلیپین"یان هاندا تا خۆی دیموکراتیزە بکات، هەروەها رێبەرە کریستانەکان لەکۆریای باشوورو تایواندا برەویان بە دیموکراسیدا. پێدەچێت لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوودا، کۆمارەکانی بەڵتیك سەرکەوتوانە دیموکراسی پەرەپێبدەن. سەقامگرتنی دیموکراسی بەشێوەیەکی بەرچاو لە کۆمارە ئۆرسودۆکسەکاندا نادیارو گۆڕاوبووە. گومان لەدیموکراتیبوونی کۆمارە ئیسلامیەکان دەکرێت. لە نەوەدەکاندا بەدیموکراتیبوون لەزۆربەی ولاّتانی دەرەوەی ئەفریقا جگە لەکووبا،سەریهەڵداوە .

ئاڵوگۆڕو هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، وای لەرۆژئاوا گەیاند کە شۆرشی دیموکراتیانەی جیهانی بەرێوەیەو شێوەی "دیموکراسی سیاسی" رۆژئاوا بالاّدەستدەبێت بەسەر جیهاندا. کلینتۆن لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی خۆیدا دەیگوت دیموکراسی، بالاّترین پرسی سیاسەتی دەرەوەیەتی . هەروەها برەوپێدانی مافی مرۆڤو دیموکراسی لەسیاسەتی دەرەکی ئەوروپادا رۆلێکی سەرەکی هەبووە. لەساڵی ١٩٩٥دا هەوڵدانی ئەوروپا و ئەمەریکا بۆ دەستەبەرکردنی ئەم ئامانجە، سەرکەوتنێکی سنوورداری بەدەستهێنا . تێکرای شارستانییە نارۆژئاواییەکان لەبەرامبەر فشاری رۆژئاوادا حۆراگریان نواندووە. ئەم شارستانیانە بریتیبوون لە : هیندۆس، ئۆرسودۆکس، ئەفریقاو تارادەیەك ولاّتانی ئەمەریکای لاتین. ئیسلام وئاسیا، لەبەرامبەر هەوڵی دیموکراسی‌و بەرۆژئاواییبووندا، زۆرترین

خۆراگریان نواندووه. ئەم خۆراگرییە، ریشەکەی دەگەڕایەوە بۆ بزووتنەوەی بەرینی کولتووریو ژیانەوەی ئیسلامو لایەنگیری ئاسیایی. ئاسیاییەکان هەمیشە ئەوەیان بیر خستۆتەوە کە رۆژئاوا، نیوەی بەرهەمهێنانی ئابووری جیهانی لەدەستدایە، رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەژێر دەسەڵاتی رۆژئاوادایەو جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ لەمێژوودا سڕاوەتەوە. بەوتەی کاربەدەستێکی سینگافۆری دەبێت مافەکانی مرۆڤ لەئاسیا بەپێی دابەشکرانی هێزەکانی پاش شەڕی سارد چاکبکرێت. دەکرێت رێککەوتنامەی چەکی ناوکی نێوان ئەمەریکاو کۆریای باکوور بە "دانوستانی خۆبەدەستەوەدان"[٢٠٢] ناوزەدبکرێت، بەڵام پرسەکانی مافی مرۆڤی چینو هێزە ئاسیاییەکانیتر لەلایەن چینەوە بەرپەرچدرایەوە.

توانستی ڕژێمە ئاسیاییەکان بۆ قبوڵنەکردنی مافەکانی مرۆڤی رۆژئاوایی، خۆڕاگرتری کردن. بازرگانە ئەمریکیو ئەوروپییەکان خوازیاری پەرەسەندنی بازرگانیو سەرمایەگوزارین لەئاسیاداو فشار دەخەنەسەر حکومەتەکانی خۆیان تا پەیوەندییە ئابووریەکانیان تێکنەدەن. ژاپۆنییەکان خۆیان لە سیاسەتی مافی مرۆڤی ئەمریکی کشاندەوە.

بەبەراوردکردن لەگەڵ رێککەوتنامەی بێ سنووری بەرهەمنەهێنانی چەکەکاندا، رۆژئاوا هەوڵیدا تا مافی مرۆڤو دیموکراسی لە رێکخراوەکانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکاندا، برەوپێبدات، بەڵام لەمە ئەنجامی وەرنەگرتو گەلێك وڵات ناویان نا "ئیمپریالیزمی مافەکانی مرۆڤ" . لەساڵی ١٩٩٤دا پاکستان سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ بڕیارنامەیەکی پێشکەشی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کردو دەستدرێژی هیندیەکانی بۆ سەر کەشمیر تاوانبارکرد. وڵاتە دۆستەکان بەرهەڵستی هیندستانیان کردو هەروەها دوو حکومەتی دڵسۆزی پاکستان (چینو ئێران) ئەم وڵاتەیان هاندا



تا واز لە داخوازەکەی بهێنێ. کۆمسیۆنی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان داوای جێبەجێکردنی ئەم داخوازەی کرد.

لە حوزەیرانی ١٩٩٣ جیاوازی نێوان رۆژئاواو شارستانییەکانیتر سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤو توانستی سنوورداری رۆژئاوا لەبەدەستهێنانی ئامانجەکانی، لە کۆنفرانسی جیهانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ڤیەننادا ئاشکرابوو. لە لایەکی مێزی کۆنفراسەکەدا وڵاتانی ئەوروپاییو ئەمەریکای باکوور هەبوونو لە لایەکیتریش، نزیکەی ٥٠ وڵاتی نارۆژئاواییو ١٥ئەندامی چالاك هەبوون کە بریتیبوون لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین (کووبا)، وڵاتێکی بوودایی (میانمار)[٢٠٣]، ٤ وڵاتی کۆنفۆشیۆسی بە ئایدیۆلۆژیای سیاسیو ئابووری جیاوازەوە (سەنگاپورا، ڤێتنام، کۆریای باکوور، چین)و ٩ وڵاتی موسڵمان (مالیزیا، ئەندەنۆزیا، پاکستان، ئێران، عێراق، سووریا، یەمەن، سوودانو لیبیا). چینو سووریاو ئێران رێبەرێتی گروپە "ئاسیایی–ئیسلامیە"کانیان دەکرد. لەنێوان ئەم دەستەبەندیانەدا، وڵاتانی ئەمەریکای لاتین لە کووبا جیابوونو رۆژئاوا پشتیوانی دەکردن. وڵاتە ئەفریقیو ئۆرسودۆکسیەکانیش جاروبار پشتگیری رۆژئاوایان دەکردو جاروباریش بەرهەڵستیاندەکرد.

بابەتی سەرەکی مافەکانی مرۆڤ، دابەشکردنی وڵاتان بوو بەگوێرەی هێڵی شارستانی، واتە جیهانگرەوەیی[٢٠٤] لەبەرامبەر ڕێژەیی بوونی کولتووریدا[٢٠٥]. هەروەها ئەولەویەتی ڕێژەیی ئابووریو مافە کۆمەڵایەتیەکان رەچاوکران کە بریتیبوون لە مافی پەرەسەندن لەبەرامبەر مافی سیاسیو مەدەنی، یارمەتی ئابووری بەگوێرەی هەلومەرجی سیاسی، پێکەوەنانی "کۆمسیۆنێکی رێکخراوی نەتەوەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ"[٢٠٦] تا ئەو ڕادەیەی کە رێکخراوە ناحکومیەکانی مافی مرۆڤ بتوانن بەشداری کۆنفرانسی ڤیەننا بکەن.

لەنێوان وڵاتە ڕۆژئاواییەکانو وڵاتانی بلۆکی ئاسیادا سەبارەت بەم پرسیارانە جیاوازیەکی زۆر هەبوو، بەڵام دوو مانگ بەر لەکۆنفرانسی ڤیەننا، وڵاتە ئاسیاییەکان لە بانکۆك کۆبوونەوەو بلاۆکراوەیەکیان ئیمزاکرد کە دەبێت مافەکانی مرۆڤ تایبەتمەندی نەتەوەییو ناوچەیی لەبەرچاوبگرێت. جگە لەمە، نابێت یارمەتییە ئابووریەکان بەپێی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ بێت، چونکە ئەمە لەگەڵ مافی پەرەسەندندا ناکۆکە. جیاوازیەکان لەمەڕ ئەم پرسانە، ئەوەندە زۆربوون کە کۆنفرانسی ڤیەننا کرایە پاشکۆی کۆنفرانسێکی سەرەتایی دیکە لە ژنێڤ.

وڵاتە ڕۆژئاواییەکان لەکۆنفراسەکەدا ئامادەنەبوونو لە دوا دەنگداندا بوونە کەمینە. لەئەنجامدا، وێرای ئەوەی جەختکرایە سەر مافی ژنان، ئەو جاڕنامەیەی کۆنفرانسەکە دەریکرد، شتێکی ئەوتۆی تێدانەبوو، واتە سەرکەوتنی ئیتلافی "ئیسلامی–ئاسیایی"و شکستی ڕۆژئاوابوو. جاڕنامەی ڤیەننا پشتگیریەکی ئاشکرای نەبوو بۆ ئازادی ڕادەربڕین، چاپەمەنی، کۆبوونەوەو ئایینو لەگەلێك لایەندا لەجاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤیش لاوازتربوو. جیهان ئەمڕۆکە ئەوەندە عەرەبیو ئاسیاییو ئەفریقیە کە ڕۆژئاوا، ڕۆژئاوایە. چین براوەی سەرکەوتووی کۆنفرانسی ڤیەننابوو کە هەوڵیدەدا تا یاریەکانی ئۆڵۆمپیکی هاوینی ٢٠٠٠ بەڕێوەببات. لەلایەکیتر کۆنگرێسی ئەمەریکا، پەرلەمانی ئەوروپاو ڕێکخراوی مافی مرۆڤ بەرهەڵستی هەڵبژارانی چین بوون بۆ ئەم بابەتە. لەو یەکەم دەنگدانەی کە بەپشتیوانی بەرینی ئەفریقا ئەنجامدرا، یەکەم شوێنی هەڵبژێراو بۆ ئۆلیمپیك "بەجینگ"بووو دووەمیشیان سیدنی بوو. بەڵام لە دوا دەنگداندا بەلابردنی چەندین وڵات، "سیدنی"یان هەڵبژارد. ئەم تێکشکانە سووکایەتی بوو بۆ چینو ئەمەریکایان بە خەتابار دەزانی. گوایە هۆی ڕواڵەتی ئەم پرسە مافەکانی مرۆڤ بوو، بەڵام هۆیە سەرەکیەکەی



لایەنی سیاسی هەبوو تا کاریگەری سیاسی ڕۆژئاوا بنوێنێ. بێگومان زۆرینەی خەڵکی جیهان پتر هۆگری وەرزشن تا مافی مرۆڤ. ئێستاکە ڕێبەرە ڕۆژئاواییەکان تێگەیشتوون کە ڕەوتی دیموکراسی لەکۆمەڵگە نارۆژئاواییەکاندا، دەبێتە هۆی پێکهاتنی ئەو حکومەتانەی کە دۆستی ڕۆژئاوا نین.

**کۆچ**

لەسەدەکانی ڕابردوودا، جیاوازی گەشەکردنی دانیشتوانو هەلومەرجی ئابووریو سیاسەتە حکومیەکان، بوونەهۆی کۆچی بەرفراوانی یۆنانی، جوولەکە، خێڵە ئەڵمانییەکان، تورك، رووسو چینییەکان.

هەندێکجار ئەم کۆچکردنانە تاڕادەیەك ئاشتیانەبوونو هەندێکجاریش بەتەواوەتی توندوتیژانەبوون. لەنێوان ساڵەکانی ١٨٢١و ١٩٢٤دا، نزیکەی ٥٥ملیۆن کەسی ئەورووپی چوونە ئەوبەری دەریاکانەوەو لەم ژمارەیە ٣٤ملیۆنیان کۆچیانکرد بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. لەکۆتایی سەدەی بیستەمدا، ژمارەی کۆچبەرە نێونەتەوەییەکان نزیکەی ١٠٠ملیۆن کەس بوون، پەنابەرەکان نزیکەی ١٩ملیۆن کەسو کۆچبەرە نایاساییەکانیش نزیکەی ١٠ملیۆن کەسێك بوون. ئەم شەپۆلە نوێیەی کۆچبەربوون، دەرئەنجامی نەمانی کۆلۆنیالیزمو دروستبوونی وڵاتی تازەو ئەو سیاسەتانە بوون کە خەڵکی بۆ کۆچکردن هاندەدا یاخود ناچاری کۆچی دەکردن. پێشکەوتنی پیشەسازی گواستنەوەو گەیاندن، کۆچکردنی ئاسانو خێراکردو پێشکەوتنی پەیوەندیەکان، بووە پاڵنەری بەدەستهێنانی دەرەتانی ئابووریو بەرزکردنەوەی پەیوەندی نێوان کۆچبەرانو خێزانەکانیان لە وڵاتی دایکدا. لەسەدەی نۆزدەیەمدا، پەرەسەندنی ئابووری ڕۆژئاوا، بووە هاندەری کۆچی کۆمەڵگە نارۆژئاواییەکانو ئەمەش تاسەدەی

بیستەم درێژەی هەبووە. مایرۆن وەینەر[٢٠٧]، لەکتێبی "قەیرانی جیهانی کۆچ"دا دەڵێ "کۆچ رەوتێکی بزۆکەو ئەوکاتەی دەستپێدەکات ئیدی خۆی پرۆسەکە درێژە پێدەدات". کۆچەرەکان، دۆستان‌و خێزانەکانیان هاندەدەن تا کۆچبکەن‌و ئاسانکاریان بۆ دەکەن‌و زانیاری پێویستیان دەدەنێ. ئەمێستا کۆچ بۆتە قەیرانێکی جیهانی.

رۆژئاواییەکان بەردەوام دژی بەرهەمهێنانی چەکە ناوکییەکان بوون‌و پشتگیری مافی مرۆڤو دیموکراسیان کردووە. بە پێچەوانەی ئەمەوە، روانگەیان بەرامبەر بە کۆچ گۆڕاوبووە. بەگشتی ولاَتە ئەورووپییەکان خوازیاری هاتنی کۆچبەران بوون‌و وەریانگرتوون، بەتایبەت ئەڵمانیاو سویسرا کەمبوونی هێزی کاریان بەکۆچبەرەکان دابیندەکرد. ساڵی ١٩١٥ ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەیاساکانی کۆچدا چۆوەو ئەمەش بووەهۆی زیادبوونی کۆچبەری تازە لە ١٩٧٠دا. لە هەشتاکاندا پەرەسەندنی بێکاری‌و زیادبوونی کۆچبەرە نائەوروپییەکان، لەسیاسەتی کۆچدا گۆڕانی دروستکرد. لەکۆتایی سەدەی بیستەمدا نارۆژئاواییەکان زۆرینەی کۆچبەرو پەنابەرەکانیان پێکدەهێنا. لەنەوەدەکاندا، ژمارەی کۆچبەرەکانی وەچەی یەکەمی ئەمەریکا نزیکەی ٢٠ملیۆن کەس بوون‌و لە ئەوروپا نزیکەی ١٥ملیۆن کەس‌و لە ئۆستralیاو کەنەدا نزیکەی ٨ملیۆن کەس بوون.

کۆچبەرەکان ئاستی زاوزێیان بەرزەو ئەمەش بۆتەهۆی زیادبوونی گەشەی دانیشتوان لە کۆمەڵگە رۆژئاواییەکاندا. لەئەنجامدا رۆژئاواییەکان رۆژ لەدوای رۆژ لەوە دەترسن کە ژمارەیەکی زۆری کۆچەریان هەیە کە بەزمانیتر قسەدەکەن، سەر بەکولتووریترن، کارو پیشەکانیان زەوتدەکەن‌و سەرزەمینەکەیان داگیردەکەن‌و ئەمەش لە حاڵێکدایە کە کەڵك لە سیستەمی خۆشگوزەرانی رۆژئاوا وەردەگرن. ئەم دڵەراوکێیە بێواتایە، چونکە



بناغەکەی ناکۆکی کولتووری‌و نیگەرانییە بەرامبەر شوناسی نەتەوەیی. لەسەرەتای نەوەدەکاندا، دوو لەسێی کۆچبەرانی ئەوروپا موسڵمان بوون. نیگەرانی ئەوروپا تەنها بەرامبەر کۆچی موسڵمانەکان نییە، بەڵکو بەرەنگاربوونەوەی زیادبوونی دانیشتوانیشە. موسڵمانەکان بەتایبەت تورکەکان لە ئەڵمانیاو جەزایرییەکان لە فەرەنسا، تێکەڵ بەکولتووری ئەو ولاَتانە نەبوون (هەرچەندە فەرەنسیەکان پتر بایەخ بە کولتوور دەدەن تا نەژاد). ئەو ولاَتانە کۆچبەرە ئەفریقیەکانیان وەرگرتووەو زۆرباش بە فەرەنسی قسەدەکەن بەلاَم، ئەو کچە موسڵمانانە قبوڵناکەن کە لەقوتابخانەکاندا لەچك لەسەر دەکەن. لەنەوەدەکاندا بۆچوونی فەرەنسیەکان ئەوەبوو کە ژمارەی عەرەبەکان لەولاَتەکەیاندا زۆرە. جگە لەوە، لەسەدا ٤٦ی دانیشتوانی فەرەنسا ڕەشن، سەدی ٤٠ ئاسیایین‌و سەدا ٢٤یش جوولەکەن. لەسەرەتای نەوەدەکاندا رابەرە سیاسیە ئەوروپیەکان ڕاڕابوون بەرامبەر بە وەرگرتنی کۆچبەران‌و تەنانەت ژاك شیراك[٢٠٨] رایگەیاند پێویستە کۆچ رابوەستێنرێ. کاربەدەستە حکومیەکانی دواتریش لە فەرەنسا شێوازی وەرنەگرتنی کۆچبەریان درێژە پێدا. حکومەتی ئەڵمانیاش پەنابەرێتی تەرخانکرد بۆ سیاسیەکان‌و بەریتانیاش داخوازی پەنابەرێتی سیاسی لە ٢٠٠٠٠کەسەوە کەمکردەوە بۆ کەمتر لە١٠٠٠٠کەس.

لە ولاَتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، پرسی کۆچ درەنگتر لە ئەوروپا دەستیپێکرد. ولاَتەیەکگرتووەکان هەمیشە ولاَتی پەنابەران بووەو لەرووی مێژوویییەوە شێوازی تایبەتی هەبووە بۆ کۆچبەران. لەهەشتاکان‌و نەوەدەکاندا گەشەکردنی بێکاری لە ئەمەریکا لە ئەوروپا کەمتربوو و ترسی لەدەستدانی کاروپیشە، سەبارەت بەکۆچ هۆکارێکی کاریگەرنەبوو. رەوتی کۆچی ئەمەریکا لەگەڵ ئەوروپادا جیاوازبوو. گەلێك لە ئەمریکیەکان،

هێشتا خۆیان بە ئەورووپی دەزانن کە یاساکەیان میراتی ئینگلتەرەیە، زمانەکەیان ئینگلیزیە، دەزگاکانیان پێوانەی کلاسیکی رۆژئاوای هەیەو ئاینییەکەیان لە "جوولەکە-مەسیحیەت"ەوە هەڵقووڵیوە".

گەلێك لەخەڵکی ئەمەریکا لەو باوەڕەدان کە کۆچ هەڕەشە لە کولتووری ئەمریکی دەکات, ئەمە لەحاڵێکدایە کە ئەورووپیەکان کۆچی عەرەبو موسڵمانەکان بە هەڕەشە دەزانن. کاردانەوەی ئەمەریکا بەرامبەر بە کۆچ لەسەرەتای نەوەدەکاندا، لەبەر ٤ملیۆن کۆچبەری نایاسایی بوو. ئەمە لە دۆخێکدایە کە کاردانەوەی ئەوروپیەکان لەسەر تێچووی کۆچ بووە. کالیفۆڕنیا ئەو ئەیالەتەیە کە زۆرترین ژمارەی کۆچبەری هەیە لە ئەمەریکادا. لەساڵی ١٩٩٤دا، حکومەتی کلینتۆن چاودێریەکی زۆرتری دانا بۆ کۆچو هەروەها یاسای سەختتری بۆ پەنابەرێتی سیاسی پەسندکرد. ساڵی ١٩٩٠ کۆنگرەی ئەمەریکا پێشنیاریکرد تا کۆچی یاسایی ساڵانە لە ٨٠٠٠٠٠ کەسەوە کەمبکرێتەوە بۆ ٥٥٠٠٠٠ کەس.

ئایا وڵاتە یەکگرتووەکانو ئەوروپا دەتوانن پێشی رەوتی کۆچبەری بگرن؟ ئایندە دیارنییە. پرسەکە ئەمەنییە کە ئەوروپا ببێتە ئیسلامی یاخود ئەمەریکا ببێتە "هیسپانیك"[٢٠٩]. پرسەکە ئەمەیە ئەمەریکاو ئەوروپا دوو کۆمەڵگەی جیاوازی سەر بە دوو شارستانی جیاواز لەخۆدەگرن کە بەندن بەژمارەی کۆچبەرانو ئاستی راکێشانی کۆچبەرەکان بۆ ناو کولتووری ئەورووپیو ئەمریکی. ئەمڕۆکە موسڵمانەکان، بونەتە گرفتی ئەوروپاو مەکسیکیەکانیش گرفتی وڵاتەیەکگرتووەکانن. ئەگەربێتو ئەم رەوتە درێژەی هەبێت، سیاسەتو خواستی کۆمەڵگەی ئەمەریکاو ئەوروپا لە سەدەی بیستویەکەمدا گۆڕانی بەرچاو بەدیدەهێنن.

گۆڕانی هاوسەنگی هێزی شارستانییەکان، رۆژئاوای تووشی گیروگرفت کردووە سەبارەت بە بەدیهێنانی ئامانجەکانی لەمەڕ بەرهەمنەهێنانی



چەکەکان، مافی مرۆڤ، کۆچو پرسەکانیتر. توانستی رۆژئاوا بۆ درێژەپێدانی ئەم ستراتیژیانە، بەرەورووی شارستانییە خەباتگێرەکان دەبێتەوە. لەلایەکیتر، ئەمە بەوەوە بەندە کە رۆژئاوا چەندی دەتوانێت لەگەڵ شارستانییە "ناجێگیر"ەکاندا پەیوەندی هاوبەش دروستبکات.

# بەشی نۆیەم

## سیاسەتی جیهانی شارستانییەکان
## وڵاتانی ناوەندی و کێشەکانی سنووری هەڵە شارستانییەکان

شارستانییەکان خێڵی مرۆیین و پێکدادانی شارستانییەکانیش، پێکدادانی خێڵەکانە لە ئاستی جیهانیدا. ڕەنگە لەجیهانی تازەدا وڵاتان و ئەو گروپانەی سەر بە دوو شارستانی جیاوازن، پەیوەندی سنووردار، تاکتیکی و تایبەت و ئیتلاف دروستبکەن تا لەبەرامبەر گروپیتەری شارستانی سێیەمدا، بەرژەوەندیەکانیان بپارێزن. بەمەشەوە، تێکهەڵچوونی نێوان گرووپەکانی شارستانییە جۆربەجۆرەکان کۆتایی پێنایەت. جاروبار ئارامدەبێت و جاروباریش گرژ. ڕەنگە پەیوەندی نێوان وڵاتانی شارستانییە جۆربەجۆرەکان کە میراتی رابردووە وەکو هاوپەیمانێتی سەربازیانەی شەڕی سارد، کەمببێتەوە یاخود نەمێنێت. پەیوەندی نێوان شارستانییە تازەکان، لەپێکدادانی سنووردارەوە دەگۆڕرێت بۆ پێکدادانی توندوتیژئاسا و هەندێکجار ئاشتی سارد دەگرێتە خۆی. بۆریس یەلتسین هۆشداری دابوو کە ئایندەی پەیوەندی نێوان رووسیا و ڕۆژئاوا ئاشتیەکی سارد دەبێت. پەیوەندی نێوان شارستانییەکان دەتوانێت هەلومەرجێکی هاوشێوەی هەلومەرجی شەڕی سارد دروستبکات. وشەی "لاگورافیرا"[٢١٠] لە سەدەی سێزدەیەمدا، نەبوونی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی ئیسپانیا و



موسڵمانەکانی دەریای سپی وەسفدەکات. لە نەوەدەکاندا، شەڕی ساردی شارستانی ئیسلام و ڕۆژئاوا هەستپێدەکرا. ئاشتی سارد، شەڕی سارد، شەڕی بازرگانی، نیمچە شەڕ، ئاشتی نائارام، پەیوەندی سەخت و پێشبڕکێی چەکەکان، پەیوەندی نێوان ماهیەتی شارستانییە جیاوازەکان وەسفدەکات. ئیتر متمانە و دۆستایەتی دەگمەندەبن.

پێکدادانی شارستانییەکان دوو شێوە دەگرنەخۆیان، لەئاستی هەرێمی و کەم رووبەردا، پێکدادانی سنووری هەڵە لەنێوان وڵاتی دراوسێی سەر بەشارستانی جیاوازدا روودەدات یاخود لەنێوان گروپە ناوخۆییەکانی وڵاتانی وەکو یەکێتی سۆڤیەت و یۆگسلاڤیای پێشوودا روودەدات کە دەیانەوێت لە سەر کەلاوە کۆنەکان، وڵاتی تازە دابمەزرێنن. پێکدادانی سنووری هەڵە بەتایبەتی لەنێوان موسڵمان و ناموسڵمانەکاندا باوە. لەئاستی بەرفراوان و جیهانیدا، ئەم پێکدادانانە لەنێوان وڵاتانی ناوەندی شارستانییە جیاوازەکاندا روودەدەن. بابەتی ئەم پێکدادانە هەمان ئەو پرسە دێرینانەی سیاسەتی نێونەتەوەیین کە بریتین لە:

- کاریگەری رێژەیی بۆ پەرەسەندنی جیهانی و هەوڵدانی رێکخراوە نێونەتەوەییەکانی وەکو ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، IMF (سندووقی دراوی جیهانی) و بانکی جیهانی.
- بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی، چاودێریکردنی چەکسازی و پێشبڕکێی چەکەکان.
- هێزی ئابووری و خۆشگوزەرانی کە لە رکەبەری بازرگانی و سەرمایەگوزاریدا دڵنیا دەبێت.
- هەوڵدانی خەڵکی شارستانییەك بۆ پشتیوانیکردنی دۆستەکانیان لە شارستانییەکەیتردا.

- بەهاو کولتوور، ئەو کاتەی کە وڵاتێك هەوڵدەدات بەهاکانی بسەپێنێ بەسەر وڵاتێکی دیکەدا.
- ئەو قەڵەمڕەوانەی کە وڵاتە ناوەندیەکانی، بەشداری سەرەکین لە پێکدادانی سنوورییە هەڵەکاندا.

ئەمانە بەدرێژایی مێژوو فاکتۆری پێکدادانی مرۆڤەکان بوون. هەرچەندە جیاوازی کولتووری دەبێتە هۆی قورسبوونی پێکدادانەکان، بەڵام وڵاتانی ناوەندی بەدەگمەن دژی یەکتری هێزی سەربازی بەکاردێنن. لە وڵاتانی ناوەندیدا شەڕ لەئەنجامی پەرەسەندنی پێکدادانی سنووری هەڵە یان لەئاکامی گۆڕانی هاوسەنگی هێزی نێوان شارستانییەکانەوە پێکدێت. لەکاتێکدا کە لەوانەیە هەلپەرستی یەکێك بێت لە تایبەتمەندییەکانی شارستانییە ئاسیاییەکان، بەڵام ڕەنگە زیادبوونی هێزی چین ببێتە هۆی هێنانە کایەی هاوسەنگی هێز وەکو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، هیندستانو ڕووسیا. لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، بووژانەوەی ئیسلام بووە سەرچاوەی پێکدادانی سنووری هەڵەو زیادبوونی هێزی چین دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەکی ئامادە بۆ شەڕی شارستانییەکانو وڵاتانی ناوەندی ئەو شارستانیانە.

### ئیسلامو ڕۆژئاوا

هەندێك ڕۆژئاوایی دەڵێن ڕۆژئاوا هیچ گیروگرفتێکی لەگەڵ ئیسلامدا نییە. گیروگرفت، بنەماخوازە ئیسلامیەکانن. بەدرێژایی مێژوو پەیوەندی نێوان ئیسلامو مەسیحیەت ئاڵۆز بووە. لەسەدەی بیستەمدا، تێکهەڵچوونی نێوان دیموکراسی ئازادو مارکسیزم-لینینزم، دیاردەیەکی مێژوویی ڕاگوزەربووە. هەندێکجاریش توندیو لاوازی پەیوەندیو ڕکەبەریەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە.



شەپۆلی سەرەتایی عەرەب-ئیسلام لەسەرەتای سەدەی حەوتەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەی هەشتەم، لەئەفریقای باکوور، ئیبریا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئێرانو باکووری هیندا، حکومەتی ئیسلامی پێکهێناو بۆماوەی دووسەدە هێڵی دابەشکردنی نێوان ئیسلامو کریستیانی سەقامی گرت. لەکۆتایی سەدەی یازدەیەمدا کریستانەکان ڕۆژئاوای دەریای سپیان زەوتکرد، سیسیلیاو[٢١١] و تۆلیدۆ[٢١٢]یان داگیرکردو تا سەدەو نیوێکیتر هەوڵیاندا کریستیانی لە سەرزەمینی پیرۆزو دەوروبەری ڕۆژهەڵاتی نزیکدا برەوپێبدەن. هاوکات، تورکە عوسمانییەکان سەریانهەڵدا. سەرەتا بیزەنتییەکانیان لاوازکردو پاشان زۆرینەی وڵاتانی بەلکان، باکووری ئەفریقاو قوستەنتەنییەیان داگیرکردو ساڵی ١٥٢٩ ڤیەننایان گەمارۆدا. نزیکەی هەزار ساڵ ئەوروپا لەلایەن ئیسلامەوە هەڕەشەی بەردەوامی لێدەکرا. ئیسلام تاقە شارستانییە کە مانەوەی ڕۆژئاوای خستۆتە ژێر مەترسیەوە.

داهێنانی کەشتیسازی ئەوروپییەکان، پۆرتۆگالیەکانی والێکرد تا بەسەر سەرزەمینە موسڵمانەکاندا سەرکەونو کاریگەریان تا سەرووی ئۆقیانووسی هیند بڕبکات. هەر لەهەمانکاتدا، ڕووسەکان لە ماوەی دووسەدەدا کۆتاییان بەحوکمی تەتەرەکان هێناو عوسمانییەکانیش هەوڵێکی دیکەیان دا بۆ داگیرکردنەوەی ڤیەننا. پەرەسەندنی ئیمپراتۆریای هابسبۆرگ بووەهۆی ئەوەی ڕووسەکان بەرەو دەریای ڕەشو قەوقاز بڕۆن. لەکۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، بەریتانیا، فەرەنساو ئیتاڵیا پاشماوەی سەرزەمینەکانی عوسمانیان بەشێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. تەنها چوار وڵاتی موسڵمانی: تورکیا، ئێران، عەرەبستانی سعودیو ئەفغانستان حکومەتی سەربەخۆیان هەبوو.

له بیستەکان‌و سیەکاندا، بەرەبەرە کشانەوە لە کۆلۆنییە رۆژئاواییەکان دەستپێکردو دوابەدوای شەڕی جیهانی دووەم بەشێوەیەکی سەیرو سەمەرە زیادیکرد. هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت بووەهۆی سەربەخۆیی کۆمەڵگە موسڵمانەکان. لە ١٩٩٥دا نزیکەی ٦٩ هەرێم کەوتە ژێر دەسەڵاتی موسڵمانەکانەوەو نزیکەی ٤٥ وڵاتی سەربەخۆبوون کە دانیشتوانێکی زۆری موسڵمانیان هەبوو. سروشتی هەردەم روولەگۆڕانی ئەم پەیوەندیانە، بۆتەهۆی سەدا ٥٠ی شەڕەکانی نێوان ئەو وڵاتانەی ئایینی جیاوازیان هەیەو ئەم شەڕانە بەزۆری لەنێوان موسڵمان‌و مەسیحیەکاندا روویانداوە. تێکهەڵچوونەکان بەرهەمی جیاوازیەکانن. بە تایبەتی لەبەرئەوەی موسڵمانەکان لەو باوەڕەدان کە ئیسلام شێوازێکی ژیانە کەئایین‌و سیاسەتی پێکەوە گرێداوە. ئەم شێوازە لە کریستیانی رۆژئاواییدا نییە. تێکهەڵچوونەکانیش ریشەی هاوشێوەیان هەیە. ئیسلام‌و کریستیانی دوو ئایینن کە باوەڕیان بە خودا هەیەو هەردوك دنیا بەگوێرەی دابەشکردنی ئێمەو ئەوان دەبینین. هەردوك ئایینی جیهانین‌و لەو بڕوایەدان کە تاکە راستیەکی ئایینی هەیەو پێویستە تێکڕای مرۆڤەکان پابەندی بن، ئەم دوو ئایینە بانگەشەکەرن‌و بڕوایان وایە دەبێت خەڵکی بێباوەڕ بۆ باوەڕی راستەقینە بانگهێشت بکەن. ئیسلام بەهۆی زەبروزەنگەوە پەرەیسەندو کریستیانیش ئەوکاتەی هەلی بۆ رەخسابوو، بەمجۆرەبوو. چەمکەکانی جیهادو شەڕی خاچ[٢١٣]، هاوشێوەن کە ئەم دوو ئایینە لە ئایینە سەرەکیەکانی دیکەی جیهان جیادەکاتەوە. بەدرێژایی مێژوو ئیسلام، مەسیحیەت‌و جوولەکە، روانگەی ئیلاهییان هەبووەو هەیە، ئەمەش بەپێچەوانەی شارستانییەکانی دیکەیە کە بەزۆری روانگەی قۆناغ بەقۆناغ‌و جێگیریان هەیە.



بەتێپەڕبوونی زەمەن، ئاستی پێکدادانی نێوان ئیسلام‌و کریستیانی، چووە ژێر کاریگەری گەشەکردن‌و کەمبوونەوەی دانیشتوان‌و پەرەگرتنی ئابووری‌و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی‌و بەڵێنە ئایینییەکانەوە. پەرەسەندنی ئیسلام لەسەدەی حەوتەمدا، بووەهۆی کۆچی عەرەبەکان بەرەو سەرزەمینەکانی بیزەنتی‌و ئیمپراتۆریای ساسانی. چەند سەدەی دواتر، ئەو شەڕە خاچیانەی کە تا رادەیەکی زۆر پەیوەندیان بەگەشەی ئابووری‌و زیادبوونی دانیشتوانەوە هەبوو، گەلێك جەنگاوەرو گوندنشینی بەرەو سەرزەمینی پیرۆز خستە ڕێ. ئەوکاتەی یەکەم جەنگی خاچپەرستانە گەیشتە قوستەنتەنییەو، بووەهۆی کۆچی بەکۆمەڵی خەڵك بەرەو ئاسیا. لەسەدەی نۆزدەهەمدا، گەشەکردنی ژمارەی دانیشتوانی ئەوروپا گەیشتە ئاستی تەقینەوەو ئەمەش بووەهۆی کۆچێکی فراوان‌و کۆچبەرەکانی بەرەو سەرزەمینە ئیسلامیەکان‌و شوێنەکانیتر راکێشا.

گەشەکردنی ژمارەی دنیشتوانی موسڵمان، بووەهۆی پەرەسەندنی بێکاری‌و کاریگەری بەرچاوی لەسەر لاوان هەبوو و ژیانەوەی ئیسلام پاڵنەرێکی تازەبوو بۆ موسڵمانەکان‌و شارستانییەکەیان‌و هەوڵی بەردەوامی رۆژئاوا بۆ بەجیهانیکردنی بەهاو دەزگاکانی‌و هەروەها بۆ پاراستنی باڵادەستی سەربازی‌و ئابووری‌و دەستێوەردانی لە پێکدادانەکانی جیهانی ئیسلامدا، لەناو موسڵمانەکاندا ناڕەزایەتیەکی قورسی نایەوە. تێکشکانی کۆمۆنیزم دوژمنێکی هاوبەشی ئیسلام‌و رۆژئاوای لابردو هەردوکیانی کردە هەڕەشە بۆ ئەویتریان. هۆی پێکدادانی نێوان ئیسلام‌و رۆژئاوا، پرسە بنەڕەتیەکانی هێزو کولتوورە. کێ حوکم دەکات؟ حوکم بەسەرکێدا دەکرێت؟ پرسە سەرەکیەکە وەك لینین (رابەری بەلشەڤیکەکان) وەسفیدەکرد، ریشەکەی لەناو ململانێی نێوان ئیسلام‌و رۆژئاوایە. ئەو هۆکارەیتر کە بێگومان لینین بەبێمانای دەزانی، ئەمەیە چ شتێك راستەو چ

شتێك هەڵەیەو لەئەنجامدا کێ راستدەکاتو کێ هەڵە دەکات. تا ئەو کاتەی کە ئیسلام بە ئیسلامێتی بمێنێتەوە (کە دەشمێنێ)و رۆژئاوا، رۆژئاوابێت (کە گومانی تێدا نییە)، ئەم پێکدادانانە لەنێوان دوو شارستانییە گەورەکەو رێوشوێنی ژیانیاندا درێژەی دەبێت تا ئەو کاتەی کە دوو شارستانییەکە لە ئایندەدا سەرلەنوێ پەیوەندیەکانیان پێناسە بکەنەوە.

لەڕووی مێژوویەوە پرسە سەرەکیەکەیتر، کۆنترۆڵکردنی قەڵەمڕەو بووە، کە لەمساتەدا واتایەکی ئەوتۆی نییە. زۆربەی پێکدادانی هێڵەکانی دابەشکردن لەنێوان موسڵمانو ناموسڵمانەکان یان موسڵمانو مەسیحیەکاندا روویداوە. پێکدادانی توندوتیژی نێوان کرواتیو بۆسنیا لەسەر هێڵەکانی تەماسدا، لەراستیدا لە نێوان رۆژئاواو ئیسلامدابوو کە کۆتایی بە قەڵەمڕەوی ئیمپریالیزمی رۆژئاوا هێنا. پێکدادانی نێوان رۆژئاواو ئیسلام، پتر لەبەر پرسە فراوانە "نێوشارستانییەکانی"[٢١٤] وەکو بەرهەمهێنانی چەکەکان، مافی مرۆڤ، دیموکراسی ئازاد، کۆنترۆڵی نەوت، کۆچ، تیرۆریزمو دەستوەردانی رۆژئاوایە. هەندێك لە لێکۆڵەرەوان هۆشداری سەرهەڵدانی "شەڕێکی ساردی کۆمەڵگەیی"[٢١٥] نێوان ئیسلامو رۆژئاوا دەدەن.

لە ١٩٩٠دا، بەرنارد لوییس[٢١٦]، کە زانایەکی ئیسلامناسی رۆژئاوایە، لەکتێبی ئیسلامو رۆژئاوادا "رەگو ریشەی رقی ئیسلامی" ی لێکداوەتەوەو گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە: "ئەمێستا روونبۆتەوە کە لەبەرامبەر دۆخێکدا وەستاوین کە زۆر لەو پرسو سیاسەتو حکومەتانەی بەدوایدا دەچن، بەرزترو فراوانترەو ئەمەش لە پێکدادانی شارستانییەکان کەمتر نییە. رەنگە ئەمە نالۆژیکانە بێت، بەڵام کاردانەوەیەکی مێژوویی رکەبەرێکی کۆنە لەبەرامبەر میراتی "جوولەکە-کریستیانی"و عەلمانییەتی ئەم چەرخە یاخود بڵاوبوونەوەی هەردووکیانە لەجیهاندا.



لە هەشتاکانو نەوەدەکاندا، مەیلی گشتی ئیسلام دژە رۆژئاواییانە بوو و ئەمەش دەرنجامی سروشتی ژیانەوەی ئیسلامو تێگەشتنییەتی لە رۆژئاوازەدەیی یاخود ژەهراویبوونی رۆژئاوایی. سەرلەنوێ جەخت کردنەوە لەسەر ئیسلام، قبوڵنەکردنی کاریگەری رۆژئاوایە لەسەر کۆمەڵگەو ئاکارو سیاسەتەکان. موسڵمانەکان داکۆکیدەکەنە سەر جیاوازیەکانی نێوان شارستانی خۆیانو هی رۆژئاواو شانازی بە کولتوورەکەیانەوە دەکەن تا سەروەری کولتووری خۆیان لەبەرامبەر هێرشی رۆژئاوا بپارێزن. موسڵمانەکان، کولتووری رۆژئاوا بە مادەپەرست، گەندەڵ، رووخاو و نارەوشتیانە دەزانن. سەربەخۆیی تاك کە یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی رۆژئاوا، سەرچاوەی تێکڕای گیروگرفتەکانە.

لێکۆڵەرەوەیەکی عەرەب دەڵێ: رۆژئاوا بەتەنها بڕیاردەدات کە داخۆ سەتەلایت بۆ فێرکردنی عەرەبەکان کەڵکی لێوەرگیرێت یاخود بەهۆیەوە بۆمباران بکرێن. رۆژئاوا ژیانی ئێمەی بەهۆی بەرهەمەکانییەوە خستۆتە ژێر رمبازێنی خۆیەوە، بازاڕەکانمان داگیر دەکاتو سەرچاوەکانمان زەوتدەکات. ئەمە بۆچوونی ئێمەیەو شەڕی کەنداو، راستی بۆچوونەکانی ئێمەی دەرخست. رۆژئاوا هێزی خۆی بەتوانایی سەربازیو بەرهەمی ئابووریەوە گەشەپێدەداتو پاشان دەیانفرۆشێتە وڵاتانی جیهانی سێیەم. بەڵام دەبێت ئیسلام بۆ رزگاربوونی، ئەندازیارانو پسپۆڕی زانستیو چەکی پێویست دابینبکات ( چ ئاسایی بێتو چ ناوکی)و خۆی لە چنگی وابەستەبوونی سەربازی رۆژئاوا رزگاربکات.

دوابەدوای شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران، نیمچەشەڕێکی نێو-شارستانی لەنێوان ئیسلامو رۆژئاوادا دروستبوو و ئەمەش چەندین هۆی هەبوو. هەموو ئیسلام لەگەڵ تێکڕای رۆژئاوا نەدەجەنگی و تەنها دوو وڵاتی فەندەمینتالیست (ئێرانو سوودان)و سێ وڵاتی ئیسلامی (ئێراقو لیبیا و

سووریا) لەگەڵ ڕێکخراوە ئیسلامیەکاندا بەپشتیوانی دارایی عەرەبستان لەدژی ئەمەریکاو جاروبارێش لەگەڵ بەریتانیا، فەرەنساو ولآتانیتری ڕۆژئاواو ئیسرائیلدا شەڕیاندەکرد، ئەم نیمچە شەڕانە، بەئامڕازی سەربازی سنوورداری وەکو تیرۆریزم، چالاکی ئاسایی و سزای ئابوورییەوە ئەنجامدران، ئەمە لەدۆخێکدابوو کە هێشتا توندوتیژی درێژەی هەبوو. بەلآم هەمیشەیی نەبوو و سەرەڕای ئەمە نیمچە شەڕیش خۆی جۆرێکی تایبەتی شەڕە، کە بووە هۆی کوژرانی دەیان هەزار سەربازی عێراقی و خەڵکی مەدەنی لەلایەن هێزی ئاسمانی و ڕۆژئاواییەوە. لەژانیوەری و فێبریوەری ١٩٩١دا، ژمارەی قوربانی و بریندارەکان گەیشتە هەزاران کەس و گەلێك ڕۆژئاواییش لەم نیمچە شەڕەداو پاشان لەشەڕی راستەقینەی کەنداودا گیانیان لەدەستدا.

هەردوو لایەنەکە، ئەم کێشمەکێشانەیان بەشەڕ دەزانی و " خومەینی" هەر زوو بەوردی رایگەیاند کە"ئێران" بەشێوەیەکی کاریگەر خەریکە شەڕی ئەمەریکا دەکات. قەزافی[٢١٧] بانگەشەی ئەوەی دەکرد گوایەئەمە شەڕی پیرۆزە لەدژی ڕۆژئاوا. حکومەتی ولآتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکاش ئەنجامدەرانی تەقاندنەوەی ناوەندی بازرگانی جیهانی[٢١٨] تاوانبارکرد، تا بۆی هەبێت وەکو شەڕی سەپێنراوی تیرۆریستەکان لەدژی ئەمەریکا بیسەلمێنێ. هەروەها ولآتە یەکگرتووەکان حەوت ولآتی بەتیرۆریست ناوزەد کرد کەپێنج دەوڵەتیان ئیسلامین (ئێران، ئێراق، لیبیا، سوودان)و دوو دەوڵەتەکەی تریش بریتین لە کووباو کۆریای باکوور.

لەم نیمچە شەڕەدا کە لەرووی سەربازیەوە، شەڕێکی تیرۆریستی لەبەرامبەر هێزی ئاسمانیدا، هەرلایەنەو لەسەر هێزی خۆی و لاوازی لایەنە بەرامبەرەکەی سەرمایەگوزاری کرد. شۆڕشگێڕە موسڵمانەکان، لەکۆمەڵگە کراوە ڕۆژئاواییەکاندا بۆمبا دادەنێنەوەو پسپۆڕە سەربازیە



ڕۆژئاواییەکانیش ئامانجە هەڵبژێردراوەکان بۆمباران دەکەن. لەماوەی ١٥ساڵدا واتە لە ١٩٨٠وە تا ١٩٩٥، ئەمەریکا لە ڕۆژهەلآتی ناڤیندا تووشی ١٧ چالاکی سەربازی بوو کە تێکڕایان لەدژی موسڵمانەکان بوون. مۆدێلێکی هاوشێوەی چالاکییە سەربازیەکانی ئەمەریکا لەدژی خەڵکی شارستانییەکانیتر نەبینراوە. جگە لە شەڕی کەنداو تا ئەمڕۆ، لایەنەکان ئاستی توندوتیژیەکانیان نزم راگرتووەو خۆیان لەوە دەبوێرن ناوی شەڕ لە چالاکیەکانیان بنێن، نەکا ناچاری پەلاماردانی هەمە لایەنە بن.

بەپێچەوانەی پێکدادانە ئایدۆلۆژیەکان، لەپێکدادانە شارستانییەکاندا دۆستە نزیکەکان لەتەنیشت یەکتردا خۆڕاگری دەکەن. گرفتی سەرەکی ڕۆژئاوا ئەمەیە کە ئیسلام شارستانییەکی جیاوازەو خەڵکەکەی بڕوایان بە بالآدەستی کولتوورەکەیان هەیەو ئاگایان لە لاوازی هێزی خۆشیان هەیە. گرفتی ئیسلام ڕێکخراوی CIA یان وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا نییە، بەڵکو ڕۆژئاوایە وەکو شارستانییەکی جیاواز کە خەڵکەکەی بڕوایان بە کولتووری جیهانی هەیەو لەو باوەڕەدان کە دەتوانن کولتوورەکەیان لەسەرانسەری جیهاندا پەرەپێبدەن. ئەم پرسانە دەبنەهۆی تێکهەڵچوونی نێوان ئیسلام و ڕۆژئاوا.

## ئاسیا، چین و ئەمەریکا

گۆڕانە ئابووریەکانی ئاسیا، بەتایبەت ئاسیای ڕۆژهەلآت، یەکێك لەزەقترین گەشەسەندنەکانی جیهان بووە لەسەدەی بیستەمدا کە ئاسیای ڕۆژهەلآت و سەرانسەری کەنارەکانی پاسیفیکی[٢١٩] پێکەوەلکاندو تۆڕێکی فراوانی بازرگانی پێکهێنا کە ئاشتی و هاوئاهەنگبوونی لەنێوان گەلاندا دەستەبەر کرد. ئەم خۆشبینییە، بەگوێرەی بۆچوونێکی گوماناویەوە بوو کەبریتیبوو لەئاڵوگۆڕی بازرگانی هێزی ئاشتی، بەلآم پرسەکە بەمجۆرە

نییە. گەشەکردنی ئابووری، لەنێوان وڵاتاندا ناجێگیری سیاسی دروستدەکاتو کاریگەری دەکاتەسەر هێزی نێوان وڵاتانو ناوچەکان ئاڵوگۆڕی ئابووری دەبێتەهۆی پەیوەندی خەڵک لەگەڵ یەکتردا، بەڵام پێکیاننناهێنێ. مێژوو سەلماندویەتی کەئاڵوگۆڕی بازرگانی بەزۆری وشیاریەکی قووڵتر سەبارەت بەجیاوازیەکانی خەڵک بەدیدێنێو دەبێتەهۆی وروژاندنی نیگەرانییە هاوبەشەکان. بازرگانی نێوان وڵاتان، هەم دەبێتەهۆی تێکهەڵچوونو هەم بەرژەوەندی .

پەرەسەندنی ئابووری ئاسیاو متمانە بەخۆکردنی کۆمەڵگە ئاسیاییەکان، سیاسەتە نێونەتەوەییەکان دەگۆڕێت، چونکە پەرەسەندنی ئابووری وڵاتە ئاسیاییەکان، توانستە سەربازیەکانیشیان پەرەپێدەداو دەبێتەهۆی لەرزۆکبوونی پەیوەندیەکانی ئایندەی نێوان وڵاتان. ئەو رکەبەریانەی کە لەماوەی شەڕی ساردا سەرکوتکرابوون، سەرلەنوێ پەیدا دەبنەوەو لەوانەیە ببنە هۆی پێکدادانو ناجێگیربوونی ناوچەکە. جگە لەمە، پەرەسەندنی ئابووری، تێکهەڵچوونی نێوان کۆمەڵگە ئاسیاییەکانو رۆژئاوا (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا) زیاددەکاتو رەنگە ببێتە هۆی پێشەنگێتی چین لەرۆژهەڵاتی ئاسیادا.

لەماوەی چەندین سەدەی بەرەو پێشەوە چوونی کاریگەرێتی رۆژئاوادا، پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان گەمەی نێوان هێزە سەرکییە رۆژئاواییەکان بوونو پاشان رووسیا لە سەدەی هەژدەیەمو ژاپۆن لەسەدەی بیستەمدا تارادەیەک بوونە تەواوکەری ئەم گەمەیە. ئەورووپا تا دوای شەڕی ساردیش گۆڕەپانی سەرەکی پێکدادانو هاوکاری هێزە گەورەکان بوو. ناوەندی پێکدادانەکان لەدڵی ئەورووپادابوو، بەڵام ئەمێستا لەرووی پەیوەندی نێونەتەوەیی دوای شەڕی ساردەوە، ئاسیاو بەتایبەت ئاسیای رۆژهەڵات، شوێنی شارستانییەکانەو ئەو کۆمەڵگەیانە دەگرێتەوە کە سەربە شەش



شارستانین: واتە شارستانی ژاپۆنی، سینیک، ئۆرسۆدۆکس، بوودایی، ئیسلامو لە ئاسیای رۆژئاواو باشووریشدا هیندۆئیزم. وڵاتە ناوەندیەکانی چوار شارستانی (ژاپۆن، چین، رووسیاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا)، یاریکەری سەرەکین لەئاسیای رۆژهەڵاتدا. لەئاسیای باشووردا، بەهیندستانو ئەندەنوزیاشەوە، هێزە ئیسلامیەکان بەرەو پەرەسەندن دەچن. لەئاسیای رۆژهەڵاتدا، چەندین هێزی ناوەنجی لەئارادان کە ئەم وڵاتانە دەگرێتەوە: کۆریای باشوور، تایوان، مالیزیا، و ڤێتنام. ئەمە مۆدێلێکی ئاڵۆزە لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا کە لە گەلێک لایەنەوە لەگەڵ مۆدێلەکانی سەدەی هەژدەیەمو نۆزدەهەمی ئەورووپادا شیاوی بەراوردکردنەو پێگەیەکی فرەجەمسەری دەداتێ.

سروشتی فرەشارستانیو فرەهێزی ئاسیای رۆژهەڵات، لە ئەورووپای رۆژئاوای جیادەکاتەوەو جیاوازیە ئابووریو سیاسیەکان ئەم جودابوونە بەهێزدەکەن. تێکڕای وڵاتانی ئەورووپای رۆژئاوا سیستەمی دیموکراسی جێگیرو بازاڕی ئازادو پەرەسەندنی ئابووری بەرزیان هەیە. لەناوەڕاستی نەوەدەکاندا، ئاسیای رۆژهەڵات دیموکراسیەکی جێگیرو چەند دیموکراسی نوێو ناسەقامگیرو چوار دیکتاتۆری کۆمۆنیستیو حکومەتی سەربازیو دیکتاتۆری تایبەتو سەرەڕۆی هەبوو. ئاستی پەرەسەندنی ئابووری ژاپۆنو سینگافۆرا، ڤێتنامو کۆریای باکوور جیاوازبووەو رەوتێکی گشتیان هەیە بەرەو بازاڕو ئابووری کراوە، بەڵام سیستەمی ئابووری ئەم ناوچەیە، جۆربەجۆرەو لەشێوازی ئابووری کۆنترۆڵکراوی دەوڵەت لەکۆریای باکوورەوە تا شێوەی پێکەوەنانی کۆمپانیا تایبەتەکانو رەوتی ئابووری ئازادی هۆنگ کۆنگ.. لە ئاڵوگۆڕدایە.

ساڵی ١٩٩٥بەکەمبوونەوەی جیاوازیە ئایدیۆلۆژیەکان، پەیوەندی نێوان هەردوو چین پەرەیسەندو پاشان ئەم پەرەسەندنە لە نێوان دوو کۆریاکەشدا

دەستپێکرا. لە هەشتاکان و نەوەدەکاندا گەشەی ئابووری و مشتومڕە قەڵەمڕەوییەکان، ململانێ تازە بووەوەکان، بێمتمانەیی سیاسی، بوونەهۆی زیادبوونی بوودجەو توانایی سەربازی ئاسیای ڕۆژهەڵات و هانیدان تا بەدوای سامان و دانیشتوانە خوێندەوارەکەیاندا بڕۆن و هێزی سەربازی کۆنیان بەئامرازی سەربازی و تەکنەلۆژیای ئاستبەرز وەگۆڕن. وڵاتانی ئاسیای ڕۆژهەڵات درێژە دەدەن بە هاوردەی جەنگی لە ئەوروپاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو رووسیاوە، بەڵام زۆرترین هەوڵدانیان بۆ هاوردەی تەکنەلۆژیایە تا بیانگەیەنێتە ئەو ئاستەی بتوانن فڕۆکە، مووشەك و ئامرازی ئەلەکترۆنی بەرهەمبهێنن. ئەمێستا، ژاپۆن و وڵاتە سینیکیەکانی: چین، تایوان، سینگافۆراو کۆریای باشوور پیشەسازی کەرەستەی جەنگی پێشکەووتویان هەیە.

## ئاسیاو ئەمەریکا: شەڕە ساردەکان

لەکۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکاندا، پەیوەندی نێوان وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکاو وڵاتە ئاسیاییەکان (جگە لەڤێتنام) گرژی تێکەوت. لەسەرەتای نەوەدەکاندا پەیوەندی ئەمەریکاو ژاپۆنیش لە هەندێك لایەندا ئاڵۆزبوو. ئەم لایەنانە بریتیبوون لە: رۆڵی ژاپۆن لە شەڕی کەنداودا، بوونی سەربازیانەی ئەمەریکا لەژاپۆندا، شێوەی تێگەیشتنی ژاپۆن لە مافی مرۆڤ و بەشداریکردنی ژاپۆن لە هێزە ئاشتیپارێزەکان و لەهەمووشی گرنگتر پەیوەندیە ئابووریەکان و بەتایبەت بازرگانی. لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا، گرژی نێوان ئەمەریکاو ژاپۆن گەیشتە رادەیەك کەوای لە سیاسەتمەدارە ژاپۆنییەکان کرد تا بوونی سەربازی ئەمەریکا لە ژاپۆن بخەنە ژێر پرسیارەوە. پەیوەندی ئەمەریکاو چینیش ئاڵۆزاو ئەمەریکا چینی لەبەر فرۆشتنی چەکی کیمیایی بەئێران تاوانبارکردو لەبەر فرۆشتنی مووشەك



بەپاکستان بازرگانی لەگەڵ ئەم وڵاتانە بایکۆتکردو نەیهێشت چین ببێتە ئەندامی رێکخراوی بازرگانی جیهانی (W.T.O). هەردوولایان، یەکتریان بەپێشێلکردنی بابەتی جۆربەجۆر تاوانبارکرد. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو چین سەبارەت بە ئایدیۆلۆژیا، سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی دەرەکی، ناکۆکی بەردەوامیان هەبووە. لەبەرئەوەی ئەمەریکا لەو بڕوایەدایە کە ئاسیای رۆژهەڵات دەبێتە دڵی ئابووری جیهان، ناتوانێت لە رۆژهەڵاتی ئاسیادا دان بەبوونی رکەبەرێکی بەهێزدا بنێت. بۆماوەی دەساڵ، پەیوەندی ئەمەریکا لەتەك چین و ژاپۆندا خراپتربوو و رێبەرە ئاسیاییەکان فێربوون لەگەلێك بابەتدا بەرپەرچی ئەمەریکا بدەنەوە.

لەساڵی ١٩٩٤دا تێکڕای وڵاتە ئاسیاییەکان لە ئۆستralیاوە بگرە هەتا مالیزیاو کۆریای باشوور، لەپشت ژاپۆنەوە ریزبوون و لەبەرامبەر خواستەکانی ئەمەریکادا وەستان. ژاپۆنییەکان دەیانگوت ناکرێت کوێرانە مافی مرۆڤی رۆژئاوایی لەئاسیادا بە کارببرێت. ئەگەر بێتو ئەمەریکا فشار بخاتە سەر چین، ئەوا لە پاسیفیکدا بەتاقی تەنها دەمێنێتەوە. کۆتاییهاتنی شەڕی سارد لەنێوان ئاسیاو ئەمەریکادا دژ کردەوە گەلێکی دروستکردو دابەزینی رێژەیی هێزی ئەمەریکا، پەردەی لەسەر پێکدادانی کولتووری نێوان ئەمەریکاو ژاپۆن و وڵاتە ئاسیاییەکانیتر لادا. سەرهەڵدانی چین وەکو هێزی باڵادەستی ئاسیای رۆژهەڵات، ململانێیەکی تری بۆ ئەمەریکا دروستکردو پێکدادانی چین و ئەمەریکا وەکو "پەیوەندی لەگەڵ ژاپۆن" دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازییە کولتووریەکانی دوو کۆمەڵگەکە. جگە لەوە چین رێبەرێتی ئەمەریکای بەسەر جیهاندا قبوڵ نییەو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش دان بە رێبەرێتی چین لە ئاسیادا نانێت. هۆی سەرەکی پێکدادانی نێوان ئەمەریکاو چین، ناکۆکی ریشەیی ئەو دوو وڵاتەیە سەبارەت بە چۆنێتی هاوسەنگی هێز لە ئایندەی رۆژهەڵاتی ئاسیادا کە

پێوەرەکانی مێژوو، کولتوور، نەریت، پەرەسەندن و نەشونماکردنی ئابووری، چین باڵادەست دەکات. لە هەشتاکاندا، چین سەرچاوە ئابوورییەکانی خۆی بەرەو هێزی سەربازیی و کاریگەری سیاسی گۆڕی و دەستیکرد بە پەرەپێدانی توانستی دەریایی، بەدەستهێنانی فڕۆکەی جەنگی مۆدێرنی دوورهاوێژو توانایی بەنزینگیری ئاسمانی فڕۆکە هەڵگرەکان. هەروەها پەیوەندییەکی هاوبەشی لەگەڵ بەرژەوەندییە دوولایەنەکانی رووسیادا دروستکرد بۆ کڕینی چەکی جەنگی.

چین خەریکە دەبێتە هێزی باڵادەستی ئاسیای رۆژهەڵات. ئەو گەشەکردنە خێرایەی سەرزەمینی دایک پێیگەیشتووەو هەرسێ چینەکەو ئەو رۆڵە سەرەکیەی کە چینییە نەتەوەییەکان گێڕاویانە، بووەهۆی پەرەسەندنی ئابووری تایلەند، مالیزیا، ئەندەنوزیا و فیلیپین. چین لەماوەی شەڕی سارددا، ژاپۆنی هاندا تا هێزی سەربازی خۆی پەرەپێبدات. بەڵام لەپاش کۆتاییهاتنی شەڕی سارد نیگەران بوو لەبەرەوپێشچوونی توانستە سەربازییەکانی ژاپۆن. چین هەوڵدەدات تا ئەو هۆکارانەی کە دەبنە کۆسپ لەبەردەم باڵادەستبوونی سەربازیانەی لەو هەرێمەدا، کەمبکاتەوە. پێناچێت چین جگە لە دەریای باشوور، بیەوێت قەڵەمڕەوەکەی لەڕێگەی دەستێوەردانی راستەوخۆی سەربازیەوە پەرەپێبدات، بەڵام گریمانەی بەهێز هەیە، کەچین چاوەڕوانە کە وڵاتانی ئاسیای رۆژهەڵات:

- پشتیوانی بکەن لە یەکێتی قەڵەمڕەوی چین و کۆنترۆڵکردنی تیبەت و یەکخستنی هۆنگ-کۆنگ و تایوان لەگەڵ چیندا.
- باڵادەستبوونی چین بەسەر دەریای باشوورو مەنگۆلیا قبوڵبکەن.
- لایەنگرتنی چین لە کێشمەکێش لەگەڵ رۆژئاوادا سەبارەت بە ئابووری، مافی مرۆڤ، بەرهەمهێنانی چەکەکان و پرسەکانیتر.
- باڵادەستبوونی سەروەری سەربازی چین لە هەرێمەکەدا قبوڵبکەن.



- سیاسەتی بازرگانی و سەرمایەگوزاریان لەگەڵ بەرژەوەندی چیندا بگونجێنن.
- چارەسەرکردنی پێکدادانە هەرێمیەکان بسپێرنە چین.
- ڕێگە بکەنەوە بۆ کۆچی چینییەکان.
- لە کۆمەڵگەکانیاندا جموجۆڵی دژ بەچین سەرکوتکەن یاخود سنوورداری بکەن.
- لە کۆمەڵگەکانیاندا رێزی مافی چینییەکان بگرن رێگەبدەن لەگەڵ زێدی خۆیاندا پەیوەندی پتەویان هەبێت.
- خۆیان ببوێرن لەوەی کە دژ بەچین لەگەڵ هێزەکانیتردا پەیمانی سەربازی مۆربکەن.
- بەرەبەرە زمانی "مەندارین" بکەنە جێگرەوەی زمانی ئینگلیزی وەکو زمانی دووەم.

لەرووی مێژووییەوە، چین لەنێوان پەیوەندیە ناوەکی و دەرەکیەکانیدا جیاوازیەکی ئاشکرای دروستنەکردووە. وێنای سیستەمی جیهانی لە لای ئەوان شتێك نییە جگە لە سیستەمی ناوخۆیی چین کە درێژەی شوناسی چینە تا خۆی لەناو زەمینەیەکی بەرین و پەرەگرتوودا بنوێنێ. کۆمەڵگەی نەریتی و جیهانی چین، نیشاندەری جیهانبینی کۆنفۆشیۆسە. بەڵام کۆنفۆشیۆس قەت وەك سیستەمێکی جیهانی بەدینەهاتووە.

لەکاتی شەڕی سارددا، چینی کۆمۆنیست دوژمنی سەنگاپورا بوو. بەڵام لەهەشتاکاندا سینگاپوورا چالاکانە هەوڵیدا تا وڵاتە یەکگرتووەکان و وڵاتانیتر، راستی هێزی چین قبوڵبکەن. مالیزیاش بەهێزەوە بەرەولای چین هەنگاوی هەڵهێنا. بەڵام تایلەند لەسەدەی نۆزدەهەم و بیستەمدا، سەربەخۆیی خۆی لەگەڵ ئیمپریالیزمی ژاپۆنی و ئەورووپیدا گونجاند. ڤێتنام و ئەندەنوزیا، دوو وڵاتی ئاسیای رۆژهەڵاتن و دەیانەوێت لەگەڵ

چیندا هاوسەنگبن. ئەندەنوزیا ولاّتێکی گەورەی موسڵمانەو گەلێك لە چین دوورە، بەلاّم بێ یارمەتی ناتوانێت لەبەردەم بالاّدەستبوونی چین لەدەریای باشوور کۆسپ بنێتەوە. ڤێتنام کولتوورێکی بەرینی کۆنفۆشیۆسی هەیە. بەلاّم لەرووی مێژووییەوە پەیوەندی دوژمنانەی هەبووەو ساڵی ١٩٧٩ کورتە شەڕێکی لەگەڵ چیندا هەبووە. چین‌و ڤێتنام هەردووکیان ئیدیعای خاوەنبوونی دوورگەکانی "سپارتلی"[٢٢٠] دەکەن. ڤێتنام نیازی هەیە لەگەڵ هاوبەشەکانیتردا هاوکاریبکات تا بتوانێت لەگەڵ چین هاوسەنگ ببێت.

سەرهەڵدانی چین، ژاپۆنییەکان رووبەڕووی ململانێیەکی گرنگ دەکاتەوەو ژاپۆنییەکان دوودڵن سەبارەت بە دیاریکردنی ستراتیژیی خۆیان. ئایا دەبێت لەگەڵ چیندا سازشبکەن یاخود سەرلەنوێ پەیوەندەکانیان لەتەك ئەمەریکادا پێناسە بکەن تا لەگەڵ چیندا بگەنە هاوسەنگی، یان پەرە بەهێزی سەربازیان بدەن هەتا بەری هێرشەکانی چین بگرن؟ لەوانەیە ژاپۆن ئەوەندەی بۆی بکرێت خۆی لە وەلاّمدانەوەی ئەم پرسیارانە بدزێتەوە.

هەموو هەوڵدانێکی کاریگەر بۆ پارسەنگدانەوەی هێزی چین، پێویستی بەیەکێتی سەربازی ئەمەریکاو ژاپۆن هەیە. ژاپۆن دەبێت دڵنیا بێت لەوەی کە ئەمەریکا دەتوانێ هێزی خۆی وەکو زلهێز بپارێزێت‌و ڕێبەرێتی چالاکانەی خۆی لە پەیوەندیە جیهانییەکاندا رابگرێت. هەروەها، ئەمەریکا دەبێت بەڵێن بدات کە لەئاسیا دەمێنێتەوەو بەرپەرچی کاریگەری‌و پەرەسەندنی چین بداتەوە، سەرئەنجام هێزی ئەمەریکاو ژاپۆن بتوانێت چین کۆنترۆڵ بکات. (بێ تێچوونێکی زۆر بۆ فەراهەمکردنی سەرچاوە یاخود گریمانەی مەترسی شەڕ). ژاپۆن هەمیشە پێویستی بەئاسایش هەبووەو خۆی کردۆتە هاوپەیمانی هێزێکی بالاّدەستر لەخۆی. لەپەنجاکاندا ژاپۆن



خۆی پەیوەستکرد بە ئەمەریکاوە. کەوابوو، شێوەی هاوپەیمانێتی ژاپۆن لایەنی هەلپەرستانەی هەبووە.

بالاّدەستبوونی چین، لەئاسیای رۆژهەلاّتدا ناجێگیری‌و پێکدادان دروستدەکات‌و کاریگەری ئەمەریکاو رۆژئاوا کەمدەکاتەوە. بەلاّم ئەم بالاّدەستبوونە بەوەوە بەندە کە چەند دەتوانێت بەرژەوەندی ولاّتە ئاسیاییەکانیترو ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بخاتە مەترسیەوەو هەروەها بە رووداوەکانی داهاتووی چینیشەوە بەستراوەتەوە. لەلایەکیتر، ئەو گەشەسەندنە ئابووریەی کەهێزی سەربازی‌و نفوزی سیاسی دروستدەکات دەتوانێت ببێتە هۆی پەرەسەندنی سیاسی‌و سیاسەتی کراوەو پلوورالیزم‌و لەوانەشە شێوەی سیاسی دیموکراتیانە. ئەم پرسە تارادەیەك کاریگەری کردۆتەسەر کۆریای باشوورو تایوان. ڕێبەرانی سیاسی هەردوو ولاّتەکە، چالاکانە بەرەو پەیڕەوکردنی شێوەی دیموکراسی هەرێمە کریستیانییەکان دەڕۆن.

میراتی کۆنفۆشیۆس بەجەختکردنەسەر هێز، سیستەم، زنجیرەی هیرارشی‌و هتد، کۆسپ دەخاتە بەردەم دیموکراسی. بەلاّم گەشەسەندنی ئابووری باشووری چین، بۆتەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی سامان، پێکهاتنی چینێکی سەرمایەداری چالاك، هێزی ئابووری لەدەرەوەی کۆنترۆڵی حکومەت‌و چینێکی روو لەگەشەی ناوەنجی. چینییەکان لەدەرەوەی ولاّتەکەیان بەقورسی خەریکی بازرگانی، سەرمایەگوزاری‌و پەروەردەن. تێکرای ئەم شتانە، کۆڵەکەیەکی کۆمەلاّیەتی پێکدێنن بۆ هەنگاونان بەرەو فرەیی کۆمەلاّیەتی. چین لە ناوچەکەدا رۆڵی بالاّی دەبێت.

## شارستانییەکان‌و وڵاتە ناوەندیەکان

دوابەدوای شەڕی سارد، جیهان بووەتە فرەجەمسەرو فرەشارستانی‌و کەلەبەرێك بەدیهات کە لە کەلەبەری شەڕی سارد گەورەتربوو. تا ئەوکاتەی کە گەشەی دانیشتوانی موسڵمان‌و پرۆسەی ئابووری باشتری ئاسیا درێژەی هەبێت، پێکدادانی نێوان رۆژئاواو شارستانییە خەباتگێڕەکان، دەبێتە بابەتی سەرەکی سیاسەتە جیهانییەکان. پێدەچێت حکومەتە ئیسلامیەکان دۆستایەتیەکی ئەوتۆیان لەگەڵ رۆژئاوا هەبێت. لەنێوان گروپە ئیسلامیەکان‌و کۆمەڵگە رۆژئاواییەکاندا توندوتیژی لاوازو جارجاریش بەهێز، روودەدات. پەیوەندیەکانی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەگەڵ چین، ژاپۆن‌و وڵاتە ئاسیاییەکانیتر بەقورسی بەرەو ناکۆکی دەڕوات‌و ئەگەربێت‌و وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئاسیادا بەگژ هێزی چیندا بچێتەوە، رەنگە ببێتەهۆی شەڕێکی سەرەکی.

لەم هەلومەرجەدا، پەیوەندی ئیسلام-کۆنفۆشیۆس درێژەی دەبێت‌و تەنانەت قووڵتریش دەبێتەوە. جگە لەمە، هاوکاری نێوان کۆمەڵگە ئیسلامی‌و سینیکەکان، لەسەر بەرهەمهێنانی چەك‌و مافی مرۆڤ‌و پرسەکانی دژ بە رۆژئاوا دەبێت. پرسی سەرەکی، ئەو پەیوەندیە تۆکمەیەی نێوان پاکستان، چین‌و ئێرانە کە لە سەرەتای نەوەدەکانەوە دروستبووەو بۆتەهۆی هاوکاری پاکستان‌و چین‌و ئێران‌و لەئەنجامدا لەنێوان ئەم وڵاتانەدا پەیمانێکی ستراتیژی مۆرکرا. هاوکاری نێوان ئەم سێ وڵاتە، راگۆڕینەوەی نێوان کاربەدەستە پایەبەرزە سیاسی، سەربازی‌و ئیداریەکان‌و هەوڵدانی هاوبەشبووە سەبارەت بە بەرهەمهێنانی چەکی بەرگری‌و گواستنەوەی ئەو چەکانە. پەرەسەندنی ئەم پەیوەندیانە، پشتیوانی ئەوانەی کرد کە بڕوایان بە قوتابخانەی سەربەخۆیی‌و ئیسلام هەبووەو



ئەمجارەیان چاویان بڕیوەتە تەوەری نێوان "تاران، ئیسلام ئاباد-بەجینگ". لە تاراندا باس لەوەدەکرا کە سروشتی جیاوازی جیهانی هاوچەرخ پێویستی بەهاوکاری بەردەوامی نێوان ئێران، چین‌و پاکستان‌و کازاخستان هەیە. لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا پەیمانێکی دیفاکتۆ(٢٢١)لەنێوان ئەم سێ وڵاتەدا مۆرکرا کە بریتیبوو لە: بەرهەڵستیکردنی رۆژئاوا، ئاسایشی هیندستان‌و پێشگرتنی کاریگەری تورکیاو رووسیا لە ئاسیای ناوەڕاستدا.

پێدەچێت ئەم سێ وڵاتە، ببنە ناوکی سەرەکی هەندێك گروپی بەرینترو موسڵمانان‌و وڵاتانی ئاسیاییتر لەخۆبگرن. پەیمانێکی نارەسمی کۆنفۆشیۆس-ئیسلام دەتوانێت ئەم پرسە بهێنێتەدی. بەڵام چین پەیمانی کۆنفۆشیۆس-ئیسلامی ناوێت. چین دەڵێت پێویستی بەهاوپەیمانێتی رەسمی هیچ وڵاتێك نییەو وڵاتانیتر دەبێت هاوکاری چین بکەن. پێدەچێت بەهۆی رووبەڕووبونەوەی چین‌و رۆژئاواوە، چینییەکان خوازیاری هاوکاریکردنی وڵاتە نارۆژئاواییەکان بەتایبەت وڵاتە ئیسلامیەکان بن. لە لایەکیتر، پێویستی چین بەنەوت، ئەم گریمانەیە بەهێزدەکات کە ئەم وڵاتە پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئێران، عێراق، عەرەبستان، ئازەربایجان‌و کازاخستاندا پەرەپێبدات.

پەیوەندی شارستانییەکانیترو وڵاتە ناوەندیەکانیان لەگەڵ رۆژئاواو بەرهەڵستکارانیدا جیاوازە. شارستانی ئەمەریکای لاتین‌و ئەفریقا، وڵاتی ناوەندیان نییەو پشتیان بە رۆژئاوا بەستووەو لەرووی سەربازی‌و ئابووریەوە لاوازن (ئەم رەوشە لە ئەمەریکای لاتیندا بەرەو گۆڕان دەچێت). ئەو دوو وڵاتەی ئەمەریکای لاتین کە سەردەمێك دەیانەویست چەکی ئەتۆمی بەدەستبهێنن، هەوڵەکانیان راوەستاندووە. لەوانەیە ئەمەریکای لاتین لەبالادەستبوونی سەربازی ئەمەریکا نیگەران بێت، بەڵام هیچ

کاردانەوەیەك نانوێنیٚ. گەشەکردنی خێرای ئاییبنزای پرۆتستان لە هەندێك کۆمەڵگەی ئەمەریکای لاتیندا، تێکەڵەیەکی کاسۆلیك-پرۆتستانی پێکهێناوە. پرسی سەرەکی نێوان ئەمەریکای لاتین‌و رۆژئاوا (ئەمەریکا) کۆچ، مادە بێهۆشکەرەکان،، تیرۆریزم‌و پەیوەستبوونی ئابووریە.

رەنگە پەیوەندی رۆژئاوا لەگەڵ ئەفریقادا هەندێك کورتە پێکدادان بگرێتەوە، چونکە تواناییەکانی ئەفریقا زۆر لاوازە. سەرەڕای ئەمە، هەندێك پرسی گرنگ لەئارادان. ئەفریقای باشوور وەکو بەرازیل‌و ئەرژەنتین، بەرنامەی پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمی خۆی رانەوەستاندووە، بەڵام ئەو چەکە ئەتۆمیانەی لەناوبرد کە پێشتر دروستیکردبوون. ئەم چەکانە لەلایەن حکومەتی سپییەکانەوە دروستکرابوون تا پێشی هێرشەکانی دژی ئەپارتایدی پێبگرن. حکومەتی سپییەکان نەیدەویست حکومەتێکی رەش بۆ ئامانجیتر کەڵکیان لێوەرگرێت. بەمەشەوە، ناکرێت توانستی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمیان پشتگوێ بخرێت. لەوانەیە حکومەتی پاش هەڵوەشانەوەی ئەپارتاید بتوانێت چەکی ناوکی نوێ بەرهەمبهێنێ تا رۆڵی خۆی گەرەنتی بکات‌و وەکو وڵاتی ناوەندی ئەفریقا، پێشی دەستێوەردانی رۆژئاوا بگرێت. پرسە ئابووریەکان، مافی مرۆڤ، کۆچ‌و تیرۆریزم خراوەتە بەرنامەی کۆبوونەوەی نێوان رۆژئاواو ئەفریقاوە.

سەرەڕای ئەوەی فەرەنسا هەوڵیدا تا پەیوەندیەکانی لەتەك کۆڵۆنییە کۆنەکانیدا بپارێزێت، بەڵام رەوتێکی درێژخایەن بەرێوەیە تا سەرلەنوێ کولتووری بوومی ئەفریقایی زیندوو بکرێتەوە. لەکاتێکدا رۆژبەڕۆژ ئەمەریکای لاتین دەبێتە رۆژئاوایی، ئەفریقا رووی لە رۆژئاوا نییە. هەرچەندە، هەردوو وڵاتەکە بەشێوەی جیاواز پشتیان بەرۆژئاوا بەستووەو ناتوانن لەنێوان ئەم شارستانییەو بەرهەڵستکارانیدا هاوسەنگی دروستبکەن.



وڵاتانی ناوەندی ئەم شارستانیانە، لەپەیوەندیە جیهانییەکاندا رۆڵێکی گرنگیان دەبێت‌و لەوانەیە پەیوەندیەکانیان لەگەڵ رۆژئاواو بەرهەڵستکارانیدا بگۆڕدرێت. کاری ئاسایشی ژاپۆن لەگەڵ ئەمەریکادا کەمدەبێتەوە، بەڵام بەرەسمی راناگەیەنرێت. پەیوەندیەکانی ئەم وڵاتەو رووسیاش گیروگرفتی بەدواوە دەبێت. هاوکاری نێوان رووسیاو رۆژئاوا، لەئاستی جیهانیدا هاوسەنگیەکی لەمەڕ پەیوەندیەکانی ئیسلام-کۆنفۆشیۆس دروستدەکات. رووسیا لەگەڵ دوو شارستانی دراوسێی خۆشیدا گیروگرفتی هەیە. گیروگرفتی رووسیا سەبارەت بەرۆژئاوا کورتخایەن دەبێت‌و دەرئەنجامەکانی کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، پێویستی بەپێناسەکردنی سەرلەنوێی هاوسەنگی نێوان رووسیاو رۆژئاواو رێکەوتنی هەردولایەن هەیە سەبارەت بەیەکسانبوون‌و کاریگەری قەڵەمڕەوانەیان‌و ئەمەش بەکردەوە بەو واتایەیە کە:

- یەکێتی ئەوروپاو ناتۆ، رووسیا قبوڵبکەن یاخود بەئەندامبوونی وڵاتانی کریستیانی ئەوروپای ناوەڕاست‌و رۆژهەڵات کە کولتووری رۆژئاواییان هەیە، پەسندبکەن.
- پەیمانێکی هاوکاری لەنێوان رووسیاو ناتۆدا ببەسترێت.
- رۆژئاوا، رووسیا وەك لێپرسراوی ئاسایشی وڵاتە ئۆرسودۆکسیەکان قبوڵبکات.
- رۆژئاوا، لەبەرامبەر مەترسیەکانی باشووردا پشتیوانی پرسە ئاسایشیەکانی رووسیا بکات.
- رووسیاو رۆژئاوا لەنمونەی هەندێ حاڵەتی بۆسنەدا هاوکاری دوولایەنەیان هەبێت.

دوابەدوای شەڕی سارد، لەنێوان رووسیاو چیندا پەیوەندی‌و هاوکاریەکی پتر دروستبوو، ناکۆکیە سنووریەکان چارەسەرکرابوون، هێزی

سەربازی هەردوولا لە سنوورەکانیاندا کەمبۆوە، بازرگانی پەرەیسەند، هەردوولا ڕێککەوتن تا پەلاماری یەکتر نەدەن و وەزیرانی دەرەوەی هەردوو وڵاتەکە خواستە هاوبەشەکانی هەردوولایان لەبەرامبەر هەڕەشەکانی ئایندەدا لێکبدەنەوە. چین، بووە کڕیارێکی سەرەکی ئامێری سەربازی و تەکنۆلۆژی لە رووسیا بەتایبەت: تانك، فرۆکەی جەنگی، بۆمباهاوێژی دوورمەوداو مووشەکی زەوی بۆ ئاسمان. لەروانگەی رووسیاوە، گەرمبوونەوەی پەیوەندیەکان نیشاندەری بڕیارێکی هۆشیارانەیە بۆ کارکردن لەگەڵ چیندا وەکو هاوکارێکی ئاسیایی کە پەیوەندیەکانی لەگەڵ ژاپۆندا سارد دەکردەوەو پەرچەکردارێك بوو بەرامبەر بە ڕۆژئاوا دەربارەی پەرەسەندنی ناتۆ، چاکسازی ئابووری، کۆنترۆڵکردنی ئامرازی جەنگی، یارمەتی ئابووری و ئەندامێتی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان. چین دەیتوانی بەرۆژئاوای بسەلمێنێ کە لەجیهاندا تەنیا نییەو دەتوانێت توانایی سەربازی پێویست بەدەست بهێنێ و لای هەردوو وڵاتەکە، پەیوەندی چینی-رووسی وەکو پەیوەندی ئیسلام-کۆنفۆشیۆسە، واتە هۆیەکە بۆ بەربەرەکانێکردنی هێزی رۆژئاوایی و دیاردەی جیهانگیری.

ئایا ئەم پەیوەندییە بەردەوام دەبێت یاخود نا؟ ئەمە بەندە بەپەیوەندی جێگیری رۆژئاواو رووسیاو تارادەیەکیش بالأدەستبوونی چین لە ئاسیای رۆژهەڵاتدا. بووژانەوەی ئابووری چین، کاریگەری کردۆتەسەر چین و چینییەکان لەگەڵ بازرگانە کۆری و ژاپۆنییەکان خەریکی لێکدانەوەی هەلومەرجە لەبارەکانی سیبریان. ئەو مەترسیەیتر کە رووبەڕووی رووسیا دەبێتەوە، کۆچکردنی چینییەکانە بەرەو سیبریا کە لە ساڵی ١٩٩٥دا بە ٣ تا ٥ ملیۆن کەس مەزەندەکراوە. دانیشتوانی رووسی سیبریا ٧ ملیۆن کەسن. پسپۆڕێکی کۆچی رووسیا دەڵێت: "دەبێ پێشی پەرەسەندنی چینییەکان بگرین." جگە لەوە، پەرەسەندنی پەیوەندی ئابووری چین لەگەڵ



کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاستی سۆڤیەتی پێشوودا لەوانەیە پەیوەندیەکانی ئەم وڵاتەو رووسیا ئاڵۆزبکات. ئەگەر بێتو چین بڕیاربدات سەرلەنوێ ئیدیعای خاوەندارێتی مەنگۆلیا بکات، ئەوا پەرەسەندنی چین دەتوانێ ببێتەهۆی پێکدادانی سەربازی.

پەیوەندی رووسیاو ئیسلام، چەند سەدەیەك میراتێکی مێژوویی لەخۆگرتووە، لەگەڵ تورکەکان، خەڵکی باکووری قەوقازو ئیمارەتەکانی ئاسیای ناوەڕاستدا. ئێستا رووسیا هاوکاری هاوپەیمانە ئۆرسۆدۆکسەکانی خۆی (سربو یۆنان)دەکات تا هەژموونی تورکەکان لە وڵاتانی بەلکاندا پووچەڵبکاتەوەو بەیارمەتی ئەرمینیا هەژمۆنی خۆی لەسەرانسەری قەوقازدا پەرەپێبدات و چالاکانە هەوڵدەدات تا هەژمۆنی سیاسی، ئابووری و سەربازی خۆی لە ئاسیای ناوەڕاستا بپارێزێت. ئامانجی سەرەکی رووسیا نەوت و گازی دەریای خەزەرو چۆنێتی گەیاندنی ئەم سەرچاوانەیە بۆ رۆژهەڵات و رۆژئاوای ئاسیا. رووسیا لە باکووری قەوقاز دژی چیچانییە موسڵمانەکان دەجەنگێ و شەڕێکی دیکەشی لە تاجیکستان هەیە. ئەم ئامانجە ئەمنیانە، پاڵنەرێکی زۆرترن تا ئەو وڵاتە لە بەرامبەر هەڕەشەی ئیسلامی ئاسیای ناوەڕاستا هاوکاری چین بکات و هەروەها پاڵنەرێکیترە بۆ لێکنزیکبوونەوەی دوبارەی رووسیاو ئێران. رووسیا ڕێککەوتووە: ژێردەریایی، فڕۆکەی جەنگی پێشکەوتوو، بۆمباهاوێژی جەنگی، مووشەکی زەوی بۆ ئاسمان و ئامێری ئەلکترۆنی جەنگی و ریاکتۆری ئەتۆمی ئاوی سووك و یۆرانیۆمی ئێران دابینبکات.

لەکاتی شەڕی ساردا، هیندستان سێیەمین وڵاتی سەربە شارستانییە گۆڕاوەکان و هاوپەیمانی رووسیاش بوو و جەنگێکی دژ بە چین و چەند شەڕێکی دژ بە پاکستان هەبووەو بەگشتی لە رۆژئاواو بەتایبەت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دوور بووەو دوای شەڕی ساردی جیهانی،

هیندستان‌و پاکستان لەسەر کشمیر تێکهەڵچوون. دابینکردنی چەکی ناوکی‌و هاوسەنگی سەربازی نێوان دوو وڵاتەکە درێژەی دەبێت. پەیوەندی هیندستان لەگەڵ ئیسلامدا سەختدەبێت. هیندستان هەوڵدەدات تا وڵاتانی موسڵمان هانبدات کە خۆیان لە پاکستان دوور رابگرن. بەکۆتاییهاتنی شەڕی سارد، چین هەوڵیدا هەتا پەیوەندیەکی دۆستانە لەگەڵ دراوسێیەکانیدا دروستبکات. ئەم پەیوەندیە هەتا هیندستان درێژەی هەبوو و گرژیەکانی کەمکردەوە. بەڵام رەنگە ئەم رەوتە ماوەیەکی درێژ نەخایەنێت. چین چالاکانە خۆی خستۆتە ناو سیاسەتی ئاسیای باشوورەوەو چالاکیەکانی درێژەپێدەدات تا پەیوەندی نزیکی خۆی لەگەڵ پاکستاندا بەهێزبکات‌و توانستی ناوکی سەربازی ئەو وڵاتە زیاد بکات. هیندستان دەتوانێت لەسەرەتای سەدەی بیستویەکەمدا هێزی خۆی بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد بکات‌و ئەمەش ئەگەری پێکدادانی هەیە. رکابەری نێوان دوو هێزی زەبەلاحی ئاسیایی‌و بۆچوونەکانیان، وەکو زلهێزو ناوەندی شارستانی‌و کولتوور درێژەی دەبێت. هیندستان، هەوڵدەدات ببێتە هێزێکی ناوەندی‌و سەربەخۆ لەجیهانی فرەجەمسەرداو هەروەها ببێتە هێزێك لە بەرامبەر هەژمۆنی‌و کاریگەری چیندا.

ئەگەر یەکێتی چین-پاکستان یاخود پەیوەندی قووڵی کۆنفۆشیۆس-ئیسلام لە ئارادا نەبێت، ئەوا لەبەرژەوەندی هیندستاندا دەبێت تاکوو پەیوەندیەکی نزیك لەگەڵ رووسیادا بەرقەراربکات‌و ببێتە کڕیاری سەرەکی ئامرازی سەربازی رووسیا. لە ناوەراستی نەوەدەکاندا، هیندستان، چەکی گرنگی هەمەجۆری وەکو فڕۆکەهەڵگرو تەکنۆلۆژیای رۆکێتی لە رووسیا وەرگرت. وێڕای بەرهەمهێنانی چەك، هەندێك پرسی تر لەنێوان هیندستان‌و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا هەیە سەبارەت بە مافی مرۆڤ، کەشمیرو ئازادی ئابووری. لە درێژەی زەمەندا، پەیوەندی ئەمەریکاو بەرژەوەندیە



هاوبەشەکانی لەگەڵ پاکستاندا کەمتر دەبێت‌و بە گرتنەخۆی چین، لەوانەیە ببێتەهۆی نزیکتربوونەوەی پەیوەندی هیندستان‌و وڵاتە یەکگرتووەکان. پەرەگرتنی هێزی هیندستان لە ئاسیای باشووردا، زەبر لە بەرژەوەندی وڵاتە یەکگرتووەکان نادات‌و تەنانەت دەتوانێت بکەوێتە خزمەتیشی.

پەیوەندی نێوان شارستانییەکان‌و وڵاتە ناوەندیەکانیان، سەخت‌و گومانبارن، بەڵام گۆڕانیان بەسەردا دێت. زۆربەی وڵاتانی شارستانییە جۆربەجۆرەکان، پەیڕەوی وڵاتی ناوەندی دەبن تا لەگەڵ وڵاتانی شارستانییەکانیتردا پەیوەندی دروستبکەن، بەڵام هەمیشە ئاوەها نابێت. وڵاتانی شارستانییەك، پەیوەندی هاوشێوەیان نابێت لەگەڵ وڵاتانیتری شارستانی دووەمدا. بەرژەوەندی هاوبەش، بەگشتی لە شارستانی سێیەمدا دوژمنێکی هاوبەش دروستدەکات‌و ئەمەش دەتوانێت لەنێوان وڵاتانی شارستانییە جۆربەجۆرەکاندا هاوکاری دەستەبەربکات. پێکدادانەکانیش لەناو شارستانییەکاندا روودەدەن‌و لەوانەیە پەیوەندی نێوان گروپەکان لەسنوورە هەڵەکاندا، جیاوازبێت لەگەڵ پەیوەندی نێوان وڵاتانی ناوەندی هەمان شارستانیدا. ئەمێستا پەیوەندی دوو جەمسەری شەڕی سارد بەرەو پەیوەندی ئاڵۆزی جیهانی فرە جەمسەرو فرە شارستانی دەڕوات.

## بەشی دەیەم

**لەشەڕی گواستنەوەوە[٢٢٢] بۆ شەڕی هێڵەکانی دابەشکردن[٢٢٣]**

**شەڕەکانی گواستنەوە: ئەفغانستان و کەنداو**

شەڕی کەنداویان بەیەکەم شەڕی شارستانی وەسفکردووە. بەلاّم لە ڕاستیدا یەکەم شەڕی شارستانی[٢٢٤] شەڕی "سۆڤیەت–ئەفغانستان" بوو. هەردوو شەڕەکە بە پەلاماری ڕاستەوخۆی ولاّتێك بۆسەر ولاّتێکی دیکە دەستپێێکردو پاشان بووە شەڕی شارستانی. لەڕاستیدا ئەمانە شەڕی گواستنەوە بۆ ئەو چەرخە بوون کە پێکدادانی نەتەوەییو هێڵی دابەشکردنی نێوان گروپی شارستانییە جۆربەجۆرەکانەوە تیایدا بالاّدەست دەبێت.

جەنگی ئەفغانستان، هەوڵدانی یەکێتی سۆڤیەت بوو تا ڕژێمێکی وابەستە بپارێزێت. بەلاّم ئەو کاتەی ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەتوندی پەرچەکرداری نواندو یارمەتی داراییو ئامێری سەربازی بۆ سەرهەڵداوانی ئەفغان دابینکرد تا لەبەرامبەر هێزەکانی سۆڤیەتدا خۆیان ڕابگرن، بووە بەبەشێك لەشەڕی سارد. دەرئەنجامی ئەم شکستە، لە سەرانسەری کۆمەڵگەی سۆڤیەتدا ڕەنگیدایەوەو بووە هۆی هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریای سۆڤیەت. ئەفغانستان سەرکەوتن بوو بۆ ئەمەریکاو ڕۆژئاوا. بەلاّم ئەم شەڕە بۆ ئەوانەی لە ئەفغانستان شەڕیانکرد، شتێکیتر بوو. واتە



یەکەمین خۆراگری سەرکەوتوانە بوو لەبەرامبەر ئەو هێزە دەرەکیەی کە بەپێی نەتەوەخوازی یان بەپێی ئایدیۆلۆژیای سۆسیالیستی بنیاتنەنرابوو، بەڵکو بەپێی پرەنسیپە ئیسلامیەکانو خەباتی جیهادی (شەڕی پیرۆز) بنیاتنرابوو. ئەوەی ڕۆژئاوا بە سەرکەوتنی جیهانی ئازادی دەبینێ، موسڵمانەکان بە سەرکەوتنی ئیسلامی دەزانن.

دۆلارو مووشەکی ئەمریکی بۆ تێکشکاندنی سۆڤیەت چارەنووسساز بوون. هەروەها، هەوڵدانی بەکۆمەڵی موسڵمانەکان پێویست بوو. گروپو حکومەتە ئیسلامیەکان ڕکەبەرێتی یەکتریان دەکرد تا سۆڤیەت بشکێننو سەرکەوتنی خۆیان مسۆگەر بکەن. زۆرینەی پشتگیری دارایی موسڵمانەکان لەلایەن عەرەبستانەوە بوو. یارمەتیە داراییەکانی سعودی لە ساڵی ١٩٨٤دا گەیشتە ٥٢٥ ملیۆن دۆلار. دیسان لەساڵی ١٩٨٩دا بڕیاردرا کە لە تێکڕای یارمەتی دارایی (٧١٥ملیۆن دۆلاریتر)، ٤٣٦ ملیۆن دۆلاری عەرەبستان دابینی بکاتو ئەودواشی بۆ ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دانرابوو (تێکڕای یارمەتیە داراییەکانی شەڕی ئەفغانستان بە زیاتر لە ٣ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت). یارمەتیەکانیتری شەڕ، نزیکەی ٢٥،٠٠٠ سەربازی خۆبەخشی ولاّتانی ئیسلامی بوون. ئەم خۆبەخشانە لە ئوردون وەردەگیرانو لەلایەن پاکستانەوە باردەهێنران. پاکستان یارمەتیە داراییەکانی ئەمەریکای دابەشدەکرد. لەکۆتاییدا سۆڤیەت لەبەر سێ هۆکار شکستیهێنا: تەکنۆلۆژیای ئەمریکی، دراوی عەرەبستانی سعودیو دانیشتوانی بەجۆشی موسڵمان.

شەڕ، ئیتیلافێکی لەرزۆکی ڕێکخراوە ئیسلامیەکانی بەجێهێشت کە ئامانجیان پێشخستنی ئیسلام بوو لە دژی هێزە نائیسلامیەکان. هەروەها شەڕ میراتێکی لە جەنگاوەری بەئەزموون، سەربازگە، مەیدانی مەشقو دەرفەتی لوجستیو کەلوپەلی سەربازی بەجێهێشت کە بریتیبوون لە ٣٠٠ تا

٥٠٠ مووشەکی ستینگەر. لە هەمووی گرنگتر ئەوەبوو کە جیهادی "سیاسی-مەزهەبی" بووەهۆی ئەوەی جەنگاوەرە ئەفغانییەکان یەکێك لەدوو زلهێزەکان بشکێنن‌و تێکشکاندنی زلهێزەکەی دیکە بکەنە ئامانج. شەڕی ئەفغانستان بووە شەڕێکی شارستانی، چونکە موسڵمانەکان شەڕەکەیان وەها دەدیت‌و لەسەرانسەری جیهاندا دژ بەرووسیا یەکیانگرت.

شەڕی کەنداویش بووە شەڕێکی شارستانی، چونکە رۆژئاوا بەشێوەی سەربازی دەستیوەردایە پێکدادانی ناوخۆیی موسڵمانەکانەوە، رۆژئاواییەکان بەتوندی پشتگیری ئەم دەستێوەردانەیان کردو موسڵمانەکانیش لەسەرانسەری جیهاندا ئەم دەستێوەردانەیان بە شەڕێکی دژ بەخۆیان زانی‌و وەکو لایەنێکی دیکەی ئیمپریالیزمی رۆژئاوایی تێیانڕوانی.

سەرەتا حکومەتە موسڵمان‌و عەرەبییەکان سەبارەت بە شەڕەکە دابەشبوون. لە ساڵی ١٩٩٠دا سەدام حسێن پیرۆزایەتی سنوورەکانی شکاند. یەکێتی عەرەب، ئەم کردەوەیەی سەدامی تاوانبارکرد. میسرو سووریا رێککەوتن تا بەهێزێکی گونجاوەوە بەرەنگاری ببنەوە. پاکستان، مەغریب‌و بەنگلادیش ژمارەیەکی کەم سەربازیان نارده شەڕەکەوە. تورکیا، ئەو لوولە نەوتیانەی داخست کە لەعێراقەوە دەهاتە ئەو وڵاتەو لەوێشەوە دەڕۆیشتە دەریای سپی‌و ڕێگەی بەوەدا تا ئەمەریکا بنکە ئاسمانییەکانی تورکیا بەکاربێنێ‌و لەبەرامبەر ئەم یارمەتیەدا دیسانەوە داوای ئەندامێتی یەکێتی ئەورووپای کرد. پاکستان‌و مەغریب، پەیوەندیەکانیان لەگەڵ عەرەبستانی سعودیدا نوێکردەوە. قەرزەکانی میسر بەخشران. حکومەتە ئیسلامیەکان، رێکخراوی حماس [٢٢٥]و رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین[٢٢٦] پشتگیری ئێراقیان کردو دەستێوەردانی رۆژئاوایان



پرۆتێست کرد. بەڵام حکومەتی موسڵمانی ئەندەنوزیا هەوڵیدا تا بێلایەنی خۆی بپارێزێت.

دوای ئازادکردنی کوێت، جیهانی عەرەبی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تووڕەبوو. بەڵام نەیدەتوانی لە بەرامبەر گەورەترین هێزی سەرزەویدا خۆرابگرێت. بە ملیۆنان موسڵمان لە مەراکشەوە بگرە تا چین، پشتی سەدام حسێنیان گرت‌و بە قارەمانی موسڵمانیان ناوزەدکرد. لەم پێکدادانەدا ناکۆکی گەورە ناکۆکی دیموکراسی بوو. ئەو وڵاتە عەرەبیانەی کە سیاسەتی کراوەیان هەبووە و لە رادەربڕیندا سنووری کەمتریان هەبووە، زۆرترینیان پشتیوانیان لە سەدام حسێن کرد. لە مەغریب، پاکستان، ئوردون، ئەندەنۆزیاو لەناو موسڵمانانی هیندستاندا، گەلێك خۆپیشاندان کران‌و رابەرە سیاسیەکان بێئەوەی تاوانەکانی سەدام لەبەرچاو بگرن، دەستێوەردانی رۆژئاوایان تاوانبارکرد. عەرەبەکان‌و موسڵمانەکانیتر لەو پرسەدا هاوڕا بوون کە سەدام حسێن لەوانەیە دیکتاتۆرێکی خوێنڕێژ بێت، بەڵام وای بۆ دەچوون کە "ئەو پیاوە دیکتاتۆرێکی خوێنڕێژی خۆمانەیە". داگیرکردنی کوەیت لەلایەن سەدامەوە، هەڵە بوو بەڵام رۆژئاوا بەدەستێوەردانی خۆی، هەڵەیەکی گەورەتری کرد. ئەوان ئەم داگیرکردنەیان بە پرسێکی خێزانی دەزانی‌و دەبوا لەناو خودی خێزانەکەدا چارەسەر بکرایە. ئەوانەی بەناوی تیۆری دادگەری نێونەتەوەییەوە دەستیانتێوەردا، لەبەر مەیلە خۆپەرستانەکانیان دەیانەویست وابەستەبوونی عەرەبەکان بەرۆژئاوا بپارێزن. لە لێکدانەوەیەکدا ئەوە سەلمێنراوە کە بیرمەندانی عەرەب لە رژێمی ئێراق بێزارن‌و رقیان لە توندوتیژی‌و دیکتاتۆریەکەیەتی، بەڵام بەناوەندی بەرخۆدانی عەرەبەکانی دەزانن لەبەرامبەر دوژمنە گەورەکەیان واتە رۆژئاوا.

ئەم شەڕە بەخێرایی بۆ موسڵمانەکان وەرگۆڕا بۆ شەڕی شارستانی. بنەماخوازە ئیسلامیەکان لە میسر، سووریا، ئوردون، پاکستان، مالیزیا، ئەفغانستانو وڵاتە ئیسلامیەکانیتردا رایانگەیاند کە ئەم شەڕە لە دژی ئیسلامو شارستانییەکەیەتی. لە پاییزی ١٩٩٠دا، سەرۆکی زانکۆی ئیسلامی لە مەکەدا لەو کاسێتەی کە بەشێوەیەکی فراوان لە عەرەبستاندا بڵاوکرایەوە، رایگەیاند ئەم شەڕە شەڕی رۆژئاوایە لە دژی ئیسلامو بەجۆرێکی هاوشێوەی ئەمە، مەلیك حسێن، پادشای پێشووی ئوردونیش گوتی ئەم شەڕە دژی هەموو عەرەبو هەموو موسڵمانانەو پیلانێکی رۆژئاوایی-زایۆنییە کە پێویستە بە جیهاد وەڵامی بدرێتەوە. شەڕەکە بە پەلاماری عێراق بۆ سەر کوەیت دەستیپێکرا، پاشان بووە شەڕی نێوان عێراقو رۆژئاواو سەرەنجام گەلێك کەس بە شەڕی رۆژئاوا دژ بە سەدام ناوزەدیانکرد. رزگارکردنی کوەیت هەر هۆکارێکی لۆژیکی بەرهەڵستیکردنی سەدام حسێنی نەهێشتو هۆکاری بوونی سەربازە ئەمەریکییەکانیشی لە کەنداودا کەمکردەوە.

شەڕی کەنداو، دوای شەڕی سارد، لەنێوان شارستانییەکاندا یەکەم شەڕی " سەرچاوەکان" بوو. مەترسی ئەمە بوو کە ئەگەری ئەوە هەبوو گەورەترین سەرچاوە نەوتیەکانی جیهان لەلایەن حکومەتی سعودیو ئیماراتەوە دەستیان بەسەردا بگیرێت کە لەرووی ئاسایشەوە وابەستەی پشتیوانی رۆژئاوابوون. یاخود بکەونە ژێر کۆنترۆڵی رژێمە سەربەخۆو دژە رۆژئاواییەکانەوە کە ئەمەش وای لێدەکردن تا چەکی نەوت لە دژی رۆژئاوا بەکاربهێنن. رۆژئاوا نەیتوانی سەدام لابەرێت، بەڵام لەوەدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا کەرادەی وابەستەبوونی ئەمنی دەوڵەتەکانی کەنداوی بەرۆژئاواوە سەلماند. ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو و ئەمەریکا سەبارەت



بەکۆنترۆڵکردنی کەنداو، دانوستانیان دەکرد، دوای شەڕ، کەنداو بووە دەریاچەیەکی ئەمریکی.

### تایبەتمەندیی شەڕەکانی هێڵەکانی دابەشکردنی شارستانی

شەڕی نێوان ئایینەکان، خێڵەکان، گروپە ئەتنیو کۆمەڵگەی ئایینیو نەتەوەییەکان لە هەموو شارستانیو هەموو سەردەمێکدا باوبووەو هۆیەکەی دەگەڕایەوە بۆ شوناسەکان. ئەم پێکدادانانە بەرەو توندوتیژیو خوێنڕشتن دەڕۆن، چونکە لێرەدا پرسە بنەڕەتیەکانی شوناس لە ئارادانو رەنگە بەئاشتی کاتی یان رێککەوتن، راوەستێنرێن یاخود دەستیان پێبکرێتەوە. رەنگە سەرکەوتنی سەربازی لایەنێك لە شەڕێکی ناوخۆییو شوناسیدا کۆمەڵکوژی لێبکەوێتەوە.

لەوانەیە پێکدادان لەهێڵەکانی دابەشکردن لە چوارچێوەی وڵاتاندا ببێتە هۆی تێکهەڵچوون لەگەڵ ئەو گروپانەی کە لە هەرێمە جوگرافیەکاندا نیشتەجێ بوونو تەنها لە پێناوی سەربەخۆییدا دەجەنگن. رەنگە پێکدادانی ناوخۆیی وڵاتێك ئەو گروپانە بگرێتەوە کە لەرووی جۆگرافیەوە تێکەڵن. پێکدادانەکان تەشەنە دەکەنو بەرەبەرە دەبنەهۆی توندوتیژی، وەکو هیندۆسو موسڵمانەکان لە هیندستانو موسڵمانو چینییەکان لە مالیزیا. پێکدادان لەهێڵەکانی تەماسدا، بۆ کۆنترۆڵکردنی خەڵكو لەوەش واوەتر بۆ کۆنترۆڵکردنی قەڵەمڕەوە. لانیکەم ئامانجی یەکێك لە لایەنەکان، داگیرکردنی قەڵەمڕەوە بە کوشتن یاخود راونانی خەڵك یان هەردوکیان. پاکتاوی نەژادی [٢٢٧] لەم پێکدادانەدا، بەرەو تەندوتیژی دەچێو هەردوو لایەنەکە دەستدەکەن بە کوشتار، تیرۆریزم، ئەتککردنی نامووسو ئەشکەنجە. قەڵەمڕەوی باسکراو، بۆ یەکێك یان هەردوو لایەنەکە سەمبوڵی

مێژووی‌و شوناسەو هەردوولا ئەمە بەمافی خۆیان دەزانن وەکو: کەرتی ڕۆژئاوا[٢٢٨]، کەشمیر، قەرەباغ[٢٢٩]، دۆڵی درینا[٢٣٠] و کۆسۆڤۆ.

شەڕی سەر سنوورە دابەشکەرەکان درێژخایەنن‌و لەبەرئەوەی ئایین تایبەتمەندی سەرەکی شارستانییەکانە، لەنێوان ئەو خەڵکانەدا ڕوودەدەن کە سەر بە ئایینی جۆربەجۆرن. پرسە سەرەکیەکانی ئەم شەڕانە، شوناس‌و هێزەو بەسەختی دەکرێت لە ڕێگەی سازش‌و گفتوگۆوە چارەسەر بکرێن. ئەم شەڕانە دەستپێدەکرێن، کۆتاییان پێدێت‌و سەرلەنوێ دەستپێدەکرێنەوەو بە دەگمەن دەکوژێنەوەو ئەو کاتە دەکوژێنەوە کە توندوتیژی ڕووبدات‌و ژمارەیەکی زۆر کوژراو ئاوارەیان لێبکەوێتەوە. گەلێك لەشەڕە هاوچەرخەڵکان، درێژەی پێکدادانی خوێناوی –مێژوویی پێشوو بوون‌و لەسەدەی بیستەمدا، هیچ هەوڵێك نەدرا بۆ کۆتایی پێهانیان.

ئامرازی پەیوەندی مۆدێرن، یارمەتی وەرگرتنی گروپە پێکدادەرەکانی ئاسانکردووەو پێگەکانیان نیشاندەدات. بچووکبوونەوەی جیهان، وا لە گروپە دۆستەکان دەکات تا پشتیوانی گیانی، ماددی، دیپلۆماسی‌و پێویستیەکانیتریان دابینبکەن. سیندرۆمی وڵاتانی خزم [٢٣١]، تایبەتمەندی سەرەکی کۆتایی سەدەی بیستەم بووە لە شەڕی هێڵەکانی دابەشکردنی شارستانیداو تەنانەت لە ئاستێکی کەم ڕووبەر، لەنێوان خەڵکی شارستانییەکاندا توندوتیژی دروستکردووە. پێکدادانی گروپی‌و شەڕی هێڵەکانی تەماس، بابەتی مێژوون. نزیکەی ٣٢ پێکدادانی ئەتنی لە ماوەی شەڕی سارددا لەنێوان عەرەب‌و ئیسرائیل، هیندستان‌و پاکستان، موسڵمان‌و مەسیحیەکانی سوودان، بوودایی‌و تامیلەکانی سریلانکا، موسڵمانە شیعەکان‌و مەسیحیە مارۆنییەکانی[٢٣٢] لوبنان ڕویداوە. شەڕی شوناس، نزیکەی نیوەی شەڕە ناوخۆییەکانی ١٩٤٠و ١٩٥٠و نزیکەی سێ لەچواری ئەم شەڕانەی لە دەیەکانی دواتر پێکهێنا. شەڕی هێڵەکانی



دابەشکردنی شارستانی، لەنێوان سرب‌و کرواتەکانی یۆگسلاڤیاو لەنێوان بوودی‌و هیندۆسەکانی سریلانکاو زۆربەی تێکهەڵچوونی هێڵەکانی تەماس لەسەرانسەری "ئەوراسیا"[٢٣٣]و ئەفریقا ڕوویداوە کە بووەهۆی ئەوەی موسڵمانەکان لە ناموسڵمانەکان جیابکاتەوە. لە ئاستی سیاسەتە جیهانییەکاندا، پێکدادانی سەرەکی شارستانییەکان، لەنێوان ڕۆژئاواو ئەوانیتردایە.

**ڕووداوی: سنوورە خوێناویەکانی ئیسلام**

دوژمنایەتی‌و پێکدادانە توندوتیژەکانی نێوان موسڵمانان‌و ناموسڵمانان بە درێژایی مێژوو باوبووە. لە بۆسنیادا، موسڵمانەکان شەڕێکی خوێناویان لەگەڵ سربە ئۆرسودۆکسەکاندا کردو پێکدادانێکی توندوتیژیشان لەگەڵ کرواتە کاسۆلیکەکاندا هەبوو. لە کۆسۆڤۆدا موسڵمانە ئەلبانەکان کە لەدەسەڵاتی سربەکان ناڕازیبوون، حکومەتی نهێنی خۆیان پاراستووە. شیمانەی توندوتیژی‌و پێکدادانی نێوان دوو گروپەکە دەکرێت. حکومەتی ئەلبانی‌و یۆنان سەبارەت بە مافی کەمینەکانی وڵاتەکانیان کێشمەکێشیان هەیەو تورکەکان‌و یۆنانەکان قورگی یەکتر دەگرن. لە قەوقاز، تورکیاو ئەرمینیا دوژمنی مێژووییین‌وئەرمەنی‌و ئازەریەکان لەسەر قەرەباغ شەڕیان کردووە. لە باکووری قەوقاز، نزیکەی دووسەد ساڵە چیچان‌و ئینگووشەکان‌و موسڵمانەکانیتر بۆ سەربەخۆبوون لە ڕووسیا جەنگیون‌و لە دۆڵی ڤۆلگا[٢٣٤]، موسڵمانە تەتەرەکان لەدژی ڕووسیا شەڕیان کردووە.

بەدرێژایی سەدەی نۆزدەیەم، ڕووسیا بەرەبەرە دەسەڵاتی خۆی بەسەر موسڵمانەکانی ئاسیای ناوەڕاستدا سەپاند. لە هەشتاکاندا شەڕێکی گرنگی، دژی ئەفغانەکان بەرپا کرد کە بەکشانەوەی خودی ڕووسەکان، دەرئەنجامەکانی لە تاجیکستان لەنێوان هێزە لایەنگرەکانی ڕووس‌و

سەرهەڵداوە موسڵمانەکاندا درێژەی هەبوو. لە نیمچە کیشوەری هیندا، پاکستانو هیندستان سێ شەڕیان هەبووە. لە مالیزیاو ئەندەنۆزیا، موسڵمانەکان ناوەناوە راپەڕیونو دژی چینییەکان خۆپیشاندانیان ئەنجامداوە.

لە باشووری فیلیپپیندا، راپەڕینی موسڵمانەکان بۆ سەربەخۆیی بوو و لە ئەندەنوزیادا، خەباتی تەیموریە رۆژهەڵاتیە کاسۆلیکەکان بۆ بەرپەرچدانەوەی حکومەتی موسڵمان بووە.

لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پێکدادانی عەرەبو جوولەکە لە فەلەستین دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێکهێنانی سەرزەمینی جوو. لەنێوان ئیسرائیلو وڵاتانی عەرەبدا چوار جەنگ قەومانو فەلەستین لەدژی فەرمانڕەوایی ئیسرائیل راپەری. لە لوبنان، مەسیحیە مارۆنییەکان لەشەڕی دژی موسڵمانە شیعەکانو موسڵمانەکانیتر، شکستیان هێنا. لەزۆربەی ناوچەکانی ئەفریقا، لەنێوان موسڵمانو عەرەبەکاندا پێکدادان هەبووە. خوێناویترین شەڕ لەنێوان موسڵمانو مەسیحیەکانی سووداندا روویداوە کە دەیانساڵی خایاندووە. سەدان هەزار قوربانی لێ بەجێماوە. زانیاریو ئامارەکان دەیسەلمێنن کە لەسەرەتای نەوەدەکاندا زۆرترین تێکهەڵچوونی زەبرئاسا لەنێوان ئیسلامیو نائیسلامیەکاندا روویداوەو دوو لەسەر سێو تا سێ لەسەرچواری شەڕە نێوشارستانییەکان، لەنێوان موسڵمانو ناموسڵمانەکاندا روویانداوە کە رادەی توندوتیژیەکانیان، بە کەلوپەلە سەربازیەکانیانەوە بەند بووە.



ئاماری رێژەیی قوربانییەکانی شەڕی هێڵەکانی دابەشکردنی شارستانی، لە ساڵی ١٩٩٠دا بەم شێوەیەی خوارەوە مەزەندەکراوە:

| | |
|---|---|
| فیلیپین | ٥٠,٠٠٠ کەس |
| سریلانکا | ٥٠,٠٠٠کەس– ١٠٠,٠٠٠کەس |
| کەشمیر | ٥٠٠,٠٠٠ – ١,٥٠٠,٠٠٠ کەس |
| سوودان | ١٠٠,٠٠٠ کەس |
| تاجیکستان | ٥٠,٠٠٠ کەس |
| کروات | ٥٠,٠٠٠ – ٢٠٠,٠٠٠کەس |
| بۆسنیا | ٣٠,٠٠٠ – ٥٠,٠٠٠کەس |
| چیچان | ١٠٠,٠٠٠ کەس |
| تیبەت | ٢٠٠,٠٠٠ کەس |

### هۆکارەکان: مێژوو، ژمارەی دانیشتوانو سیاسەت

هۆی یاخیبوونەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم لەشەڕەکانی هێلی تەماسدا چیبوونو رۆڵی سەرەکی موسڵمانەکان لەم تێکهەڵچوونانەدا چیبووە؟ بەگشتی، ئەم شەڕانە دەگەڕێنەوە بۆ مێژوو. لە رابردوودا لەنێوان گروپی شارستانییە جۆربەجۆرەکاندا تێکهەڵچوونی پەیتاپەیتا هەبووەو هێشتاش لە بیرەوەری ئەمڕۆدا بوونی هەیەو ئەمەش بووەتە هۆی ترسو نادڵنیایی هەردوو لایەن، بۆتە هۆی تێکهەڵچوونی موسڵمانو هیندۆسەکانی نیمچە کیشوەری هیند، رووسەکانو خەڵکانی قەوقازی لە باکووری قەوقازدا، ئەرمەنیو ئازەریەکان لە باشووری قەوقاز، عەرەبو جوولەکە لە فەلەستین، کاسۆلیکو موسڵمانو ئۆرسودۆکسەکان لە وڵاتی بەڵکاندا، رووسو تورکەکان لە بەلکانەوە بگرە هەتا ئاسیای ناوەڕاست، سینالیزو

تامیلەکان لە سریلانکاو عەرەبو رەشەکان لە سەرانسەری ئەفریقادا. ئەمانە ئەو پەیوەندیانەن کە بەدرێژایی چەندین سەدە لەنێوان پێکەوە ژیانی متمانە پێکراو و توندوتیژی بێبەزەییانەدا لە گۆڕاندا بوون. میراتێکی مێژوویی بۆ پێکدادان هەیە کە لەکاتی پێویستدا لەلایەن لایەنگرانی توندوتیژییەوە کەڵکی لێوەردەگیرێت.. مێژووی ئەم پەیوەندیانە هەم زیندووەو هەم ترسناک.

مێژوو، کوشتارو توندوتیژی پەیتاپەیتا نیشاندەدا، بەلاّم سەبارەت بە توندوتیژیەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم هیچ شتێك روون ناکاتەوە. بەو جۆرەی ئاماژەی پێکراوە سربو کرواتو موسڵمانەکان دەیان ساڵ لە یۆگۆسلاڤیای پێشوودا ئاشتیانە پێکەوە ژیاون. هەروەها، موسڵمانو هیندۆسەکان لە هیندستانداو گەلێك گروپی ئەتنیو ئایینی لە یەکێتی سۆڤیەتی جاراندا پێکەوە ژیاونو تامیلو سینالیزەکانیش لەو بەهەشتەی پێیاندەگوت بەهەشتی ئیستیوایی پێکەوە ژیاون. کەوابوو مێژوو ناتوانێت بەتەنیا پەیوەندیەکان شیبکاتەوە، بەڵکو لە سەدەی بیستەمدا هەندێك فاکتۆریتر لەئارادابوون.

یەکێك لە فاکتۆرەکانی پێکدادانەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم، گۆڕانی هاوسەنگی دانیشتوانە. پەرەسەندنی گروپێك، فشاری سیاسیو ئابووریو کۆمەلاّیەتی دەسەپێنێ بەسەر گروپێکی دیکەداو تەنانەت فشاری سەربازی دەخاتە سەر ئەو ناوچانەی کە نفوسێکی کەمتریان هەیە. لەسەرەتای هەفتاکاندا، هەلوەشانەوەی سیستەمی سی سالەی دەستووری لوبنان، دەرئەنجامی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی موسڵمانی شیعەیە بەرامبەر بە مەسیحیە مارۆنییەکان. لە سریلانکا، لە هەفتاکاندا ئەو کاتەی شۆڕشی نەتەوەخوازە سینالیزەکان گەیشتە لووتکەو شۆڕشی تامیلەکان لە هەشتاکاندا سەریهەڵدا، هاوکات بوو لەگەڵ ئەو سالاّنەی کەتەمەنی



گەنجەکان لەنێوان ١٥تا ٢٤ ساڵیدا بوو. شۆڕشی سینالیزەکان تێکڕا لاوی خوارووی تەمەن ٢٤ساڵیدا بوو و تەنانەت پڵنگەکانی تامیل[٢٣٥] سوپای مندالاّنیان هەبوو و کچانو کوڕانی یازدە سالاّنەیان بۆ شەڕ بەکاردەهێنا. زۆربەی ئەوانەی کوژران، هێشتا مێرمنداڵیش نەبوون.

ئەو رەوتە سەختانەی بوونەهۆی شەڕی نێوان شارستانی لە یۆگسلاڤیای پێشوو، هۆی زۆری هەبوونو لەخاڵی جۆربەجۆرەوە دەستیپێکرا. گرنگترین هۆی پێکدادان، زۆربوونی دانیشتوان لە کۆسۆڤۆ بوو کە پارێزگایەکی ئۆتۆنۆمی سربیا بوو و ژمارەی دانیشتوانەکەی لە ساڵی ١٩٦٨دا، لەسەدا ٧٦ی موسڵمانی ئەلبانیو لەسەدا ٢٤ی سربی ئۆرسودۆکس بووە. بەلاّم رێژەی زیادبوونی دانیشتوان لەنێوان ئەلبانییەکاندا زۆرترین رێژەبوو لەئەوروپادا، ئەمە وایکرد کەکۆسۆڤۆ ببێتە قەرەباڵغترین ناوچەی یۆگۆسلافیا. لەبەرامبەر ئەمەدا بۆ دۆزینەوەی فرسەتی کار، سربەکان بەرەو بەلگرادو ناوچەکانیتر کۆچیان کرد. دەرئەنجامی ئەمەش لە ساڵی ١٩٩١دا لەسەدا ٩٠٪ دانیشتوانی کۆسۆڤۆ موسڵمان بوونو لەسەدا ١٠شی سرب بوون. سەرەڕای ئەمەش هێشتا سربەکان کۆسۆڤۆ بەولاّتی خۆیان دەزانن.

لەکۆتایی هەشتاکاندا بەهۆی گۆڕانی هاوسەنگی گەشەی دانیشتوانەوە، ئەلبانیا داوایکرد تا کۆسۆڤۆ کۆمارێکی هاوشێوەی یۆگۆسلاڤیای هەبێت، بەلاّم حکومەتی سربو یۆگۆسلاڤیا بەرهەڵستیانکرد، چونکە دەترسان ئەگەر بێتو کۆسۆڤۆ مافی جودابوونەوەی بدرێتیٚ، لەوانەیە لەگەڵ ئەلبانیادا یەکبگرێت. لەکۆتایی هەفتاکانەوە، کۆسۆڤۆ رووبەڕووی رووداوی توندوتیژی، وێرانی، بێکاری، دەستدرێژیو کوشتار بۆوە. لەئەنجامدا، سربەکان رایگەیاند ئەو هەڕەشانەی لەوان کراوە لە ئاستی کۆمەڵکوژیدا بووە. بۆیە چیتر نەیانتوانیوە بێدەنگ بن. بارودۆخی سربەکانی کۆسۆڤۆ لە سربیا دەنگیدایەوەو بووە هۆی ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٦دا، بەیاننامەیەك

لەلایەن بیرمەندانو کەسە سیاسیەکان، رابەرە ئایینییەکانو ئەفسەرە سەربازیەکانەوە دەربکرێتو حکومەت بۆ کۆتایی هێنان بە کوشتاری سربەکان لە کۆسۆڤۆدا، بریاری توند وەربگرێت. بەپێی راپۆرتێکی دەرەکی، ئیدیعای لەمەڕ کۆمەڵکوژی زیادەڕەوی تێداکراوەو هەروەها راگەیەنراوە لە هەشتاکاندا، نەتەوەخوازە ئەلبانەکان، پەلاماری توندوتیژیان بردۆتەسە سربەکانو ماڵو موڵکیان داگیر کردون. بەگشتی ئەم فاکتۆرانە پاڵی بە سربەکانەوە ناو سلۆڤۆدان میلۆسەڤیچ[٢٣٦] ئەم هەلەی قۆستەوە. میلۆسەڤیچ لە ساڵی ١٩٨٧دا لە کۆسۆڤۆ لێدوانێکی گرنگیداو داوای لە سربەکان کرد تا داوای سەرزەمینو مێژووەکەیان بکەن. دوابەدوای ئەم لێدوانە، ژمارەیەکی زۆر سربی کۆمۆنیست، ناکۆمۆنیستو تەنانەت دژە کۆمۆنیست لە دەوری کۆبوونەوەو بریاریاندا پشتگیری کەمینەی سربی کۆسۆڤۆ بکەنو ئەلبانەکانیش داپڵۆسێنن. میلۆسەڤیچ لەگەڵ ملیۆنێك سربدا گەڕایەوە بۆ کۆسۆڤۆ تا یادەوەری شەشەمین ساڵی سەرکەوتنی شەڕی گەورە پیرۆزبکاتو بڵێت شەڕ لە دژی موسڵمانەکان درێژەی دەبێت.

ترسی سربە نەتەوەپەرستەکان، بە گۆڕانی ڕێژەی دانیشتوانی بۆسنیا زیادیکرد. لە ساڵی ١٩٦١دا سربەکان لە سەدا ٤٣ی دانیشتوانو موسڵمانەکان لە سەدا ٢٦ی دانیشتوانی بۆسنیایان پێکدەهێنا. ئەم ژمارەیە لە ١٩٩١دا بە تەواوەتی بەراوەژوو بۆوەو پەرەسەندنی نەتەوەیی لە لایەن گروپێکەوە، بووەهۆی پاکتاوی ئەتنی لە لایەن گروپەکەیترەوە.

گۆڕانی هاوسەنگی دانیشتوانو توێژی لاوان، بووە هۆی لانیکەم سەدی ٢٠ی تێکهەڵچوونە نێوان شارستانییەکان لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا، بەڵام ناکرێت هۆیەکەی بەتەواوەتی بگەڕێنرێتەوە بۆ زیادبوونی دانیشتوان. لێرەداو لە نموونەکانیتردا، سیاسەت یەکێك لە هۆیەکانی پێکدادان بووە. هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆری "نەمسا-هەنگاریا"و ئیمپراتۆری رووسیاو عوسمانی لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، بووە هۆی پێکدادانی ئەتنی



و شارستانی. کۆتاییهاتنی ئیمپراتۆری بەریتانیا، فەرەنساو هۆڵەندا لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمدا ئەنجامی هاوشێوەی هەبووە. رووخانی رژێمە کۆمۆنیستیەکانی یەکێتی سۆڤیەتو یۆگسلاڤیا لە کۆتایی شەڕی سارددا، هەمان کاریگەری بەدواوە بووە. چیتر خەڵك نەیاندەتوانی خۆیان بە کۆمۆنیست یاخود هاوڵاتی بناسێنن. ئەوان پێویستیان بە شوناسی تازە هەبوو و لە ناسنامە ئەتنیو ئایینییەکاندا دەیاندۆزیەوە.

ئەم رەوتە، لەبەر پێویستی بەکاربردنی شێوازی دیموکراتیانە لەلایەن قەوارە نوێیە سیاسیەکانەوە، زیاتر پەرەیگرت. ئەو کاتەی یەکێتی سۆڤیەتو یۆگسلاڤیا لێکجیابوونەوە، ئەو دەستەبژێرەی دەسەڵاتی گرتەدەست، نەیتوانی هەڵبژاردنی نەتەوەیی بەڕێوەبەرێت. ئەگەر وایان بکردایە، ئەوا رابەرە سیاسیەکان بۆ دەسەڵاتی ناوەندی رکەبەریان دەکردو لەوانەبوو کۆمەڵگەی فرەشارستانیو فرەنەتەوەیی پێکبێتو لە پەرلەماندا زۆرینە بە دەست بهێنن. بەڵام ئەم پرسیارە هێشتا لە ئارادایە کە بۆچی لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا، موسڵمانەکان پتر لە خەڵکی شارستانییەکانیتر توندوتیژیان هەبووەو ئایا ئەمە هەمیشە ئاوەها بووە؟ لە ڕابردوودا مەسیحیەکان، گەلێك لە هاودینەکانی خۆیانو گەلێك خەڵکیتریان کوشت. بە درێژایی مێژوو هەڵسەنگاندنی توندوتیژی شارستانییەکان پێویستی بە لێکۆڵینەوەی فراوان هەیە، بەڵام دەکرێ هۆکارەکانی ئەم مەیلە بۆ توندوتیژی بەکۆمەڵ لە ناوخۆو دەرەوەی ئیسلام بەمشێوەیەی خوارەوە شیبکرێتەوە:

- زۆر باس لەوە کراوە کە ئیسلام، ئایینی شمشێرەو بە فەزڵی سەربازیدا هەڵدەڵێ. ئیسلام، لەناو خێڵە بیاباننشینەکاندا سەریهەڵداو ئەم توندوتیژیە لە ئیسلامدا رەنگیدایەوە. هەروەها باس لەوەکراوە کە لە ئیسلامدا شەڕ سەپێندراوە بەسەر بێبڕوایاندا. بەڵام دوابەدوای ئەوەی کە

بەرەبەرە ئیسلام پەرەیسەند، گروپە موسڵمانەکان لە نێوان خۆیاندا شەڕیانکردو تێکهەڵچوونی ناوخۆیی (فیتنە)[٢٣٧] جێی جیهادی گرتەوە.

- ئیسلام، لە عەرەبستانەوە هەڵقوڵاو لە سەرتاسەری ئەفریقای باکوورو لە زۆربەی وڵاتانی ناوەڕاستو پاشان لە ئاسیای ناوەڕاستو نیمچە کیشوەری هیندو دواتر لە نیمچە دوورگەی بەلکاندا پەرەیگرت. ئەو کاتەی عوسمانییەکان وڵاتانی بەلکانیان بەزاند، زۆربەی خەڵکانی باشووری سلاڤی، دینی ئیسلامیان قبوڵکرد، بەڵام گوندیەکانیان ئەم ئاینییەیان قبوڵنەکردو بەمجۆرە لەنێوان موسڵمانە بۆسنییەکانو سربە ئۆرسودۆکسیەکاندا ناکۆکی پەیدابووە. لە لایەکیترەوە تەشەنەکردنی ئیمپریاتۆریای سۆڤیەت بەرەو دەریای ڕەش، قەوقازو دەریای ناوەڕاست، بووە هۆی تێکهەڵچوون لەگەڵ موسڵمانەکانداو ئەمەش چەند سەدەیەکی خایاند. پشتیوانیکردنی ڕۆژئاوا بۆ پێکهێنانی سەرزەمینێکی جوولەکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە دژی ئیسلام[٢٣٨]، بووە هۆی دروستبوونی ئەو دوژمنایەتیەی کە ئەمێستا لەنێوان عەرەبو ئیسرائیلدا درێژەی هەیە.

- هۆیەکیتری پێکدادانی موسڵمانانو ناموسڵمانان ئەمەیە کە وڵاتە ئیسلامیەکان، ئایینو سیاسەتیان تێکەڵکردووەو لەنێوان دارولسەلامو دارولحەربدا هێڵێکی جیاکەرەوەیان کێشاوە. کۆنفۆشیۆس، بوودایيزم، هیندۆسو مەسیحی ڕۆژئاوایيو مەسیحی ئۆرسودۆکس، لە کاتی پێکەوەگونجاندا گیروگرفتی کەمتریان هەیە. بۆ نموونە چینییە نەتەوەییەکان لەڕووی ئابووریەوە کەمینەی باڵادەستی وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیان. ئەوانە، بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە تێکەڵبوون بە کۆمەڵگەی بوودايیو تایلەندو کاتوولیکەکانی فیلیپینەوەو هیچ نیشانەیەکی زەقی توندوتیژی دژە چینيو گرۆیی لەنێوانیاندا نییە. بەڵام، ململانێو توندوتیژی دژە چینی لە ئەندەنوزیاو مالیزیای موسڵماندا دروستبووە.



- موسڵمانەکان دەڵێن ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوایی بە سەرکوتکردنی کۆمەڵگە ئیسلامیەکان لە سەدەی نۆزدەیەمو بیستەمدا، وێنەیەکی لاوازی لە توانستی سەربازیو ئابووری ئیسلام پیشانداو گروپە نائیسلامیەکانی هاندا تا موسڵمانەکان وەك ئامانجێکی سەرنجڕاکێش دەستنیشان بکەن. بەپێی ئەم قسەیە، موسڵمانەکان تووشی ستەمێکی دژە ئیسلامیبوون وەکو موسڵمانەکانی فەلەستین، بۆسنیا، کەشمیرو چیچان.

فاکتۆرێکی گونجاویتر، نەبوونی وڵاتێکی ناوەندیە لەناو وڵاتە ئیسلامیەکاندا. پشتیوانانی ئیسلام دەڵێن کە ڕەخنەگرە ڕۆژئاواییەکان لەو باوەڕەدان کە هێزێکی ناوەندیو پیلانگێڕ، دەبێتە هۆی یەکگرتنی هێزە ئیسلامیەکانو دژی ڕۆژئاواو ئەوانیتر رایاندەپەڕێنێ. بڕوایەکی ئاوەها هەڵەیە. ناجێگیری زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی لەبەر ئەمەیە کە ئیسلام ناوەندی دەسەڵاتی نییە. ئەو وڵاتانەی دەیانەوێ پێشەنگێتيو باڵادەستی ئیسلام بگرنە دەست، عەرەبستانی سعودی، ئێران، پاکستان، تورکیاو (لەوانەیە) ئەندەنۆزیان کە بۆ بەدەستەوەگرتنی هەژمۆنی لە جیهانی ئیسلامدا، رکەبەرێتی یەکتر دەکەن. بەڵام ئێستا پێگەیەکی بەهێزیان نییە بۆ ئەوەی ناوبژێتی پێکدادانە ناوخۆییەکانی ئیسلام بکەن، هیچکامیان ناتوانن بەشێوەیەکی لێهاتوانە، لە پێکدادانی نێوان موسڵمانو ناموسڵمانەکاندا ناوبژێتی بکەن. سەرئەنجام، تەقینەوەی دانیشتوانی کۆمەڵگە ئیسلامیەکانو نەبوونی کارو پیشە بۆ ژمارەی زۆری لاوان، بۆتە سەرچاوەی ناجێگیريو توندوتیژی.

ئەگەر بێتو لە سەدەی بیستویەکەمدا، کۆمەڵگە ئیسلامیەکان لەڕووی ئابووریەوە پەرەبگرن، ئەمە دەبێتە فاکتۆرێکی کاریگەر بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژيو شەڕی سنوور دابەشکردن.

## بەشی یازدەهەم

### هێزی بزوێنەری شەڕی هێڵەکانی دابەشکردنی شارستانییەکان
### شوناس و سەرهەڵدانی وشیاری شارستانی

شەڕی هێڵەکانی تەماس، قۆناغی تەشەنەسەندن، پەرەسەندن و کۆنترۆڵ و وەستان تێدەپەڕێنێ بەڵام بە دەگمەن بنجبڕ دەبن. ئەو کاتەی شەڕی هێڵەکانی دابەشکردن دەستپێدەکات، (وەك پێکدادانە بەکۆمەڵەکان) ژیانێکی تایبەت دەگرێتە خۆ لە توێی مۆدێلی کردار-پەرچەکرداردا پەرەدەستێنن. پێکدادانی گروپی بە شێوەیەکی گونجاو، بە شەڕی شوناس ناوزەدکراون. بەو جۆرەی توندوتیژی زیاد دەکات، پرسی سەرەتایی مەترسیدار، سەرلەنوێ بەپێی "ئێمە" لە بەرامبەر "ئەوان"دا پێناسە دەکرێت و لەرووی گروپییەوە یەکدەگرن و پابەند دەبن. بێزاریەکی دینامیك دروستدەبێت کە تێیدا ترسی هاوبەش، بێمتمانەیی و بێزاری یەکتری تەواودەکەن و هەر لایەنەو پێگەی خۆی گەورەترو دراماتیکانە تر دەکات.

لە هەشتاکاندا حکومەتی سوودان هەڵوێستی بنەماخوازە توندرەوەکانی وەرگرت و لە سەرەتای نەوەدەکاندا، سەرهەڵداوە مەسیحیەکان لەنێوخۆیاندا دابەشبوون، گروپێکی نوێ دامەزرا بەناوی (بزووتنەوەی سەربەخۆیی باشووری سوودان) و داوای سەربەخۆییان کرد. هێشتا تێکهەڵچوونی عەرەب-ئیسرائیل درێژەی هەیە. رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین لەگەڵ ئیسرائیل دەستی بە دانوستان کرد. بەڵام دوابەدوای ئەوەی حکومەتی



ئیسرائیل دەستی بەم دانوستانانە کرد، گروپە ئایینییە توندڕەوەکانی ئیسرائیل دەستیانکرد بە بەرهەڵستی و توندوتیژی. لەساڵی ١٩٩٢ و ١٩٩٣دا تێکهەڵچوونی چیچان و رووسیا توند بوو و حکومەتی رووسیا لە بەرامبەر نەتەوەخوازە چیچانییەکاندا راوەستاوە کە بەهیچ شێوەیەك ئامادە نەبوون لەگەڵ رووسیا سازشبکەن. ساڵی ١٩٩٢ لە تاجیکستانیشدا پێکدادانی هاوشێوە روویاندا.

توندوتیژی توندڕەوەکان ناتوانێت کۆتایی بە شەڕی هێڵەکانی دابەشکردن بهێنێ. لەگەڵ زیادبوونی تێچوونی مەرگ و وێرانی بۆ هەردوو لایەنەکە، میانەڕەوەکان دەتوانن بێهوودەییەکانی جەنگ بیر بخەنەوە و هەوڵبدەن تا بە گفتوگۆ کۆتایی بە جەنگ بێنن. بەدرێژایی ئەم شەڕانە ئەو شوناسە باڵادەست دەبێ کە زۆرترین واتا دەبەخشێتە کێشمەکێشەکان. ئەم شوناسە، هەمیشە لەگەڵ ئاییندا پێناسە کراوە. لەرووی دەروونناسیەوە، ئایین دڵنیاترین بیانووە بۆ کێشمەکێش لەگەڵ بێ باوەری. لەرووی کردەییەوە، کۆمەڵگەی ئایینی یاخود شارستانی، ئەو کۆمەڵگە بەرینەیە کە گروپە تێکهەڵچووەکان تێیدا دەتوانن داوای پشتگیری لە دۆستە هاو شارستانییەکانیان بکەن.

شەڕی هێڵەکانی دابەشکردنی شارستانی کە بەشەڕی ناوخۆیی پێناسە کراوە، لەنێوان بەشداربواندا شوناسی شارستانی برەوپێدەدات. لەشەڕی هێڵەکانی تەماسدا، برەوسەندنی شوناسی شارستانی، بەتایبەت لەناو موسڵمانەکاندا باوە. رەنگە شەڕی هێڵەکانی دابەشکردنی شارستانییەکان ریشەکەی بگەڕێتەوە بۆ پێکدادانی خێزانی، خێڵەکی، دۆستان یاخود تێکهەڵچوونی ئەتنی. پێکدادانەکان لە هەڵبەزودابەزدان و لەگەڵ توندتر بوونیان، بەشداربوانی رووبەڕووبوونەوە روودەکەنە شوناسی کولتووری و تێکەڵ بە شوناسی باڵاتر دەبن.

لەشەڕی تاجیکستاندا کە وەك پێکدادانی ناوچەیی دەستیپێکرد، سەرهەڵداوەکان هۆکارەکانیان بە ئیسلام پێناسە کرد. لە شەڕەکانی سەدەی نۆزدەهەمی خەڵکی باکووری قەوقازو رووسیادا، رابەری موسڵمانەکان واتە "شامیل"[٢٣٩]، چەندین گروپی ئەتنیو زمانی لەسەر بناغەی ئیسلام، بۆ بەرەنگاربوونەوەی رووسەکان یەکخست. لە ساڵی ١٩٩٠دا، دۆدایڤ (رابەری چیچانییەکان)[٢٤٠]، سوودی لەو بێداریە ئیسلامیەی لەهەشتاکاندا روویدابوو وەرگرتو، فەندەمینتالیستەکانو گروپە ئیسلامیەکان پشتیوانیانکرد. بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی، بەشێوەی رەسمی سوێندی بە قورئان خوارد، ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە قەشەی ئۆرسودۆکس، دوعای بۆ یەلتسین دەکرد. لە ١٩٩٤دا، یەلتسین پێشنیاریکرد کە چیچان ببێتە وڵاتێکی ئیسلامی. جەنگاوەرە چیچانییەکان لەو کاتەیدا کە بەرەو مەیدانی شەڕ دەڕۆیشتن، بانگی "الله اکبر"یان دەدا.

لە وێنەیەکی هاوشێوەیتردا، کەشمیریەکان لەو شوناسە هەرێمیەی کە موسڵمان، هیندۆسو بوودیەکانی دەگرتەوە، بایاندایەوەو لە کەشمیردا بەهای بنەماخوازانەیان پەرەپێدا. ئەمە، ئەم هەستەی بە کەشمیریە موسڵمانەکان بەخشی کە بەشێکن لە پاکستانی موسڵمانو جیهانی ئیسلام. لە ١٩٨٩دا لە لایەن ئەو رێکخراوەی کە حکومەتی پاکستان پشتیوانیدەکرد، سەرهەڵدان دژی هیندستان دەستیپێکردو پاشان پاکستانیش بایدایەوە بۆ لای بنەماخوازە ئیسلامیەکان.

لەناو شوناسی شارستانی بۆسنیادا بە تایبەت لەناو کۆمەڵگە موسڵمانەکەیدا ئاسۆیەکی رۆشن خۆی نواند. لەرووی مێژووییەوە، شوناسە گروپیەکانی بۆسنیا بەهێز نەبوون. سرب، موسڵمانو کرواتەکان بەئاشتی پێکەوە ژیاون. بەڵام شوناسی ئایینیان لاواز بووە. دەیانگوت بۆسنییەکان نە دەچوونە مزگەوت، کرواتەکان ئەو بۆسنیانە بوون کە



هاتوچۆی کڵێسەیان نەدەکردو سربەکانیش ئەو بۆسنیاییانەبوون کە نەدەڕۆیشتنە کڵێسەی ئۆرسودۆکس. ئەو کاتەی شوناسی بەربلاوی یۆگۆسلاڤیا هەڵوەشایەوەو شەڕ پەرەیسەند، هەر گروپەو خۆی پەیوەستکرد بە کۆمەڵگەی بەرینی کولتووری خۆیەوەو شوناسی ئایینی وەرگرت. سربەکانی بۆسنیا، بوونە نەتەوەخوازی توندڕەوو شوناسی خۆیان کردە شوناسی سربستانی گەورەو بەرەو کڵێسەی ئۆرسودۆکسی سربیا رۆیشتن. زۆربەی کرواتەکانی بۆسنیا، بە ئایینزای کاسۆلیکەوە ناسرانو موسڵمانەکانیش بەرەو وشیاری شارستانی رۆیشتن. موسڵمانەکانی بۆسنیا تا ئەو کاتەی شەڕ تەشەنەی کرد، دیندار نەبوونو خۆیان بە ئەورووپی دەزانی بەڵام، بە هەڵوەشانەوەی یۆگۆسلاڤیا لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٠دا، موسڵمانەکان پارتە فرە گروپەکانیان رەتکردەوەو دەنگیان دایە پارتی موسڵمانی کاری دیموکراتی[٢٤١] عیزەت بیگۆڤیچ[٢٤٢]. لەو کاتەی بۆسنیا سەربەخۆ بووە، عیزەت بیگۆڤیچ وڵاتێکی فرە نەتەوەی پێکهێنا کە موسڵمانەکان تێیدا باڵادەستبوون. لە کاتێکدا کە شەڕ درێژەی هەبوو، سربە بۆسنییەکانو کرواتەکان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی بۆسنیا چوونە دەرەوەو ئەوەی مایەوە، بەرەبەرە لەکاری دڵخوازیان دوورخرانەوەو لە بەشداریکردنی دامو دەزگا کۆمەڵایەتیەکان بێبەشکران. ئیسلام لە کۆمەڵگەی نەتەوەییدا بایەخێکی پتری درایە، شوناسی بەهێزی نەتەوەیی، بووە بەشێك لە سیاسەتو ئایین. رێنماییە ئایینییەکان، داکۆکی لە سەر تایبەتمەندیەکانی سەردەمی عوسمانی دەکردو زمانی بۆسنی برەویسەند تا لە زمانی سرب-کروات جیابکرێتەوەو وشەی تورکیو عەرەبی تێکەڵکرا. حکومەت، موسڵمانەکانی دامەزراندو پلەی کاروباری بەرزکردنەوە. ئەم رەوتە، بووەهۆی نارەزایەتی پێنج ئەندامی حکومەتەکەی عێزەت بیگۆڤیچ، بەڵام لەسەری رێکنەکەوتنو

بووەهۆی دەست لەکارکێشانەوەی سەرەکوەزیران. لەرووی سیاسیەوە، پارتی موسڵمانی عێزەت بیگۆڤیچ دەسەڵاتی خۆی لە بۆسنیادا پەرەپێداوەو لە ١٩٩٥دا سوپا، خزمەتگوزاریەکانی شارو دامودەزگا گشتیەکانی خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

لەشەڕی هێڵەکانی دابەشکردنی شارستانییەکاندا، لایەنەکان نایانەوێ جەخت بکەنە سەرشوناسی شارستانیان. لەشەڕە ناوخۆییەکاندا، جەنگاوەرەکان تەنها لەگەڵ گروپە ئەتنییەکانیتردا ناجەنگن، بەڵکو لەگەڵ ئەو گروپە ئەتنیانەدا شەڕ دەکەن کە سەر بە شارستانییەکانیترن. شەڕی ناوخۆیی کە بەشەڕی ئایینی پێناسەکراوە، پێکدادانێکی شارستانی دروستدەکات و ئەمەش دەرئەنجامی نالەرووی بەدواوەیەو بەشێکی فراوانی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە.

لەسەرەتای نەوەدەکاندا، ئایینزاو کڵێسەی ئۆرسودۆکس، سەرلەنوێ بۆوە توخمی سەرەکی شوناسی نەتەوەیی رووسیاو لە بەرژەوەندی رووسەکاندابوو کە شەڕی هەرێمی تاجیکستان و شەڕی چیچان بە تێکهەڵچوونێکی بەرینتر پێناسە بکەن کە دەگەڕایەوە بۆ سەدەکانی پێشووتر لەنێوان ئۆرسودۆکس و ئیسلامدا. کرواتەکان لە یۆگسلاڤیای پێشوودا، لەبەرامبەر ئۆرسودۆکس و ئیسلامدا خۆیان بە سنوورپارێزی رۆژئاوا لە قەڵەمدا. سربەکان، تەنها کروات و موسڵمانەکانی بۆسنیایان بە دوژمن لەقەڵەم نەدا، بەڵکو ڤاتیکان و بنەماخوازە ئیسلامیەکانیان بە دوژمن ناسی کە سەدان ساڵ بوو هەڕەشەیان لە ئۆرسودۆکسیەکان دەکرد.

هەڵوێستی حکومەتی هیندستان سەبارەت بە کەشمیر، لەبەر مەترسی لە دەستدانی بوو و ئەمەش دەیتوانی ببێتە هۆی وروژاندنی کەمینە ئایینی و ئەتنییەکانیترو سەرئەنجام پارچەبوونی هیندستانی لێبکەوێتەوە. ئەگەر رووسیا، کۆتایی بەتوندوتیژییە سیاسیەکانی تاجیکستان نەهێنایە،



لەوانەبوو تەشەنای بکردایە بۆ قرقیزستان و ئۆزبەکستان. یەڵتسین هۆشداریدا کە سنووری ئەفغانستان-تاجیکستان هی رووسیایە. ئەورووپییەکان ئاماژەیان بەوەدا ئەگەر بێتو وڵاتێکی موسڵمان لە یۆگسلاڤیادا پێکبێت، ئەوا دەبێتە بنکەیەك بۆ کۆچبەرە موسڵمانەکان.

ئەو کاتەی شەڕی هێڵەکانی تەماس تەشەنە دەکات، هەرلایەن دژبەرەکەی خۆی بە شەیتان لە قەڵەمدەدات و بە بوونەوەری نامرۆیی دەناسێنێ و کوشتار کردنیان بە رەوا دەزانێ. یەلتسین دەربارەی گەریلا چیچانییەکان گوتی: "دەبێت ئەم سەگە هارانە بکوژرێن"، هەروەها ژەنەراڵی ئەندەنۆزی "ترەی سۆتزینۆ"[٢٤٣] لە ساڵی ١٩٩١دا دەربارەی کۆمەڵکوژی تەیمووری[٢٤٤] رۆژهەلات گوتی: "هەمدیسان شەیتانەکانی رابردوو زیندوو بوونەتەوە". کۆمەڵکوژی، ئازارو ئەشکەنجە، دەستدرێژی و پەلاماردانی دڕندانەو راوەدوونانی خەڵك، بۆتە هۆی بێزاربوونی بەکۆمەڵ. سربەکان مزگەوت و کڵێسەکان دەڕوخێنن، کرواتەکان دێرە ئۆرسودۆکسیەکان دەتەقێننەوە، هێزەکانی ئاسایشی سینالیز، کتێبخانەی گشتی جافنا[٢٤٥] ئاگر تێبەردەدەن و چەکدارە سربیەکان، کتێبخانەی گشتی سەرایەڤۆ تێکدەدەن. سربەکان، شاری موسڵماننشینی زڤۆرنیکی[٢٤٦] بۆسنیایان لەگەڵ ٤٠,٠٠٠ موسڵماندا پاکتاوکرد، خاچێکیان لەسەر بورجی عوسمانیدا داناو پاشان لە هەمان شوێندا دێرێکی ئۆرسودۆکسیان بنیاتنا، بەڵام تورکەکان دواتر تێکوپێکیان دا..

**پێشبڕکێی شارستانییەکان:**

**دەوڵەتە خوێش و پەرتەوازەکان**

لەماوەی چل ساڵی شەڕی سارددا، زلهێزەکان هەوڵیاندەدا هاوپەیمان و ئەندامی نوێ پەیدا بکەن تا هاوپەیمانانی زلهێزەکانیتری پێ لەناوبەرن. ئەم

رکەبەرێتیە لە جیهانی سێیەمدا تەشەنەی کرد، چونکە وڵاتە لاوازو تازەکان لەلایەن زلهێزەکانەوە فشاریان دەخرایەسەر تا بەشداری ململانێی گەورەی جیهانی بکەن. لە جیهانی پاش شەڕی سارددا، پێکدادانی گروپی، جێی پێکدادانی تاقە زلهێزێکی گرتەوە. ئەو کاتەی پێکدادانەکان، کۆمەڵێکی جیاوازی شارستانییەکان دەگرنەوە، پەرەدەسەنن‌و هاوکات لەگەڵ تەشەنەسەندنیاندا هەر لایەنەو هەوڵدەدات تا پشتیوانی لەو گروپانە بکات کە سەر بەو شارستانییەن. پشتیوانیکردن بەهەر شێوەیەك بێت، ڕەسمی یان نارەسمی، ئاشکرا یان نهێنی، مرۆیی، دیپلۆماتی، دارایی یاخود سەربازی، هەمیشە لەلایەن یەك یان چەند وڵات‌و گروپی ناسراوەوە ئەنجامدەدرێن‌و چەندی شەڕی هێڵەکانی تەماس پتر بخایەنێ، وڵاتانی دۆست ناچار دەبن تارۆڵی ناوبژیوان بگێڕن. لە ئەنجامدا، "سیندرۆمی وڵاتە دۆستەکان" ئەوەندە پێکدادانەکان پەرەپێدەدەن کە لەتێکهەڵچوونی "ناوخۆیی شارستانی" تێدەپەڕن‌و پێویستیان بە هاوکاری نێوشارستانی هەیە بۆ کۆتایی هێنان بە پێکدادانەکە. بەپێچەوانەی شەڕی ساردەوە، شەڕی هێڵەکانی دابەشکردن لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەستپێناکەن، بەڵکو لەخوارەوە بەرەو سەرەوە سەرهەڵدەدەن.

لەشەڕی هێڵەکانی دابەشکردندا، وڵاتان‌و گروپەکان ئاستی جۆربەجۆریان هەیە. ئەو گروپانە لەئاستی سەرەتاییدان کە لە دژی یەکتر شەڕدەکەن‌و یەکتر دەکوژن. وەکو شەڕی نێوان پاکستان‌و هیندستان‌و شەڕی ئیسرائیل‌و دراوسێکانی. لەوانەیە ئەم تێکهەڵچوونانە بەشداریکەری دووەمیان هەبێت کە ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە بەشداریکەری یەکەمەوە، وەکو حکومەتی سرب‌و کروات لە یۆگسلاڤیای پێشوو یاخود ئەرمینیاو ئازەربایجان لە قەوقاز. هەندێ جار وڵاتانی پلەی سێیەمیش لەکێشمەکێشەکاندا بەشداردەبن، هەرچەندە کەدوورن لەمەیدانی شەڕی



کردارییەوە، بەڵام پەیوەندی شارستانیان لەگەڵ بەشداربواندا هەیە. ئەم بەشداربوانە بەزۆری وڵاتانی ناوەندی شارستانییەکانی خۆیانن‌و دەتوانن سەبارەت بە دەرئەنجامی شەڕەکە کاریگەری بەرچاویان هەبێت.

وڵاتانی خزم لەتێکڕای پێکدادانەکانی هێڵەکانی تەماسی نەوەدەکاندا بەشداربوون. لەم شەڕانەدا، ڕۆڵی سەرەکی هی حکومەتە ئیسلامیەکان‌و هاوپەیمانەکانیان بوو لەئاستە ناوچەییەکاندا. عەرەبستان، پاکستان، ئێران‌و تورکیاو لیبیا، لەگەڵ وڵاتە موسڵمانەکانیترداو بەپلەی جۆربەجۆر لە شەڕی ناموسڵمانەکاندا پشتیوانی موسڵمانەکانیان کردووە.ئەم وڵاتانە بریتین لە: فەلەستین، لوبنان، بۆسنیا، چیچان، قەوقاز، تاجیکستان، کەشمیر، سوودان‌و فیلیپین. جگە لەپشتیوانی حکومی، زۆرێك لە موسڵمانەکان لەلایەن ئەو جەنگاوەرە گەڕۆکە ئیسلامییە نێونەتەوەییانەی[٢٤٧] کە پاشماوەی شەڕی ئەفغانستان بوون، یارمەتیدران. ئەم جەنگاوەرانە لە پێکدادانی جۆربەجۆردا، لە شەڕی ناوخۆیی جەزایرەوە بگرە تا جەنگی چیچان‌و فیلیپین بەشداربوون. شارەزایەك دەڵێت، هەناردنی خۆبەخشەکان بۆ بەهێزکردنی یاسا ئیسلامییەکان بوو لە ئەفغانستان‌و کەشمیرو بۆسنیادا. یەکێتی عەرەب‌و ڕێکخراوی کۆنفراسی ئیسلامیش هەوڵدەدەن چالاکی ئەندامەکانیان هاوئاهەنگبکەن‌و لە پێکدادانە شارستانییەکاندا گروپە ئیسلامیەکان بەهێزبکەن.

یەکێتی سۆڤیەتی بەشداری سەرەکی شەڕی ئەفغانستان بوو. ساڵەکانی دوای شەڕی سارد، ڕووسیا لە شەڕی چیچاندا بەشداری یەکەم‌و لەشەڕی تاجیکستاندا بەشداری دووەم‌و لە شەڕی یۆگسلاڤیای پێشوودا بەشداری سێیەم بوو. هیندستان تێکهەڵچوونی یەکەمی لە کەشمیردابوو و تێکهەڵچوونی دووەمیشی لە سریلانکا. وڵاتە ڕۆژئاواییەکان، بەشداری پلەی سێیەم بوون لە یۆگسلاڤیای پێشووداو وڵاتە پەرتەوازەکان[٢٤٨]، لە

هەردوو لایەندا رۆڵی سەرەکیان گێڕاو ئەمەش بووە هۆی زۆر خایاندنی کێشمەکێشی نێوان ئیسرائیل‌و فەلەستین.

لەشەڕی کەشمیردا، پاکستان جگە لەوەی لەرووی سیاسی‌و دیپلۆماسیەوە پشتگیری جوداخوازانی کرد، پارەیەکی زۆرو چەک‌و پەروەردە، پشتیوانی لۆجستی‌و حەشارگەشی بۆ دابینکردن. پاکستان هەروەها دەلاَلی سیاسی ولاَتە ئیسلامیەکانی دیکەش بووە. بەگوێرەی راپۆرتێك دەرکەوتووە کە لە ساڵی ١٩٩٥دا هێزی سەرهەڵداوان زیادیکرد، نزیکەی ١٢٠٠ (موجاهید) لەئەفغانستان‌و تاجیکستان‌و سوودان چەکداربوون، بەمووشەکی ستینگەرو چەکیتری ئەمریکی کە لەکاتی شەڕیان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت پێیدابوون. سەرهەڵداوەکانی فیلیپین هەندێکجار کەڵکیان لە بوودجەو کەلوپەلی مالیزی وەرگرتووەو حکومەتە عەرەبییەکانیش بووجەی زیادەیان بۆ دابینکردون‌و هەزاران جەنگاوەر لە لیبیادا بەکارهێنراون. حکومەتی سوودانیش لە شەڕی ئەسیوپیادا یارمەتی سەرهەڵداوە موسڵمانەکانی ئەریتیریای[٢٤٩]داوەو لە لایەکیتر، بۆ خۆشی بە ملیۆنان دۆلار کەلوپەلی جەنگی لە چین وەرگرتووە.

لە شەڕی نێوان سەرهەڵداوانی تامیل (هیندۆس)و حکومەتی بوودایی سینالیزی سریلانکادا، حکومەتی هیندستان بەشێوەیەکی بەرچاو پشتیوانی سەرهەڵداوەکانی کرد، لە باشووری هیندستاندا پەروەردەی کردن‌و چەک‌و دراوی بۆ فەراهەمکردن. لە ساڵی ١٩٨٧دا ئەوکاتەی هێزەکانی سریلانکا خەریکی تێکشکاندنی پڵنگەکانی تامیل بوون، رای گشتی هیندستان لە دژی ئەم کوشتارە جووڵاو حکومەتی هیندستان لە ئاسمانەوە خواردەمەنی بۆ تامیلەکان هەڵدایە خوارەوە. لە راستیدا هۆشداری بە سەرکۆماری ئەو کاتە درا کە هیندستان نایەوێت پڵینگەکان قەلاَچۆبکرێن. حکومەتی هیندستان‌و سریلانکا رێککەوتن تا ئۆتۆنۆمیەکی



بەرچاو بدەنە تامیلەکان‌و لە بەرامبەر ئەمەدا، سەرهەڵداوانی تامیلییش چەکەکانیان پسپێرنە سوپای هیندستان, بەلاَم پڵنگەکانی تامیل خۆیان لە چەکدانان بوارد. ئەودەم سوپای هیندستان تێگەیشت کە تووشی شەڕێکی گەریلایی بووە. ئەمجارە تێڕوانینی هیندستان بەرامبەر بە سەرهەڵداوەکان گۆڕا. سەرەڕای ئەمە، ئەو حکومەتە نەیدەتوانی پشتیوانی‌و دڵسۆزی خۆی لە باشووری ئەو ولاَتەدا بۆ تامیلەکان رابگرێت. لەئەنجامدا، رێگەی بە پڵنگەکانی تامیل دا تا لە چوارچێوەی ولاَتەکەیاندا لە ٥٠٠مایلی کەنارەکاندا هەڵسووڕێن‌و لەرێگەی تەنگەی پالکەوە[٢٥٠] کالاَو چەك بنێرن بۆ سەرهەڵداوانی سریلانکا.

لە ساڵی ١٩٧٩دا یەکێتی سۆڤیەتی‌و پاشان رووسیا، لە باشووردا سێ شەڕی هێڵی هەڵەی دابەشکردنی شارستانیان هەبووە لەگەڵ دراوسێیە موسڵمانەکانیاندا، شەڕی ئەفغانستان لە ١٩٨٩-١٩٧٩دا، شەڕی تاجیکستان لە ساڵی ١٩٩٢و دواتر شەڕی چیچان کە ساڵی ١٩٩٤ دەستیپێکرد. دوابەدوای تێکچوونی یەکێتی سۆڤیەتی، لە تاجیکستان حکومەتی کۆمۆنیستی دەسەلاَتی گرتەدەست. رکەبەرە ناوچەییەکان‌و گروپە ئەتنییەکان، لە گروپی لاییکەوە بگرە تا ئیسلامخوازەکان، رکەبەرێتی ئەم حکومەتەیان کردو بەرهەڵستکاران بەهۆی ئەو چەکانەی لە ئەفغانستانەوە هێنرابوون بەهێز کران‌و لە سەپتەمبەری ١٩٩٢دا، لایەنگرانی حکومەتی رووسیایان لە دووشەنبەی پایتەخت[٢٥١] دەرکرد. حکومەتی رووسیاو ئۆزبەکستان پەرچەکرداری توندیان نواندو رووسیا بەو چەکانەی لە تاجیکستاندا مابوونەوە، هێزە حکومیەکانی چەکدار کردو بۆ پاراستنی سنوور، سەربازی زیادەی لەسەر سنووری ئەفغانستان جێگیرکرد. نۆڤەمبەری ١٩٩٢، رووسیا-ئۆزبەکستان، کازاخستان‌و قرقیزستان دەستێوەردانی سەربازی رووسیاو ئۆزبەکستانیان پەسەندکردو

ئەمەش بە رواڵەت بۆ پاراستنی ئاشتی بوو، بەڵام راستیەکەی بۆ بەشداربوونی شەڕ بوو. ئەم پشتیوانییە، لەگەڵ هێزی سەربازیی‌و یارمەتی دارایی رووسیا، سەرلەنوێ بووە هۆی داگیرکرانەوەی شاری دووشەنبەو رووسەکان ئەم شارەیان خستە ژێر کۆنترۆڵەوەو ئەمەش پاکتاوێکی رەگەزی لێکەوتەوە. دووبارە پەنابەران‌و سەربازەکان گەڕانەوە ئەفغانستان‌و حکومەتە موسڵمانەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەرامبەر بە دەستێوەردانی سەربازی رووسیا نارەزایەتیان دەربڕی.

بەگوێرەی هەواڵێك، لەساڵی ١٩٩٣دا چەندین هەزار جەنگاوەر لەلایەن موجاهیدەکانەوە پەروەردەکراون. سەرهەڵداوە تاجیکیەکان چەندجار پەلاماری سنووری ئەفغانستان–تاجیکستانیان داو ژمارەیەك سنوورپارێزی رووسیان کوشت. رووسیا دوابەدوای دابینکردنی هێزی زۆرتر لە تاجیکستان‌و هەناردنی کەلوپەلی سەربازی فراوان، هەندێك شوێنی دیاریکراوی ئەفغانستانی بۆمبارانکردو حکومەتە عەرەبییەکانیش بوودجەی دارایی پێویستیان بۆ سەرهەڵداوان دابینکرد لە پێناوی کڕینی مووشەکی ستینگەرو فرۆکە شکێندا. لەلایەکیتر، وڵاتە ئیسلامیەکان چالاکانە پشتیوانی سەرهەڵداوەکانیان دەکرد. کەمتەرخەمی رێکخراوە نێونەتەوەییەکان‌و رۆژئاوا لە یارمەتیدانی تاجیکستان‌و ئەفغانستان، سەرئەنجام تاجیکستانی وابەستە بەرووسیاو ئەفغانستانی وابەستە بە وڵاتانی موسڵمان کرد. هەموو فەرماندەیەکی ئەفغان کە هیوای بە یارمەتی دەرەکی بێت، دەبێت پێداویستیەکانی لە سەرچاوەی دارایی عەرەبەکان‌و پاکستان داوابکات (کە دەیانەوێت لە ئاسیای ناوەڕاستدا جیهاد پەرەپێبدەن) یاخود سەرچاوە داراییەکانیان لە رێگەی بازرگانی ماددە بێهۆشکەرەکانەوە فەراهەم بکەن.



شەڕی سێیەمی دژەئیسلامی رووسیا لە باکووری قەوقاز لە دژی چیچانەکان‌و لەنێوان دراوسێیە ئۆرسودۆکس‌و موسڵمانەکاندا، ساڵی ١٩٩٢-١٩٩٣ پێشەکیەکی مێژوویی هەبووە. نۆڤەمبەری ١٩٩٢، ئینگوشەکان دەستیان بە پەلامار کرد تا ئەو ناوچەیە بگرنەوە کە یەکێتی سۆڤیەت داگیری کردبوو، بەڵام رووسەکان پشتیوانی ئۆرسودۆکسەکانیان کردو گوندەکانی ئینگووشیان تەفروتونا کرد. ئەوانەی لە بۆمبارانەکە رزگاریان بوو، دواتر یان کوژران یان بەدیل گیران. بەپێی هەواڵی گۆڤاری ئیکۆنۆمیست[٢٥٢]، پێنەدەچوو کاولکاریەکی ئاوەها لەماوەی حەوتەیەکدا روویدابێت! ئەمە یەکەم پاکتاوی رەگەزی بوو لە فیدراسیۆنی رووسیادا. دواتر رووسەکان کەڵکیان لەم پێکدادانە وەرگرت تا چیچانەکانی پێ بترسێنن‌و ئەمەش بووەهۆی سەفەربەری کتوپڕی موسڵمانەکانی چیچان. کۆنفدراسیۆنی خەڵکانی قەوقاز هەڕەشەی ئەوەیکرد ئەگەر بێتو رووسیا لە قەڵەمڕەوی چیچان نەچێتە دەرەوە، ئەوا دژی هێزەکانی رووسیا ٥٠٠,٠٠٠ جەنگاوەری خۆبەخش ئامادەدەکات. دوای خۆڕاگریەکی نائارام، مۆسکۆ کشایەوە تا لە سەرانسەری هەرێمەکەدا بەری تەشەنەکردنی تێکهەڵچوونەکە بگرێت.

لە دیسەمبەری ١٩٩٤دا، رووسیا هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر چیچان، سەرکردەی هەردوو کۆمارە ئۆرسودۆکسیەکانی ئەرمینیاو جۆرجیا پشتگیری رووسیایان کرد. سەرکۆماری ئۆکرانیا، حەزی لە سازش‌و ئاشتی دەکرد، بەڵام موسڵمانەکان لە ناوخۆو دەرەوەدا، پشتیوانی چیچانەکانیان کرد. ئیسلامی ناونەتەوەیی، جەنگاوەرانی خۆی لە ئەفغانستان، ئازەربایجان، پاکستان، سوودان‌و کۆمەڵگەکانیترەوە ناردە یارمەتی چیچانەکانەوەو رەوتێکی جێگیر بۆ دابینکردنی کەلوپەلی چیچانییەکان لە رێگەی ئازەربایجانەوە دەستپێکردو بووە هۆی ئەوەی رووسیا

سنوورەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا دابخاتو تەنانەت ڕێگەی یارمەتی پزیشکیو لۆجستی چیچانیش بگرێت. بەهێزترین پەرچەکرداری دژی شەڕی چیچان، لەلایەن دوو وڵاتی دراوسێ واتە ئینگووشیا[٢٥٣]و داغستانەوە[٢٥٤] بوو. وەزیری بەرگری رووسیا رایگەیاند: حکومەتی ئینگووشیا دژی رووسیا شەڕی راگەیاندووە. لە داغستانیشدا هێرش دژی هێزەکانی رووسیا دەستیپێکردو دوای ئەوە رووسەکان، گوندەکانی ئینگوشیاو داغستانیان گوللەباران کرد. ئەمە بووەهۆی دوژمنایەتی پتری نێوان داغستانو رووسیا.

پەرتەوازەییو بەربڵاوی چیچانەکانیش یارمەتی ئامانجەکانی شەڕیداو بووە هۆی ئەوەی یارمەتی دارایی، چەكو خۆبەخشێکی زۆر بۆ هاوکاری هێزەکانی چیچان فەراهەمبکرێت. بەو جۆرەی شەڕی چیچان دەیسەلمێنێ، لە ناوچەکەدا پێکدادان بە ئاسانی چارەسەر ناکرێت. شارەزایەکی رووسی لەو بڕوایەدابوو کە یەکگرتنێکی نارەسمی بەگوێرەی هێڵی شارستانییەکان روو لە پێکهاتنەو رەنگە شەڕی رووسیا لە تاجیکستان بکاتە شەڕێکی درێژخایەن لەگەڵ جیهانی ئیسلامدا. شەڕەکە لە ١٩٨٨داو بەر لە هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی دەستیپێکردو لە ١٩٩٢-١٩٩٣دا تەشەنەی کردو سەرئەنجام دوای دانوستان لە ساڵی ١٩٩٤دا گەیشتە ئاگربڕ.

تورکیاو موسڵمانەکانی دیکە، بەشێوەی جێگیر پشتیوانی ئازەربایجانیان کردو بەرهەڵستی ئەرمەنییەکانیان کرد. تورکیا یەکەم وڵات بوو کە ئازەربایجانی بەرەسمی ناسی. لەماوەی تێکهەڵچوونەکەدا، تورکیا پشتیوانی دارایی بۆ ئازەربایجان کۆکردەوەو مەشقی بەجەنگاوەرە ئازەرییەکان کرد. ئەو کاتەی توندوتیژییەکە پەرەیسەندو ئەرمەنییەکان خاکی ئازەربایجانیان داگیرکرد، رای گشتی تورکیا خرۆشاو حکومەتی



تورکیا وای بە باش زانی کە لە بەرامبەر ئەرمەنستاندا پشتیوانی ئازەربایجان بکات. سەرکۆماری ئەو دەمەی تورکیا، ناردنی خواردەمەنی بۆ ئورمەنستان قەدەغەکردو ئەرمەنییەکان تووشی قاتوقڕی (برسێتی) بوون. مارشاڵێکی رووسی هۆشداریدا، ئەگەر بێتو لایەنێکی دیکە (تورکیا) بەشداری شەڕ بکات، ئەواشەڕی جیهانی سێیەم دەستپێدەکات.

پشتیوانی رووسیا لە ئەرمەنییەکان، کاریگەری رووسیای لەسەرئازەربایجان زیادکردو لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٣دا، سەرکردەی نەتەوەخوازی ئازەربایجان واتە ئەبولفەزڵی ئیلچی بەیگ[٢٥٥] لە کۆدێتایەکدا لابراو حەیدەر عەلیەڤی[٢٥٦] کۆمۆنیستی پێشوو جێگەی گرتەوە. عەلیەڤ ڕێگەی دا تا سەربازە رووسیەکان لە وڵاتەکەیدا نیشتەجێ بنو هەروەها ڕێگەی بۆ رووسەکان ئاوەڵاکرد هەتا لە کۆنسێرسیۆمی نێونەتەوەییدا بەشداریبکەن بۆ پەرەپێدانی نەوتی ئازەربایجان. لەبەرامبەردا، رووسیا مەشقی بەسەربازە ئازەربایجانەکان کردو ئەرمینیای ناچارکرد تا لە خاکی ئازەربایجان بکشێنەوە.

یۆگسلاڤیای پێشوو، لەسەرەتای نەوەدەکاندا، گۆڕەپانی شەڕی سەختو هەرە ئاڵۆزی هێڵی هەڵەی دابەشکردنی شارستانی بوو. لە قۆناغی یەکەمدا، حکومەتی کروات لەگەڵ سربەکانی کرواتیا شەڕی کردو لە بۆسنیاشدا، حکومەتی بۆسنی لەگەڵ سربو کرواتەکانی ئەو وڵاتەدا جەنگا. لە قۆناغی دووەمدا حکومەتی سرب، داوای سربستانی گەورەی کردو حکومەتی کرواتیش خوازیاری کرواتیای گەورە بوو. لە قۆناغی سێیەمدا، شارستانییەکان لێککۆبوونەوە کە بریتیبوون لە: ئەڵمانیا، نەمسا، ڤاتیکانو وڵاتە کاسۆلیکە ئەوروپییەکانیتر. پاشان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لایەنی کرواتیای گرتو روسیاو یۆنانو وڵاتە

ئۆرسودۆکسەکانی دیکەش پشتیوانی سربەکانیان کردو وڵاتە ئیسلامیەکان‌و ئیسلامی نێونەتەوەییش پشتی بۆسنیایان گرت.

لە ساڵی ١٩٩١دا، یۆگۆسلاڤیا ئەو دەمە هەڵوەشایەوە کە سلۆڤانیاو کرواتیا سەربەخۆبوون‌و داوایان لە ئەورووپای ڕۆژئاوا کرد پشتیوانیان بکەن. ڕۆژئاوا لە لایەن ئەڵمانیاوە وەڵامی دایەوەو بەزۆری پەیوەندی بە کاسۆلیکەکانەوە هەبوو. ئەڵمانیا فشاری خستە سەر یەکێتی ئەورووپا تا بەرەسمی دان بەسەربەخۆیی سلۆڤانیاو کرواتیادا بنێت. دوابەدوای ئەمە نەمساو ئیتالیا ئەم دوو وڵاتە نوێیەیان بەرەسمی ناسی‌و پاشان کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان‌و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەم دانپێدانانەیان پەسندکرد. ڤاتیکانیش ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا. پاپا، کرواتیای بە وڵاتێکی مەسیحی ڕۆژئاوایی ناساند. پشتیوانیکردنی ڕۆژئاوا لە کرواتیا، بووە هۆی پشتگوێخستنی پاکتاوی ڕەگەزی، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤو توندوتیژی‌و یاسای جەنگو لێرەدا تەنها سربەکان تاوانبار کران. لەساڵی ١٩٩٤دا، ئەمەریکا هێزە چەکدارەکانی کرواتیای بەهێزکردو بەپشتگوێخستنی هەڵەی کرواتەکان، لەرووی سەربازیەوە باریهێنان‌و ژەنەراڵە پایە بەرزە خانەنشین کراوە ئەمریکیەکانی کردە ڕاوێژکاری سەربازیان.

شەڕەکانی یۆگۆسلاڤیا، لەناو دنیای ئۆرسودۆکسیشدا یەکێتیەکی دروستکرد بۆ پشتیوانیکردنی سربەکان. نەتەوەخوازەکانی ڕووسیا، ئەفسەرە سەربازیەکان، پەرلەمانتەرو ڕابەرەکانی کڵێسەی ئۆرسودۆکس، تێکڕایان پشتگیری سربەکانیان کردو هێرشی ئاسمانی ناتۆیان پرۆتێست کرد. لەکاتی شەڕەکانی یۆگسلاڤیادا، حکومەتی یۆنان بە بڕیاری ئەندامە ڕۆژئاواییەکانی ناتۆ خۆی لەشەڕ دوورخستەوە، بەڵام لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا پشتیوانی لە سربەکان کردو حکومەتی ئەمەریکاش



داوای کرد تا سزای ئابووری سەر سربیا هەڵبگیرێت. لەلایەکیتر، بۆریس یەڵتسین وەکو ڕابەری بەشداربووی قۆناغی سێیەم، دەیەویست کەڵك لە پەیوەندیەکانی خۆی‌وڕۆژئاوا وەربگرێت، و لەولاشەوە یارمەتی سربەکانی‌دا تا بەرهەڵستکارە سیاسیەکانیان بێچەك بکەن. پشتیوانی حکومەتی ڕووسیا لە سربەکان، دیاردەیەکی هەمیشەیی بوو. یەڵتسین هۆشیاری‌دا کە بۆمبارانکردنی بەردەوام، کاریگەری دەکاتە سەر هاوکاری کردنی ڕووسیا لەگەڵ ڕۆژئاواو بەشداربوونی لە هێزە ئاشتی پارێزەکانی ناتۆدا. "چۆن دەتوانین لەگەڵ ناتۆدا ڕێکبکەوین لە کاتێکدا ناتۆ خەریکی بۆمبارانکردنی سربەکانە؟" ڕۆژئاوا بەئاشکرا سیاسەتی دوو فاقیانەی بەکاردەهێنا. ڕوسیا هەوڵیدا تا گەمارۆی چەکەکان لەسەر کۆمارەکانی یۆگسلاڤیای پێشوو ڕابگرێت‌و ئەمەش کاریگەریەکی بەرچاوی لەسەر موسڵمانەکانی بۆسنیا هەبوو. لە سەپتامبەری ١٩٩٣دا، ڕووسیا بە پێی بڕیاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ٢٢,٠٠٠ ئاشتیپارێزی لە یۆگسلاڤیای پێشوودا نیشتەجێکرد.

کۆبوونەوەی هەرەکاریگەرو بەرینی شارستانی، هی جیهانی ئیسلام‌و پشتیوانیکردنی موسڵمانەکانی بۆسنیا بوو. لەگەڵێك سەرچاوەوە یارمەتی بۆ بۆسنیا نێردرا، بەتایبەت لە لایەن عەرەبستانی سعودیەوە بە ملیۆنان دۆلاری دەگرتەوە. ئەم پشتیوانیکردنانە لەکاتی شەڕدا، کاریگەریەکی سەرەکی هەبووو ئەوەش مانەوەی بۆسنیاو سەرکەوتنی بوو لە وەرگرتنەوەی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی. ئەمەبووە هۆی ئەوەی تا ئەمەریکا بایەخ بە پێویستیەکانی بۆسنیا بدات. ئێران لە کۆنفراسی ئیسلامیدا، پرسەکەی خستەڕووو گروپێك دیاریکرا تا لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا جەخت بکاتە سەر ئامانجەکانی بۆسنیا. سەرئەنجام، کۆنفراسی مافی مرۆڤ ی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان

دەستدرێژی سربو کرواتەکانی پرۆتێست کردو کۆتایی بە گەمارۆی تەقەمەنی هێنا. بەگشتی، پشتیوانی موسڵمانە دۆستەکان، هۆکارێکی یەکلاکەرەوەبوو کە بووەهۆی ئەوەی حکومەتی بۆسنیا بتوانێت لە وڵاتەکەیدا پێکبهێنێ هاوسەنگی سەربازی بەرقەرار بکات.

شەڕی بۆسنیا، جەنگی نێوان شارستانییەکان بوو و سێ بەشداربووی سەرەکی هەبوو کەسەر بە شارستانی جۆربەجۆرو ئاییی جیاوازبوون. بەشداربوانی قۆناغی دووەمو سێیەم بەوردی بەپێی مۆدێلی شارستانی هەڵسووڕان. هاوکات لەگەڵ بەردەوامی شەڕ، لەنێوان گروپەکاندا رقو بێزاری زیاد دەبوو و شوناسی ئایینیو شارستانی، بەتایبەتی لەنێوان موسڵمانەکاندا تەشەنەی دەکرد. وانەی جەنگی بۆسنیا ئەمە بوو:

یەکەم، بەشداربوانی قۆناغی یەکەمی شەڕی هێڵی شارستانییەکان دەتوانن پشت بەیارمەتی هاوشارستانییەکانی خۆیان ببەستن (ئەمەش کاریگەر دەبێت). دووەم، ئەم یارمەتیانە کاریگەری دەکەنەسەر ڕەوتی شەڕو سەرئەنجام حکومەتو خەڵکی شارستانییەك چیتر دراوو خوێنی خۆیان ناخەنە خزمەتی شەڕی هێڵی هەڵەی خەڵکی شارستانییەکیتر. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەم مۆدێلە شارستانییەدا دۆخێکی ئاوارتەی هەبوو، چونکە لایەنی موسڵمانەکانی دەگرت. سەرەڕای ئەوەی پشتیوانییەکەی ئەمەریکا سنووردار بوو، بەڵام بووەهۆی قەیران لە ناتۆدا. دوابەدوای مۆرکرانی ڕێککەوتنامەی "دەیتۆن"[٢٥٧] ئەمەریکا ڕێککەوت لەتەك عەرەبستانی سعودیو وڵاتە ئیسلایەکانی دیکە، بۆ مەشقکردنو پڕچەککردنی هێزەکان، هاوکاری بۆسنیا بکات. بەمجۆرە، پرسیارەکە ئەمەیە کە بۆچی ئەمەریکا لەکاتی شەڕدا، تاقە وڵات بوو کە پێکهاتەی شارستانی شکاندو ئەو وڵاتە ناموسڵمانە بوو کە بەرژەوەندیەکانی



بۆسنیای پێشدەخست یاخود لەگەڵ وڵاتە موسڵمانەکانیتردا لایەنی دەگرتن؟ ئەم کردە نائاساییەی ئەمەریکا چۆن ڕووندەکرێتەوە؟

ڕەنگە شیمانەیەك ئەمە بێت کە بەراستی سەیر نییە، بەڵکو پتر حسابێکی وردی "سیاسی-شارستانی"یە. ئەمەریکا هەوڵیدەدا تا کاریگەریی وڵاتانی ئیسلامی وەکو ئێرانو عەرەبستان کەمبکاتەوە. بەڵام لەم حالەتەدا، بۆچی ئەمەریکا ڕێگری نەکرد لە یارمەتیەکانی ئێرانو عەرەبستانو بۆچی هەوڵینەدا لە ڕێی بەکارهێنانی هێزەوە کۆتایی بە سزاکە بهێنێو ببێتە یارمەتیدەرێکی ڕەوای ڕۆژئاوایی؟ ڕوونکردنەوەیەکی تر بۆ ڕەفتاری ئەمەریکا ئەمەیە کە حکومەتی ئەمەریکا، لە لایەن دۆستە موسڵمانەکانی لە جیهانی ئیسلامدا، بەتایبەت تورکیاو عەرەبستانەوە فشاری دەخرایەسەر تا پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەم وڵاتانەدا بپارێزێت. بەگوێرەی سیاسەتی راستەقینەی شارستانی، لەوانەیە ئەمە لەشێوەی بۆچوونی ئەمەریکادا ڕۆڵی هەبێو لەوانەشە ئەمریکیەکان ویستبێتیان لە پێکدادانە دەرەکیەکاندا هێزە باشەکانو هێزە خراپەکان بناسن. دەستەبژێری ئەمریکی لایەنی بۆسنیایان دەگرت، چونکە ئەوانە وڵاتی فرە کولتووریان خۆشدەویێت. لە درێژەی شەڕەکەدا، پابەند بوون بە بۆسنیای فرە نەتەوەوە. ئەمە لەحاڵێکدا بوو کە سربو کرواتەکانی بۆسنیا بەرهەڵستیان دەکردو دەرفەتی پێکهێنانی وڵاتێکی فرە نەتەوە نەبوو. دەستەبژێری ئەمەریکا، وێنە ناکۆك بە یەکەکانیان بە دڵسۆزی بۆ خەڵکی بۆسنیا دەزانی. ئەمەریکا بە قبوڵنەکردنی شەڕەکە لە هاوپەیمانەکانی جیابۆوەو لەئەنجامدا شەڕەکە درێژەی خایاند، بەڵام یارمەتی ئەوەیدا تا لەناوچەی بەلکاندا ئەیالەتێکی ئیسلامی سەر بەئێران پێکبێت. وا باسکراوە گوایە شەڕی بۆسنیا هەستێکی وای ورووژاند کە یەکسان بوو لەگەڵ شەڕی دژەفاشیزمی پێکدادانی ناوخۆیی ئیسپانیادا. لەچەرخی

شارستانییەکاندا، ئەم بەراوردکاریە لەبارنییە-بۆسنیا ئیسپانیای گشت لایەکە. شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا شەڕی نێوان سیستەمی سیاسیو ئایدۆلۆژیەکان بوو. بەڵام شەڕی بۆسنیا، شەڕی نێوان شارستانییەکانو ئایینەکان بوو. شەڕی ناوخۆیی ئیسپانیا، بەسەرکەوتنی هێزەکانی فرانکۆ کۆتایی پێهات. لەوانەیە شەڕی نێوان کۆمەڵگە ئایینییەکانی بەلکان دابمرکێتەوە یاخود بەشێوەی کاتی ڕابوەستێت، بەڵام هیچ لایەك براوە نییەو هیچ سەرکەوتنێکیش بەواتای کۆتایی نییە.

## راوەستاندنی شەڕی هێڵەکانی دابەشکردنی شارستانییەکان

دەبێت هەموو شەڕێك کۆتایی پێبێت-ئەمە، حیکمەتێکی باوە. ئایە ئەمە سەبارەت بەشەڕی هێڵەکانی دابەشکردنی شارستانییەکانیش وادەبێت؟ هەم بەڵێو هەم نەخێر. لەوانەیە توندوتیژی لەم هێڵانەدا بۆ ماوەیەك راوەستن، بەڵام بەدەگمەن کۆتاییان پێدێت. نیشانەی شەڕی هێڵەکانی تەماس، ئاگربڕی پەیتا-پەیتاو ئاشتی کاتییە. ئەم شەڕانە دەستپێدەکرێن، کۆتاییان پێدێتو دیسان دەستپێدەکرێنەوە. پەیوەندی گرژی نێوان هەندێك گروپی سەر بەشارستانی جۆربەجۆر، دەگەڕێتەوە بۆ دراوسێیەتی جۆگرافی، ئایینی، کولتووری جۆراوجۆر، بنیاتی کۆمەڵایەتی جیاوازو بیرەوەری مێژوویی کۆمەڵگە. شەڕی سنووری هەڵە پەیتاپەیتان، بەڵام پێکدادانی ئەم هێلانە کۆتاییان پێنایەت. ئەو وەستانە کاتیەی لە شەڕی هێلەکانی تەماسدا روودەدات، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ماندووبوونە قورسەی، بەشداربووە سەرەتاییەکان تووشی بوون، ئەوەش لەو کاتەدایە کە سەردەمێك تێدەگەن ژمارەی قوربانیو بریندارەکانیان گەیشتۆتە دەیان هەزار کەسو پەنابەرەکانیش گەیشتۆتە سەدان هەزار کەسو شاری وەکو بەیروت، گرۆزنیو ڤۆکۆڤار[٢٥٨] بوونەتە کەلاوە. خەڵك هاواردەکەن ئیتر



سەرشێتی بەسەو توندڕەوەکانی هەردوولا، ناتوانن گڕی رقی خەڵکی وەکوژێنن. بەڵام میانەڕەوەکان سەرلەنوێ ئەو دانوستانو گفتوگۆیانە دەژیەننەوە کە سالأنێك بێکەڵك بوون، بۆئەوەی ڕێکبکەونو کۆتایی بە کوشتار بێنن.

شەڕی هێڵە هەڵەکانی دابەشکردن بەهۆی تاك، گروپ یاخود ڕێکخراوە بێلایەنەکانەوە چارەسەر ناکرێت، بەڵکو گروپەکانی قۆناغی دووەمو سێیەم کە پشتیوانی دۆستەکانیان دەکەن، ئەو توانایەیان هەیە کە لایەنەکانو دۆستەکانیان ناچاری سازش بکەن. بەشداربوانی قۆناغی سێیەم نایانەوێت شەڕەکە لە قۆناغی یەکەمدا پەرەبسێنێتو دەیخەنە کۆنترۆڵی خۆیانەوە. ئامانجی یەکەم، پاراستنی پەیوەندیەکانە.حکومەتەکان لەو شەڕانەدا پێشی دەستێوەردانی هێزە دەرەکیەکان دەگرن کە بە دەرئەنجامی گیروگرفتی ناوخۆیی دەزانن. وەسفکردنی ئەم شەڕانە بە پێکدادانی ناوخۆیی، حوجەتە دەداتە ولأتانیتر کە خۆیانی تێوە نەگلێنن.

ئەوکاتەی شارستانییە تێکهەڵچووەکان، ولأتی ناوەندین، پرسەکان قورستر دەبن. بۆ نموونە، شەڕی سوودان، ساڵی ١٩٥٦ دەستپێکردو ئەوکاتەی لایەنەکان لە پەلوپۆ کەوتبوون، ساڵی ١٩٧٢ راوەستێنرا. ئەنجومەنی کلێسەکانی جیهانیو ئەنجومەنی کلێسە ئەفریقیەکان سازشیان کردو ئەمەش بووەهۆی ڕێککەوتنامەی "ئادیس ئەبەبە"[٢٥٩] و سەربەخۆیی سیاسی باشووری سوودانی فەراهەمکرد. بەم حاڵەشەوە، حکومەت دوای دەساڵ ئەم ڕێککەوتنامەیەی هەڵوەشاندەوەو سەرلەنوێ شەڕ دەستپێکردەوە. ئامانجی سەرهەڵداوەکان زیادیکردو هەڵوێستی حکومەت سەختتر بۆوە. دانوستان نەیتوانی شەڕەکە راوەستێنێ. دنیای عەرەبو ئەفریقا ولأتی ناوەندیان نەبوو هەتا فشار بخاتە سەر بەشداربوان. تەنانەت هەوڵدانی ناوبژیوکارانەی کارتەر[٢٦٠] (سەرکۆماری پێشووی ئەمەریکا)و

ولاّتانی ئەفریقای رۆژهەلاّت وەکو کینیا[٢٦١]، ئەریتیریا، ئۆگاندا[٢٦٢] و ئەسیوپیا رووبەڕووی شکست بوونەوە. ئەم رۆڵە سپێردرایە عەرەبستان، بەلاّم نفوزی عەرەبستان لە سوودانندا سنووردار بوو. بەگشتی، دانوستان سەبارەت بە ئاگربەست تا ئەو شوێنە دەچێتە پێش کە بەشداربوانی قۆناغی دووەمو سێیەم لە هەردوولا، بەشێوەی یەکسانو هاوتەراز تێوەگلابن.

رووسیا لە قەوقاز دەمێنێتەوەو توانایی ئەوەی هەیە کە ئاگربەستەکە جێبەجێبکات. رێککەوتنامەی دەیتۆن، بەپێی پێشنیازی ولاّتانی ناوەندی (ئەڵمانیا، بەریتانیا، فەرەنسا، رووسیاو ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا) بەدیهات. بەلاّم هیچکام لە لایەنەکانی قۆناغی سێیەم خۆیان تێوەنەگلاندو جێبەجێکردنی رێکەوتنامەکەیان سپاردە ناتۆ. ئەگەر هاتو ئەمەریکا سەربازەکانی لە بۆسنیا بەرێتە دەرەوە، چیتر هێزە ئەوروپییەکانو رووسیا، پاڵنەرێکی ئەوتۆیان نابێت بۆ بەدیهێنانی رێککەوتنامەی دەیتۆن. بەلاّم حکومەتی بۆسنیاو سربو کرواتەکان هەموو پاڵنەرێکیان هەیە بۆ دەستپێکردنەوەی شەڕو هەردوو حکومەتەکە چاوەڕوانی دەرفەتن تا ئاواتەکانیان بەدیبهێنن کە سربیای گەورەو کرواتیای گەورەیە.

هەوڵدانی ئەمەریکا، رووسیاو یەکێتی ئەوروپا لە رەوتی ئاشتی بۆسنیادا سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بە دەستنەهێنا. هێزە رۆژئاواییەکان نەیاندەویست رووسیا بێتە ناو ئەم کارەوە. ئەمە لە کاتێکدابوو کە رووسیا پێی دادەگرت تا لە تێکهەڵچوونەکەدا رۆڵێکی تەواوی هەبێت. پێویستی بەشداریکردنی رووسیا، لە فێبریوەری ١٩٩٤دا روونبۆتەوە. ناتۆ بێئەوەی لەگەڵ رووسیا راوێژبکات، سربەکانی بۆسنیا ئاگادارکردەوە تا چەکە قورسەکانیان لە دەوروبەری سەرایەڤۆ ببەنە دەرەوە. ئەگەر بێتو ئەمە نەکەن ئەوا بەرەورووی هێرشی ئاسمانی ناتۆ دەبنەوە. سربەکان بەرهەڵستی ئەم خواستەیان کرد، چونکە شیمانەی ئەوەی لێدەکرا کە ململانێیەکی



توندوتیژی بەدواوە بێت لەتەک ناتۆدا. یەلتسین هۆشیاریدا کە "هەندێك دەیانەوێ پرسی بۆسنیا بێ بەشداری رووسیا چارەسەر بکەنو ئێمە رێگەیان پێنادەین". حکومەتی رووسیا دەسپێشخەری خستە دەستو هێزە ئاشتیپارێزەکانی خۆی لە دەوروبەری سەرایەڤۆ جێگیر کردو سربەکانی رازیکرد تا کەلوپەلە جەنگیەکانیان لە دەوروبەری سەرایەڤۆ ببەنە دەرەوە. ئەم کۆدەتا ییپلۆماتیە پێشی تەشەنەکردنی توندوتیژیەکانی گرتو ئەوەی بە رۆژئاوا سەلماند کە رووسیا دەتوانێ کاریگەری لەسەر سربەکان هەبێت. رووسیا، لەرێگەی ئەم مانۆرەوە بەشێوەیەکی کاریگەر، ئیدیعای خۆی سەلماند سەبارەت بە بەشداریکردنی یەکسان لەگەڵ رۆژئاوادا لەسەر پرسی بۆسنیا.

لە ئەپریلی ١٩٩٤دا ناتۆ، سەرلەنوێ بێئەوەی پرس بە رووسیا بکات، فەرمانی بۆمبارانی سربەکانی دەرکرد. ئەم فەرمانە لەناو کەشی سیاسی رووسیادا پەرچەکردارێکی نیگەتیڤی هێنایە کایەوەو بەرهەڵستی نەتەوەخوازەکانی بەهێزکرد. پاشان هێزەکانی قۆناغی دووەمو سێیەم واتە بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، رووسیاو ئەمەریکا، "گروپی پەیوەندیان"[٢٦٣] پێکهێنا تا زەمینەی سازش خۆشبکەن. ئەم گروپە لە ژوونی ١٩٩٤دا بەرنامەیەکی پێشکەشکرد کە لەسەدا ٥١ی بۆسنیا بکرێتە فیدراسیۆنی "موسڵمان-کروات" و لەسەدا ٤٩ی بدرێتە سربەکانی بۆسنیاو ئەمەش بووە بناغەی رێککەوتنامەی دەیتۆن.

لە مارسی ١٩٩٥دا، بە تۆجمانی[٢٦٤] سەرکردەی کرواتەکانیان گوت ئەگەر دەیەوێت ببێتە بەشێك لە رۆژئاوا، دەبێت رێگە بەوە بدات کە هێزەکانی پاراستنی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە "کراجینا" وەمێنن. تۆجمان دەیەویست پەیوەست بێت بەرۆژئاواوەو نەیدەویست لەبەرامبەر رووسەکانو سربەکاندا تەنها بێت. ئاگاداریشیان کردەوە کە

سنوورێك بۆ پاكتاوی رەگەزی دابنێت‌و پەلاماری سەر سلۆڤینیای رۆژهەلأت راوەستێنێ. لەلایەكیتر بە كرواتەكانیان گوت، ئەگەر پەیوەست نەبن بە فیدراسیۆنی ئیسلامیەوە، ئەوا ئەودەم دەرگاكانی رۆژئاوایان لێدادەخرێت. لە ١٩٩٣دا، نەتەوەخوازە توندرەوەكانی فیدراسیۆنی شۆڕشگێڕی ئەرمینیا (داشناك)[٢٦٥] ئەو پێشنیارە ئاشتیانەیان رەتكردەوە كە لەلایەن ئەرمینیا‌و ئازەربایجانەوە قبوڵكرابوو و بەوە تاوانباركران كە بە هێرشی سەربازی هەوڵی پاكتاوی رەگەزی‌و پەرەپێدانی شەڕیان داوە. سرب‌و كرواتەكانی بۆسنیاش، هەڵوێستی توندیان نواند. لە ئەنجامدا فشار خرایە سەر حكومەتی سرب‌و كروات تا یارمەتی رەوتی ئاشتی بدەن. بەلأم بەهۆی ناكۆكی شەخسی نێوان میلۆسەڤیچ‌و سەركردەی سربەكان واتە كارادزیچ[٢٦٦]، تێكهەڵچوونەكە تەشەنەی كرد. لە ١٩٩٤دا كاراندیچ ئەو پلانەی شەڕی رەتكردەوە كە پێشتر لەلایەن میلۆسەڤیچەوە پەسەندكرابوو و حكومەتی سرب كە خوازیاری كۆتایی هێنانی گەمارۆ سەپێنراوەكە بوو، رایگەیاند بازرگانی لەگەڵ سربەكانی بۆسنیادا رادەگرێت جگە لە خواردەمەنی‌و دەرمان نەبێت. ساڵێك دواتر، میلۆسەڤیچ رێگەی بە سوپادا تا سربەكان لە كراجینا دەربكەن‌و كروات‌و موسڵمانەكان ببەنە باكووری رۆژئاوای بۆسنیا. لەراستیدا میلۆسەڤیچ بە بڕیاری زلهێزەكان، سربەكانی بۆسنیای سپاردە پەیماننامەی دەیتۆن. باوەكو میلۆسەڤیچ كۆتایی بە سزاكانی سرب هێنا، بەلأم لەلایەن گەلێك سربەوە بە خائین ناوزەدكراو سەرئەنجام لە بەلگرادا لە لایەن سربەنەتەوەخوازەكان‌و رابەرانی كلێسەی ئۆرسودۆكسەوە مەحكوم كرا.

ماندوێتی‌و شەكەتبوونی لەشەڕدا، پاڵنەرو فشارێكی زۆر دەخاتە سەر لایەنەكانی قۆناغی سێیەمەوە. هەر رێكەوتنامەیەك كە شەڕی هەڵەكانی دابەشكردن بوەستێنێ تەنانەت ئەگەر كاتیش بێت، سەركەوتوو دەبێت، چونكە دەتوانێ لەنێوان لایەنەكاندا هاوسەنگی هێز دروستبكات. دابەشكردنی سەدی ٥١و سەدی ٤٩ی ساڵی ١٩٩٤، لەو كاتەدا كە سربەكان لە سەدا ٧٠ی ولأتەكەیان كۆنترۆڵكردبوو، جێبەجێنەدەكرا. بەلأم ئەو كاتەی كە پەلاماری كروات‌و موسڵمانەكان، قەڵەمڕەوی سربەكانی كەمكردەوە، جێبەجێكرا. پاكتاوی رەگەزی یارمەتی پرۆسەی ئاشتیدا. وێڕای ئەوە، لایەنەكانی قۆناغی دووەم‌و سێیەم كە ولأتی ناوەندی شارستانییەكانن پێویستیان بە ئاسایش‌و بەرژەوەندی هاوبەش هەیە لە شەڕدا بۆئەوەی بتوانن گەرەنتی چارەسەرێكی گونجاو بكەن. بەشداربوانی قۆناغی یەكەم ناتوانن بە تاقی تەنها شەڕی سنوورەكانی دابەشكردن بوەستێنن. وەستاندن‌وپێشگرتنی تەشەنەكردنی شەڕ، بەندە بە خواست‌و كردەوەی ولأتانی ناوەندی شارستانییەكانی جیهانەوە. شەڕی هێڵەكانی دابەشكردنی شارستانی لە خوارەوە هەڵدەچن‌و ئاشتی لەم هێلانەدا لەسەرەوە دڵۆپ دڵۆپدا دەتكێن.

# ئایندەی شارستانییەکان

## بەشی دوازدەیەم

### ڕۆژئاوا، شارستانییەکان و شارستانی ژیانەوەی ڕۆژئاوا؟

مێژووی هەموو شارستانییەك، لانیکەم یەکجار یان زۆرتر کۆتایی پێدێت. وڵاتێکی جیهانی لە شارستانییەکدا دەردەکەوێت و خەڵك سەیری ئەو دیاردەیە ناکەن کە "توین بی" ناوی "سەرابی جاویدانی"[٢٦٧] لێنا و لەو بڕوایەدان کە ئەمانە شێوەی کۆتایی کۆمەڵگەی مرۆیین. ئیمپراتۆریای ڕۆم، عوسمانی، مەغۆل و عەباسیش وەهابوون. خەڵکی ئەم وڵاتە جیهانیانە بڕوایان بە هەتاهەتایی[٢٦٨] بوونی خۆیان هەبوو و مەبەستی ژیانیان گەیشتن بە "سەرزەمینی بەڵێندراو"[٢٦٩] بوو کە ئامانجی هەوڵدانی مرۆیبوو. لەساڵی ١٨٧٩دا، چینی ناوەڕاستی ئینگلیزی وایاندەزانی کە مێژوو لای ئەمان کۆتایی پێهاتووە. ئەو کۆمەڵگەنەی وای بۆ دەچن مێژووەکەیان کۆتایی پێهاتووە، بەزۆری ئەو کۆمەڵگەیانەن کە مێژوویان بەرەو زەواڵ دەچێ. ئایا ڕۆژئاوا، لەم بوارەدا مۆدێلێکی ئاوارتەیە؟ ئەو دوو پرسیارە سەرەکیەی کە لە لایەن "میلکۆ"وە بەشێوەی فۆرمیل خرانەروو، ئەم بابەتانەی خوارەوە دەگرنەوە:



- ئایا شارستانی ڕۆژئاوا، بوونێکی نوێیە، یاخود ماهیەتێکی تایبەتە و بە شێوەیەکی بەراوردنەکراو لە شارستانییەکانیتر جیاواز بووە؟
- ئایا پەرەسەندنی جیهانی ڕۆژئاوا، هەڕەشەیەکە بۆ ئەوەی کۆتایی بە دەرەتانی پەرەسەندنی شارستانییەکانی دیکە بهێنێت؟

بێگومان خواستی زۆربەی ڕۆژئاواییەکان ئەمەیە کە وەڵامی پۆزیتیڤ بدرێتەوە بە هەردوو پرسیارەکە. لە رابردوودا خەڵکی شارستانییەکانیتریش بۆچوونیان وەهابوو، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە بەتەواوی لەهەڵەدا بوون.

لەساڵی ١٥٠٠وە، ڕۆژئاوا لەگەڵ ئەو شارستانیانەی بەر لەخۆی کە دواتر کاریگەری کردبووە سەریان، جیاوازیەکی ئاشکرای بەخۆیەوە بینی. ڕۆژئاوا پێشەنگی مۆدێرنیزەبوون و پیشەسازیبوون بوو و لە هەموو دنیادا برەوی پێداو بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵگەی شارستانییەکانی دیکە هەوڵبدەن لەرووی بەرهەمهێنانی سامان و مۆدێرنیزەبوونەوە، خۆیان بگەیەننە ڕۆژئاوا. ئایا ئەم تایبەتمەندیانەی ڕۆژئاوا بەو واتایە دێت کە ڕەوتی کاملی و بزۆکبوونی ئەو شارستانییە لە بناغەوە لەگەڵ مۆدێلی باوی شارستانییەکانی دیکەدا جیاوازە؟ بەڵگە مێژووییەکان و داوەریکردنی بیرمەندانی مێژووی هاوچەرخ، ئەمە بەشێوەیەکیتر وەسفدەکەن. پەرەسەندنی ڕۆژئاوا هەتا ئەمڕۆ جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ مۆدێلی باوی هاوشێوەی شارستانییەکانی دیکەدانەبووە.

ژیانەوەی ئیسلام و بزۆکبوونی ئابووری ئاسیا ئەوە نیشاندەدات کە شارستانییەکانی دیکە هێشتا زیندوون و بەشێوەیەکی بەهێز هەڕەشە لە ڕۆژئاوا دەکەن. بەرپابوونی شەرێکی بەهێز لەنێوان ڕۆژئاواو وڵاتانی ناوەندی شارستانییەکانیتردا، شتێکی حەتمی نییە، بەڵام ڕەنگە رووبدات. زەواڵی نائاسایی و بەرەبەرەی ڕۆژئاوا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بۆی

هەیە دەیانسالّو رەنگە سەدانسالّ درێژەی هەبێت. رەنگە رۆژئاوا، لە سەردەمێکدا بژیەتەوەو ئامادەیی و کاریگەریی رووله کەمبوونەوەی خۆی لە پەیوەندیە جیهانییەکاندا بەراوەژوو بکاتەوە یاخود هەڵکەوتی خۆی وەکو رابەر بناسێنێ تاکوو شارستانییەکانیتر پەیڕەوی لێبکەن.

کارۆل کوییگلی[270] لە کتێبی "کامڵبوونی شارستانییەکان" دا دەڵێت لەسەردەمی کامڵبوونی شارستانییە مێژووییەکاندا مۆدێلێکی هاوبەش دەبینێ و بەمجۆرە لێکیدەداتەوە "شارستانی رۆژئاوایی، بەرەبەرە لەنێوان ساڵانی ٣٧٠ و ٧٥٠ی دوای زایین، بە هۆی تێکهەڵکێشێك لە توخمە کلاسیکی[271]، سامی[272] و ساراسەنەکان[273] و کولتوورە بەربەریەکانەوە پێکهاتووە. لە ناوەراستی سەدەی هەشتەم تا کۆتایی سەدەی دەهەم، قۆناغی گەشەکردنی درێژەی خایاندو لە قۆناغەکانی پەرەسەندنیدا لە نێوان پێکدادانەکاندا لە هەڵبەزودابەزدا بوو." لە روانگەی کوییگلی و زاناکانیتردا پێدەچێت رۆژئاوا قۆناغی تێکهەڵچوونەکان دەرباز بکات. شارستانی رۆژئاوایی، بۆتە هەرێمێکی ئاسایش و رۆژئاوا خەریکی پێکهێنانی ئیمپراتۆریایەکی جیهانییە لەشێوەی سیستەمی ئاڵۆزی فیدراسیۆن، کۆنفیدراسیۆن و دامودەزگای هەرەوەزی هەمەجۆردا کە لەئاستی شارستانیدا، پابەندە بەسیاسەتی دیموکراتیانەو فرەچەشنەوە. بەکورتی رۆژئاوا، بۆتە کۆمەڵگەیەکی جێگیر کە وەچەی ئایندە بەرەو مۆدێلی شارستانی سەدەکانی پێشوو و بەرەو سەردمی چەرخی زێڕین دەبات. واتە ئەو سەردەمەیە کە ئاشتی تێدایەو بەقسەی کوییگلی، سەردەمێکە کە لە ناوخۆی شارستانیدا لەدژی کۆمەڵگەکانیتر، ناکۆکی، بشێوی و پێکدادانی تێدانییە.

لە شارستانییەکانی پێشوودا، ئەم قۆناغە چەرخی زێڕین و بۆچوونی هەتاهەتایی بوونی، بەهۆی سەرکەوتنی کۆمەڵگەیەکی دەرەوە یاخود



هەڵوەشانەوەی خەمناکی ناوخۆییەوە کۆتایی پێهاتووە. ئەوەی لەنێوخۆی هەر شارستانییەکدا روودەدات زۆر گرنگە سەبارەت بە تواناییەکانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو وێرانییەی هۆکارەکەی سەرچاوە دەرەکیەکانن، هەروەها گرنگە بۆ وەستاندنی داخورانی نێوخۆیی. شارستانییەکان نەشونما دەکەن، چونکە ئامرازی پەرەسەندنیان هەیە, واتە ئەو دەزگا سەربازی، ئایینی، سیاسی و ئابووریانەیان هەیە کە زیادەکانی پاشەکەوت دەکەن و لە بەرهەمهێنانی بەسووددا سەرمایەگوزاری پێدەکەن. شارستانی ئەو کات بەرەو زەواڵ دەچێ، کە زیادە بەرهەمەکەی بۆ کاری تازەو داهێنەرانە کەڵکی لێوەردەگیرێت واتە گەشەی سەرمایەگوزاری روو لە دابەزین بێت. ئەمە بەو هۆیەوەیە کە ئەو گروپە کۆمەڵایەتی، سیاسیانەی بەرهەمی زیادە کۆنترۆڵ دەکەن، نایانەوێت زیادە بەرهەم بۆ بەرهەمهێنانی بەسوودو خوڵقێنەرانە بەکاربهێنرێت، بەڵکو دەیخەنە خزمەتی ئامانجە خۆپەرستەکانیان و لە ئەنجامدا بەرهەمێکی کاریگەر دروست نابێت. خەڵك بە پاشەکەوتەکانیان دەژین و لە ئەنجامی ئەمەدا، شارستانی لە قۆناغێکی جیهانیدا بەرەو ئاوابوون دەچێت. ئەمەش ئەو سەردەمەیە کە:

داڕووخانی ئابووری، کەمبوونەوەی ستانداردی ژیان، شەڕی ناوخۆیی و نەخوێندەواری، کۆمەڵگە لاوازدەکات. هەوڵی بێهوودە دەدرێت بە هۆی یاسادانانەوە پێشی ئەم رووداوە بگیرێت و داڕووخان هەر درێژەی دەبێت. ئاستە ئایینی، کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی کۆمەڵگە، پشتیوانی و پابەندبوونی جەماوەری بەرینی خەڵك لە دەستدەدەن و بزووتنەوەی نوێ لەناو کۆمەڵگەدا بڵاودەبنەوە. کاربەدەستان نازانن لە دژی خەڵك بجەنگن یان بەهۆی دانی باج و شێوازیتر پشتگیریبکەن.

لەم کاتەدا هەرەسهێنان دەبێتەهۆی هێرش و ئەوکاتەی شارستانی نەتوانێت خۆی بپارێزێت، ئەوا لەلایەن بەربەرەکانەوە پەلامار دەدرێت.

وانەی زەقی مێژووی شارستانییەکان، گەلێك بابەتی شیمانەیی دەگرێتەوە، بەڵام هیچ شتێك حەتمی نییە. شارستانییەکان توانیویانە، خۆیان لە نوێوە پێك بهێننەوەو ئەمەشیان ئەنجامداوە. ئایا رۆژئاوا دەتوانێ پرۆسەی پووکانەوەی نێوخۆیی خۆی بوەستێنن‌و هەڵاوەژووی بکاتەوە بە بێ رەچاوکردنی بەربەستە دەرەکییەکان؟ یان خۆی پەیوەستبکات بەشارستانییە بزۆکەکانەوە؟

لە ناوەراستی نەوەدەکاندا، رۆژئاوا تایبەتمەندی زۆری هەبوو کە کوویگلی وەکو شارستانییەکی کاملبووی سەرلێواری هەرەسهێنان ناساندی. لە روویی ئابووریەوە، رۆژئاوا لە شارستانییەکانیتر دەوڵەمەندتر بوو، بەڵام گەشەی ئابووری‌و سوودی پاشەکەوت‌و سوودی سەرمایەگوزاری کەمتری هەبوو، بە تایبەت بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگەکانی ئاسیای رۆژهەڵاتدا، بەرخۆری تاك‌و بەکۆمەڵ گرنگیەکی زۆرتری هەبوو لە دروستکردنی توانستە ئابووری‌و سەربازیەکانی داهاتوودا. گەشەکردنی سروشتی دانیشتوانی رۆژئاوا، بەتایبەت بە بەراوردکردن لەتەك وڵاتە ئیسلامیەکاندا، ئاستێکی نزمی هەیە، بەڵام ئەم گرفتانە ناتوانن ئاکامی کارەساتباریان هەبێت. ئابووری رۆژئاوا هێشتا روو لە گەشەکردنە‌و خەڵکی رۆژئاوا ژیانێکی باشتریان هەیە. هێشتا رۆژئاوا پێشەنگی لێکۆڵینەوەی زانستی، داهێنان‌و تازەگەری تەکنۆلۆژیایە. گەشەکردنی رێژەیی دانیشتوان، لەلای حکومەتە رۆژئاواییەکاندا گرنگ نییە‌و تەنانەت کۆچبەری سەرچاوەیەکی بەهێزە‌و بە سەرمایەی هێزی مرۆیی لە قەڵەمدەدرێت. بەمەرجێك کەسە توانا‌و لێهاتووەکان، بەمەش پیشەی پێویستی وڵاتی وەرگری کۆچبەر دابیندەکرێ‌و کۆچبەرە تازەکان‌و منداڵەکانیان ئاوێتەی کولتووری تازە دەبن. ئەمەریکا لەوانەیە لەرووی دانیشتوانەوە گیروگرفتی نەبێت، بەڵام زۆربەی وڵاتە ئەوروپیەکان لەرووی کۆچبەریەوە گیروگرفتیان



هەیە. سەرەڕای ئەمە، دەوڵەتە رۆژئاواییەکان ئەزموونی پێویستیان هەیە لەدانانی سیاسەت بۆ ئاست، سەرچاوە، تایبەتمەندی‌و تێکەڵبوونی کۆچبەران لەکولتووری تازەدا. پرسی سەرەکی رۆژئاوا لەپرسی ئابووری‌و ژمارەی دانیشتوان زۆرترە: رووخانی ئاکار، خۆکوشتنی کولتووری‌و یەکنەگرتنی سیاسی. ئەو نموونانەی داڕووخانی ئاکاری رۆژئاوان پێدەسەلمێنن بریتین لە:

- زیادبوونی رەفتاری دژی کۆمەڵایەتی وەکو تاوان، کەرەستەی بێهۆشکەرو توندوتیژی.
- هەڵوەشانەوەی خێزان، زیادبوونی رێژەی تەڵاق، پەیوەندی ناشەرعی، دوو گیانبوونی نەوجەوانان‌و پەرەگرتنی ئەو خێزانانەی یەك باوانیان هەیە.
- لاوازی گشتی لەرەوشتی کارداو زیادبوونی رێبازە توندڕەوە تایبەتەکان[٢٧٤].
- کەمبوونەوەی پابەندبوون بەپەروەردەو فێرکردن‌و ئەمەش لەنزمبوونی ئاستی خوێندن لەولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا دەردەکەوێت.

تەندروستبوونی ئایندەی رۆژئاواو کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەکانیتر، بەندە بەسەرکەوتنی رۆژئاوا لەچارەسەرکردنی بابەتەکانی سەرەوەداو هەروەها بەندە بەوەی رۆژئاوا بتوانێ باڵاتربوونی ئاکارو مەعنەویەتی کۆمەڵگەی خۆی بگەیەنێتە ئاستی موسڵمان‌و ئاساییەکان.

کولتووری رۆژئاوا، لەلایەن گروپە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگەی رۆژئاواوە بەربەرەکانێی دەکرێت. یەکێك لەم بەربەرەکانی کردنانە، کۆچکردنە لە شارستانییەکانیترەوە کەنایانەوێت ئاوێتەی کولتووری رۆژئاوا ببن‌و پابەندی بەهاو نەریت‌و کولتووری کۆمەڵگەی پێشوویانن، ئەم دیاردەیە

لەناو موسڵمانەکاندا بەئاشکرایی دیارە، چونکە کەمینەن‌و بەڕێژەیەکی کەمتریش لەناو هیسپانیکەکانی ئەمەریکاشدا دەبینرێ. ئەگەر بێتو ئاوێتەبوونی کولتووری دروستنەبێت، ئەوا ئەمەریکا بەهەموو دەرفەتە لەهێزەکانییەوە دەبێتە وڵاتێکی دابەشکراو. ئەگەر بێتو لەمەسیحیەتی ئەوروپادا کەکرۆکی سەرەکی شارستانییەکەیەتی، لاوازی دەربکەوێت ئەوا شارستانی رۆژئاوا دەپووکێتەوە. گەلێك ئەوروپی بەراشکاوی دەڵێن بەشداری لەرێورەسم‌و چالاکیە ئاینییەکاندا ناکەن. ئەم خووە بەرهەڵستیکردنی ئایین نییە، بەڵکو کەمتەرخەمیە، بەڵام پرەنسیپە گشتیەکان وەکو بەهاو شێوازەکانی کریستیانی، شارستانی ئەوروپیان گرتۆتەوە. ئەمریکیەکان زیاتر لە ئەوروپییەکان بڕوایان بەخودا هەیەو خۆیان بەمرۆی دیندار دەزانن‌و بەشێوەیەکی بەرفراوان دەچنە کلێسە. هەرچەند لەناوەڕاستی هەشتاکاندا لەئەمەریکا بزاوتی ژیانەوەی ئایین نەبینراوە، بەڵام لەدەیەکانی دواییدا چالاکی ئایینی بەخەستی پەرەیسەندووە. ئەگەربێتو کریستیانی لەناو رۆژئاواییەکاندا، لاواز ببێت، ئەوا هەڕەشە لە مانەوەی شارستانی رۆژئاوا دەکات.

لەرووی مێژوویی‌و کولتوورییەوە، شوناسی نەتەوەیی ئەمەریکا، کولتوورو شارستانی رۆژئاوایە. لەرووی سیاسیەوە، مەرامی ئەمەریکایی، ئازادی‌و دیموکراسی (تاك – سیاسی)، سەربەخۆیی تاك، یەکسانبوون لەبەرامبەر یاساداو دەستوورو مافی خاوەنێتی تاکە. لەکۆتایی سەدەی بیستەمدا، شوناسی ئەمریکی لەلایەن کەسە کاریگەرەکان، رووناکبیران‌و رۆژنامەنووسانەوە، پەلاماردراو لەژێر ناوی وڵاتێکی "فرەکولتوور"[٢٧٥]دا شوناسی ئەمەریکاو شارستانی رۆژئاوایان رەخنە کرد.

رەوتی فرە کولتووری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بووە هۆی یاسادانانی هەمەجۆرو دواجار یاسای مەدەنی‌و کۆمەڵایەتی لێ بەدیهات.



لەنەوەدەکاندا حکومەتی کلینتۆن، بانگەشەی هەمەرەنگبوونی کولتووری کردو بەیەکێك لەئامانجە سەرەکیەکانی حکومەتەکەی لەقەڵەمداو گوتی باوباپیرانی دامەزرێنەریشمان ئەم هەمەرەنگبوونەیان هەم بەراست‌وهەم بەگرفت زانیوەو لەمەترسی هەمەچەشنبوونی رەگەزی، ئەتنی، ناوچەیی، ئابووری‌و کولتووری دەترسان‌و بۆ ئەمەش لەکۆنگرێسدا کۆمیتەیەکیان پێکەوەنا کەئەم کەسانەی تێدابوون: بەنجامین فرەنکلین[٢٧٦]، تۆماس جێفەرسۆن[٢٧٧]و جۆن ئەدامز [٢٧٨]( ئەمانە داڕێژەری دەستووری ئەمەریکابوون)و کۆبوونەوە تا ئەم بابەتە تاوتوێبکەن. سەرکردە سیاسیەکانی دواتر، خۆفیان لەمەترسی هەمەرەنگبوونی رەگەزی، گروپی، ئەتنی، ئابووری‌و کولتووری هەبوو – ئەمەش لەراستیدا گەورەترین شەڕی سەدەی نایەوە لەنێوان ساڵەکانی ١٨١٥ هەتاوەکووو ١٩١٤ – . خەڵك دەیانگوت "یەکمان بخەن‌و یەکێتی نیشتمانی بکەنە لێپرسراوێتی سەرەکیتان".

بەدرێژایی مێژوو ئەوەمان بینیوە کە رابەرانی وڵاتان هەوڵیانداوە تاوەکوو حاشا لەمیراتی کولتووری خۆیان بکەن‌و ئاراستە بگۆڕن بەرەو شوناسی ئەویدی. بەڵام ئەمە هەتاوەکووو ئێستا سەرکەوتوو نەبووەو تەنانەت وڵاتی لێکترازاو و شیزۆفرنی[٢٧٩] پێکهێناوە. ئەمریکییە فرە کولتوورەکانیش میراتی کولتووری وڵاتەکەیان رەتدەکەنەوەو لەباتی ئەوەی ئەمەریکا شارستانی یەك شوناسەی هەبێ، دەیانەوێ وڵاتێکی فرە شارستانی پێکبهێنن، ئەمە بەو واتایەیە کەسەر بەهیچ شارستانییەك نەبێت‌و کرۆکی کولتووریشی نەبێت. ئەمەریکایەکی فرە شارستانی، ناتوانێ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بێت. بەڵکو دەبێتە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان.

هەروەها بانگەشەکەرانی فرەکولتووری، پرسیاریان خستە سەر توخمی سەرەکی مەرامی ئەمەریکایان خستە ژێر پرسیارەوە [٢٨٠] و داوای ئەوەیان کرد مافی گرووپی، جێی مافی تاک بگرێتەوە "گوننەر میردال" لەکتێبی "ئەمەریکا لەنێوان دووریانەدا" [٢٨١] دەڵێت مەرامی ئەمەریکا "چیمەنتۆی بنیاتی ئەم نەتەوە گەورەو وێکنەچووەیەو چارەنووسی ئەم خەڵکە وایە کەئایدیۆلۆژیای نەبێ بەلاّم یەکگرتووبێت". ئەگەر بێتو خەڵکی ئەمەریکا ئەم مەرامە قبوڵنەکەن، ئەو کاتە لەولاّتە یەکگرتووەکاندا چی روودەدات؟ قەدەری یەکێتی سۆڤیەتیو ئەو ولاّتانەی کەیەکێتیەکەیان بەر لەولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکابوو، دەبێ ئەمەریکا وشیار بکاتەوە. تێکشکانی مارکسیزمو هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی، سەرەتایەکە بۆ شکستی لیبرالیزمی رۆژئاوایی. لەو چەرخەی کەتێکڕای کۆمەڵگەکانی، خەڵکەکەیان بەخاوەن کولتوور دەزانن، ئەو کۆمەڵگەیەی کەکرۆکی کولتووری نییەو خۆی تەنها بەرێبازی سیاسی دەناسێنێ، پێگەیەکی چۆنی دەبێت؟ پرەنسیپە سیاسیەکان، بۆمانەوەی کۆمەڵگە، بنکەیەکی ناسەقامگیرن. لەجیهانی فرە شارستانیو ئەو شوێنەی کولتووری پێدەگوترێت، ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، دواهەمین پاشماوەی جیهانی رۆژئاوایە کەئایدیۆلۆژیا رۆڵێکی گرنگی تێدا دەگێڕێ.

قبوڵنەکرانی بیروباوەڕو شارستانی رۆژئاوا بەواتای کۆتایی ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو شارستانی رۆژئاوایە. ئەگەر بێتو ئەمەریکا ببێتە نارۆژئاوایی، ئەوا رۆژئاوا کەم دەبێتەوە بۆ ئەورووپاو چەند ولاّتی پڕ دانیشتوانی ئەورووپی کە لەوبەری دەریاکاندا نیشتەجێبوون. رۆژئاوا بەبێ ئەمەریکا، تەنها دەبێتە بەشێکی دانیشتوانی جیهان لەنیمچە دورگەیەکدا. "واتە سەر زەمینی ئەوراسیا" [٢٨٢].



بەگوتەی جەیمز کورت لەکتێبی "تێکهەڵچوونی راستەقینە" دا [٢٨٣]، پێکدادانی نێوان فرە شارستانییەکان، واتە بەرگریکەرانی شارستانی رۆژئاواو مەرامی ئەمریکی، "تێکهەڵچوونی راستەقینە)یە لەناوخۆی ئەمەریکاو شارستانی رۆژئاواییدا.

ئەمریکیەکان سەبارەت بەشوناسی خۆیان سەریان لێشێواوەو دەپرسن ئایە ئێمە خەڵکی رۆژئاواین یاخود شتێکی دیکەین؟ ئایندەی رۆژئاواو ئەمەریکا، بەندە بەدانپێدانانی دووبارەی ئەمەریکاو پابەندبوونی بەشارستانی رۆژئاواوە. لەرووی ناوخۆییەوە بەواتای رەتکردنەوەی بانگەشەکانی دابەشکردنی فرە کولتوورەکانەو لەرووی نێونەتەوەییشەوە بەواتای رەتکردنەوەی بانگەوازە نارۆشنو بێهوودەکانە بۆئەوەی ولاّتە یەکگرتووەکان خۆی پەیوەستبکات بەئاسیاوە. پەیوەندی ئابووری لەنێوان هەردوو لایەن چەندیدا هەبێت، کەلەبەری سەرەکیو کولتووری نێوان کۆمەڵگە ئاسیاییو ئەمریکیەکان، دەبێتە کۆسپ لەبەردەم یەککگرتنیان لەماڵێکی هاوبەشدا. ئەمەریکا لەرووی کولتووریەوە، بەشێکە لەخێزانی رۆژئاواو لەوانەیە فرە کولتووریەکان پەیوەندیەکان تێکدەن یان تەنانەت تەفروتونایان بکەن. ئەوکاتەی ئەمریکیەکان لەدووی ریشەی کولتووری خۆیان دەگەڕێن، لەئەورووپا دەیدۆزنەوە.

لەناوەراستی نەوەدەکاندا، سەبارەت بەئایندەی رۆژئاواو ناسینەوەی دوبارەی بەلەبەرچاوگرتنی راستیەکان، هەندێك باسی نوێ پەیدابوونو سەرنجی ئەمریکیەکانی بۆ ئەوە راکێشا کەچی شتێك دەتوانێ گەرەنتی مانەوەیان بکات. لەراستیدا، هۆی ئەمە بەشێکی پەیوەندیبە پێویستی پەرەسەندنی ناتۆو چۆنێتی وەلاّمدانەوەی تێکچوونی یۆگۆسلافیاوە هەبووە. وێڕای ئەمە، نیشاندەری ئەو دڵەڕاوکێیەیە کەسەبارەت بەیەکێتی ئایندەی رۆژئاوا لەبەرامبەر هەڕەشەی رووسیا لەئارادایە. ئایا ئەمە چی

واتایەکی هەیە بۆ پابەندبوونی رۆژئاوا بەئەوروپاوە؟ ئەمێستا رۆژئاواییەکان هۆشیاری زیاتریان هەیە سەبارەت بەو ریشە کولتوورییە رۆژئاواییە هاوبەشەی کە پێکەوەیان دەبەستێت. سەرکردەکانی ئەمبەرو ئەوبەری ئەتلانتی، خوازیاری ژیاندنەوەی "کۆمەڵگەی ئەتلانتی"ن[٢٨٤]. لەساڵی ١٩٩٤ و ١٩٩٥ دا وەزیری بەرگری ئەڵمانیاو بەریتانیاو وەزیری دەرەوەی ئەمەریکاو فەرەنساو هینری کیسینجەرو کەسە هەڵکەوتووەکانیتر، تێکڕایان پشتیوانیان لەژیانەوەی کۆمەڵگەی ئەتلانتی کرد. لەساڵی ١٩٩٥دا دەستەی ئەوروپی، ژیانەوەی ئەتلانتیو پەیوەندییە نوێیەکانیان پەسەند کردو ئەمەش بووە هۆی ئیمزاکردنی پەیمانێکی بەرفراوان لەنێوان یەکێتی ئەوروپاو ئەمەریکادا. وەزیری بەرگری بەریتانیا، پوختەی کردەوەو گوتی: دەبێت کۆمەڵگەی ئەتلانتی لەسەر چوار ستوون بنیاتبنرێت: بەرگریو ئاسایش (کەلەناتۆدا خۆی دەبینێتەوەوە)، برواکردن بەدەسەڵاتی یاسا، دیموکراسی پەرلەمانیو بازرگانی ئازاد لەسەرانسەری ئەتلانتیدا.

رۆژئاوا قۆناغی یەکەمی پەرەسەندنی ئەوروپایی خۆی بڕی کەماوەی چەند سەدەیەکی خایاندو لەسەدەی بیستەمدا قۆناغی دووەمی دەستپێکرد. ئەگەر بێتو ئەمەریکای باکوورو ئەوروپا، ژیانی ئاکاریان بەپێی هاوبەشێتی کولتووریان بنیاتبنێنەوە، ئەوا دەتوانن پەیوەندیەکی سیاسیو ئابوری تۆکمە دروستبکەن کەببێتە تەواوکەری هاوکاری ئاسایشیان لەناتۆدا. ئەمە دەبێتە دەسپێکی قۆناغێکی نوێی دەوڵەمەندیو کاریگەری سیاسی "ئەورۆ–ئەمەریکەن"[٢٨٥].



### رۆژئاوا لەجیهاندا

لەو جیهانەی کەشوناسی ئەتنی، نەتەوەیی، ئاینیو شارستانی، کرۆکی سەرەکی هاوپەیوەندی کولتووری، جیاوازی، پەیمانەکان، دوژمنایەتیەکانو سیاسەتی ولاتانە، رۆژئاواو بەتایبەت ئەمەریکا، چەندین چەمکیان هەیە:

- ئەگەر بێتو کاربەدەستان دۆخی هەبوو دەرك بکەن، ئەوا دەتوانن چاکسازی تێدا بکەن. سەرهەڵدانی سیاسەتە کولتووریەکان، هێزی روو لەزیادبوونی شارستانییە نارۆژئاواییەکان پەرەپێدەداتو سەرکردە ئەوروپیەکان بایەخێکی زۆر دەدەنە ئەو هێزە کولتووریانەی کەپێکەوەیان دەبەستن یاخود لێکتریان جیادەکەنەوە. بەپێچەوانەوە: دەسەبژێری ئەمریکی بۆ قبوڵکردنی ئەم راستیانە زۆر بەسستی هەڵسووڕاون. حکومەتی بۆشو کلینتۆن پشتیوانی پەیوەندی فرە شارستانی یەکێتی سۆڤیەت، یۆگۆسلافیاو بۆسنیایان کرد، بەڵام لەبەرامبەر ئەمەدا رووسەکان لەخۆڕایی هەوڵیاندا تا نەتەوەخوازە بەهێزەکانو هێزە کولتووریەکان بەرەو یەکنەگرتن پاڵپێوە بنێن. ئەوان پەیوەندی ئابووری فرە کولتووریان پێشخست کە یان واتای نییە یاخود تێچووی ناپێویستی ئابووریو سیاسی هەیە. حکومەتی رووسیاش دەستیکرد بەپەرەپێدانی پەیوەندی تۆکمە لەگەڵ ولاتانی ناوەندی شارستانییەکان لە دوو تۆیی هاوڕێیەتی جیهانیدا[٢٨٦]. هاوکات، حکومەتی ئەمەریکا بەتێوەنەگلاندنی رووسیا لەشەڕەکەدا، نەیتوانی لەبۆسنیادا ئاشتی دەستەبەر بکات. ئامانجی سەرەکی رووسیا لەدەستتێوەردانی شەڕ، دەرخستنی ئەو ولاتەبوو وەکو ولاتی ناوەندی شارستانی ئۆرسودۆکس.
- سەرەڕای ئەوەی ئەوروپیەکان بایەخێکی زۆر دەدەنە هێڵی دابەشکردنی نێوان کریستیانی رۆژئاوا، ئۆرسودۆکسو ئیسلام، وەزیری

دەرەوەی پێشووی ئەمەریکا لەو باوەڕەدایە کەناکرێت هیچ جۆرە هێزی دابەشکردنێك لەنێوان کاسولیك، ئۆرسودۆکس‌و ئیسلامدا قبوڵبکرێت. حکومەتی ئەمەریکا سەرەتا بایەخی نەدەدایە گۆڕانی تەرازووی هێزەکان لەنێوان ئەمەریکاو کۆمەڵگەکانی رۆژئاوای ئاسیا، و جاروبار ئامانجەکانی سەبارەت بەمافی مرۆڤ، بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی‌و بازرگانی‌و پرسەکانیتر دەربڕیوە. بەگشتی، حکومەتی ئەمەریکا لەو سەردەمەی کەسیاسەتە جیهانییەکان بەهۆی کولتوورەکان‌و پەیوەندیە شارستانییەکانەوە پێکدێن، گەلێك گیروگرفتی هەیە.

• ئەمەریکا هێشتا رووسیا بە هەڕەشەیەکی چاوەڕوانکراو دەزانێت‌و دەڵێت، دەبێت ناتۆ شێوەی سەردەمی شەڕی سارد کەبۆ ئەمەریکاو رۆژئاوا پێویستە. ئەمەریکا، هەروەها پەیماننامەی ئاسایشی ژاپۆن – ئەمەریکا بۆ ئەمنی ئاسیای رۆژهەڵات بەپێویست دەزانێت. بەڵام راستیەکانی جیهانی فرە شارستانی پێشنیارێك دەهێنێتە ئاراوە کە دەبێت ناتۆ پەرە بگرێت‌و ئەو کۆمەڵگە رۆژئاواییانەش بگرێتەوە کەخوازیاری ئەندامێتین. پەیماننامەیەکیتر کە بۆ وەڵامدانەوەی گیروگرفتەکانی شەڕی سارد وبەرەنگاربوونەوەی زیانە هاوبەشەکانی رووسیاو ئەمەریکاو دوورخستنەوەیان لەشەڕی ئەتۆمی هاتەئاراوە، پەیماننامەی "ABM" بوو، کە لەوانەیە لەبەردەم توانستی ئەمەریکاو کۆمەڵگەکانیتردا ببێتە کۆسپ‌و نەتوانن لەبەرامبەر هەڕەشە پێشبینینەکراوە ناوکیەکان‌و پەلاماری تیرۆریست‌و دیکتاتۆرەکاندا خۆیان بپارێزن. پەیماننامەی ئەمنی نێوان ئەمەریکاو ژاپۆن، رووسیای لەپەلاماردانی ژاپۆن پاشگەز کردەوە، بەڵام دوا بەدوای شەڕی سارد، ئەم پەیماننامەیە چ واتایەکی هەیە؟ چین بخاتە ژێر کۆنترۆڵەوە؟ رۆیشتنی ژاپۆن بەرەو لای چین هێواش بکاتەوە؟ یاخود ببێتە کۆسپ لەبەردەم ئاڕاستە سەربازیەکانی ژاپۆندا؟ دەربارەی بوونی سەربازی



ئەمەریکا لەژاپۆندا، گەلێك شك‌و گومان لەئارادان. ئەمەریکا بۆ پاراستنی ژاپۆن، بەڵێنێکی دوولایەنەی هەیە. رێککەوتنامەی نێوان هێزە تەقلیدیەکانی ئەوروپا (CFE) بۆ ئەوە هاتە کایەوە تا پێشی بەرەوڕووبوونەوەی پەیمانەکانی ناتۆ – وارشۆ لەئەوروپای ناوەراستدا بگرێت، بەڵام ئێستا ئەم مەترسیە لەگۆڕێدا نییە.

• هەمەرەنگبوونی کولتووری‌و شارستانی بەربەستێکی گرنگ دەبێت لەبەردەم بیروباوەڕی رۆژئاواو بەتایبەت ئەمەریکا سەبارەت بەجیهانبوونی کولتووری رۆژئاوا. رۆژئاوا خوازەکانی جیهان لەو بڕوایەدان کەبەهاو دەزگاو کولتوورەکەیان بیری مرۆیی هەرەباڵا، رۆشنگەر، ئازاد، لۆژیکی، مۆدێرن‌و شارستانیانە دەگرنە خۆیان.

لەم جیهانەی، پێکدادانی ئەتنی‌و ناکۆکی شارستانییەدا، بڕوای کولتووری جیهانی رۆژئاوا، چەندین گیروگرفتی هەیە. کولتووری رۆژئاوا درۆینە، بێئاکارو ترسناکە. مایکل هاوارد لەکتێبی "ئەمەریکاو جیهان"(٢٨٧)دا دەڵێ گریمانەی هاوبەشی رۆژئاوا سەبارەت بەوەی کە هەمەجۆربوونی کولتوور، پەیجوۆییەکی مێژووییە کەبەگەشەکردنی دیاردە هاوبەشە گشتیەکان دەسوێ‌و هەروەها ئەو گریمانەی پێی وایە کولتووری "ئەنگلۆفۆن" بەهابناغەییەکانی پێکهێناوە، شیاوی قبوڵکردن نییە. ئەو بڕوایەی کەپێیوایە دەبێت خەڵکی نارۆژئاوایی بەها، دەزگاو کولتووری رۆژئاوا قبوڵبکەن، هۆیەکەی ئەوەیە کەدەیانەوێت ئەم کولتوورە بکەنە جیهانی‌و لەسەرانسەری جیهاندا پەرەیپێبدەن. بەهێزبوونی ئەوروپا لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم‌و باڵادەستبوونی ئەمەریکا لەکۆتایی سەدەی بیستەمدا، کولتووری رۆژئاوای لەسەرانسەری دنیادا پەرەپێدا.

چیتر ئەوروپای جیهانی بوونی نییەو دەسەڵات‌و باڵادەستی ئەمەریکاش بەرەو ئاوابوون دەچێت، چونکە چیتر ئەمەریکا پێویستی بەوە نییە تا

لەبەرامبەر شەڕێکی هاوشێوەی شەڕی ساردو هەڕەشەیەکی سەربازی وەکو سۆڤیەتدا خۆی بپارێزێت.

ئیمپریالیزم ئاکامی لۆژیکیانەی جیهانگیرییە. جگە لەمە، ڕۆژئاوا وەك شارستانییەکی پێگەیشتوو، چیتر بەبزۆکبوونی ئابووریو دانیشتوانی لا نەماوە تا بتوانێ خواستەکانی بسەپێنێ بەسەر کۆمەڵگەکانیتردا. هەوڵدانی لەم بابەتە، لەگەڵ بەهاکانی ڕۆژئاواو دیموکراسی ئازاددا ناکۆکە. بەو جۆرەی شارستانییە ئیسلامیو ئاسیاییەکان، لەپەستا لەسەر کولتووری خۆیان داکۆکیدەکەن، ئاوەهاش ڕۆژئاواییەکان پەیوەندی نێوان جیهانگیریو ئیمپریالیزم تێدەگەن.

جیهانگیری ڕۆژئاوایی، مەترسی هەیە بۆ جیهان چونکە، بۆی هەیە شەڕێکی شارستانی لەنێوان وڵاتە ناوەندیەکاندا بنێتەوەو هەروەها بۆ ڕۆژئاواش مەترسیدارە چونکە، دەتوانێ ببێتە هۆی تێکشکانی ڕۆژئاوا. بەهەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی، ڕۆژئاواییەکان پێگەی شارستانییەکەیان باڵاتر دەبینن، ئەمە لەکاتێکدایە کەکۆمەڵگە لاوازە ئیسلامیو ئاسیاییەکان بەرەو بەهێزبوون دەڕۆن.

تێکڕای شارستانییەکان پرۆسەیەکی هاوشێوە لە هەڵاتنو پێگەیشتنو پاشان ئاوابوون تێدەپەڕێنن. ڕۆژئاوا لەشارستانییەکانیتردا جیاوازە، ئەمەش لەبەر پەرەسەندنی نییە، بەڵکو لەبەر تایبەتمەندی جیاوازی بەهاو دەزگاکانێتی کەبۆتە هۆی ئەوەی پێشڕەوی مۆدێرنیزم بێتو لەسەرانسەری جیهاندا پەرەیپێبدات. ئەرتورم. شلەسینگەر لەکتێبی "بیرکردنەوەیەك لەسەر کۆمەڵگە فرە کولتووریەکان" (٢٨٨)دا دەڵێت "سەرچاوەی تایبەتی بڕواکان لەئازادی (تاك .. سیاسی)یەوە بگرە تاوەکوو دیموکراسی سیاسی، دەسەڵاتی یاساو مافەکانی مرۆڤ، تێکڕا بڕوای ئەوروپینو هی ئاسیاو ئەفریقاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نین، جگە لەو بابەتانەی وەکو سەرچاوە



بەکارهێنراون" شارستانی ڕۆژئاوا بەبەهایە، بەڵام بەرپرسیارێتی سەرکردە ڕۆژئاواییەکان ئەمەنییە کەشێوەی ڕۆژئاوا بدەنە شارستانییەتەکانیتر، لەدۆخێکدا کەئەمە لەدەرەوەی هێزی روولەکزی ڕۆژئاواوەیە. ڕۆژئاوا دەبێ هەوڵبدات تایبەتمەندیە جیاوازەکانی بپارێزێتو سەرلەنوێ چۆنایەتیە باڵاکانی شارستانییەکەی بنیاتبنێتەوە. ئەمێستا، بەهێزترین وڵاتی ڕۆژئاوا ئەمەریکایەو ئەم لێپرسراوێتیە بەقورسی دەکەوێتە ئەستۆیەوە. پاراستنی شارستانی ڕۆژئاوا لەو کاتەدا کەهێزی ڕۆژئاوا رووی لەکزیە، ئەمەریکاو ئەوروپا دەبێت:

- بەرنامەیەکی گشتگیری سیاسیو ئابووریو پەیوەندیەکی سەربازی گەورەتر بەدیبهێنن، سیاسەتەکانیان هاوئاهەنگ بکەن بەشێوەیەك کەببێتە بەربەست لەبەردەم قۆستنەوەی جیاوازیەکانی نێوانیان لەلایەن شارستانییەکانیترەوە.
- یەکێتی ئەوروپاو ناتۆ پێویستە وڵاتە ڕۆژئاواییەکانی ئەوروپای ناوەڕاست، کۆمارەکانی بەڵتیك، سلۆڤانیاو کرواتیا بگرێتە خۆی.
- ئەمەریکای لاتین هانبدەن بۆ ڕۆژئاواخوازیو هەتا دەکرێت پەیوەندەکانیان لەگەڵ ئەمەریکای لاتیندا تۆکمە بکەن.
- نەبنە کۆسپ لەبەردەم پەرەسەندنی کەرەستەی سەربازی ئەتۆمیو نائەتۆمی وڵاتە ئیسلامیو سینیکەکان.
- ڕەوتی جیابوونەوەی ژاپۆن لەڕۆژئاوا کەمبکەنەوە تا بەرەو چین بڕوات.
- رووسیا وەکو وڵاتی ناوەندی شارستانی ئۆرسودۆکسو هێزی باڵای هەرێمەکە قبوڵبکەن.
- باڵادەستی تەکنەلۆژیاو توانایی هێزی سەربازی ڕۆژئاوا بپارێزن.

- لەهەمووش گرنگتر، دان بەوەدابنێن کەدەستێوەردانی کاروباری ناوخۆیی شارستانییەکان لەلایەن رۆژئاواوە سەرچاوەی مەترسیو ناجێگیرییە کەبۆی هەیە ببێتە سەرچاوەی هەرە بەهێزی تێکهەڵچوون لەجیهانێکی فرە شارستانیدا.

کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، بووە هۆی ئەوەی ئەمەریکا رەوتی سیاسەتی دەرەوەی خۆی سەرلەنوێ تاوتوێبکاتەوە. لەم چەرخەدا، نەدەتوانێ بەسەر جیهاندا باڵادەست بێتو نە لێی رابکات. هەروەها ناتوانێ نێونەتەوەیی بوون، گۆشەگیری، فرەلایەن بوون یاخود یەکلایەنەبوون رەچاونەکات. ئەمانە هیچکامیان ئامانجەکانی ئەمەریکا دابیننناکەن. باشترین شێواز، قبوڵکردنی سیاسەتی یارمەتیدەری ئەتلانتییە لەگەڵ هاوبەشە ئەوروپییەکان تا بتوانن شارستانی ئاوارتەی خۆیان بپارێزێزنو پەرەی پێبدەن.

**شەڕی شارستانیو سیستەمی جیهانی**

ئەو شەڕە جیهانییەی کەوڵاتانی ناوەندی شارستانییە سەرەکیەکانی جیهان بگرێتەوە، دوورە، بەڵام مەحاڵ نییە. بەوجۆرەی ئاماژەی پێکرا، ئەم چەشنە شەڕانە لەپەرسەندنی شەڕی هێڵە هەڵەکانی دابەشکردنی نێوان گرووپی سەر بەشارستانییە جۆربەجۆرەکانەوە سەرهەڵدەدەنو رەنگە لەلایەك موسڵمانەکانو لەلایەکیتریش ناموسڵمانەکان گیرۆدە بکات. سەرچاوەیەکی ترسناکی شەڕی شارستانی – جیهانی، گۆڕانی تەرازووی هێزی نێوان شارستانییەکانو وڵاتە ناوەندیەکانیانە.

ئەگەر ئەمە درێژە بکێشێت، سەرهەڵدانی چینو جەختکردنی لەسەر ئەوەی ببێتە "گەورەترین گەمەکەری مێژوو" لەسەرەتای سەدەی بیستویەکەمدا، فشارێکی زۆر دەخاتە سەر سەقامگیری نێونەتەوەیی . سەرهەڵدانی چین وەکو هێزی باڵادەستی رۆژهەڵاتی ئاسیا، بەپێچەوانەی بەرژەوەندی ئەمەریکا دەبێت.



**سیناریۆیەك:**

ئایە بەگوێرەی خواستەکانی ئەمەریکا، ئەگەری شەڕی نێوان ئەمەریکاو چین هەیە؟ وای دابنێن کەئێستا ساڵی ٢٠١٠یە. سەربازە ئەمریکیەکان لەکۆریا چوونەتە دەرەوەو هەردوو کۆریا یەکیانگرتووەو ئەمەریکا بە رێژەیەکی کەم هێزی سەربازی لەژاپۆندا هەیە، تایوان لەگەڵ سەرزەمینی سەرەکی (چین) دا رێککەوتووەو درێژە بەسەربەخۆیی ئێستای خۆی دەدات، بەڵام بەراشکاوی رایدەگەیەنێ کەبەهۆی گەرەنتی چینەوە دەیەوێت ببێتە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان. پەرەسەندنی سەرچاوە نەوتیەکانی دەریای باشووری چین بەخێراییو لەژێر چاودێری چیندا دەڕواتە پێشەوە، بەڵام هەندێك ناوچەی لەژێر دەسەڵاتی ڤێتنامدایە کە بەیارمەتی کۆمپانیا ئەمەریکیەکان پەرەیسەندووە. متمانە بەخۆکردنی ڤێتنام بەتوانستی تازەوە زیادبووەو چین رادەگەیەنێ کەدەسەڵاتی تێکڕای ناوچەکە دەگرێتە دەست. ڤێتنام خۆڕاگری دەکاتو ئەمەش دەبێتە هۆی شەڕی کەشتیەکانی چینو ڤێتنام. چینییەکان دەیانەوێت تۆڵەی شکستی ساڵی ١٩٧٩ بکەنەوە، لەبەرئەوە ڤێتنام داگیر دەکەن. ڤێتنام داوای یارمەتی ئەمەریکا دەکاتو چین هۆشداری بەئەمەریکا دەدات کەخۆی لەدەستتێوەردان ببوێرێت. ئەمەریکا دان بەداگیرکردنی ڤێتنامدا نانێتو داوای سەپاندنی گەمارۆی ئابووری لەسەر چین دەکاتو یەکێك لەگروپە جەنگاوەرەکانی خۆی دەنێرێتە دەریای باشووری چین. چین ئەم هەنگاوانە بەپێشێلکردنی قەڵەمڕەوی خۆی رەتدەکاتەوەو دەستدەکات بەهێرشی ئاسمانی لەدژی هێزە جەنگاوەرەکان. هەوڵدانی سکرتێری نەتەوەیەکگرتووەکانو سەرەك وەزیرانی ژاپۆن بۆ ئاگربەست شکستدەهێنێو شەڕ تەشەنە دەکات بۆ ناوچەکانیتری ئاسیای رۆژهەڵات. ژاپۆن ناهێڵێ ئەمەریکا بنکە

ئاسمانییەکانی بەکاربهێنێ. ئەمەریکا ئەمە پشتگوێدەخاتو ژاپۆن بێلایەنی خۆی رادەگەیەنێو بنکەکانی دادەخات. ژێر دەریایی و فرۆکەکانی چین لەبنکەی زەمینی تایوانو سەرزەمینی دایکەوە دەجوولێنەوەو زەبرێکی کاریگەر لەکەشتیە ئەمریکیەکانی رۆژهەڵاتی ئاسیا دەدەن. هاوکات، هێزە زەمینییەکانی چین دەچنە "هانۆی" و بەشێکی زۆری ڤێتنام داگیر دەکەن.

لەبەرئەوەی ئەمەریکاو چین هەردووکیان دەتوانن چەکی ئەتۆمی بەکاربهێنن، خۆ بواردنێکی بێئەملاو ئەولا دێتە ئاراوەو هەردوولا لەقۆناغی یەکەمی شەڕدا بەکارنەهێنانی ئەم چەکە پەسەند دەکەن. لەهەردوو کۆمەڵگەکەدا، ترسی هێرشی وا لەئارادایە، بەتایبەت ئەم ترسە لەئەمەریکا بەهێزە. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی تا گەلێك لەخەڵکی ئەمەریکا بپرسن، بۆچی تووشی ئەم مەترسییە بوون؟ قەیدی چییە ئەگەر چین دەریای باشووری رۆژهەڵات، ڤێتنام و تەنانەت سەرانسەری باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا داگیر بکات؟

بەرهەڵستیکردنی شەڕ بەتایبەتی لەویلایەتەکانی باشووری رۆژئاوای ئەمەریکادا کەبەزۆری هیسپانیکن، زۆرترە. خەڵكو حکومەتەکانیان دەڵێن ئەمە شەڕی ئێمە نییەو هەوڵدەدەن تا خۆیان بکێشنەوە. دوا بەدوای ئەوە چین لەئاسیای رۆژهەڵاتدا یەکەم سەرکەوتن بەدەستدەهێنێ، ئەمەریکا ئاراستەی دەگۆڕێت. تێچووی شکست گەلێك زۆرەو هەردوولا خوازیاری کۆتایی هێنانی ئەم شەڕە پەرتوبڵاو و درۆینەیەنو بەرەو دانوستانو سازش دەڕۆن. ئەم شەڕە کاریگەری دەکاتە سەر وڵاتانی سەرەکیو ناوەندی شارستانییەکانی دیکە. هیندستان هەلی پێشنیازکراوی چین دەقۆزێتەوەو خۆی پەیوەستدەکات بەئاسیای رۆژهەڵاتەوە تا پەلاماری پاکستان بداتو توانایی سەربازیو ناوکی پاکستان لاواز بکا، ئەمە لەسەرەتادا سەرکەوتوانەیە بەڵام لەنێوان پاکستان، ئێرانو چیندا



پەیوەندیەکی سەربازی بەرقەرار دەبێتو ئێران بەهێزی سەربازی پێشکەوتوەوە یارمەتی پاکستان دەدات. هیندستان لەگەڵ هێزی جەنگاوەری ئێرانیو گەریلا پاکستانییەکاندا کە لەگروپی جۆربەجۆری ئەتنییەوە هاتوون، تەنگەتاو دەبێت. هیندستانو پاکستان، هەردوکیان بۆ وەرگرتنی یارمەتی دەستەودامێنی وڵاتانی رۆژئاوا دەبن. هیندستان هۆشداری باڵادەستبوونی ئێران بەسەر باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیادا دەداتو سەرکەوتنی سەرەتایی چین بەسەر ئەمەریکا، لەناو کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا، بزاوتی دژە رۆژئاوایی دەخرۆشێنێو پاشماوەی حکومەتە لایەنگرەکانی رۆژئاوا، (وڵاتانی عەرەبو تورك) دەکەونە ژێر کاریگەری بزووتنەوە ئیسلامیەکانەوە. رەوتی دژە رۆژئاوایی و لاوازی رۆژئاوا، دەبێتە هۆی پەلاماری بەکۆمەڵی عەرەبەکان لەدژی ئیسرائیل.

چینو ئەمەریکا هەوڵدەدەن تا پشتیوانی وڵاتە کلیلیەکانیتر بەدەست بهێنن. لەکاتێکدا چین سەرکەوتنی سەربازی بەدەستدەهێنێ، ژاپۆن بەدڵەڕاوکێوە ئاراستەی دەگۆڕێتو هەڵوێستی بێلایەنانەی خۆی دەگۆڕێو لایەنی چین دەگرێتو ملکەچی خواستەکانی چین دەبێتو لەگەڵ چیندا پاشماوەی بنکەکانی ئەمەریکا داگیر دەکات. ئەمەریکا بە پەلەپرووزە هێزەکانی لەژاپۆندا دەهێنێتە دەرەوەو هاتوچۆی کەشتییە ژاپۆنییەکان لە دەریادا قەدەغە دەکات. کەشتیەکانی ئەمەریکاو ژاپۆن لەپاسیڤی رۆژئاوادا دەست بەشەڕی پەیتاپەیتا[٢٨٩] دەکەن. لەدەسپێکی شەڕەکەدا، چین پێشنیازی پەیماننامەیەکی ئەمنی هاوبەش دەداتە رووسیا وەکو پەیماننامە بێهوودەکەی هیتلەر – ستالین. سەرکەوتنەکانی چین، کاریگەری نێگەتیڤ دەکاتە سەر رووسیاو دوورنمای سەرکەوتنو باڵادەستی ئەو وڵاتە لەئاسیای رۆژهەڵاتدا، مۆسکۆ دەتۆقێنێ. لەوکاتەدا کەرووسیا دژ بەچین هەنگاو هەدەگرێت لەسیبریادا کەدانیشتوانێکی زۆرو زەبەندی چینی هەیە،

سەربازەکانی بەهێز دەکات. پاشان چین دەستێوەردانی سەربازی دەکات تاکوو هاوڵاتیەکانی بپارێزێت و ڤیلادیڤۆستۆك [٢٩٠]، دۆڵی ئاموور[٢٩١] بەشە سەرەکیەکانیتری رۆژئاوای سیبریا داگیر دەکات. بەو جۆرەی شەڕی سیبریا لەنێوان سەربازانی رووسی و چیندا پەرە دەگرێت، راپەرین لەمەغۆلستان دەستپێدەکات (مەغۆلستان پێشتر ژێر دەستەی چین بوو).

بەدەستهێنانی نەوت، پرسی گرنگی جەنگاوەرەکانە، ژاپۆن سەرەڕای ئەوەی لە وزەی ناوکیدا سەرمایەگوزاریەکی لەرادەبەدەری کردووە، هێشتا وابەستەی هاوردەی نەوتەو ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزکردنی سازش لەگەڵ چینداو چین گەرەنتی هێنانی نەوت دەکات لەکەنداو، ئەندەنوزسیاو دەریای باشوور. لەدرێژەی قۆناغەکانی شەڕدا، وڵاتانی عەرەب، دەکەونە ژێر دەسەڵاتی جەنگاوەرە ئیسلامیەکانەوەو نەوتی کەنداو کەپێویستی رۆژئاوای دابیندەکرد زۆر کەمدەبێتەوە. رۆژئاوا بەرەو رووسیا، قەوقازو ئاسیای ناوەراست دەڕوات و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە رۆژئاوا، رووسیا بەلایەنگری خۆی بزانێت و پشتی بگرێت و پتر دەسەڵاتی بەسەر وڵاتە دەوڵەمەندە نەوتی – ئیسلامیەکاندا بشکێت.

هاوکات ئەمەریکا هەوڵدەدات تا بەتەواوەتی پشتیوانی هاوپەیمانە ئەوروپیەکانی دەستەبەر بکات. ئەو وڵاتانە بەیارمەتی دیپلۆماتی و ئابوورییەوە هاوکاریدەکەن، بەڵام خۆیان لەتێکهەڵچوونی سەربازی دەبوێرن. چین و ئێران لەوە دەترسن کەوڵاتە رۆژئاوایی–ئەوروپیەکان پشتیوانی ئەمەریکا بکەن و بەدزیەوە لەبۆسنیاو جەزایردا مووشەکی بەمەودای جۆربەجۆری ناوکی دادەنێن و هێزە ئەوروپیەکان هوشیار دەکەنەوە تا خۆیان لەشەڕەکە دوور رابگرن. "CIA" راپۆرتێك دەداتە ناتۆو رادەگەیەنێ کە پێویستە خێرا ئەم مووشەکانە لاببرێن. بەرلەوەی ناتۆ هەسووڕێت، سربیا کە داوای رۆی مێژوویی خۆی دەکات وەکو



سنوورپارێزی کریستیانی لەبەرامبەر تورکەکاندا، دەستوبرد بۆسنیا داگیر دەکات. کرواتیاش پێوەی پەیوەستدەبێ و پێکەوە بۆسنیا داگیرو دابەشدەکەن، دەست بەسەر مووشەکەکاندا دەگرن و پاکتاوی رەگەزی دەکەن. ئەلبانیاو تورکیا هەوڵدەدەن یارمەتی بۆسنیا بدەن. یۆنان و بولگاریا، پەلاماری تورکیای ئەوروپی دەدەن و ئەمەش دەبێتە هۆی خۆف لەئەستەمبوڵداو تورکەکان دەست بەراکردن دەکەن، لەم کاتەدا، مووشەکێك بەکڵاوەی ئەتۆمییەوە لەجەزایرەوە دەهاوێژێ و لەدەرەوەی "مارسیلیا" [٢٩٢] دا دەتەقێتەوە. ناتۆ بەهێرشی ئاسمانی تێکدەرانە، باکووری ئەفریقای دەکوتێت.

بەمجۆرە، ئەمەریکا، ئەوروپا، رووسیاو هیندستان تووشی جەنگێکی جیهانی دەبن لەدژی چین و ژاپۆن و زۆربەی وڵاتە ئیسلامیەکان. ئەم شەڕە چۆن کۆتایی پێدێت؟ هەردوولا توانایی ناوکیان هەیەو ئەگەر بێتو ئەم چەکانە بەکاربێنن وڵاتانی سەرەکی هەردوولا بەتەواوەتی تەفروتونا دەبن. ئەگەر ئەم توانستانە لەئاستی لایەنیکەمدا بەکاربهێنرێن، تۆقاندنێکی هاوبەش دێتە کایەوەو لەوانەیە ماندوێتی هاوبەشیش ببێتە هۆی دانوستانی سەربازی کەئەمەش پرسە سەرەکیەکە واتە باڵادەستی سەربازی چین لەرۆژهەڵاتی ئاسیادا چارەسەر ناکات. لەلایەکیتر، رۆژئاوا دەتوانێ هەوڵبدات تاکوو لەرێگەی هێزی سەربازیەوە چین بشکێنێ. هاوپشتی ژاپۆن بۆ چین، هێز دەداتە چین و دەبێتە کۆسپ لەبەردەم دەسەڵاتی هێزی دەریای ئەمەریکا دژی ناوەندە پڕ نفوس و پیشەسازیەکانی ئەو وڵاتە. چارەسەرێکی دیکە ئەوەیە کەرۆژئاوا بەرەو چین بڕوات. شەڕی نێوان رووسیاو چین، دەبێتە هۆی ئەوەی ناتۆ، رووسیا وەك ئەندامی نوێ قبوڵبکات و لەبەرامبەر پەلاماری چین بۆ سەر سیبریا، یارمەتی رووسیا بدات. هەروەها، دەسەڵاتی رووسیا لەسەر وڵاتانی خاوەن نەوت و گازی

ئیسلامی ئاسیای ناوەراست بپارێزێت‌و بەرەبەرە هێزە رۆژئاواییی‌و رووسیەکان سەفەربەر بکات بۆ دواهەمین هێرش بۆ سەر سیبریا لەسەرانسەری دیواری گەورەدا (بەچینگ، مەنچووری‌و سەرزەمینی هان)[٢٩٣].

دەرئەنجامی خێرای ئەم شەڕە جیهانی – شارستانییە- چی دەبێ بابێ- لەبەر وێرانی هاوبەشی چەکە ئەتۆمیەکان‌و ماندووبوونی قورس‌و لەپێکەوتنی هێزەکان، ئاگربەست‌و سازشی لێدەکەوێتەوە یاخود سەرئەنجام رەوتی دواهەمینی رووسەکان‌و هێزەکانی رۆژئاوا بەرەو گۆڕەپانی "تیان ئان مین"و دەرئەنجامە بەربڵاوو درێژخانەکانی دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی حەتمی ژمارەی نفوس، هێزی سەربازی‌و ئابووری تێکڕای بەشداربوانی سەرەکی شەڕەکە. ئەو هێزە جیهانییەی لەدرێژایی سەدان ساڵ لەرۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژئاواو پاشان لەرۆژئاواوە بەرەو رۆژهەڵات رۆیشتبوو، ئەمجارە لەباکوورەوە بەرەو باشوور دەچێ. گەورەترین سوودمەندی شەڕی شارستانییەکان، ئەو شارستانیانەن کەبەشداری شەریان نەکردووە. رۆژئاوا، رووسیا، چین‌و ژاپۆن تاڕادەیەکی زۆر وێران بوون‌و رێگە بۆ هیندستان (ئەگەر پریشکی ئەم وێرانییەی بەرنەکەوتبێ) کراوەیە تەنانەت ئەگەر بەشداربووی شەریش بووبێت. هیندستان دەتوانێ هەوڵبدات تاکوو جیهان بەگوێرەی هێڵی هیندۆس پێکبهێنێ. جەماوەرێکی فراوانی خەڵکی ئەمەریکا، لاوازی حکومەتەکەیان سەرکۆنە دەکەن‌و سەرکردە هیسپانییەکان دەسەڵات دەگرنە دەست. لەلایەکیتر، ئەفریقای ئەو دەرەتانەی نییە کەبتوانێ بەهۆیەوە یارمەتی بنیاتنانەوەی ئەوروپا بدات‌و بەپێچەوانەوە، کۆمەڵانێکی فراوان سەفەربەر دەکات تاکوو چی ماوە تالانی بکەن. لە ئاسیادا، ئەگەر چین، کۆریاو ژاپۆن لەشەڕەکەدا کاول بووبێتن، ئەوا هێز بەرەو لای باشوور دەڕوات. ئەندەنوزیا



کەبێلان بوو، باڵادەست دەبێ‌و بەسەرپەرشتیاری راوێژکارە ئوسترالیەکان هەوڵدەدات تاکوو رەوتی رووداوەکان لەنیوزلانداوە بباتە میانمارو ئەمەش لەرۆژئاوادا سریلانکاو لەباکووریشدا ڤێتنام پێکدەهێنێ. سەرلەبەری ئەم رەوشە، ئاماژە بۆ تێکهەڵچوونی ئایندەی نێوان هیندستان‌و چین دەکەن. ناوەندی سیاسەتە جیهانییەکان دەڕواتە باشوور.

ئەگەر ئەم سیناریۆیە بۆ خوێنەر خەیاڵپلاوبێت، باشە. ئەوکاتە باهیواداربین کەچیتر گریمانەی هیچ سیناریۆیەکیتری شەڕی شارستانییەکان لەئارادا نەبێت. پرسی هەرە نیگەرانیهێنی ئەم سیناریۆیە کە تارادەیەکی زۆر راستی لەخۆ دەگرێت، خۆی هۆی شەڕەکەیە. دەستێوەردانی وڵاتی ناوەندی شارستانییەك (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا) لەتێکهەڵچوونی نێوان وڵاتی ناوەندی شارستانییەکی دیکە (چین)و ئەندامێکی ئەو شارستانییەدایە (ڤێتنام). ئەمەریکا بۆ پشتیوانیکردنی یاسا نێونەتەوەییەکان، دەرپەڕاندنی دەستدرێژیکەر، پاراستنی ئازادی دەریای باشووری چین، پاراستنی نەوتی باشووری دەریای چین‌و پێشگرتنی باڵادەستی ئاسیای رۆژهەڵات، ئەم دەستتێوەردانە بەپێویست دەزانێت. چین، تەحەمولی ئەم دەستێوەردانە ناکات‌و بەهەوڵدانی خۆپەرستانەی وڵاتێکی دەزانێت کەخۆی بەپێشەوای وڵاتانی رۆژئاوا لەقەڵەمدەدات‌و دەیەوێ سووکایەتی بەچین بکات‌و بیورووژێنێ.

بەکوورتی لەچەرخی ئایندەدا، بۆئەوەی شەڕی نێوان شارستانییەکان روونەدات، پێویستە وڵاتانی ناوەندی دەستوەرنەدەنە تێکهەڵچوونی شارستانییەکانیترە. ئەمە راستیەکەو هەندێك وڵات، بەتایبەت ئەمەریکا دانی پێدادەنێن، ئەم "بنەمای خۆبواردن"[٢٩٤]ە واتە ئەوەی کەپێویستە وڵاتانی ناوەندی خۆیان لەدەستێوەردانی تێکهەڵچوونی شارستانییەکانی

دیکە ببوێرن، یەکەم مەرجی ئاشتیە لەجیهانێکی فرە شارستانیو فرە جەمسەردا. مەرجی دووەم (بنەمای ناوبژیوانی هاوبەش)[٢٩٥]ە، تاکوو وڵاتانی ناوەندی پێکەوە دانوستانو سازش بکەنو شەڕی هێڵە هەڵەکانی دابەشکردن راوەستێنن.

قبوڵکردنی ئەم بنەماگەلە لەو جیهانەی کە لەنێوان شارستانییەکانیدا یەکسانییەکی پتر هەیە، لای رۆژئاوا یاخود ئەو شارستانیانەی ئامانجیان کامڵبوونی رۆڵی رژۆئاوایە، ئاسان نابێت، بۆنموونە، لەجیهانێکی بەمجۆرەدا، رەنگە وڵاتانی ناوەندی بەمافی خۆیانی بزانن کە چەکی ئەتۆمیان هەبێت. بەئاوڕدانەوەیەك بۆ رابردوو، دەبینین کەهەوڵدانی "زولفەقار عەلی بۆتۆ"[٢٩٦] بۆ پێکەوەنانی توانستی ناوکی پاکستان، پاساوی هەیەو ئاگامان لێیە کەئیسرائیلو ئەفریاقیای باشوور، بەرنامەی ناوکیان هەیە. شارستانییە مەسیحی، جوولەکەو هیندۆسەکانیش ئەم تواناییەکان هەیە، تەنها شارستانییە ئیسلامیەکان چەکی ناوکیان نییە، بەڵام خەریکی بەدەستهێنانین. ئەو رکابەریەی بۆ بەدەستەوە گرتنی پێشەوایی ئەو شارستانیانەی وڵاتی ناوەندیان نییە لەئارادایە، بەهۆی پێشبڕکێی بەدەستهێنانی چەکی ناوکیەوە پەرە دەگرێت.

زۆربەی ئەو رێکخراوە نێونەتەوەییانەی کە دوای شەڕی جیهانی دووەم پێکەوە نراون، بەپێی بەرژەوەندیو بەهاو شێوازە رۆژئاواییەکان پێکهاتوون. بەوجۆرەی هێزی رژۆئاوا لەبەرامبەر شارستانییەکانیتردا کەمدەبێتەوە، فشار دەخاتەسەریان تاکوو سەرلەنوێ ئەم رێکخراوانە رێکبخرێنەوەو خۆیان لەگەڵ بەرژەوەندی شارستانییەکاندا بگونجێنن. رەنگە یەکێك لەپرسە گرنگو مشتومڕ ئامێزەکان، ئەندامێتی هەمیشەیی "ئەنجومەنی ئاسایش" بێت. ئەندامێتی ئەم رێکخراوە بۆ وڵاتە سەرکەوتووەکانی جەنگی جیهانی دووەم بوو، ئەمەش کەمکردنەوەی



پەیوەندیەکانو راستی هێزی لەجیهاندا نیشاندا. لەزەمەنێکی درێژخایەنیتردا، لەئەندامێتی ئەو رێکخراوەدا هەندێك گۆڕانکاری روودەدەن، یاخود شێوازی رەسمی کەمتر بەدیدێت تاکوو بەربەرەکانێی پرسە ئەمنییەکان بکات، بەو جۆرەی وڵاتانی گەورەی دیموکراسی پیشەسازی جیهان هەوڵدانی وایان هەبووە.

بەشێوەیەکی ئایدیال، لەجیهانێکی فرە شارستانیدا، دەبێت هەر شارستانییەکی سەرەکی لەئەنجومەنی ئاسایشدا کورسیەکی هەمیشەیی هەبێت. ئەمێستا ئەم ئەنجومەنە سێ ئەندامی هەمیشەیی هەیە. ئەمەریکا، دانی بەئەندامبوونی ئەڵمانیاو ژاپۆندا ناوەو دیارە ئەو وڵاتانە دەبنە ئەندامی هەمیشەیی . بەرازیل، پێشنیاری کردووە کەپێنج ئەندامی هەمیشەیی دیکە هەبن یێئەوەی مافی ڤیتۆیان[٢٩٧] هەبێت، ئەوانەش: ئەڵمانیا، ژاپۆن، هیندستان، نایجیریاو بەرازیلن. بەم پێشنیارانەوە، چۆن ئەوە قبوڵدەکرێ کەجیهانی ئیسلام بەملیارێك نفوسەوە لەم ئەنجومەنەدا نوێنەری نەبێت؟ هەرچەندە کەجاروبار ئەم بەرپرسیارێتیە دراوەتە نایجیریا. لەروانگەی شارستانییەوە، ئاشکرا دەبێ ژاپۆنو هیندستان ئەندامی هەمیشەیی بن. دەبێ ئەفریقیا، ئەمەریکای لاتینو جیهانی ئیسلامیش کورسی هەمیشەییان هەبێو دەکرێت بەنۆرە لەلایەن وڵاتانی ناوەندی ئەو شارستانیانەو رێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامیو رێکخراوی وڵاتانی ئەمەریکا (بێ وڵاتە یەکگرتووەکان)و رێکخراوی یەکێتی ئەفریقاوە نوێنەرێتی بکرێن. هەروەها باشتر وایە کورسیەکانی بەریتانیاو فەرەنسا بکرێتە کورسیەك بۆ یەکێتی ئەوروپاو بەنۆرە بەشداری ئەنجومەن بکەنو هەڵبژاردنیان بخرێتە ئەستۆی یەکێتی ئەوروپا. بەمجۆرە هەر حەوت شارستانییەکە هەرکامیان کورسیەکی دەبێتو رۆژئاواش خاوەنی دوو کورسیە کە نوێنەری دابەشبوونی نفوس، سامانو هێزیەتی لەجیهاندا.

## خاڵە هاوبەشەکانی شارستانییەکان

هەندێك ئەمریکی فرەکولتووریو هەندێکیتریشیان جیهانگیریان پێشخستووە. فرەکولتووریەکان لەناوەوە، هەڕەشە لەئەمەریکاو ڕۆژئاوا دەکەن، جیهانیخوازەکانیش هەڕەشە لەڕۆژئاواو جیهان دەکەنو هەردولایان حاشا لەئاوارتە بوونی کولتووری ڕۆژئاوا دەکەن. کولتوورخوازە ناوخۆییەکانی ئەمەریکا، دەیانەوێ جیهان وەکو ئەمەریکا لێبکەنو ئەمریکیە فرە کولتووریەکانیش دەیانەوێ ئەمەریکا بکەنە جیهان. ئەمەریکایەکی فرەکولتوور، نایەتەدی. چونکە ئەمەریکایەکی نارۆژئاوایی، ئەمەریکا نییەو جیهانێکی فرە شارستانی حەتمیە. **ئیمراتۆری جیهانی مەحاڵە.** پاراستنی ئەمەریکاو ڕۆژئاوا پێویستی بەژیانەوەی شوناسی ڕۆژئاوا هەیەو ئاسایشی جیهانیش، پێویستی بەفرە کولتوور بوونی جیهان هەیە.

ئایە جیهانگیری، ڕەوایی دەداتە ئیمپریالیزم؟ و ئایە ڕێژەییبوون سەرکوت ڕەوا دەکات؟ وەڵامی هەردوو پرسیارەکە هەم نایەو هەم بەڵێ. کولتوورەکان پێکەوە گرێدراون. مایکل والزەر [٢٩٨] لەکتێبی "بەڵگاندنی ئاکاری" دا دەڵێ "کولتوورەکان توێژاڵێکی ئەستوورن کەدەزگاکان دیاریدەکەنو سەرمەشقی ڕەفتاری دەنوێنن تا ڕێنمایی مرۆڤەکان بکەن بۆ ڕێگا ڕاستەکان". کولتوور لەتوێی ئەم توێژە ئەستوورەدا، چەمکی ئاکار، ڕاستیو داد دەگرێتە خۆی. جگە لەمە، کولتوور توێژاڵێکی ناسکی هەیە کەبەزۆری بەهۆی یاساوە بەرپەرچدەدرێتەوە وەکو: ساختەکاری، قۆڵبڕی، ئەشکەنجە، دەستدرێژیو ستەمو خیانەت. بەڵام ئەوەی کەزۆرترین ژمارەی خەڵك تێیدا هاوبەشن، بوونی دوژمنە. لەباتی ئەوەی تایبەتمەندی جیهانی شارستانی پێشبخەین، پێکەوەژیانی کولتووری ئەوە دەسەپێنێ کەلێی



بکۆڵینەوە لەزۆربەی شارستانییەکاندا چی هاوبەشە. لەجیهانێکی فرە شارستانیدا، ڕێگەی بنیاتنەر ئەوەیە کەجیهانگیری ڕەتکەینەوەو هەمەجۆربوونو هاوبەشێتی شارستانییەکان پەسەند بکەین.

لەسەرەتای نەوەدەکاندا، لەسەنگاپورا، هەوڵێك دەستپێکرد بۆ ئەوەی ئەم هاوبەشێتیە بدۆزرێتەوە. دانیشتوانی سەنگاپورا، نزیکەی سەدی ٧٦ی چینین، سەدی ١٥ مالیزیاییو موسڵمانو لەسەدا ٦ی هیندۆسو سینیکن. لەڕابردوودا، حکومەت هەوڵیدابوو تاکوو لەناو خەڵکەکەیدا بەهاکانی کۆنفۆشیۆس برەوپێبدات. هەروەها داکۆکی لەسەر ئەوە دەکرد، دەبێ هەموان بخوێننو زمانی ئینگلیزی بەڕەوانی فێربن. لەژانیوەری ١٩٨٩دا سەرکۆمار، "وی کیم ویی" [٢٩٩] لەئاهەنگی کردنەوەی پەرلەماندا گوتی: "نزیکەی ٢،٧ ملیۆن سەنگافوری لەژێر کاریگەری کولتووری ڕۆژئاوادان کەبەبڕواو تەکنەلۆژیای نوێوە پەیوەستبوون. بەڵام ئەوانیش کەوتوونەتە بەر کاریگەری شێوەی ژیانو بەهای بێگانەوە". هەروەها هۆشداری دا "ئەو بڕوا نەریتیە ئاسیاییو ئاکارو ئەرکو کۆمەڵگەیەی کە لەڕابردوودا پاراستووینی، ئەمێستا وڵاتی ئێمەبەرەو ڕۆژئاوا، تاکخوازیو بۆچوونی خۆپەرستانەمان دەبەن. پێویستە بەهاکانمان لەتایبەتمەندی جیاوازی ئەتنیو ئاینیماندا پێناسە بکەین کەگیانو کرۆکی سەنگافووری تێدا شاردراوەتەوەو بوونێکی سەنگافووریانەمان پێدەبەخشێت".

سەرکۆمار ئاماژەی بەچوار بەها کرد: دانانی کۆمەڵگە لەسەرووی تاکەوە، پاراستنی خێزان وەکو بنیاتی سەرەکی کۆمەڵگە، چارەسەرکردنی پرسو گرفتەکان لەڕێگەی تێڕوانینی زۆرینە لەجیاتی ململانێو مشتومڕو جەخت کردن لەسەر سەبری ئایینیو ڕەگەزی . وتەکانی لەناو خەڵکی سەنگاپورادا گەلێك قسەو باسی نایەوە. دوو ساڵ دواتر، نووسراوێك هەڵوێستی حکومەتی دیاریکردو هەر چوار بەها پێشنیارکراوەکانی

سەرکۆماری پەسەند کرد. بەڵام بەهایەکی دیکەشی لێ زیاد کرد – پشتیوانی کردنی تاك گرنگبوونی بایەخدان بەچۆنایەتیەکانی تاك لەکۆمەڵگەی سەنگافووریدا لەبەرامبەر بەهای کۆنفۆشیۆسدا کەبایەخ بەهیرارشیو خێزان دەدات. ئەم نووسراوە بەها هاوبەشەکانی سەنگاپورای بەمجۆرە پوختکردەوە:

- خەڵك بەر لەکۆمەڵگەی (ئەتنی)و کۆمەڵگە لەسەرووی تاکەوەیە.
- خێزان یەکەی سەرەکی کۆمەڵگەیە.
- کۆمەڵگە دەبێ پشتیوانی و رێز بۆ تاك دابینبکات.
- هاوڕابوون لەباتی کێشمەکێشو مشتومڕ.
- هاوئاهەنگبوونی نەژادیو ئایینی.

سەرەڕای ئەوەی کەخەڵکی سەنگاپورا پابەندن بەدیموکراسی پەرلەمانیو شەرەفمەندی حکومەتەوە، جاڕنامەی " بەها هاوبەشەکان" ڕاشکاوانە بەها سیاسیەکانی نەگرتەوە، حکومەت داکۆکی لەسەر ئەوە کرد کەسەنگاپورا کۆمەڵگەیەکی ئاساییەو دەبێ واش بمێنێتەوە. خەڵکی سەنگاپورا، ئەمریکی یاخود ئەنگلۆساکسۆن نین، ڕەنگە بەزمانی ئینگلیزی قسە بکەین، جلی ڕۆژئاوا لەبەر بکەین، بەڵام ئێمە سەنگافوورییןو ئەگەر بێتو لەئایندەدا، سەنگافووریەکان لەئەمریکیو ئوستراڵیو ئینگلتەرەییەکان جیا نەکرێنەوەو لەوەش خراپتر ببنە لاساییەکی لاوازی ئەوان، ئەوا دەبینە وڵاتێکی لێکترازاو.

لەنێوان ئاسیاو ڕۆژئاوادا هەندێك خاڵی هاوبەشێتی هەنو بەوجۆرەی گەلێك زانا ئاماژەیان پێداوە، چەندی مرۆڤایەتی دابەشبکەین دیسان ئایینە سەرەکیەکانی جیهان واتە: کریستیانی ڕۆژئاواو ئۆرسودۆکس، ئیسلام، هیندۆس، بوودایی، کۆنفۆشیۆس، جوو و تائۆ، بەهای هاوبەشیان هەیە. ئەگەر هاتو ڕۆژگارێك مرۆڤەکان بیانەوێ، شارستانییەکی جیهانی



پێکبهێنین، ئەوا بەرەبەرە لەرێگەی دۆزینەوەو پەرەپێدانی هاوبەشێتیەکانەوە دەردەکەوێت. کەوابوو، جگ لە"**یاسای خۆبواردنو یاسای ناوبژیوانی هاوبەش" سێیەمین یاسای ئاشتی لەجیهانی فرە شارستانیدا "یاسای هاوبەشێتیەکان"ە.** [٣٠٠] دەبێ خەڵکی تێکڕای شارستانییەکان لەدووی هاوبەشێتیەکان بگەرێنو هەوڵبدەن تا ئەو بەهاو دامودەزگاو شێوازانە وەدۆزنو پەرەپیێبدەن کە لەگەڵ هی خەڵکی شارستانییەکانی دیکەدا هاوبەشن.

ئەم هەوڵانە تەنها پێکدادانی شارستانییەکان سنووردار ناکات، بەڵکو شارستانییە تاقانەکانیش بەهێز دەکات (شارستانی تاقانە ئەو شارستانیانەن کە لەتێکهەڵکێشی ئاکاری باڵاتر، ئایین، دەرەتانی دارایی بۆ ژیانی باش، فێربوون، هونەر، فەلسەفەو تەکنەلۆژیا بەهرەمەندن). زاناکان بەئاسانی دەتوانن خاڵی بەهێزیو لاوازیان لەشارستانیو مێژووی شارستانییەکاندا دیاریبکەن. کەوابێت پرسیارەکە ئەمەیە ئایا ڕەوتێکی دیکە هەیە تاوەکوو بەرەو ئاستێکی بەرزتری شارستانیمان بەرێت؟ ئەگەر ڕەوتێکی وا بوونی هەبێت، ئایا دەرئەنجامی مۆدێرنیزەبوونو زیادبوونی کۆنترۆڵی مرۆڤە لەسەر ژینگە کە بەرەو تەکنەلۆژیای سەروو مۆدێرنو خۆشگوزەرانی زۆرتریان دەبات.؟ ئایا لەم چەرخەدا، ئاستێکی بەرزتری مۆدێرنیزم لەئارادایە کەمەرجی یەکەمی گەیشتن بەئاستێکی بەرزتری شارستانی بێت؟ و ئایا ئاستی شارستانی، لەمێژووی شارستانییەکاندا جیاواز بووە؟ لەوانەیە ئاستی شارستانی نیشاندەری کامڵبوونی شارستانییەکان بێت. ئەوکاتەی شارستانییەك سەرهەڵدەدا خەڵکەکەی توانا، بزۆك، توند، گەرۆكو پەلهاویژن. بەڵام هەر بەو جۆرەی شارستانی کامڵدەبێت، پتر رێکدەخرێتو بەپەرەپێدانی توانسو شارەزایی، پتر خۆی شارستانیانە دەکات. بەوجۆرەی لەتوخمی جۆربەجۆری شارسانییەکاندا

ڕکەبەری پەیدا دەبن، شارستانی دەگاتە دوا ڕادەی خۆی و چەرخی زێڕینی: ئاکار، هونەر، ئەدەب، فەلسەفە: تەکنەلۆژیا، ئابووری‌و شایستەیی سیاسی پێکدەهێنێ. بەڵام ئەو کاتەی شارستانییەك بەرەو ئاوابوون دەچێت، ئاستی شارستانیانەشی کەمدەبێتەوە تا ئەوکاتەی بەهۆی کەپەلاماری شارەستانییەکیتر یان شەپۆلێکی خرۆشاو دەسڕدرێتەوە، یاخود دەبێتە ئاستێکی نزمی شارستانییەکەی دیکە.

بەگشتی مۆدێرنیزەبوون لەسەرانسەری جیهاندا ئاستی مادی شارستانی پەرەپێداوە، بەڵام ئایا ڕەهەندی ئاکاری‌و کولتووری شارستانی پەرەپێداوە؟ لەم چەرخەدا، کۆیەلە بوون، ئەشکەنجە، چەوساندنەوەو داپلۆساندنی تاك قبوڵناکرێت. ئایە ئەمە، کاریگەری کولتووری ڕۆژئاوایە لەسەر کولتوورەکانیتر؟ ئایە بەزەوای ڕژۆئاوا، ئەخلاقیش هەرەسدەهێنێ؟ لەنەوەدەکاندا گەلێك بەڵگە "پاشاگەردانییەکی تەواو"یان لەکاروباری جیهانیدا نیشانداوە. لەم سەردەمەدا پەرەسەندنی داڕووخانی جیهانی‌و سیستەم، وڵاتانی تێکشکاو، پەرەگرتنی بێ سیستەمی‌و ئاژاوە لەگەلێك جێی جیهاندا، شەپۆلی جیهانی تاوان، مافیای نێونەتەوەییەکان‌و کارتێلەکانی کەرەستەی بێهۆشکەر، زیادکردنی تووشبوون بەبێهۆشکەرەکان‌و لەگەلێك کۆمەڵگەدا لاوازی گشتی لەخێزاندا، کەمبوونەوەی متمانەو گۆشەگیری کۆمەڵایەتی لەگەلێك وڵاتدا، توندوتیژی ئەتنی، ئایینی، شارستانی‌و پەرەسەندنی یاسای چەك لەئاستێکی بەرین لەجیهاندا، لەشارەکاندا، یەك لەدوای یەك: واتە مۆسکۆ، ڕیودۆژانیرۆ، بەنکۆك، شەنگهای، لەندەن، ڕۆما، وارشۆ، تۆکیۆ، ژۆهانسبۆرگ، دەلهی، کەراچی، قاهیرە، بۆگاتاو واشنتۆندا، تاوانکاری بۆتە توخمی سەرەکی لاوازی‌و کاڵبوونەوەی شارستانییەکان‌و خەڵك باسی کارەساتی جیهانی



حکومەتەکان دەکەن. یاساو سیستەم، لەزۆربەی جیهاندا، یەکەم مەرجی شارستانییەکانە.

لە پەنجاکاندا لەستەرپیرسۆن[٣٠١]، لەکتێبی "دیموکراسی لەسیاسەتە جیهانییەکاندا" هۆشداری‌دا کەمرۆڤ بەرەو چەرخێك دەچێ کەدەبێ شارستانییە جیاوازەکان فێر بن پێکەوە بەئاشتەوایی بژین، پێکەوە بگونجێن، پێکەوە فێر بن، مێژوو، هونەرو کولتووری یەکتر بخوێننەوەو ژیانی یەکتر دەوڵەمەند بکەن. لەم جیهانە پڕ لەنفوسەدا، لێکنەگەیشتن، گرژی‌و پێکدادان، کارەساتی بەدواوە دەبێت. ئایندەی ئاشتی‌و شارستانی، بەگوێرەی هاوکاریکردن‌و لێکتێگەیشتنی ڕابەرە سیاسیەکان، پیاوانی ئایینی‌و زانایانی شارستانییە سەرەکیەکانی جیهان دێتەدی. شارستانییە گەورەکانی جیهان دەتوانن بەهۆی دەسکەوتی دەوڵەمەندی ئایینی، هونەری، ئەدەبی، فەلسەفی، زانستی، تەکنەلۆژی، ئاکارو لێبووردەییەوە پێکەوە پەیوەستبن. لەم سەردەمە تازەیەدا، پێکدادانی شارستانییەکان، دەبێتە گەورەترین هەڕەشە بۆ ئاشتی جیهانی. **دڵنیاترین گەرەنتی لەبەرامبەر شەڕی جیهانیدا، سیستەمێکی جیهانییە کەبەگوێرەی شارستانییەکان بنیاتنرابێت.**

## پەراوێزەکان:

1. Foreign affairs journal
2. The clash of civilization
3. Michael C. desch
4. RobertO. keohane
5. Fareed zakaria
6. R. Scott Zimmerman
7. John M. Olin Foundation
8. Moscow
9. Lenin
10. Sarajevo
11. Un (United Nation)
12. Nato (North Atlantic Treaty Organization)
13. Ad (After Date-Anno Domini)
14. Prussia
15. Henry Kissinger
16. Somalia
17. Rwanda
18. Uganda
19. Zaire
20. Brundi
21. Bosnia
22. Caucasus
23. EU (European Union)
24. Confucian
25. Francis Fukuyama – The End of History
26. Marxism – Leninism
27. Franklin Roosvelt
28. Neo – Communism



29. Neo – Facism
30. Dar Al -Islam
31. Dar Al-Harb
32. Realist theory
33. Civilizational Paradigm
34. Warren Chirstopher
35. Cultural Relativism
36. Beijing-China
37. Sydney-Australia
38. Double Standard
39. A torn country
40. Somerian
41. Mesoamerican
42. Sinic
43. Braudel-History of Civilization
44. Spartans
45. Melko-The Nature of Civilization
46. Anglophone Caribbean
47. Snic
48. Hindu
49. Indic
50. Iberia
51. Malay
52. Byzantine
53. Tatars
54. North Atlantic Countries
55. Australia
56. New Zealand
57. Euroamerican
58. North Atlantic Civilization
59. Ethiopia
60. Moors
61. Anden
62. Mesoamerican

63. Lenin
64. Mao
65. Ho
66. Free Would
67. Ptolemaic
68. Copernican
69. Davos Culture
70. CNN (Cable News Network)
71. Wall Street Journal
72. Nehru
73. Lingua Franca
74. Prague
75. Hanoi
76. Estonian
77. Latvian
78. Ukranian
79. Georgian
80. Armenian
81. Western Christendom
82. Romance & Germanic Languages
83. The Rule of Low
84. Social Pluralism
85. Representative Bodies
86. Individualism
87. Rejectionism
88. kemalism
89. kemal Ataturk
90. Reformism
91. High Civilization
92. Open Democracy
93. Kermit Roosevlt
94. CIA(Central Intelligence Agency)
95. Warsaw Pact
96. George Bush



97. Bill Clinton
98. Near Abroad
99. Core States
100. Willson Widrow
101. Lloyd George
102. George Clemenceau
103. Mohammad Ali Jinnah
104. Oxford
105. Cambridge
106. Quaid-i-Azam
107. Slavophile
108. Mikhail Gorbachev
109. Boris yeltsin
110. Sri Lanka
111. Aparatheid
112. Gilles kepel-La revanche de Diou
113. Slavic Republics
114. Self
115. IMF (International Monetaty Fund)
116. World Bank (International Bank for Reconstruction and Development)
117. Neo-Orthodox
118. Wesroxification
119. Godess of Democracy
120. Tiananmen Square
121. Asian Affirmation
122. Pacific Globalism
123. Globalized Asia
124. World Order
125. John l. Esposito-the Islamic Threat-Myth or Reality
126. Sufism
127. Islamic Brotherhood Organization
128. Ernest Gellner-Up from Imperialism

129. Pope
130. Brunei
131. Ben Ali
132. Ozal
133. Suharto
134. karimov
135. Zia ul-Haq
136. Cleft Countries
137. Aegean Sea
138. Belarus
139. Moldova
140. Chechnya
141. ASEN (Association of Southeast Asian Nations)
142. Armies
143. Platoons
144. Ayodha
145. Kosovo
146. ECO (Economic Cooperation Organization)
147. NAFTA (North American Free Trade Agreement)
148. Cote d,Ivoire
149. A lone country
150. Haiti
151. Sinhalese
152. Han Chinese
153. Tibetans
154. Macedonia
155. Montenegro
156. Torn Countries
157. Cytillic
158. St. Petersburg
159. Bolshevik Revolution
160. Ploretarin
161. Marx
162. Engels



163. G-7 (Seven Great Industrial) Democracies)
164. Ataturk
165. Saddam Hussein
166. Sulayman Demirel
167. Carlos Salinas
168. Paul Keating
169. Core States
170. Concentic Groups
171. Hard Core
172. Outer Circle
173. Baltic States
174. Ukrain
175. Romania
176. Michael Howard-Lessons of the Cold War
177. Hapsburg
178. Crimea
179. Khrushchev
180. Greater China
181. Liuchinu
182. Sino-Soviet
183. Deng Xiaoping
184. Pan-Arab
185. Interstate
186. OIC (Organization of Islamic Countries)
187. Arab League
188. Arab-Islamic Conference
189. Khartoum
190. Dawa
191. Cordoba
192. Al-Azhar
193. Swing Civilizations

194. Quasi Wars
195. Balistic Missiles
196. Atomic Reactor
197. Plutonium
198. Scud-C-Missiles
199. Uranium
200. Stinger Missiles
201. Silk Worm Missiles
202. Negotiated surrender
203. Myanmar
204. Universality
205. Cultural Relativism
206. UN Commissioner for Human Rights
207. Myron Weiner-Global Migration Crisis
208. Jacques Chirac
209. Hispanic
210. La guerra fria
211. Sicily
212. Toledo
213. Jihad vs Crusade
214. Intercivilizational
215. Societal Cold War
216. Betnrd Lewis-Islam and theWest



217. Qadhafi
218. World Trade Center
219. Pacific Rim
220. Spartly Islands
221. De facto
222. Transition Wars
223. Fault Line Wars
224. La Premiere Guerre civilizationelle
225. Hamas Organization
226. PLO (Palestine Liberation Organization)
227. Ethnic Cleansing
228. West bank
229. Nagorno-karabakh
230. Drina Valley
231. Kin Country Syndrome
232. Maronite Christians
233. Eurasia
234. Volga Valley
235. Tamil Tigers
236. Slobdn Milosevic
237. Fitna
238. vis-à-vis
239. Shamil

240. Dzhokhar Dudayev
241. Moslem Party of democratic Action
242. Ali Izetbegovic
243. Try Sutrisno
244. East Timorese
245. Jaffna
246. Zvornik
247. Floating Islamist International Fighters
248. Diaspora Countries
249. Eritrea
250. Palk Strait
251. Dushanbe
252. Economist
253. Ingushetia
254. Dagestan
255. Elchibey
256. Gaider Aliyev
257. Dayton
258. Beirut, Grozny,Vukovar
259. Addis Abada
260. Jimmy Carter
261. Kenya
262. Uganda



263. A Contact Group
264. Tudjman
265. Armenian Revolutionary Federation (Dashnak)
266. Karadzic
267. Toynbee-The Mirage of Immortality
268. Immortality
269. The Promise Land
270. Carroll Quigley-The Evolution of Civilizations
271. Classical
272. Semitic
273. Saracen
274. Cults
275. Multiculturalism
276. Benjamin Franklin
277. Thomas Jefferson
278. John Adams
279. Schizophrenic
280. American Creed
281. Gunnar Myrdal-An American Dilemma
282. Eurasian
283. James Kurth-The Real Clash
284. Atlantic Community
285. Euroamerican

286. Global Partnership
287. Micheal Howard-American and the World
288. Arthur M. Schlesinger-Reflection on a Multicultural Society
289. Sporadic Wars
290. Vladevostok
291. Amur Vally
292. Marseille
293. Beijing Manchuria and Han
294. Abstention Rule
295. Joint Mediation Role
296. Zulfikar Ali Bhutto
297. Veto Power
298. Micheal Walzer-Thick and Thin (A Moral Argument)
299. Wee kim Wee
300. Commonalities Rule
301. Lester Pearson-Democracy in World Politics